# ململانێ لەگەڵ ژیاندا

## ( یادداشت )

## 1971-1935

د. عبدالستار تاهر شریف

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم

کەرکوک ................................. 2005

ناوی کتێب : ململانێ لەگەڵ ژیاندا

بابەت : یادداشت

ناوی نووسەر : د. عبدالستار تاهر شریف

بەرگی یەکەم

سەرپەرشتی چاپ : لقمان حسین

دزاین : محمد مهدی

وینەی بەرگ : دڵشاد نوری

.چاپخانە : ئارابخا – کەرکوك

ساڵی چاپ : 2005


DIARY PHOTO 1_1_1996

# پێشکەشە

- بەگیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان .
- بەگیانی پاکی باوکم و دایکم کەبەجوانی پەروەردەمیان کرد .
- بەگیانی پاکی مامۆستاکانم کەهەمیشە خۆم بەقەرزاریان ئەزانم لەوانەوە فێری وشەی جوان بووم

د.عبدالستار تاهر شەریف

# پێشەکی

لە دێر زەمانەوە مرۆڤی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار هەمیشە ئارەزووی نووسینەوەی بیرەوەری و یادداشتەکانیان لا بەهێز بووە , یادداشتەکانی سەرکردەکان و سەرۆکی وڵاتەکان , تەنها یادداشتی کەسایەتییەکەیان نەبووە دوور لە مێژووی وڵاتەکەیان , بەڵکو یادداشتەکانیان بریتی بووە لە نووسینەوەی مێژووی وڵات و بزووتنەوەی گەلەکانیان , بۆ نموونە کە یادداشتەکانی چەرچل یان دیگۆل و خرۆشوف " خرۆشۆف بیرئەکاتەوە " هەروەها یولیۆس قەیسەر کاتێ کە یادداشتی ڕۆژانەی ژیانی ئەنووسییەوە دەربارەی هەڵمەتە مەزنەکەی لە وڵاتی " الغال" لە ناوەندی سەدەی یەکەمی پێش زایینی , ئەم یادداشتەی لە خانەی مەزنترین سەرکردە سەربازییەکانی دائەنرێ لە مێژوودا.

یان یادداشتەکانی " جان جاك ڕۆسۆ" لە ژێر ناونیشانی ( ئیعترافاتی جان جاك رۆسۆ) کە تا ئێستا باشترین سەرچاوەکانی پەروەردەو فەلسەفەی کۆمەڵایەتییە , وەك سەرچاوە لە زوربەی زۆری زانکۆکانی عالەم وەك سەرچاوە بەکار ئەهێنرێ .

ئەتوانیین بڵێین لە سەدەی بیستەم نووسینەوەی یادداشت زیاتر لە سەدەکانی پێشووتر پەرەی سەندو ڕێبازی تۆێژینەوەی زانستی گرتە خۆ , بەڵکو ئەتوانیین بڵێین ئەو یادداشتانەی ڕێبازی تۆێژینەوەیان گرتۆتەبەر بە باشترین سەرچاوەکان ئەژمێردرێن لە بواری دراسەتکردنی مێژوو.

نووسینەوەی یادداشت لە وڵاتەکەی ئێمە وڵاتی کوردستان جیگای داخە لەبەر کۆمەڵێ هۆ, ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانییوە خۆیان لە ئەقاری بدەن , لەوانەش ژمارەیێکی زۆریانیش یادداشتەکانیان نووسیوەتەوە , بەڵام وەك ڕەشنووس ماونەتەوە و بڵاو نەکراونەتەوە , ئەمەش ئاشکرایە جارێ وڵاتەکەی ئێمە ڕانەهاتووە لەسەر دیموکراتییەت و ئازادی , ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی خاوەند یادداشتەکان تووشی کۆمەڵێ نارەحەتی و کێشمەکێش ببنەوە تا ئەگا بە لەناودانی

ژیانیـان ئەگـەر بێتـو بـیرەوەری و یادداشـتەکانیان وەك چۆن هەیـە و ڕووداوەکـان وەك چۆن ڕوویانداوە بەبێ ئەوەی بیخەنە ژێر لێوەوە بینووسنەوە . کورد وتـەنی ئەوانەی یادداشتەکانیان بڵاو ناکەنەوە ئەڵێن " دەست بە سەر کڵاو خۆتەوە بگرە بۆ ئەوەی با نەیبا " هەرچەندە چاومان بە هەندێ یادداشتی بە نرخ ئەکـەوێ بـە زمانی کوردی یان عەرەبی بەڵام بە پەنجـەی دەسـت ئـەژمێردرێن لەوانـە( گەشتی ژیانم ) یادداشتەکانی مامۆستا مەسعود مەحەمەد , ( ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیێك ) نووسینی کاکە حەمەی حاجی مەحمود , ( لە خەوما ) نووسـینی مامۆسـتا جمیـل صائب , کە بە ڕەشنووسی مایەوە و دوای کۆچـکردنی چـاپکرا , وادیاریـشە لەبـەر ئەو هۆیانەی باسمانکرد هەتا لە ژیاندا مابوو نەیتوانی چاپی بکا , ( مذكرات فؤاد عارف) بە زمانی عەرەبی , ( مذكرات ولمحات من تأريخ الحركة الوطنيـة والثوريـة في كوردستان 1940-1958) نووسینی مامۆستا صالح حیدری , ئـەم یادداشـتە دوای ئـەوەی چـاپکرا بەشـێکی زۆری قرتێنـدران و جیـاوازێیکی زۆر هەیـە لـە نێـوان ڕشنووسەکەی و چاپکراوەکە , ئاشکراشە هۆیەکەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هۆیانـەی کە باسیانمانکردوە . ( یادداشتەکانی ڕەفیق حلمی ) . ئێمەش دوای ئەوەی چـەند برادەرێـك و دۆسـتێکی خۆشەویـستمان هـا نمیانـدا بـۆ ئـەوەی لەمـە زیـاتر یادداشتەکانی ژیانم (ململانێ لەگەڵ ژیـان دا )دوانەخـەم و بڵاویـان بکەمـەوەو لـە چاپیان بـدەم و لەمـە زیـاتر خوێنـەرانی ئـازیزی گەلەکـەمان بـە تایبـەتی نـەوەی نوێی کوردستان چاویان ڕووناکبێتەوە بەو زانیارییانەی کە مـاوەێیکی زۆرە بـە شاراویی ماونەتەوە , یەکێ لەو برادەرانە کاك شوان داودی بوو سـەرەك نووسـەری ڕۆژنامــەی ( هــەواڵ)کــە دەورێکــی بــاڵای هــەبوو لــە هانــدانم بــۆ چــاپکردنی یادداشتەکانم,

( ململانێ لەگەڵ ژیان دا ) ناونیشانی یادداشتەکەم بەم جۆرەێ هەیە , زۆر گونجاوە لەگەڵ جۆری ژیانم لە ماوەی حەفتا ساڵ دا , لە ماوەی ئەم حەفتا ساڵەدا زۆر خۆشی و ناخۆشـیم دی , زۆر کـەوتن و سـەرکەوتنم دی , لـە نـسکۆهینانەکانم و کەوتنـەکانم هـیچ کاتێـك ڕەش

بین تەبوومەو تووشی بێ ئارامی و خەمۆکی نەبوومە لەبەر ئەوەی باوەڕم بە خۆم بووەو ,
هەمیشە ئەمووت ( من خۆم ئەم ڕێگایەم گرتۆتە بەر , خۆم ئەم ڕێگایەم هەڵبژاردووە ,
بۆیە سەیری دواوە ناکەم تەنها لەو ڕووەوە نەبێ کە سوود لە هەڵەکانم وەربگرم , ئەم
بۆچوونەم و جۆری بیرکردنەوەیەم زیاتر لەوەوە وەرگرتووە کە جارێکیان لە ساڵی 1956
لە گۆڤاری ( ڕۆزلیوسف) وتارێکم خوێندەوە لە وتارەکەدا هاتبوو " جارێکیان کابرایێك
تابلۆیێکی زەیتی ئەکڕێ بە یەك ملیون فرەنك , تابلۆکە بریتیبوو لە عەرەبانەیێك ,
عەرەبانەکە پڕبوو لە شتومەك , کابرای عەرەبانە لێخوڕ بە قەمچی لە ئەسپەکەی ئەدا و
بەرەو پێشەوە ئەڕۆیشت , لەو کاتەی عەرەبانەکەی لێ ئەخوڕی شتومەکەکانی ناو
عەرەبانەکە لە پشتەوە وردە وردە ئەکەوتنە خوارەوە , لێخوڕەکە هاوڕی دواوەی نادایەوە .
فەلسەفەی ئەم تابلۆیە ئەوەبوو :( بەرەو پێشەوە بڕۆ هاوڕ دواوە مەدەوە . ) خاوەند
تابلۆکە ئەم تابلۆیەی لە ژووری مێوان هەڵواسیبوو . ڕۆژێکیان یەکێ لە برادەرەکانی هاتە
مێوانیی خاوەند تابلۆکە , چاوی بەتابلۆکە کەوت و پرسیاری لێکرد , ئەم تابلۆیە ت بە
چەند کڕییوە ؟ ئەویش ئەڵێ , بە یەك ملیون فرەنك , برادەرەکەی هوونەرمەند و
رەسامێکی گەورە بوو , وتی ئەوە چی ئەڵێی ؟ ئەم تابلۆیە هەزار فرەنکیش ناهێنێ , چۆن
یەك ملیون فرەکت داوە پێی ؟ ئەویش ئەڵێ , من هاور دواوە نادەمەوە , ئەمەیە
فەلسەفەی تابلۆکە )

منیش لە ژیانمدا زۆر سوودم لەم فەلسەفەیە وەرگرتووە , منداڵێکی دەشتەکی بووم , لە
دەشتەوە هاتمە شاری کەرکوك ,لە دێیکی وشك و برینگ , بیری ئاوەکانی 20-25 باڵ قوول
بوو, تەنها خوێندەوارێکت تیا دەست ناکەوت , بەڵێ هاتینە کەرکوك , قوتابخانەی
سەرەتایی و ناوەندیم و دواناوەندیم لە کەرکوك تەواوکرد و بوومە مامۆستای سەرەتایی ,
لە مەرکەزی ناحیەی شوان لە ( ڕێدار) و پاشان لە دێی پاپیلان هەر لە ناحیەی شوان . لە
ساڵی 1959 لە سەردەمی ڕژێمی عبدالکریم قاسم , چوار ساڵ حوکم درام . ئەمە یەکەم
نسکۆ بوو لە ژیانمدا تووشم بوو , زۆریش سوودم لە ژیانی بەندیخانە وەرگرت و فێری
ئەوەبووم ژیان پڕە لە خۆشی و ناخۆشی , مرۆڤ ئەبێ زۆر ژیرانە مامەڵە لە گەڵ

ناخۆشییەکانی ژیانی بکا هەروەها لەگەڵ خۆشییەکانیش , لەکاتی خۆشیدا مەغرور نەبێ و لە خۆی بایی نەبێ , لە کاتی ناخۆشیدا کۆڵ نەدا و نەڕووخێ .

دوای دەرچوونم لە بەندیخانە لە ساڵی 1963 چوومە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە – شۆڕشی ئەیلولی 1961. لە ساڵی 1963 ژیان لە لادێکان و هەردو دۆڵ و چیاکانی کوردستان وا ئاسان نەبوو جگە لەوەی چەند جار لە کوشتن بە دەستی دوژمنانی گەلەکەمان لە چەند شەڕێك دا ڕزگارم بوو . لەم ماوەیەش لە منداڵەکانم دوور کەوتبوومەوە , دووریش لە ماڵ و منداڵ ناخۆشییێکی تربوو لە ژیانمدا , بەڵام ئەم ناخۆشییە جیاوازییێکی زۆری هەبوو لەگەڵ ناخۆشی یەکەم دا , ئەم جارەیان ناخۆشییەکە لە پێناوی کوردو کوردستان بوو , لە پێناوی وەدەستهینانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوو , درووشمی شۆڕشەکەمانیش ( کوردستان یان نەمان ) بوو . کەواتە خۆم ئەم ڕێگایەم هەڵبژاردبوو, ئیتر ئەبێ بۆ هاوڕ دواوە بدەمەوە , هەمیشە گەشبینیش بووم , باوەڕم وابوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەلی کورد ئەگا بە ئاواتی , کە ئێستا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم داین , گەلەکەمان زۆر نزیك بۆتەوە لە گەیشتن بە تەواوی ئامانجەکانی ئەویش ( سەربەخۆییە ) ئەم سەربەخۆییەش لە ئەنجامی خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی کوردستانە خوێنی پێشمەرگە شەهیدەکان و خوێنی منداڵان و ژنان و لاو و پیری کوردستانە , گەلی کورد کە گەیشتۆتە ئەم ئامانجە لە ئەنجامی سەدەها کارەساتی گەورەیە کە تووشی بووە وەك ئەفلاتون ئەڵێ " کارەسات نەتەوە دروست ئەکا " . باوەڕیش ناکەم کارەسات هەبێ لە کارەساتی ( ئەنفال) گەورەتر بێ . یان لە کارەساتی کیمیا بارانی شاری هەلەبجە گەورەتر بێ . یەکێ لە نسکۆکانی تر , مەسەلەی گەڕانەوەم بوو لە شاخەوە بۆ ناو شار , لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ مامۆستایی , مامۆستای قەتابخانە , هەرچەندە لەم نسکۆیە بەتەنیا نەبووم هاوڕێم زۆر بوو , دوای ئەوەی بەرزانی لەگەڵ مشیر عبدالسلام عارف ڕێککەوت لە 1964\2\10 , داوای لە پێشمەرگەو کادرە سیاسییەکان کرد , لە ئیستگەی بەغدا بە دەنگی خۆی :

" ارجعوا إلى أعمالكم الحـرة الكريمـة" ئەوەبوو دوای هەوڵدانێکی زۆر لە ساڵی 1965 حکومەتی بەغدا گەڕاندمییەوە وەك مامۆستاییێکی سەرەتایی نەك بۆ ناو شاری کەرکوك

بـەڵكو بـۆ دێـی ( مـاحوز ) لـە قـەزای حەویجـە. ئەمـەش نـسكۆێیكی زۆر گـەورەتر بـوو لـە نسكۆكانی پێشوتر لەبـەر ئـەوەی چـیمان كردبـوو كـورد وتـەنی " ئـاوەل ئـاو ڕۆیـشت" وەك پێشمەرگەێیكی ئازاد و كادرێكی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان بگەڕێتەوە ژێـر چـنگی ئاسایش و پۆلیسی حكومەتی بەغدا.

لە ساڵی 1969 بوومـە قائممقـامی كۆیـە , تـا بـەیانی 11 ئـازار لـە كۆیـە مامـەوە , ئـەوەبو لەسـەر داوای بـەرزانی لـە قائممقـامیی لادرام و دووبـارە گەڕاندمیانـەوە وەك مامۆسـتاێیكی سەرەتایی , ئەم جارەیان بەرزانی ڕازی نەبوو وەك مامۆستا لە شارەكەی خۆمیش بمێنمـەوە , ئەوەبو نەقڵی بەغدا كرام , مـن و مامۆسـتا عـەباس حوسـین ئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـدی پارتیمـان و مامۆسـتا نورالـدین عبـدالرحمن ئەنـدامی لقـی كـەركوك , هەرسـێكمان نـەقڵی قوتابخانەی " الحراء " كراین لە گەڕەكی " القاهرة " لە بەغدا .

دووبارە دوای ڕێككەوتنەكەی نێوان هەردوو باڵەكانی پارتی , باڵی مەكتـەبی سیاسـی و بـاڵی بەرزانی , گەڕاندمیانەوە بـۆ قائممقامییـەت و لەبـەر نـەبوونی قـەزاێیكی شـاغر,ناحیـەی " خـدر " یـان كـردە قـەزا لـە پارێزگـای " المـثنى"و پاشـان بـۆ قـەزای " كـەلار" لـە پارێزگـای كـەركوك . كەواتـە ئەمـە هەڵـسانەوەێیكی تـر بـوو .هـەر وەك باسمـانكرد لـەم كـەوتن و هەڵسانەوانە كۆمەڵی دەرسی تازەم وەرگرت لە ژیانمـدا , ئەمانـەش هـەموو " ململانـێ بـوو لەگەڵ ژیان دا" بە هەرحاڵ ئەم ململانێیانە

بـەردەوامبوون وەك لـە نـاەڕۆكی " ململانـێ لەگـەڵ ژیـان دا " لـە 1935-2005 . ئـەم پێـشەكییە لەبـەر ئـەوەی تایبەتـە بـە بـەرگی یەكـەمی یادداشـتەكانم , بۆیـە بـە پێویـستم نـەزانی باسـی ململانێكـانی ژیـانم بكـەم دوای سـاڵانی 1970 . خۆێنـەر تـێ ئـەگا كـە یادداشتەكانم تەنها موڵكی خۆم نییە بەڵكو موڵكی هەموو كوردێكی دلسۆزە لە هەر كوێیكی كوردستانی گەورەدا بێ ,لەبەر ئەوەی پـەل و پـۆپی یادداشـتی "ململانـێ لـە گـەڵ ژیـان دا " وەك گرنگێتی تایبەتی خۆی هەیە لە كوردستانی باشوردا , هـەر هـەمان گـرنگێتی هەیـە لـە پارچەكانی تری كوردستانی گەورەدا.

لەکۆتایی دا سوپاسی هەموو ئەو رۆشنبیرو قەڵەم دۆستانە ئەکەم کە زۆر یان کەم یارمەتییان داوم بۆ لەایك بوونی ئەم بەرهەمەم ( مململانی لەگەڵ ژیاندا ) لەوانە : ڤیانی کچم کەهەموو رەشنووسەکانی بەئیمیڵ لە سلێمانیەوە ئەنارد بۆم بۆ نیوزلەندا ، هەروەها سەرنووسەری رۆژنامەی هەواڵ کاك شوان داوودی و کاك عبدالرحمن گلی بەرێوەبەری رۆژنامەی هەواڵ و کاك لوقمان شیخ حسین برازام کەماندووبوو لەگەڵما لەراست کردنەوەی هەڵە زمانەوانییەکان و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لەچاپ دانی گرتە ئەستۆ .

ئومێدەوارم بە نووسینەوەو لە چاپدانی یادداشتەکانم خزمەتێکی بچووکی گەلەکەمانم کردبێ و کەلێنێکم پڕکردبێتەوە لە کتێبخانەی کوردی .

د. عبدالستار تاهر شەریف

کەرکوك – 11-ئەیلولی –

2005

# بەشی یەکەم:

## قۆناغی منداڵێتیم ولاوێتیم (1935-1956):

وا دیارە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی دا بیر لە نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەرییەکانی ناکاتەوە , بەڵام کە چوە ناو ساڵەوە , ساڵ لە دوای ساڵ مەسەلەی نووسینەوەی بەسەر هاتەکانی ژیانی لا بەتینتر دەبێ و ئارەزوی نووسینەوەیانی لا زیاتر و بەجۆشتر دەبێ . منیش گومانی تێدا نییە لەم ڕاستییە دەروونییە بە دەرنیم , بۆیە دەتوانم بڵێم ماوەیێکە هەوڵی ئەوەم داوە ڕووداوەکانی ژیانم لە دەفتەرەکانی یادداشتی ساڵانەم بنووسمەوە , بۆ ئەوەی بزر نەبن و پاشانیش لە دەرفەتێك دا پاکنووسیان بکەمەوە و لە چاپیان بدەم .

باوەڕ ناکەم لەوە خۆشتر هەبێ مرۆڤ بەرەو دوا بگەرێتەوە بۆ ساڵانی منداڵێتیو بیر لە ڕۆژانی منداڵێتی و ساوایەتی خۆی بکاتەوە , ئەو ڕۆژە خۆشانەی لە دێیە خنجیلانەکەمان لەگەڵ هاورێکانم دا بەسەرم دەبردن لە دێی بیرەسپانی گەورە (بیرەسپانی خوارو) یان لە شارە خۆشەویستەکەمان , خۆشەویستی هەمو کوردێکی شاری کەرکوك و گەڕەکەکەمان گەڕەکی ئیمام قاسم , هەموو وەك شریتی ڤیدیۆ لەبەر چاومن و لەیادیان ناکەم .

بە پێی ناو نووس کردنم لە ساڵی 1933 ی زاینی دا لە دایك بوومە , بەڵام لە ڕاستی دا وەك دایکم دەیگێڕایەوە , شەش مانگ دوای لە دایك بوونی مەلیك فیصل ی دووەم لە دایك بوومە , کە ئەمەش دەکاتە شەش مانگ دوای 1935/5/2 کە ڕۆژو ساڵی لە دایك بوونی مەلیك فیصل ی دووەمە , کەواتە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1935 لە دایك بوومە , ئینجا مانگێ کەمتر یان زیاتر هیچ لە مەسەلەکە ناگوڕێ . ئەم تاریخەش ڕاسترە لەوەی کە بۆم دیاری کراوە , لەبەر ئەوەی لە کاتی ناو نووسینمان دا تەمەنی منیان لە تەمەنی شێخ جەباری برام بە گەورەتر نووسیوە , لە کاتێك دا شێخ جەبار یەك ساڵ لە من گەورەتربو .

لە لایێکی ترەوە ساڵی 1941 بۆ یەکەم جار لە پۆلی یەکی سەرەتایی وەرگیرام , زۆر منداڵ بووم , چەند مانگێ لە پۆلی تمهیدی دامیان نا .

دایکم ناوی (همینە صالح رحمن) بو , کچی کۆیخا صالحی دێی (علی بیان)ی ناحیەی شوان . دایکم دوو شوی کردبو , پێش باوکم شوی بە شێخ غفور کردبو , لە شێخ غفور دوو کچی هەبو (فاتمەو عصمت) شێخ غفور کوڕی شێخ ئەمین کوڕی شێخ ئیبراهیم کەلەهەمان

بنەماڵەی باوکم بوو, لە دایکم گەورەتر بووە بە تەمەن و ئەوەندە پێکەوە نەماون و کۆچی دوایی کردووە .

لە باوکمیش شێخ تاهیری کوڕی شێخ شەریفی کوڕی شێخ عبدالحمید چوار کوڕی بووە (جلیل و جەبار و ستار (من) و حسیب).

باوکم چوار ژنی هێنابو , هیبت وەلی و شوشە حسن و دایکم همینە و فاتمە علی . لەم چوار ژنە یانزە کوڕو چوار کچی هەبو . (تەها و تەیب و هادی و فەتومە) لە دایکم شوشە . (جمیلە و خیریە) لە دایکم هیبەت , ئێمەش چوار برا لە دایکێك و (حسین و حسن و خالید و تالیب و محبوبە) لە دایکم فاتمە .

باوکم ساڵی 1949 کۆچی دوایی کرد لە ئەنجامی نەخۆشییێکی قورسی پرۆستات و لە نەخۆشخانەی کەی وان – لە شەریکەی نەوت – پزیشکێکی ئینگلیزی عەمەلیاتی کردبوو , دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانەکە بە چەند ڕۆژێ کۆچی دوایی کرد, وا دیاربوو شیرپەنجەی پرۆستاتی هەبوو , بۆیە عەمەلیاتەکە پەلەی کرد لە مردنەکەی. بە بیرمە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم کە باوکم لە ماڵەوە کەتبوو , ڕۆژانە ( پۆل مەلیك ) ئەهاتە ماڵەوە بە سۆندە میزی پێ ئەکرد , پۆل مەلیك دوکتۆرێکی ئەرمەنی بوو , بەڵام بڕوانامەی دوکتۆری نەبوو , تەنها مومارەسەی برینپێچی نەبێ . ڕۆژانە لەو سەردەمە بە دەیەها نەخۆش کە ئەچوونە نەخۆشخانەی کەرکوك بۆعەمەلیاتی ڕیخۆڵە کوێرە و پۆل مەلیك عەمەلیاتیانی ئەکرد ، زۆربەی زۆریان لە ژێر دەستی ئەمردن , ئەو سەردەمە لە کەرکوك عەمەلیاتی ڕیخۆڵە کوێرە وەك عەمەلیاتی ئەمڕۆی شیرپەنجە زەحمەت بوو لەبەر ئەوەی پزیشکی پسپۆڕی باشمان نەبوو نەك لە کەرکوك بەڵکو لە عێراقیشدا.

لە ساڵانی سییەکان , ماڵمان چوە شاری کەرکوك , تا ئێستاش لە یادمە بە عارەبانەیێکی درێژ , کە دوو هێستر ڕایان دەکێشا ماڵمان گواستەوە لە دێی بیرەسپانەوە بۆ شاری کەرکوك , کە نزیکی 20-25 کم لە کەرکوکەوە دوورە , لە کەرکوك لە گەڕەکی (زێویە) خانوێکمان بە کرێ گرت , ئەو سەردەمە هێشتان سەیارە زۆر کەم بوو , خۆ لە دەشت هەر پەیدا نەبوبو, کەواتە سەیارە هاتوچۆی دەشتی ناکرد , لە گەڕەکی زێویە دراوسێی ماڵی سعید

زەردکی و عزەت ئاغا و رفیق عالی ئەفەندی بوین . رەفیق ئەفەندی لەو سەردەمەدا مامۆستایێکی ناسراو بوو لە قوتابخانەی ئیمام قاسم. لە بیرمە باوکم شەوان لە سالانی چلەکان دا دەچوە مالیان لەوێ پێکەوە گوێیان لە دەنگوباسی ئەلمانیا و نازێیەکان رادەگرت , دژی ئینگلیز بوون . بۆیە دژی ئینگلیز بوون لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان داگیرکەری عیراق بوون .

مندالیم و ژیانی سێ چوار سالی سەرەتایی تەمەنم لە دێی بیرەسپان بە باشی ناکەوێتەوە یاد, تەنها هەندێ ڕووداوی سەخت نەبێ کە هەمیشە لە یادم دەرناچن وەك ئەوەی لەو تەمەنە تووشی نەخۆشی گرانەتا بووم –تیفۆئید- ئەم نەخۆشییە بووە هۆی ئەوەی سەر لەنوێ گانگۆلە بکەمەوە دوای ئەوەی لە پامی خست , هەرچەندە من خۆم بە مندالی درەنگ پام گرتبو .

هەروەها خانوە قوڕەکەمان کە تیای دا لە دایك بووبوم و تەمەنی کۆرپایەتی و بەشێ لە قۆناغی مندالیم تیایا بردبووە سەر پێش ئەوەی بچینە کەرکوك زۆر باش لە یادمە و هەمیشە لە یادم دەرناچن , هەروەك هەمیشە ئەو دیمەنە پڕ لە زولم و زۆرو دڕندایەتیەشم لە بیر ناچێتەوە کاتێ لە سالی 1990 لەگەل دوکتۆر عصام عبد علی و دوکتۆر هاشم جابر چوینە بیرەسپان و کارێزو دێهاتەکانی شوان و صالەییم هەندیکیان بەکاولکراوی پێیان نیشان دا , کەچۆن لە سالی 1987دا بەعس کاولیانی کردبو , لەو دێیانە بیرەسپان و کارێز بون , ئەو خانوەی تیای دا لە دایك بوبووم و تیای ژیابووم بە کاولی تەنها خشتەکانی مابوونەوە پێیانم نیشان داو نەمتوانی خۆم ڕابگرم و فرمێسکم ڕژاندە بان خاکەکەی و ئەوانیش خوا هەلناگرێ هەردووکیان دەستیان کرد بەگریان و دوو ئەندامی پێشکەوتوی حیزبی بەعس بوون بەلام لە حیزب نەمابوون , د. عصامیان وەزیری تعلیمی عالی بو , د. هاشم سەرۆکی زانکۆی المستنصریە بو ، دوکتۆری ددان بوو , هەردووکییانیش لە وەزیفەکەیان دەرکرابوون . دوکتۆر هاشم جابر سەرۆکی زانکۆی المستنصریە بوو , لەسەر ئەوە دەرکرا لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەێیکی فراوانی ئەندامانی بەعس , بە ئامادەبوونی صدام حسین ڕازی نەبوو ببێتە جیش الشعبی , پاشانیش لە

سالآنی نەوەتەكان جیهازی موخابەرات شەوێك تەقەی لێ ئەكەن و بە سەختی برینداریان كرد , دوای ئەوەی چاكەوە بوو , بۆ ئەمریكا ڕای كرد ، دوای پرۆسەی ئازدكردنی عیراقیش نەگەڕایەوە .چەند جار لە ساڵی 2003 لە ئەمریكاوە تەلەفۆنی بۆم ئەكرد چەندجار ئەیانووت ئێمە ئەو ماوەیەی ئەندامی ئەم حیزبە بوینە بەشداری تاوانەكانیان بوینە , هەزار داخ , ئایا ئێمە بۆ ئەمە خەباتمان دەكرد ؟ .. دێیەكەی ئێمە لە 11 ئازاری 1987 ڕوخێندراو تا ساڵی 1990 نەمتوانی چاوم بە شوێنەوارەكەی بكەوێ . لەگەڵ دێیەكەی ئێمەش نزیكەی 4500 چوار هەزار وپێنج سەد دێ لە كوردستان كاول كران . بەڵێ ئەم دیمەنەم تا دوا هەناسەی ژیانم لەیاد ناچێتەوە . هەرچەندە لە یەكەم ڕۆژی هەڵمەتی قەلاچۆكردنی كوردو دەست پێكردن بە ئەنفالە بەدناوەكە , لەو ڕۆژەوە خۆم بە عیراقی نەزانیوە , بەلآم دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەستگیركردنی صدام حسین لەلایەن سوپای ئەمریكاوە بە یارمەتیدانی پێشمەرگەی كوردستان , دووبارە لەبیرو باوەڕەكەم گەڕامەوەو خۆم بە هاوولآتییێكی كوردی عیراق زانی .

هەروەك وتم , كە هاتینە كەركوك بۆ جاری یەكەم خانوییكمان لە گەرەكی زێویە بە كرێ گرت , گەڕەكی زێویە ئەو سەردەمە خانوەكانی زۆربەی زۆریان خانوی قوڕبون , بەلآم لە ناوەوە بە گەچ سپی كرابوون ، لە خانوەكانی دەشت باشترو ڕێك و پێكتر بوون .

لە گەرەكی زێویە لەبەر ئەوەی دانیشتواتی هەموو كوردبون و زوربەیانیش ناسیاوی باوكم بوون , بۆیە هەستمان بە غەریبی نەدەكرد . كەم ماڵ هەبو كارەبای هەبێ یان ئاوی بۆڕی بۆ خواردنەوە , بۆیە بەیانیان لە تاریك و ڕوون دا ژنان دەچونە سەر جۆگە ئاوی گەرەكەكە وئاوی خواردنەوەیان لێ پڕ دەكردو بۆ ماڵەوەیان دەهێنا . شەوانیش جلیل و تەیب برام لەبەر چرای نەوتی (لالە) دەیانخوێندو دەرسەكانیان ئامادە دەكرد .

بە تەواوی ناتوانم بڵێم ژیانی تەمەنی سێ چوار ساڵەم چۆن بووە , بەلآم بەهەرحاڵ بە پێی ژیانی ئەو سەردەمە بە خۆشی دەژیام بە تایبەتی كە یەكسەر لە ژیانی لادێیەوە گواسترامەوە بۆ ژیانی شارستانێتی و باوكمیش لە ڕووی دەرامەت ودەست ڕۆییەوە , دەست ڕۆبوو , خاوەند زەوی و كشتوكاڵ ومەڕو مالآتێكی باش بوو .

زەوی لە بیرەسپان و کاریز هەبو , ماڵێکی لە دێی کاریز دانابو دوو ماڵیشی لە بیرەسپان و دایکی منی هێنابو بۆ کەرکوك .

لە ساڵی 1941 دا لە پۆلی یەك لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ئیمام قاسم وەرگیرام , زۆر منداڵ بووم ، بۆ یەکەم جار لە پۆلی تمهیدی وەرگیرام پاشان گواستمیانەوە بۆ قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان ولە پۆلی یەکەم دەوامم کرد .

قوتابخانەی کچانی سەرەتایی ئیمام قاسم لەسەر شەقامی کەرکوك – سلێمانی – بوو , بەرامبەر بە خڕ خاصەو بەم دواییەش شوێنەکەی بووە دایەرەی تسویە ودوای تسویەش چۆل کراو وەك هەمو خانوێیکی ئاسایی . بەرێوەبەری قوتابخانە کە ناوی ست حەسیبە بو .

لە قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان لە یادمە فاتح بەگ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو , مامۆستاکانیش (رفیق عالی ئەفەندی و عوسمان ئەفەندی قەلایی و جوری ئەفەندی جولەکە و ئیستیفان ئەفەندی مسیحی و حمید خەیات چەمچەماڵی و شفیق ئەفەندی ونورالدین ئەفەندی ) ودوای ئەوانیش شفیق ئەفەندی بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە , هەروەها محمد جمیل افندی کە ئەویش لە ساڵانی پەنجاکان بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە .

باوکم بەهاران ماست و پەنیر و کەرەێیکی زۆری بۆ مامۆستاکان بە دیاری دەهێنا بە تایبەتی بۆ مامۆستا رفیق عالی ئەفەندی لەبەر ئەوەی دۆستی شەخصی خۆی بو , جگە لەوەی دراوسێمان بو , ئەو لەگەڵ عیزەت ئاغا پێکەوە دەچونە ماڵ رفیق ئەفەندی و گوێیان لە دەنگوباس رادەگرت. وا بزانم لە گەڕەکەکە تەنها ئەو رادیۆی هەبو . ئەو کاتەی من لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم جەلیل و تەیب و جەبار برامیش لەهەمان قوتابخانەبوون , بەڵام ئەوان لە پۆلی سێ و چوار بوون , هادی برام یەك ساڵ لە کەرکوك مایەوە ودەوامی پێ نەکراو گەڕایەوە بۆ کاریز .

له پۆلەکانی یەکەم ودووەم وسێیەم وچوارەم قوتابێیکی مام ناوەندی بوم له وانەکانم و لەپۆلی پێنجەم سالّی یەکەم کەوتم , بەلاّم بۆ سالّی دووەم زۆر به باشی و به پلەی بەرز ناجح بووم .

له خوێندنی قۆناغی ناوەندی باش بووم به تایبەتی له پۆلی دووەم و سێیەم دا . له پۆلی دووەم بووم قوتابخانەکەمان گواسترایەوە بۆ قوتابخانەی جولەکەکان له گەرەکی جولەکەکان له کەرکوك , ئەو سالّه جولەکەکانیان له کەرکوك دەرکردو ڕەوانەی فەلەستینیان کردن له سالّی 1948-1949 .

بەڕاستی ئێستا که بیر دەکەمەوە و دەگەرێمەوە بەرەو دواوە بۆ ئەو سالّەی جولەکەکانیان له شاری کەرکوك دەرکرد , ئەو دیمەنە نا ئینسانیانە وەك شریتی ڤیدیو به بەرچاوما تێپەڕ دەبنەوە که چۆن مندالّه موسلّمانەکان ڕیشی جووە پیرەکانیان به شقارتە دەسوتاند , یەکێ لەو جووانە که هەمیشە ناوی له یادمەو لەبیرم ناچێتەوە (حەیحەی)یە جووبو . پیاوێکی بەناو سالّەوە چوی ڕیش پان و درێژ و پۆشتە و پاك و تەمیز له گەرەکە کوردەکان –ئیمام قاسم و زێویە وئاخور حسین – چەند تۆپێ قوماش بەسەر شانیەوە بوو , کوتالّ فرۆشێکی گەرۆك بوو , مالّ نەبو (حەیحەی) نەناسن , ئەو حەیحەیە بەم دواییە لەترسی مندالاّن وازی له کوتالّ فرۆشتن هێنا . بێ گومان دەوری حوکومەت ئاشکرا بو له هاندانی خەلّکی دژی جووەکان .

کاتی بەیانیان که ئەچوین بۆ قوتابخانە له گەرەکی جووەکان , هەندێ قوتابی بێ ڕەوشت پەلاماری کچە جووەکانیان دەدا لەبەر دەرگاکانیان لەم کۆلاّن و ئەو کۆلاّن و بەزۆر هەولّیان دەدا ماچیان بکەن .

من ئەو سەردەمە زۆر بەدین بوم , نوێژم دەکردو تازە چوبوومە ڕیزی (الاخوان المسلمین)وە , قێزم لەو ڕەوشتە نامرۆڤایەتییە دەبووەوە . پاشان جووەکان وردە وردە شتومەکی ناو مالّیان دەفرۆشت و دەچون بۆ فەلەستین و خانوەکانیانیش حوکمەت دەستی بەسەرا گرت بەناوی (الاموال المجمده) دەمایەوە .

لەو سەردەمە لە شاری کەرکوك یەك قوتابخانەی ناوەندی هەبوو کەواتە لە ساڵی 1948-1949 , ئەوەبو بەشێ لە قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندییان لە شەقامی ئەوقاف گواستەوە بۆ قوتابخانەی جوولەکەکان و ناویان لێنا قوتابخانەی ناوەندی ڕۆژهەڵات و مامۆستا قاسم بەگی صالحیان کردە بەرێوەبەری ، ئەو قوتابیانەی خەڵکی گەرەکی ئیمام قاسم و موصللا و قەلا و زێویە و تەرەفی ڕۆژهەڵاتی خڕی خاصە بوون گواستڕانەوە بۆ ئەم قوتابخانە تازەیە, زوربەی قوتابیەکانی تورکمان و کورد بوون , قوتابی عەرەبی زۆر کەم بوو .

لەو سەردەمە دانیشتوانی عەرەب لەناو شاری کەرکوك ئەوەندە کەم بوون بە پەنجە دەژمێردران , خۆ لە بەری ڕۆژهەڵاتی خڕ خاصە ماڵە عەرەب هەر نەبوون .

قوتابخانە ئەصلییەکەش مایەوە بە ناوی ناوەندی غەربییە, نزیك چایخانەی مجیدیە لە شەقامی ئەوقاف . یەك قوتابخانەی ئامادەییش هەبوو لە گەڕەکی گامێشەوانەکان لەسەر ڕێی بەغدا ,تازە بینا کرابو .... بەهەرحاڵ زوربەی زۆری قوتابیانی هەرسێ قوتابخانەکە کە کوردو تورکمان بوون و قوتابیانی عەرەب ژمارەیان لە 20-30 قوتابی تێپەڕی نەدەکردو ئەوانیش بەشێکیان منداڵی موچەخۆرەکان بوون . لە شاری کەرکوك کە بە دەگمەن چاوت بە عەرەب ئەکەوت . وەك خوالێخۆشبوو مەسعوود محمد لە نووسینەکانی وشەی ( با لاپەنجەرەێیك بکەینەوە ) منیش لێرەدا لاپەنجەرەێیك ئەکەمەوە و ئەڵێم : بەم دواییە دوای ئەوەی حیزبی بەعس لە ساڵی 1968 بە هۆی ئینقلابێکی سەربازیی هاتنە سەرحوکم , تا ساڵی 2003 پێش ڕووخانی ڕژێمەکەیان و ڕزگارکردنی عیراق , زیاتر لە 300 سێ سەد هەزار عەرەبیان لە خوارووی عیراقەوە هێنایە کەرکوك ولە شوێن 300 سێ سەد هەزارکورد کە دەریانیانکرد لە کەرکوك نیشتە جێکران . ئەم عەرەبە نیشتەجێکراوانە عەرەبی دەهەزاری , کە لە خوارووی عیراقەوە صدام حسین دیکتاتۆری عیراق هینابویانی بە مەبەستی تەعریبکردنی شاری کەرکوك , تا پاکنووسکردنی ئەم یادداشتەم لە حوزیرانی 2005 جارێ لە شاری کەرکوك ماونەتەوە و هەردوو حکومەتەکەی ئەیاد علاوی و جەعفەری هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان لە خوارووی

عیراق و لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییێك نابینرێ لە نێوان سیاسەتی تەعریبی بەعس و ڕژێمی تازەی عیراق .

لە پۆلی دووەمی ناوەندی مامۆستا عابد توفیق وانەی عەرەبی پێمان ئەوتەوە , لەبەر نەبوونی مامۆستای بیرکاری , وانەی بیرکاریشی دەداپێمان , مامۆستا عابد توفیق سەر بە کۆمەڵەی( الاخوان المسلمین) بو , پیاوێکی نوێژکەرو بەدین بو , دەورێکی باڵای هەبو لە چاندنی تۆوی دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە شاری کەرکوك , یەکێ لەوانە من بووم , کە بە ڕێگای ئەوەوە بووم بە ئیخوان و دەستم کرد بە نوێژ کردن و ڕۆژوگرتن و خوێندنەوەی قورئان و نووسینەکانی (حسن البنا) ی مورشدی گشتی (الاخوان المسلمین) لە میسر , لەو کتێبانەی دەم خوێندەوە لە پۆلی دووەم و سێیەم دا (رسائل حسن البنا) کەواتە نامەکانی حسن البنا , لەگەڵ نووسینەکانی سید قوتب و عبدالقادر عودە و رەمەزان سعید و محمد الغزالی و باقوری و .... هتد .

لە ساڵانی 1950-1951 تا ساڵی 1954 لە پشووەکانی نیوەی ساڵ یان سەر ساڵ (هاوین) سی چل قوتابی و مامۆستایان و ئەندامانی (الاخوان المسلمین) دەچوینە دێهاتەکانی (خاڵە بازیانی)و (ئۆمەرە گەردە) و (شێخ جگری) لە ناحیەی قەرە حەسەن –لە لەیلان بۆ سەربازگای الاخوان ماوەی یەك حەفتە لە سەربازگەکە دەماینەوە لەوێ مەشقمان دەکردو گوێمان لە موحازەرات ڕادەگرت . کەواتە لەم تەمەنە دا لە 16-20 ساڵی خەرییکی دینداری و خوێندنەوەی کتێب و نامیلکە ئایینیەکان بوم و فیکر خۆم بە ڕۆشنبیرێتی ئایینی زاخاو دەدا , هاورێی کۆمەڵێ مرۆڤ بووم, هەموو ڕاست گۆ و ڕەوشت پاك و جوان . فێری ئاکارو ڕوشتی باش بووم لێیانەوە . تا ساڵی 1957 لە ڕیزی الاخوان المسلمین مامەوە و گەیشتمە پلەی (نقیب) کەواتە ڕێکخەری شانە .

لە ساڵی 1954 (کۆمەڵەی الاخوان) ئیجازە درا پێی بە رەسمی و لە کەرکوك لە گەرەکی ئاخوڕ حسین خانوەکەی مەلا خالید مان بە کرێ گرت و کردمان بە بارەگای الاخوان لە نزیك مەرکەزی شورتەی کەرکوکیش لە ژێر ئوتیل المرکزی مەکتەبەیێکمان هەبو (مکتبە الاخوە الاسلامیە) بەناو سلیمان محمد امین القابلی و سید احمد محی الدین وە تەسجیل

كرابوو. بەهەرحاڵ بارەگاكەمان ئەوەندە دەوامی نەكرد لەگەڵ ڕۆژنامەی (الحساب) لەبەغدا حوكمەت دای خست , ڕۆژنامەی " الحساب " وتارەكان و نووسینەكانی زۆر دژی پرۆژەی " النقطة الرابعة" ی ئەمریكی بوو .هەروەها هەمو بارەگاكانی تری الاخوان لە عیراق داخرا . محمد محمود الصواف موراقبی گشتی ئیخوان بوو , ئەمجەد الزهاوی مورشدی گشتی بوو , محمد محمود الصواف زۆر چالاك بوو , دوای 14 ی تەممووزی 1958 بەرەو سعودیە هەڵات و وەك پەنابەری سیاسی لە سعودییە وەرگیرا , تا ساڵی 1998 لە سعودییە بوو , لە فڕۆكەخانەی ئەستەمبوڵ لە ساڵی 1998 بە سەكتەی دڵ كۆچی دواییی ئەكا.

نامەوێ لەمە زیاتر باسی ئەم قۆناغە بكەم , هەرچەندە خۆشترین قۆناغی ژیانم بووە .

لە ساڵی 1939 ماڵمان هاتە كەركوك , بۆیە هیچی وام بەبیرا نایێ دەربارەی سەرەتای ژیانم لە دێی بیرەسپان تەنها ئەوە نەبێ كە زۆر منداڵ بووم تووشی نەخۆشی گرانە تابووم وەك باسمكرد . بەڵام لە پشوی هاوینان دا دەگەڕاینەوە بۆ بیرەسپان و كارێز بۆ ماوەی سێ مانگ لە دەشت دەماینەوە .

دێی كارێز سەر بە ناحیەی شوانە . نزیكی 30-40 ماڵ دەبوو . دوو ئاوی كارێزی تیا هەبو , كارێزێكی باوكم دوای كڕینی كە بیرەكانی كەم بوون بێ ئاو بوون , سەر لە نوێ هەڵی قەندو بیری تازەی بۆ لێدا تا نزیكی 20-25 بیر , یەكەم بیریان لە ژووروی دێیەكەوە بوو تا بیرە قولەكەی قەد پاڵ گردە گەورەكەی كارێز كە پێیان ئەووت بیری گاوركار . وا دیارە بۆیە ئەم ناوەیان لێ نابوو , زۆر كۆن بوو , لەوانەیە گاورەكان لێیان دابێ .

لە نێوان هەردوو بیر, بۆ مەسافەی پەنجا مەتر تونێلێك هەبوو , تا دەگاتە بیرە گەورەكە , كە سەرچاوەی ئاوی كارێزەكەیە , بە شێوەی كارێز نەبێ ئەو ئاوە ڕێ ناكا بۆ دەرەوە , لە یەكەم بیرەوە زەلام دەتوانێ بەناو تونێلەكە دا بڕوا تا دوا بیری كارێزەكە كە بیرە گاور كارەكەیە .

ئێمە زۆر جار دەچوینە ناو بیرەكان بۆ كۆترگرتن و ئاوی كارێزەكەش بە هاوینان زۆر ساردو بەزستانیش گەرم . باوكم هەر لە سەرەتای كاركردنی بۆ ئاوەدان كردنەوەی كارێزەكە هەندێ بەچكە ماسی بۆ هێنابوو , ماسییەكان لەناو كارێزەكە گەورە بوبوون و زیادیان

کردبو , قەدەغەش بوو کەس ڕاویان بکا , لەبەر ئەوەی (زالویان) دەخوارد . کانیاو و کارێز ئەگەر ماسی تیا پەروەردە نەکەی جۆرە کرمێکی ڕەش هەیە لەناو کانیاو و کارێزەکان پەیدا دەبن لەکاتی ئاو خواردنەوە مەرو مالات و ولاخی بەرزە زالوەکە بە قورگییەوە دەنووسێ و لەژوورەوە وردە وردە خوێنی دەمژێ و دەیکوژێ . ئەگەر ولاخێکی بەرزە یان ڕەشەولاخ زالو بچویاتە گەرویەوە دەستمان لە خۆڵە سوور وەر ئەداو دەمان خستە گەروی ولاخەکەوە و زالوەکەمان دەهێنایە دەرەوە .

کارێزی دووەم هی ماڵ خورشید بەگ بوو , ئەم خێزانە لە شاری کەرکوك دائەنیشتن و خۆیان بە تورکمان دەزانی ، ئاوی کارێزەکەیان بە شەریکی لەگەڵ ماڵ کویخا خورشید دەهینایە بەرهەم . هەرچەندە قادر بەگی برای خورشید بەگ و دوای خۆشی جەلالی کوڕی کە لە دێی قادر زەمەی شوان دائەنیشتن خۆیان بە کورد ئەزانی , بەڕاستیش مرۆڤی باش و خزمەتگوزار بوون .

ساڵی وا هەبوو ئاوی کارێزەکان ئەوەندە زۆر دەبوون , پاشماوەی ئاوەکانیان , کەواتە ئەو ئاوەی لە ئاودانی ڕەزو کشتوکاڵەکان زیاد دەبوو , باوکم بە هەردوو دیی بیرەسپانی خوارو و ژوورو دەفرۆشت , یان باوکم هەر بۆ ئەوەی ئاوەکە بگەیینێ بە بیرەسپان خوارو بە خۆرایی دەیدایە هەردوو دێی  بیرەسپان . ئەو سالانەی بە هاوین ئاوی کارێزەکەمان بگەیشتایە بیرەسپان خەڵکی دێیەکە مەڕو مالات و ئاژەڵەکانیان لە جۆگە ئاوەکە ئاو دەداو قوڕکاریانیش پێ دەکرد . کەواتە خشتیان لەبەر دەبڕی وخانوەکانیان پێ سەر سواق ئەدا . دوو گۆلی گەورەشیان لە بەردەم ئاوەکە هەڵقەندبو لە دێی بیرەسپانی خوارو بۆ پاراستنی ئاوە زیادەکەی لە کۆتایی وەرزی بەهارو لە کاتی وەرزی درەوی گەنم کە لە مانگی حوزەیران دەستی پێ دەکرد , بە درێژایی جۆگە ئاوەکەی نێوان کارێزو بیرەسپان دوای نیوەڕوان , بەدەم جۆگەلەکە بە پیادە  ئەرویشتین بەچکە (قەتێ) مان دەگرت , بەچکە قەتێکان ئەوەندە ئاویان دەخواردەوە , ئیتر توانای فڕیینیان نەماو بە ئاسانی دەیانمانگرت . یان لەناو تەبارە گەنمەکان داوە قەتێمان دەنایەوەو قەتێ گەورەکانمانیش بەو جۆرە ڕاو دەکرد .

داوە قەتێ :  چوار چکوڵی گونجاومان بە چوار دەوری هێلانە قەتێکە دا ئەکوتیو داوە دەزومان ڕایەل دەکرد بە دەوریا و سەرێکی دەزوەکەمان بە شتیکەوە دەبەست . کە قەتێکە دەهات لەسەر هێلکەکانی بخەوێ . کە ئەچوین بۆی ئەفڕی و پێوە ئەبو .
ئاوی هەردوو بیرەکانی کارێز دوای ئەوەی لە لایەن چەکدارەکانی ( موجاهدین خەلق) ویرانکران و دوای ئەوەی لە ساڵی 1987 وە دێی کارێزیان لەگەڵ 4500 دێی تری کوردستان ڕووخێندران و خەڵکی کارێزیش بۆ موجەممەعی دارەتو گواسترانەوە , ئاوەکەی کارێز وشکیکرد و تا ساڵی 2005  بە وشکی مایەوە, بەڵام حکومەتی بەغدا لە دێی کارێز چەند بیرێکی ئیرتوازی بۆ عەرەبە هاوردەکان لێدا و زەوی و زاری کارێزیان بەسەریاندا دابەشکرد , ئێستا ئەو بیرانە دانیشتوانی کارێز ئەوانەی گەڕاونەتەوە کشتوکاڵی لەبەر ئەکەن . بیرەکەی قەت شیخ ڕەش و ناو دێیەکە بەبێ ماتۆڕ ئاوەکەیان سەرئەکەوێ.
لە یادمە لە ساڵانی 1945 و ساڵانی دوای ئەم ساڵەش هێشتان منداڵ بووم – دە ساڵان بووم – هاوینان دەگەڕامەوە بۆ بیرەسپان لە کاتی پشودانی هاوینان , سێ مانگ یان زیاتریش لە دەشت دەمامەوە , ئەو یادگارییانەی ڕۆژگاری ژیانی دەشتم هەمیشە لەبیر ناچێتەوە , ڕۆژانی جەژنەکانی رەمەزان و قوربان , لەیەکەم ڕۆژی جەژن , هەریەکێ لەم جەژنانە – جەژنی دەشت تەنها یەك ڕۆژبوو – گەورەو بچوك دەچوینە تەکیە (لە بیرەسپان تەکیە هۆڵێکی لاکێشی درێژ بو , مزگەوتێکی بەتەکەوە بوو , ئەم تەکیەیە ومزگەوتەکەی وەقفی باو باپیرمان بوو . چەند دوکان و خانوێیك و پارچە زەوی لە شاری کەرکوك لە شەقامی احمد ئاغا وقفی ئەم تەکیەیە بوو بۆ نان دانی ئەو کەسانەی ڕووی تێ دەکەن , بە پێی بەڵگەنامەی تۆمار کراو لە سجلاتی ئەوقافی کەرکوك ل 31 لە 13 ی کانونی یەکەمی ساڵی 1919 رێکەوتی 17 ی شوال 1326 ھ . ئەم تەکیەیە لە ساڵی 1987 لەگەڵ دێی بیرەسپان تەخت کرا . تا ساڵی 1993 ش( شێخ ناصح شێخ ئەنوەر کلیل داری بوو کە لە مانگی 10 ی 1993 کۆچی دوایی کرد) دوای شێخ ناصح صدیق کوڕی بووە کلیلداری تەکیەکە . بەڵام بێ تەکیە. لەبەر ئەوەی تا نوسینەوەی ئەم یادداشتە لە ساڵی 2005 بیرەسپان ئاوەدان نەکرابوەوە. هەموو خەڵکی بیرەسپان  لەوێ کۆ دەبوینەوە , بەیانی زوو

دوای نوێژی جەژن , هەمو ماڵێ بە پێی وەزعی خۆی , بەسینی نانیان دەنارده تەکیە (برنج و شلە) زۆربەی چێشتی ماڵەکان لە ڕۆژی جەژن دا پلاوبرنج و شلەی قەیسی و مەرەگەی گۆشت و ئەگەر مەوسمی بامیەش بوایا ئەوە شلەی بامیە یان قەرەخەرمان و پلاو ساوەریشی لەگەڵ دابو , یان شلەی باینجان و کودی .. بەهەرحاڵ زۆربەی زۆری خێزانەکانی دەشت ئەم جەژن بەو جەژن چێشتی پلاو برنجیان دەکرد ... هەموو پێکەوە بەڕیز دائەنیشتن لەسەر سەکۆی تەکیەکە , ئەگەر هاوین بوایا , یان لە ژوورەوە ئەگەر زستان بوایا .

پێکە نانی جەژنمان دەخوارد , تەنها ژنان و کچانمان لەگەڵ نەبوون ... دەوڵەمەندو فەقیر خاوەند موڵك و جوتیارو سەپان و شوان و گاوان , هیچ جیاوازێیك نەبوو لە نێوانیان دا , هەمو وا هەستمان دەکرد کە لەیەك خێزانین کە بەڕاستیش وابوو , دێی بیرەسپان لە ژێر سێبەری باڵەکانیدا هەموو خێزانەکانی دێیەکەی  کۆکردبوەوە , جگە لە مەسەلەی خزمایەتی کە هەموو خزم و تێکەڵاو بوین و ساڵەهای ساڵ بە خۆشی و ناخۆشی لە هات و نەهات دا پێکەوە دەژییان .ئەم پێکەوە ژیان و خزمایەتییە ئەتوانم بڵێم دوای شەڕی دووبەرەکی نێوان جەلالی و مەلایی – کەوا ناوبرابوون – هەندێ ساردی و ناخۆشی کەوتنە نێوان ئەو خێزانانەی سەر بە شێخەکانی بیرەسپان بوون لەگەڵ ئەو خێزانانەی شێخ نەبوون بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناخۆشییەکان نەگەیشتنە پلەی دوژمنایەتی و زۆریش زوو ڕەوانەوە.

یەکەم ڕۆژی جەژن هەموو لەگەڵ یەکتردا جەژنە پیرۆزەمان دەکرد یەکترمان ماچ دەکرد , گچکە دەستی گەورەی ماچ دەکرد گەورەش سەر گچکەی ماچ دەکرد و ئەوانەی تەمەنیانیش لە یەکتر نزیك بوو دەستی یەکتریان بە جووتە ماچ دەکرد . خۆ ئەگەر یەك دوو کەسیش هەبوایان پێش جەژن لە یەکتری عاجز بوبێتن ئەوە لەگەڵ یەکتری ئاشت دەبوونەوە لە ڕۆژی جەژن دا کینەو بوغزو عاجزی ناما لە نێوان دانیشتوانی دێیەکە .

دوای نان خواردن لە تەکیە و تەواو بوونی داب و نەریتی جەژن لە تەکیە , جەولەی دووەم دەستی پێ دەکرد , ئەویش هەر چەند کەسێك پێکەوە دەچوینە سەردانی ماڵەکانی خزم و

کەس و کارو دانیشتوانی دێیەکە , خۆ دەبوایا لە هەر ماڵێ لەو ماڵانەی سەرمان لێ دەدا , بەلای کەمەوە یەك دوو پارو چێشتمان بخواردایە , دوای سەردانی ماڵەکان , ئینجا پیاوان و ژنان دەچونە سەردانی خزم و کەس کاریان لە دێهاتەکانی نزیك و دەوروبەری بیرەسپان , وەك دێی بیرەسپانی ژوورو کە چارەگە سەعاتێك لە بیرەسپانەوە دووربو یان دێی کارێز کە یەك سەعاتەرێی پیادە ئەبوو , هەروەها دێی بیرالك و تولکی وقەرەسالم و قادر باغرو زەردك و یارمجە ... هتد

لە عادەتە جوانەکانی ئەو سەردەمە , لە ڕۆژانی جەژن دا گەورەکان بە پێی وەزعی خۆیان جەژنانەیان دەدا بە منداڵانی خزم و دراوسێکانیان . بێگومان ئێمەی منداڵان زۆر دڵخۆش دەبوین بەو جەژنانەیە و نوقڵ و حەلوامان پێ دەکڕی , ئەوەی لە دێیەکەمان دەست بکەوتایە , لەو سەردەمە لە بیرەسپان دوکانێك هەبو , دوکانی مام نوری ناسراو بە نوری دزە دەچوینە لای ئەوو نوقڵ و حەلوامان لێ دەکڕی , یان ئەگەر (دێوەرە) ( دێوەرە: ئەو سەردەمە موصلاویەکان بە باگیر لە دێهاتەکان دەسوڕانەوە حەلواو نوقڵ و وردەواڵەیان دەگۆڕییەوە بە خوری و بەرەگن لە جیاتی پارە , ئەو سەردەمە پارە زۆر کەم بوو) بهاتایە ئەوا بە پارە یان بە خوری وبەرەگن شتمان لێ دەکڕی .

ئەم سەیران و خۆشییەی ڕۆژی جەژن بە ئاوابونی هەتاوی یەکەم ڕۆژی جەژن کۆتایی پێ دەهات , لە دێهاتەکان , جەژنی ڕەمەزان یان قوربان تەنها یەك ڕۆژ بو , بەڵام لە شارەکان دا جەژنی ڕەمەزان سێ ڕۆژ بوو , قوربانیش چوار ڕۆژ . ڕۆژی دووەم هەرکەسە دەگەڕایەوە سەرئیش و کارو کاسبییەکەی, لەو سەردەمە هەموو دێهاتەکانی ناحیەی( ئاڵتون کۆپری) پردێ و شوان , تەنها یەك قوتابخانەیان تیادا نەبو منداڵانی لادێییەکان تیایا بخوێنن , خۆ دەتوانم بڵێم لە گشت دێهاتەکانی کوردستان قوتابخانە نەبوو , تەنها لە مەرکەزی ناحیەو قەزاکان نەبێ , یان لە چەند دێیکی زۆر گەورەی سەر بە هەندێ سەرۆك عەشیرەت و شێخەکان نەبێ , بۆیە لە 99٪ ی دانیشتوانی ئەم دێهاتانە نەخوێندەوار بوون , هەرچەندە لە هەموو دێیەکان مزگەوت و مەلا هەبوون , پێش نوێژییان بە خەڵکەکە دەکردو رێی ئایینی ئیسلامیان فێر دەکردن , خۆ لە دێیە گەورەکان , بیرەسپانیش یەکێ لەو دێیانە بوو

, جگە لە مزگەوتی دێیەکە حوجرەی فەقێیانیشی تیا هەبوو , مەلای دێ منداڵانیان فێری قورئان خوێندن دەکرد , لە دێیەکانی دەورو پشتیانەوە , فەقێی (مستعد) دەهاتنە مزگەوتی بیرەسپان لای مامۆستا (حاجی مەلا نور)یەکێ بوولەگەورەزانا ئایینەکانی ئەو سەردەمە و شاعیرێکی بەتوانا بوو شەریعەت و فقهیان دەخوێند , ئەم جۆرە مزگەوتانە گەلێ فەقێو مەلای باش باشیان پێگەیاند .هەرچەندە لە حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان خوێندنیان هەموو بە زمانی عەرەبی بوو , وەك قورئان و کتێبە کانی فقە و شەریعەت بەڵام مەلاو فەقێکان فێری قسەو نووسینی عارەبی نابوون ..

فەقێ و (مستعد)ەکان ژیانیان لەسەر خەڵکی دێیەکە بوو , شەوان لە حوجرەی مزگەوت دەخەوتن و ئێواران ڕاتبەیان کۆ دەکردەوە , هەموو ئێوارانێك یەکێ لە فەقێکان ماڵ بە ماڵ دەگەڕاو لە دەرگای دەداو دەیووت : (راتبەی فەقێ ڕەحمەتتان لێبێ) ئەمەش واتاکەی دیارە داوای موچەی فەقێ دەکا . ئیتر خاوەند ماڵ نانێ تیری یان مادەی دەبرد بۆی و ئەویش نانەکانی جوان جوان لەسەر ناو لەپی ڕیزیانی دەکرد . ئەو ماڵانەی دەست ڕۆ بوون ئێواران چێشتیان بۆ حوجرەی فەقێکان دەبرد , نەك فەقێ کە خۆی بیبا . ئەم فەقێیانە ئەوە نەبێ فەقیر بن و ئێواران لە ماڵەکان سواڵ بکەن , نەخێر , فەقێی واهەبو باوك و کەس و کاری زۆر دەوڵەمەندو دەست ڕۆبوون , بەڵام لە دێهات دوکان و چێشتخانە و ئوتێل (میوانخانە) نەبوو , شت بفرۆشن بە پارە , بۆیە کرابووە عادەت بە نۆرەنان و خواردنەکانیان لە ماڵەکان کۆبکەنەوە و خەڵکیش هەر بەو چاوە سەیریانیان دەکرد .

هاوینان لە ساڵانی پێش ساڵی 1949 , کەواتە پێش کۆچکردنی دوایی باوکم لە مانگی مایسی ساڵی 1949 , لەگەڵ هادی برام خەریکی کشتوکاڵەکانی کارێز دەبوین لە پشودانی هاوین دا , وەك پاسەمەرەزە (پاسەمەرەزە : کاتی پێ گەیینی برنج بەدەورو بەری مەرەزەکەدا دەسوڕاینەوە بە بەردە قەڵماسنگ لە جوجگو پاساری پاسمان دەکرد) , یان ئاودێریکردنی قویناوی مەرەزەکە لە خوارەوی دێی کارێزەوە – لە سەر ڕێیەکەی نێوان کارێزو بیرەسپانی ژووری – ئەو کشتوکاڵانەش (شامیو ترۆزیو خەیارو تەماتەو بامیەو پەموو گاگۆزو کونجی و ...هتد) کاتی پێگەیشتنی تەماتەو بامیەش , بامیەو تەماتەکەمان

بەبار دەبردە دێی هەردوو بیرەسپان یان بیبانی و قەزنەفەر جار نەجارێکیش دەگەیشتینە شانەشین و زەردك ..هتد تەماتەو بامیەمان بە گەنم و جۆ دەگۆڕییەوە سەر بەسەر بە گەنم و یەکو دوو بە جۆ و شەوانیش دەگەڕاینەوە بۆ کارێز . هەربۆیە هادی برام نەك هەر برا بوو , بەڵکو هاورێیکی خۆشەویستیشم بوو , زۆر وردکاربوو , گۆرەوی و دەستکێش و کەلاشی باشی دەچنی . بە شەوانیش لەسەر خەرمان گۆرانی بۆمان دەووت و دەنگیشی زۆر خۆش بوو, .هادی برام زۆر درەنگ ژنی هێناو دوو کوڕو کچێکی بوو , عزالدین و بەکر و ئافتاو . هادی برام لە ساڵی 1963 کۆچی دواییکرد , زۆر زوو مرد , ئەو کاتە جارێ من لە بەندیخانەی کوت بووم , خوالێخۆشبوو هادی برام تووشی ڕیخۆڵە کوێرە بوبوو , لە نەخۆشخانە لە ترسا ڕایکردبوو, ئەوەبوو ڕیخۆڵەکەی تەقیبوو , بەم جۆرە کۆتایی بە ژیانی هات .

لە ساڵانی پەنجاکان , لە ساڵی 1952 بە هاوینان خەریکی شەغرە کێشان بووم (شەغرە : ئەو گەنم و جۆیەی دەدوورایەوە بە داس , دەکرایە سواڵە و سواڵەکانیش دەکرانە تایە , پاشان دەخرایە بان شەغرە و بەهێستر دەکێشرایەوە بۆ سەر خەرمان) . ئەو سەردەمە لە تەمەنی 17-18 ساڵان بووم و لە هەڕەتی لاوێتی دا بووم , یەکێ لە لاوە چالاکەکانی دێیەکەمان بووم و زۆریش حەزم لە زۆران بازی دەکرد و کەس لە هاورێکانم ئەوانی لەتەمەنی خۆم دا بوون لە هەقم ناهاتن بە زۆران . بەهەرحاڵ بە ئیش و کاری سەر زرعات یان شەغرە کێشان و شەوانیش بە وازی کردنی (کەڵاو فڕکێ) ڕۆژگارمان دەبردە سەر وازی کەڵاو فڕکێ , ئێمەو سەپانە لاوەکانی سەرخەرمانەکانی لای ماڵمان لە دێی بیرەسپان , کە بریتی بوون لە خەرمانەکانی باوکم و ماڵی قادر لەتیف و مەلا سعیدو سید نجم الدین و حەمە تەورەو چەند ماڵێکی تر , لەگەڵ خەرمانەکانی گەرەکی ماڵی شێخ رەووف ئامۆزام و مامەم شێخ نەجیم و خاڵەی باوکم حاجی عبداللە چیچی خاڵە (مامۆ ) وەکیلی بوو ،باوك حاجی ڕەزا بوو، چەند خەرمانێکی تر . ئێواران دوای نان خواردنی ئێوارە دەچوینە سەر خەرمان و لەوێ کۆ دەبوینەوە , چەند کەسێکمان , ئەوانەی باش ڕایان دەکرد , هەڵ دەبژاردو بە دزییەوە دەچوینە سەر خەرمانەکانی تر و لە مەسافەی نێوان هەردوو لادا , کە

نزیکی هەزار مەتر دەبو , وەك  وازی (البريد) ی ئێستا وابوو , تاقمی یەکەم خۆی دەگەیاندە دانیشتوانی سەر خەرمانەکان و لەناکاودا کەڵاوی سەر یەکێکیانی دەفڕاندو دەیووت (قاو) , بەرەو خەرمانەکانی لای خۆمان بە ڕاکردن دەگەڕاینەوە و سەپانەکانی کە کەڵاوەکەیان فڕێندرابو دەکەوتنە دوای لە هەمو لایێکەوە , ئەویش بە کەڵاوەکەوە دەیزانی بە کوێ دا ڕادەکا , تا بگا بە یەکێ لە هاورێکانی و کەڵاوەکەی بداتێ , ئەگەر لەو ماوەیە نەگیرایا , ئەوا هاورێکەی بە ئیسراحەت کەڵاوەکەی بۆ قۆناغی دووەم دەڕفاندو ئەوانەی دەکەوتنە دوای هەموو شەتەك و ماندوو دەبون و زۆرجاری واش هەبو تەرەفی دووەم ئەوانەی کەڵاوەکەیان دەڕفێندرا چەند کەسێکیان بە ڕێگایێکی کورت تر , پێشیان لە کەڵاو بەدەستەکەوە دەگرت و کەڵاوەکەیان وەردەگرتەوە .

هەندێ شەوانیش وازی چاوشارکێمان دەکرد , بەڵام ئەم وازییە زیاتر بۆ منداڵان بوو , نەك بۆ هەرزەکارو لاوان .

هەندێ کەسیش بەتایبەتی ئەوانەی ئیش و کاریان نەبوو لەبەر سێبەری تەکیە وازی دامەیان ئەکرد یان  سێ ڕیزکانی و نۆ ڕیزکان .

بە بەهاریش ڕۆژانی باران جوتیاران نایانتوانی بچنە جووت , وازی شەقانیان دەکرد (شەقان : وازییەکە وەك وازی رۆکی یە ) . هەر وازیکەرێ دارێکی دەگرتە دەستەوە , سەر دارەکە کەمێ چەماوە بوو پێی ئەوترێ (دار شەق) تۆپەکەش پێی ئەوترێ (گۆ) گۆ: دارێکی خڕە و لەدار بەڕوو یان هەردارێکی توندو تۆڵ دروست دەکرا . ئەم وازییە زەلامی بەکارو گورج و توندی ئەویست , , هەموو زەلامێك نەی دەتوانی وازی شەقان بکا . وازییەکە بریتیبو لە دوو تیپ, بەڵام مەرج نەبو هەر لای چەند یاریکەربن , بەڵام دەبوایا ژمارەیان وەك یەك بوایا . گۆڵەکەش پانایی کۆتایی ساحەکەبوو .

بە هاوینان , بەتایبەتی شەوانی مانگە شەو بە زۆری خەرمانەکان گێرە دەکران لەبەر فێنکی , یان بەیانیان پێش ئەوەی دونیا گەرم دا بێ .

گێرەش گڕدانی (جەنجەر) بوو بە چوار دەوری خەرمانەکە هەرجارە قەوارەیێك قرشەیان پان دەکردەوەو جەنجەرەکەیان بەبانیا گڕ دەداو یەکێ لە سەپانەکان یان منداڵێك سوار

جەنجەرەکە دەبوو هێستر یان کەرەکانی لێدەخوڕی وقرشە شکێنیان دەکردو پاشانیش وردە کوت دەکرایەوە , دوای تەواو بوونی وردە کوت , خەرمانەکە دەکرایە تارمەو شەنەبا دەکراو کایەکەیان لە گەنمەکە یان جۆیەکە جیاواز دەکردەوەو بە گەنمەکە یان جۆیەکە دەوترا (جێز) . کایەکەشیان بە ڕەشکە ئەکێشایەوە بۆ ناو لۆدە ( لۆدە کا ) ئەو لۆدەیە لاکێشی بوو , خاوەند کایەکە بە پێی قەوارەی کایەکەی لۆدەکەی بە خشت و قوڕ دروست ئەکرد , کایەکە تا بوەستایا لەناو لۆدەکە کەڵەك ئەکراو پاشان سەرسواق ئەکرا , ئەم کایە بۆ وەرزی زستان هەڵ ئەگیرا و لە زستان لە جیاتی عەلەف ئەدرایە مەڕو مالاتەکانیان , خۆ ئەوەی خاوەند جووت و هێستر بوو یان کەرو گا ئەوا ڕۆژانە ئەبوایا ئالیك بدەن پێیان , -ئالیك بریتی بوو لە کاو جۆ- خۆ ئەگەر خاوەند کایەکە کای لە پێویستی خۆی زیاتر بوایا , ئەوا بە زستان بە خاوەند مەڕەکان یان ئەوانەی پێویستیان بە کا هەبوو ئەیفرۆشت پێیان .

شەوانی مانگە شەو سەر خەرمان بە ڕاستی زۆر خۆش بوو , مرۆڤ هەستی بە ئیسراحەت دەکرد , سەرەڕای هەموو ماندوبونی . سەپانی وامان هەبوو شەوان لەسەر خەرمان بلوولی لێدەدا (شمشاڵ) یان شوانەکان لە پێش مێگەلە مەڕەکانیان سوار کەرە مەڕی دەبوون شمشاڵ خۆیان لێدەداو مەڕەکانیش بەدەم دەنگی شمشاڵەکەوە دەکەوتنە دوای شوانەکەیان چ بەرەو لەوەڕ ڕۆیشتن یان لە گەڕانەوە دا بەرەو ئاوایی بۆ ئاو خواردنەوە . بە شەوانیش ئەو شوانەی بلوول ژەن بوایا , کە زۆربەیان بلوول ژەن بوون وهەندێکیانیش (دوو زەلە) بە شەوان بە ئاوازی خۆش و ناسکی بلوولەکانیان ناخی مرۆڤیان دەهەژاندو دەکەوتنە بەزم و رەزم .لە دێیەکەی ئێمە لە بیرەسپان لەبەر ئەوەی ئاوی کانی یان کارێزی تیا نەبوو , هەرماڵە یان چەند ماڵێك بیرێکی ئاوی هەبوو , بیرەکانی بیرەسپان 30-40 مەتر قووڵ بوون , بۆیە ئەبوایا بە دەولك و هێستر یان کەر ئاویان لە بیرەکانەوە ڕابکێشایە , منداڵێك سوار کەرەکە یان هێسترەکە ئەبوو , شریتێك بە دەولکێکەوە بەسترابوو , ئەم شریتە لە دەور گرگرەیێك لوول درابوو , ئافرەتێك یان پیاوێك , دەولکەکەی شۆڕئەکردەوە بۆ ناو بیرەکە و کە دەولکەکە ئەگەیشتە ئاوەکە , منداڵەکە کەرەکەی لێ ئەخوڕی تا دەولکەکە ئەگەیشتە بان و ئەو کاتە ژنەکە ئەیوت " یا الله " ئەم یا الله یە کورت ئەکرایەوە بە "

یاللا" منداڵەكە بەرەو دوا ئەگەڕایەوە , هەر لەتەك بیرەكەش عەمبارێك بە چەمەنتۆ دروستكرابوو , ئاوەكەیان ئەخستە ناو ئەو عەمبارەوە , لە عەمبارەكەشەوە بە چەمەنتۆ كۆلێكیان دروستكردبوو , كاتی ئاودانی مەڕوماڵاتەكانیان ئاوی عەمبارەكەیان بۆ ناو كۆلەكە بەر ئەدایەوە و مەڕو مالاتەكانیان ئاو ئەدا . بەڕاستی كاتی نیوەڕوانان كە مێگەلە مەڕەكان بەرەو ماڵەوە ئەهاتنەوە , جوانترین دیمەنیان درووست ئەكرد , شوانەكە مەڕەكانی بڕبڕ ئەكرد و ئەو بڕە مەڕانە لە توێنیا تەوژمیان ئەدا بە خۆیان و بەرەو كۆلەكە ڕایان ئەكرد و بە ڕیزە لە دەور كۆلەكە ئاویان ئەخواردەوە , كە تێر ئاو ئەبوون , ئەو بڕەیان لائەدا و بەهەمان دەستوور شوانەكە بڕێ مەڕو بزنی تری ئەنارده سەر كۆلەكە. بەم جۆرە مەڕو بزنەكانیان ئاوئەدا . لە ڕاستیدا دیمەنەكە ئەوەندە جوان و شیرین بوو ناتوانم وا بە ئاسانی وەسفی بكەم یان بە نووسینەكەم وێنەكانی بكێشم .

لەو دێ یانەی كانی و كارێزیان هەبوو یان لە دەم زێ بوون چاوت بەم دیمەنانە ناكەوت , لە دێی كارێز , مێگەلە مەڕەكان بە ئیسراحەت و لەسەر خۆ لە جۆگە ئاوەكان ئاویان ئەخواردەوە. شوانی هەر مێگەلە مەڕێك , لەناو مەڕەكانی مەڕێكی بۆ خۆی دەست نیشان ئەكرد , نیوەڕوانان پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەر ئاو و دێیەكەی ٬ ئەو مەڕەی بۆ خۆی لەو دەشتە ئەدۆشی و شیرەكەی بە هەندێ نانە ڕەقەوە ئەخوارد , هەموو شوانێك بۆ ئەم مەبەستە تەفیلەیێكی " جام" بچووكی لەگەڵ خۆیا هەڵ ئەگرت , هەر شوانێك كەرێكی هەبوو , پێیان ئەوت كەرە مەڕی , كەرەكەش ئەبوایا ماكەر بوایا لەبەر ئەوەی نێرەكەر ناڕەحەتەو خۆی پێ ڕاگیر ناكرێ لەناو مێگەلە مەڕەكان.

لەو سەردەمە لە بیرەسپان بەڵكو لە ناوچەكە باشترین بلوول ژەن (محمد امین بەلۆ)بوو , لەبەر بلوول ژەنی ناوی نرابو (حەدەمین بەلۆ) هەروەها حمە صالح ی شوانمان ناسراو بە (سالە كوێر) و عمر صدیق . بە تایبەتی لە بیرمە شەوان عمر صدیق هێشتان ژنی نەهێنابوو جۆرە نەغمەیێكی بە بلوولەكەی لێدەدا , وەك ئەوەی شیعر بۆ دڵدارەكەی بخوێنێتەوە , پاشانیش خوا دڵدارەكەی كردە قسمەتی و خواستی  ناوی ئایشە بوو لە

عەشیرەتی دزەیی بوو .(ئایشە) صدیق برای ڕەنجبەری ئێمەبو لە بیرەسپان و هەر لە ماڵ ئێمە ژوورێك و هەیوانێکیان دابووپێ یان .

دوای تەواوبونی پشوی هاوینان دەگەڕامەوە بۆ کەرکوك , ماڵمان لە گەڕەکی زێویە بوو, ئەوەندە لە گەڕەکی زێویە نەماینەوە و گواستمانەوە بۆ گەڕەکی ئیمام قاسم , لەو سەردەمە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم , دوای نیوەڕوان و بەیانیانی ڕۆژی هەینی دەچووینە (خدر زندە) بۆ مەلەوان , خدر زندە شوێنێ بوو لەسەر خڕخاسە سەعاتە رێیك بە پیادە لە ئیمام قاسمەوە دووربو , لەوێ ئاوێ قوول هەبو لەگەڵ هاورێکانمان پێکەوە مەلەوانمان دەکرد, من و فازل محمد نانەوا , کە باوکی میمك زای باوکم بو , لەگەڵ فوزی عبدالله , باوکی ئەفسەرێکی سوپا بو , خۆیان عەرەب وخەڵکی موصل بوون , بەلآم ماوەیەکی زۆربوو لە گەڕەکی ئیمام قاسم دانیشتبون هاوسێ ی ماڵ محمدموختار بوون و بە کوردی قسەیان دەکردو کەس نەی ئەزانی عەرەبن , بەم دوایەیە تا ساڵی 1990 ئاگادارم ئەفسەرێکی گەورە بوو بە ڕوتبەی لیوا و لە ساڵی 1991 خانەنشین کراو ماڵیان لە بەغدابوو .فەوزی یەکێ بوو لە هاوڕێکانی قوتابخانەم لە قۆناغی ناوەندی.

لەگەڵ نازم شیخ سعید کە یەکێبو لە ئامۆزاکانمان وخەڵکی بیرەسپان بوون , بەلآم ئەوان پێش ئێمە هاتبوونە کەرکوك و باوکی دوکانی عەتاری هەبوو لە بازاڕی گەورە , لەگەڵ عەوول محمد و حەمە گاڕوت وکامل سعید قایەچی , کەواتە (مەمەد دارتاش) ساڵانی 1970 وتا ئیستاش هەر دارتاشە لە کەرکوك ., لەگەڵ عوسمان حەمە موختار , زیاتر ناسراو بوو بە عوسمانی فەیم پاڵەوان ...هتد .

لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم لە ساڵی 1949 لە مانگی مایس باوکم کۆچی دوایی کرد , تووشی نەخۆشی پرۆستات بوو , گومانی (شیر پەنجەش)ی لێدەکرا , بەلآم ئەو سەردەمە نوشدارێتی وەك ئێستا پێش نەکەوتبو , لە نەخۆشخانەی (K1) شەریکەی نەوت دوکتۆرێکی ئینگلیز عەمەلیاتی کرد , بەلآم عەمەلیاتەکەی ناجح نەبوو , لە تەمەنی شەست و سێ ساڵان کۆچی دوایی کرد . باوکم هەروەك باسم کرد چوار ژنی هەبوو, تا

کۆچی دواییشیکرد هەر چواریان مابوون . هەروەها ئێمە یانزە براو سێ خوشك لە ژیانی باوکمان دا مابوین .
باوکمان کۆچی دواییکرد , ئێمە یانزە برا ,( تەها و تەیب وجلیل وهادی بەتەمەن لە من و براکانی ترمان گەورەتر بوون , بۆیە بەڕێوەبردنی هەر چوار خێزانەکە لە سەرەتاوە کەوتە دەست شیخ تەها بە حوکمی ئەوەی برای گەورەمان بوو , هەروەها خاوەند ماڵ و منداڵ بوو , لە دێی کارێز دائەنیشت  باوکمیش ئەوەی لە دوای خۆی بۆمانی بەجێهێشت زەوی ومەڕومالاَت بوو , هەموشی لە دەشت بوون ویەك خانوشی هەبوو لە کەرکوك لە گەڕەکی ئیمام قاسم,خانووێیکی زۆر بچووك پانتایی لە سەد مەتر کەمتر بوو ,  ئێمە و دایکم هەمینە لەو خانوە ئەژیاین  , لە ساڵی یەکەم بۆمان دەرکەوت شیخ تەها ئەمین نییە , هەر وەك لە ژیانی باوکمیش دا ئەمین نەبوو , ناچار جلیل برام و حسن و حسین یش ماڵەکەیان لەگەڵ دا بەش کردو هەر بەرە دایکێك بەشی خۆیان وەرگرت و بەشە زەوی خۆیان دەهێنایە بەرهەم , ئێمە کە لە هەمین بوین ودایکمان زەوی خۆی هەبوو لە شیخ غفورەوە بۆی مابوەوە لەگەڵ هەندێ مەڕو بزن , وەزعمان خراپ نەبوو ,دوای مردنی باوکمان جلیل برامان لە پۆلی پێنجی ئامادەیی ناجح نەبوو , ئەوەبو گەڕایەوە بۆ بیرەسپان و ژنی هینا, سانیەی کچی شیخ نجیم مامەمان و سەرپەرشتی فەلاحەت و مەڕو مالاَتەکەمانی دەکرد و سەرپەرشتی ئێمەشی دەکرد تا قوتابخانەمان تەواو کرد , لەو بەینە  بەشێك لە زەویەکانی دایکمی فرۆشت بە ماڵ حەمە شریف نادر گۆڵدەرە .
لە ساڵی 1950-1949 لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم , لە گەڕەکی ئیمام قاسمەوە بەیانیان بە پێ دەچوینە قوتابخانەکەمان لە گەڕەکی جوولەکەکان وەك باسمان کرد .
لە پۆلی دووەم و سێیەمی ناوەندی من و فتح الله عزت ئاغا و صبحی شریف و حسن محمد علی  ڕۆژانە پێکەوە دەچوینە قوتابخانە . صبحی شریف بەم دواییە بوو بە نائب زابت و فتح الله عزت کۆلیجی یاسای تەواو کردو لە سالاَنی شەستەکان نازم گزار گرتی و لەناوی دا .
فتح الله کادرێکی پێشکەوتووی حزبی شیوعی عیراق بوو , هەر لەسەر ئەوە نازم گزار لە ناوی دا. فتح الله برا گەورەکەی ناوی محمد عزەت بو کۆلیجی ئەندازیارێتی لە یەکێتی

سۆڤێت تەواكردبو, كە لە سۆڤێیت گەڕایەوە , دوای 14 تەمموزی 1958 وازی لە حیزبی شیوعی هینا و لە تەسرڕوفاتی حزبەكەی ڕازی نەبوو , تا بڵێی مرۆڤێكی هێمن و باش بوو .

حسن محمد علی خەڵكی چەمچەماڵ بوو , دایكی بە بێوەژنی گەورەی كردبوو , لە ساڵی 1959 ڕایكردو چووە توركیا , لەوێ كۆلیجی پزیشكی تەواو كرد و لە ساڵانی 1970 تا 1980 ئاگادارم لە شاری برلین ی ڕۆژئاوا جەراحی دڵ بوو , یەك دوو جار لەوێ سەرم لێداوەو كچی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەرلینی خواستبو , بەڵام لە یەكتری جیا بوبونەوە , دوو منداڵی لێ هەبوو , هەردوو منداڵەكانی لای خۆی بوون .حسن محمد علی لە بەرلین چەند شەوێ لە ساڵانی حەفتاكان لە ماڵیان بووم , ئەو كاتە لە ژنەكەی جیابوبوەوە , ئەوەندە ساڵە لە بەرلین بوو, ژیانی كوردەواری خۆی تێك نەدابوو, بیرو باوەڕی كوردایەتی زۆر بەهێز بوو .

لە پۆلی دووی ناوەندی بووم ڕۆژێكیان قوتابییێكی جوولەكە وابزانم ناوی ناجی بوو , زیرەكترین قوتابی بوو بەتایبەتی لە بیركاری لە پۆلەكەمان , منداڵێكی ئێسك سووك و وردبو , یەكێ لە مامۆستاكانمان كە ئەویش مسیحی بو وانەی بیركاری دەدا پێمان, ڕۆژێكیان هاتە ژوورەوە دوای دەست پێكردنی وانەكەی , پشت ملی ناجی گرت و شەقێكی لێداو پێی وت بڕۆ بۆ دەرەوە , ئێوەی جوولەكە جێگاتان لێرە نەما .. بەڵێ ئەم دیمەنە پڕ لە زوڵم و زۆرەم هەمیشە لە بیرناچێتەوە و دەرسێكی زۆر پڕ لە واتاش بوو بۆ هەمو ئەو نەتەوە بچووكانەی كە لەیەك وڵات دا لەگەڵ نەتەوەێیكی گەورەتر دەژێن , شەریكایەتیان لە وڵاتەكە هەمیشە بمانەوێ یان نا , وەك شەریكایەتی گورگ و مەڕە .

ئەو قۆناغە لە ژیانم دا , قۆناغی قوتابخانەی ناوەندی بوو , خوێندمان لە قوتابخانەی ناوەندی الشرقیە بوو, بوونمان لە گەڕەكی جوولەكەكان پێش ئەوەی لە عێراق دەربكرێن , شوێنەواری ئەو ڕۆژگارانە و كارتێكردنیان لێم وەك مرۆڤێكی كورد , دەورێكی زۆر گرنگی نواند لە دروستكردنی (كەسایەتیم) , كەسێتێیك دژی زوڵم و زۆرو ڕاوەستان لەگەڵ حەق , ڕێزگرتن لە هەموو نەتەوەێیك , بەتایبەتی نەتەوە چەوساوەكان و زوڵم لێكراوەكان , كە یەكێ لەو نەتەوانە كوردو جوولەكەن .

له پۆلی دووەم بووم , مامۆستا عابد توفیق وانەی زمانی عەرەبی دەدا پێمان وەك باسمكرد , مامۆستایێكی بەدین و خاوەند ڕەوشت و داب و نەریتێكی ئایینی بەرز بوو , هەمیشە هەولی دەدا لەگەڵمانا نوێژ بكەین و ڕۆژی بگرین و ئایەتی قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەر لەبەر بكەین , ئەمە لە سالی 1950 بۆ 1951 بو . بەم دواییەش مامۆستا عابد دوكتۆرای وەرگرت لە كۆلیجی ئاداب لە زانستگای بەغدا دەرسی ئەوتەوە و بە ڕێكەوت لە موناقەشەی نامەی دوكتۆراكەم ئامادە بوو . بەهەرحاڵ من یەكێ لەو قوتابییانە بووم كە كاری تێم كردبو , دەستم كرد بە نوێژ كردن و ڕۆژو گرتن و پاشانیش ببمە ئەندامی الاخوان المسلمین , مامۆستا عابد باوەڕی بە مەزهەبی وەهابی هەبو , زۆریش موعجەب بو بە محمد عبدە و محمد عبد الوهاب و جمال الدین ئەفغانی و یەكێ بوو لە ئەندامە پێشكەوتووەكانی كۆمەڵەی الاخوان . لەو سەردەمە (من و حسن حاجی وەهاب و عبد الله عومەر) پێكەوە ببوینە ئیخوان و غالب خورشیدیش پێش ئێمە لەگەڵ ئەحمد هەریسەچی ئیخوان بوون .

له پۆلی چواری ئامادەیی ئێمە 21 قوتابی لە پۆلی چواری ئەدەبییەوە چوینە پۆلی تجاری لە ساڵی 1952 / 1953 و ئێمە وەجبەی یەكەم بوین و ئەو ساڵە بۆ یەكەم جار لقی تجاری لە قوتابخانەی ئامادەیی كەركوك كرایەوەو شاكر علی تكریتی بەڕێوەبەری مەعاریف بو , كوڕەكەی قتیبە لەگەڵ خۆی هێنا و وتی كوڕەكەم دەخەمە فەرعی تجاری وئەم فەرعە دوا ڕۆژی زۆر باشترە لە ئەدەبی , من و حسن حاجی وەهاب و عبدالله عمر و فوزی عبدالله چوینە ئەم فەرعەوە و یەكەم مامۆستامان (موسی نوح) بو , وانەی بیركاری تجاری دەدا پێمان . مامۆستا محمد ئیقبال ی پاكستانی وانەی ئینگلیزی دەدا پێمان و دوای ئەویش مستر جۆن مەكاین ئەمریكی كە لەسەر حیسابی (النقطة الرابعة) هاتبووە كەركوك وانەی ئینگلیزی دەدا پێمان , بەم دواییەش مستر جۆن لە جنیف لە ساڵی 1983دا لە كۆنگرەی پەرلەمانی دەولی چاوم پێكەوت , جۆن مەكاین ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ی ئەمریكی بو .

له قۆناغی ئامادەیی چالاکی باشمان هەبو له بلاوکردنەوەیبیرو باوەڕی الاخوان له شاری کەرکوك , تا ڕادەیێك توانیمان له ڕیزی خێزانه کانی کوردو تورکمان ژمارەیێکی باش ئەندامیان تیا پەیدا بکەین . سەرۆکی کۆمەڵەکەمان مامۆستا نور الدين رەزای واعز بو , کوڕی مامۆستا مەلا رەزا . نورالدين کورد بوو بەڵام خێزانەکەی تورکمان بوو.

له ئەندامه ناسراوەکانی (سليمان محمد امين القابلى و سيد احمد سيد محى الدين و ئايدن عبدالرحمن الهرمزى و محمد محمد الشيخ مامۆستای زمانی عەرەبی و میسری بو , له عیراق پەناهەندە بو , له دەست ڕژێمی جمال عبد الناصر ڕای کردبووە عیراق و له قاهیرە لێپرسراوی خەتی قوتابیان بووە . ئێمەش (من – عبد الستار تاهیر شریف و محسن عبدالحميد و نشات غفور ئاغا و احمد برزنجى وعبدالله بەرزنجی و غالب خورشيد و احمد هەریسەچی و حەسەن حاجی وەهاب و عبدالله عمر, خەتی دووەمی کۆمەڵەکە بوین . له سالی 1954 به رەسمی ڕێگە دراپێمان چالاکی بنوێنین وەك باسم کرد .

محمد محمود الصواف موراقبی گشتی کۆمەڵەکە بوو له عیراق و جار نەجارێك دەهاتە کەرکوك , دوای چواردەی تەمموزی ساڵی 1958 دەرچووە دەرەوەی عیراق و له حجاز (السعوديه) نیشتەجێ بو , له ساڵی 1976 کاتێ وەزیری نەقل بووم و سەردانی سعودیەم کرد لەوێ چاوم پێ کەوت . له ساڵی 1997 له سەفەرێکیدا له فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ به سەکتەی دڵ کۆچی دوایی ئەکا. سەرۆکی کۆمەڵەی( الاخوان) نیش (شیخ امجد زەهاوی) بوو .

له سالی 1935 وە کە ساڵی له دایك بوونمە تا سالی 1955 کە دەکاتە بیست ساڵ , جۆری ژیانم و چالاکی سیاسیم بەم جۆرە بوو کە زۆر بە کورتی نووسیومەتەوە .. کەواتە تا تەمەنی بیست ساڵ هەستی نەتەوایەتیم نەبوو بە تێگەیشتنی نەتەوایەتی سیاسی , لەبەر ئەوەی هەستی ئاینیم بەتینتر بوو , دینداری زاڵ بوو بەسەر ئیتیجاهاتەکانی ترم دا , هەموو موسڵمانێکم بە برای خۆم دەزانی , هەرچەندە بەم دواییە بۆم دەرکەوت کە هەموو موسڵمانێکیش منی کوردی بە برای خۆی نەدەزانی , خوێندنەوەم هەموو بریتی بوو له قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرو کتێبە ئاینییەکان و تەفسیرو شەریعەت و سیرە ,

گۆڤارەکانی المسلمون کە لە میسر دەردەچون و سعید رەمەزان سەرۆك نووسەری بوو , سعید رەمەزانیش کورد بوو . ژمارە بە ژمارە دەمخوێندەوە , هەروەها گۆڤاری الاخوە الاسلامیە کە لە بەغدا دەردەچو لە سالی 1952 و خاوەندی ئیمتیازو سەرۆکی نووسەری محمد محمود الصواف بوو . لەو ماوەیەی ئیخوان بووم 15 جزئی قورئانم ئەزبەرکرد لەگەڵ هۆی دابەزینی ئایەتەکان.

پێش ئەوەی ژن بێنم , جارێ قوتابی بووم لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی دڵم بە کچە دراوسێکەمانەوە بو , ناوی سەدری بوو, لە ساڵی 1955 خواستمو بووە شەریکی ژیانم ودوا ڕۆژیش بووە دایکی سەردار ..

لەو سەردەمە ئیخوان بووم وەك لەمەو پێش باسمکرد , هەوڵم ئەدا ئەویش وەك من نوێژ بکاو ڕۆژی بگرێ . دینداریيەکەمیش ڕێی ئەوەی لێم نەدەگرت دڵدارێیکی پاك و خاوێن ئەنجام بدەم .

لە ساڵی 1955 دوای تەواو کردنی قۆناغی ئامادەیی و دەورەی مامۆستایان بە ساڵێك دایکی سەردارم خواست و لە 1955/10/1 بۆ یەکەم جار بە مامۆستا دامەزرام لە قوتابخانەی رێدار لە مەرکەزی ناحیەی شوان . ڕێدار کە 25 کم لە شاری کەرکوکەوە دوورە و کەوتۆتە باکوری شاری کەرکوك ولەسەر ڕێی تەق-تەق – کویسنجقە.

کە چوومە ڕێدار مامۆستا (جلال عبدالرحمن بەگ) مام رەشی بەڕیوەبەری قوتابخانەکە بو , جەلال ئەندامێکی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو , بەڵام من پێم نازانی و ئەویش چالاکێیکی نەبوو لە بواری پارتایەتی دا , زۆریش دوور نەبوو, لە ناحیە پولیس و ئیدارە گومانی ئەوەی لێ بکەن کە کۆمونیستە . بەم دواییە , دوای سالی 1958 کە بوومە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق مامۆستا جەلال ئەندامی لێژنەی ناوچەی کەرکوك بوو , پاشانیش بووە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی تا سالی 1964, یەکێ بوو لە ئەندامانی کۆنفرانسی ماوەت و لە سالی 1989 کۆچی دوای کرد بە نەخۆشی دڵ .

بەڵێ بوومە مامۆستا و ئەمری ئیدارییەکەم لە ژێر ژمارە 7043 لە 1955/9/28 لە بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی کەرکوك دەرچوو لە 1955/10/1 موباشەرەم کرد .

موچەکەم 12 دیناری ئەسلی بوو لەگەڵ 10 دینار مخصصات (غلاء المعیشه) و یەك دیناریش لەبەر ئەوەی ژنم هەبوو, گشتی موچەکەم گەیشتە 23 دینار . لە 1956/6/23 مووچەکەمان تەعدیل کراو کرایە 17 دیناری ئەصلی و گشتی مووچەکەم بووە 30 دینار , ئەم سی دینارە بە پێی وەزعی ژیان لەو سەردەمە خراپ نەبوو , خۆم و خێزانەکەم پێی بەڕێوەدەبردو یارمەتی دایکیشم دەدا .

لە 1956/9/30 گواسترامەوە بۆ دێی پاپیلان بە پێی ئەمری ئیداری 8307 لە 1956/6/30 . قوتابخانەی پاپیلان قوتابخانەی سەرەتایی بوو , بۆ یەکەم جار لە دێی پاپیلان کرایەوەو منیان بۆ نارد . نەقڵەکەم بۆ پاپیلان لەسەر ڕاپۆرتی احمد دوغرەمەچی بوو لەسەرم , مفتشی معارف بوو , کاتی سەردانی بۆ قوتابخانەی ڕێدار لەگەڵما تێك چوو , احمد دوغرەمەچی بیرو باوەری تۆرانچێتی هەبوو خۆشیی بە ئێسکما نەدەهات .

پاشان بە دوورو درێژی دێمە سەرباسی سالانی 1956 بەبانەوە ولەبەشی دووەمی ئەم نووسینەم دا , بەڵام لەم بەشەدا تەنها هەر باسی مامۆستاییەکەم دەکەم کە وەزعم لە ڕێدار چۆن بوو .

ڕۆژی 1955/10/1 چوومە ڕێدار , مەرکەزی ناحیەی شوان و بۆ یەکەم جار بوو چاوم بە ڕێدار کەوت , لەو سەردەمە ڕێدار دێیکی گەورە بوو نەك شار , هەموو دانیشتوانی لە نێوان 80-100 ماڵ دەبوون . هاشم ناجی هورمزی مودیری ناحیە بوو , عەزیز زین العابدین مفەوەزی پولیس بو , دوای ئەو مەلا مجید گلی باوك لەتیف و نیزام الدین کە لە ساڵی 1990 بەدواوە نیزام بووە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و لە ساڵی 2004 دا بە ڕووداوی سەیارە لە ڕێگای سلەیمانی –کەرکوك کۆچی دواییکرد , نزام الدین کادرێکی هەڵکەوتوی پارتی بوو , کوردێکی کەرکوکی دڵسۆز بوو بۆ شارەکەی شاری کەرکوك , مردنەکەی لەناکاو زەرەرێکی گەورەبوو لە شاری کەرکوك کەوت. نیزام لە ساڵی 1955 لە قوتابخانەی شوان یەکی بوو لە قوتابییە چالاکەکانی شوان.

هاشم هورمزی دوای شۆرشی 14 تەمموز بووە قائممقام و لە ڕێدار نەما و دوای خانەنشین کردنی تا سالی 1992 ژیاو و لەم ساڵەدا کۆچی دوایکرد . هاشم کۆلیجی حقوقی تەواو

کردبو , بەڵام زۆر کۆڵەوارو نەخوێندەواربو بە گوێرەی ئەوەی لەو سەردەمە حقوقی تەواو کردبو , بەڵام تا بڵێی پیاوی باش بوو, زۆر دۆستی کورد بوو .

صمد ئەفەندی کاتبی ناحیە بوو , مامۆستا جەلال عبدالرحمن بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕیدار بوو وەك باسمکرد, مامۆستا احمد عزیز لەگەڵ من دا مامۆستا بو . ژمارەی قوتابیانمان 45 قوتابی بوون لەم 45 قوتابییە 3 قوتابییان کچ بوون .

حەفتەی یەکەم لە ڕێدار مامەوەو مودیری ناحیە دەعوەتی کردم و بۆ حەفتەی دووەم هەوڵمدا خانوێیکی وام دەست بکەوێ دایکی سەردار لەگەڵ خۆما بەرمە ڕێدار . دوای ماوەێیك خانووێیکی بچووکی یەك ژووری بەقور بینا کراوم دەست کەوت . لە تەنیشت ماڵ مامۆستا مەلا عبد الصمد, مەلای ناحیەکە , مانگی بە دینارو نیوێك کرێ , خاوەند خانووەکە ناوی خولە صوفی بوو , دایکی سەردارم بردە ڕێدار و تالیب برام کە تەمەنی حەوت ساڵ ونیو یان هەشت ساڵان ئەبوو لەگەڵ خۆماندا بردمانە ڕیدار بۆ ئەوەی بخوێنێ لە قوتابخانە .تالب بەم دواییە بووە مامۆستای سەرەتایی , لە ساڵەکانی هەشتا بە بانەوە خەریکی مەعرەزی سەیارە بوو, شان بەشانی زرعات .

لە ڕێدار هەندێ خزمی باوکم هەبوون وەك حەمەی صادق و جەوهەر صادق هەرچەندە دەستیان کورت بوو , بەڵام تا بڵێی خزمی باش بوون و بەڕاستیش پیاو بوون . بە منیان دەووت خالۆ و زۆریش خۆشمیان ئەویست و منیان بە گەورەی خۆیان دەزانی . بە تایبەتی خاڵە جەوهەرکچەکانی بە رۆژەوە دەناردە لای دایکی سەردارو یارمەتیان دەداو و پەروین کچم کەتەمەنی یەك ساڵ نیو بوو , هەمیشە بە باوەش قەدری و سەبری و مریەمەوە بوو .

لە ڕێدار سێ چوار دوکان هەبوو بۆ شت فرۆشتن, دوکانەکانی (ئەحمەد پاساری و ئەحمد عارە بی و حاجی محمود و حاجی ڕەووف هەرزانی) لەگەل دوو چایخانە.یەکێ لە چایخانەکانی بەرامبەر مەرکەزی ناحیەکە هی توفیق ناوێ بوو , خۆی خەڵکی ڕێدار نەبوو .

دانیشتوانی ڕێدار بە گشتی فەقیرو دەست کورت بوون , تەنها چەند مالێکیان نەبێ وەزعیان لەوانیتر باشتر بوو .

کوێخا حارس کوێخای ڕێدار بوو .

لەبەر ئەوەی لە ڕێدار مێوانخانە نەبوو , ڕۆژ نەبو مێوانمان نەبێ و جار جاریش ئەو میوانانەی خۆیان بە خزم دەزانی شەو لامان دەمانەوە , هەرچەندە لە یەك ژوریش زیاترمان نەبوو بۆ خەوتنمان و

موچەکەم بیست و دوو دینار بوو , بەڵام لەبەر هەرزانی شتومەك موچەکەم سەرو زیاد بوو لێم , مانگی سێ چوار دیناریشم دەمایەوە , هێلکە بە دوو فلوس بوو , کیلۆی گۆشت بە 75 فلوس بوو , جەرگوناو بە 75 فلوس بوو , بەرخێك بە یەك دینار بوو , حۆقەی ڕۆنی مەڕ بە یەك دینار بوو , قەزناغێ گەنم (16 کیلو) بە نیو دینار بوو , تەنەکەی برنج بە نیو دینار بوو , کیلۆێیکی شەکر بە 100 فلوس بوو , یان کەمتریش . مەتری قوماشی بازە بە 50 فلوس بوو , هەروەها مەتری قوماشی خام بە 50 فلوس بوو .. مانگانە هەرچیم بویستایەلای (ئەحمەد پاساری) ئەمکڕێ بۆ ماڵەوە لە شەکرو چایەوە تا ڕۆن و برنج و قەیسی و کشمش و فاصولیا و لەیمون دوزی و شخاتە و هتد ... لە پێویستیەکانی چێشتخانەی ماڵەوە لە پێنچ دینار تێپەڕی نەدەکرد . کەواتە پێویستییەکانی ژیانی مانگانەمان لە چواریەکی موچەکەم تێپەڕی ناکرد.

لە ڕێدار لە سالی 1955 تەنها یەك سەیارەی پاص هەبو , پاصەکەی (گەرەبێد) پاصێکی (دارینە) بوو , لە پاصە کۆنەکان , کە ئەو سەردەمە بە مۆدێلی تازە لەقەلەم دەدرا , ئەو جۆرە پاصانە ئێستا وا بزانم تەنها لە قەزای خالصی دیالی ماوە بۆ گواستنەوەی خورما و میوەهات . پاصەکە بەیانیان دەچووە کەرکوك و ئێواران دەگەڕایەوە بۆ ڕێدار , لە زستانا باران بوایا یەك دوو ڕۆژ ڕێگا دەبڕا لەبەر ئەوەی ڕێگاکە قیرتاو نەکرابو .

بۆ سالی دووەم , سالی 1956 لەسەر خانوو لەگەڵ مودیری ناحیە هاشم هورمزی تێك چوین و ئەوە بوو لە لایێکی ترەوە لەگەڵ موفەتیشی مەعاریف احمد دوغرەمەچی تێك

چوین , منیان گواستەوە بۆ دێی پاپیلان سەر بە ناحیەی شوان . بەڵام گواستنەوەکەم دەستی مودیری ناحیەی تیا نەبو .

مودیری ناحیەش لەسەر شکاتی ئێمەی مامۆستایان نەقلی ناحیەی سە نگاو کرا , سەر بە قەزای چەمچەماڵ .

چوومە دێی پاپیلان , پاپیلان دەوری سی چل ماڵ دەبو , کوێخاکەی (کوێخا عوبێد) بو , ناسراو بە کوێخا عوبێدی پاپیلان . ساڵی یەکەم بوو قوتابخانەی تیا کرابووەوەو قوتابخانەیێکی تازەی تیا بینا کرابو دوو پۆل و ژورێکی بەرێوەبەری قوتابخانەکە . قوتابخانەکە کەوتبووە خوار دێیەکەوە . منیش یەکەم مامۆستا بوم . کوێخا عوبێد خانووێکی پێشکەش کردبو بۆ مامۆستای قوتابخانەکە , بۆ ئەوەی قوتابخانە لە دێیەکەیان بکەنەوە . مندالەکانم لەگەڵ خۆما بردە پاپیلان و لە خانووەکە دانیشتم , لە ڕاستی دا خانوەکە پێش ئەوەی من بچمە ناوی دیوەخانەی کوێخا بو . ئەو سەردەمە هەر خۆم و دایکی سەردار بوین و جارێ مندالْمان نەبووبو .

یەك دوو مانگ نێوانمان لەگەڵ کوێخا عوبێد زۆر خۆش بو , بەڵام پاشان لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی فەراشی قوتابخانەکە لەگەڵ یەکتر تێك چوین , فەراشەکە ناوی ڕەوفە شەل بو , کوێخا عوبێد هەر خۆی ئەم شەخصەی بەخێو کردبو بە هەتیوی , وەك یەکێ لە منداڵەکانی بو , کە چوومە پاپیلان تکای لێم کرد ڕەوفی بۆ بکەم بە فەراشی قوتابخانەکەو ئەمەش حەقی خۆی بو , دیارە کوێخا عوبێد بەتەمای موچەکەی بو کە ئەو سەردەمە 12 دینار بو , هەرچەندە لە سەرەتادا من ڕازی نەبوم ڕەوف بکەمە فەراش لەبەر ئەوەی شەل بو , هەروەها جنسیەی عیراقی نەبو , ماوەیێکی دەویست تا دایمەزرێنم , بەڵام لەبەر خاتر کوێخا عوبێد ڕازیبووم ... پاشان ڕەوفە شەل و کوێخا عبێد لەسەر مەوزوعی موچەکە تێك چون و ڕەوف ڕازی نەبو موچەکە بدا بە کوێخا , ئەوەبو کوێخا عوبێد داوای لێم کرد ڕەوف دەربکەم و صدیق کوڕی بکەمە فەڕاش بەڵام ئەمجاریان من ڕازی نەبووم لەبەر ئەوەی ڕەوف دەوامی کردبو نە ئەبو بە ناحەق دەری بکەم . هەروەها صدیق کوڕی کوێخا عوبێد پیاوی فەڕاشی نەبو , ئەو پیاوە نەبو بەرێوەبەری قوتابخانە داوای لێ بکا قوتابخانەکە پاك

بکاتەوە یان خزمەتی بەرێوەبەری قوتابخانەکە بکا , خۆی ئەمە لە شەخصییەتی کوێخا عوبێد یشی کەم دەکردەوە . وا دیار بو کوێخا عوبێد وای دەزانی منیش وەك یەکێ لە جوتیارەکانی لە پاپیلان کە بچێتە لای مودیری ناحیەی شوان و شکاتم لێ بکا ئەتوانێ بمترسێنێ , لەبەر ئەوە هەندێ گێچەڵی پێم کرد و چووە لای مودیری ناحیەی شوان , ئەو سەردەمە ابراهیم نشات یعقوبی بوو , مودیر ناحیە شەخصییەتێکی بە هێزی هەبو , جیاوازییێکی زۆری هەبو لەگەڵ هاشم هورمزی و تەرەف داری منی گرت و پیاوەکانی کوێخا عوبێد کە گێچەڵیان پێم کردبو , منیش شکاتم لێیان کردبو هەموویانی تەوقیف کرد , منیش نەبومایا کوێخا عوبیدی تەوقیف دەکرد , لە ناحیەش جەلال عبدالرحمن بەگ دەوری زۆر بوو لە پالپشتیکردنم لای مودیری ناحیە .

کوێخا عبید بە هەمو حاڵ پیاوێکی باش بو , بەڵام وەك کوێخا دێیکی نەخوێندەوار مەودای بیرکردنەوەی ئەوەی پێ قەبوڵ نەدەکرا , مامۆستاێیکی شارستانی قوتابخانەی دێیەکەیان بە گوێی نەکا . لەوانەش بو ئەو مامۆستایە من نەبومایا , مامۆستاێکی تر لە قسەی دەرنەچوایا , وا دیارە بەختەکەی ئەو وابو , مامۆستاکە من بم , لە لاێیکی ترەوە خاوەند عەشیرەت و خزم وبراێیکی زۆر بووم , هەرەها خاوەند بیرو باوەرێکی ئایینی وا بووم ئاسان نەبو شتی ناحەق بسەلمێنم . خۆ مەلای دێیەکەش مەلا محمدی ساڵەیی , کە خەڵکی لای خۆمان بو , بەڵام نیمچە خوێندەوار بو , بریایە هەر نەخوێندەوار بوایا , بوونی منی پێ خۆش نەبو لە پاپیلان لەبەر ئەوەی خوێندەوارو رۆشەنبیر بووم و لە فیقە و تەفسیر لەو شارەزاتر بوم , هەرچەندە ئەم لایەنەی من هیچ زیانێکی بۆ ئەو نەبو , بەڵام وەك باسمکرد وای ئەزانی بە بوونی من لە پاپیلان خەڵکەکە لایان ئاشکرا دەبێ کە مەلاێیکی تەواو نییە , بەڵکو کۆڵکە مەلایە .

بەهەرحاڵ ئەو ساڵەم لە پاپیلان بردەسەر , لە دێی پاپیلان تەنها یەك سەیارەی پیکاب هەبو هاتو چۆی نێوان کەرکوك و ئۆمەر بەگ و پاپیلان و جولحانی دەکرد . لیخورەکەش ناوی اسماعیل بوو , خەڵکی دێی یارمجەی نزیك دێیەکەمان بیرەسپان ,ناسراو بە سمە سوور ئەو ڕۆژەی بچومایە کەرکوك ئەوا لە پێشەوە لە شان اسماعیلەوە سوار دەبوم و , ڕێگای

نێوان پاپیلان و کەرکوکیش خۆل بو , کەواتە قیرتاو نەکرابو , قوڕی پاپیلانیش بەناو بانگ بو, ڕۆژانی باران سەیارەی تیا بچەقییایە دەرچونی زۆر زەحمەت بو .

ژیان لە پاپیلان زۆر زەحمەت و ناخۆش بو , بەتایبەتی لە وەرزی زستانا . دوای تەواو بوونی دەوام شوێنێ نەبو بۆی بچین , دەبوایا تا سبەی بەیانی لە ماڵەوە دەرنەچین , لەگەڵ کوێخا عوبێدیش نێوامان خۆش نەبو , هاتو چۆی یەکترمان نەدەکرد . دانیشتوانی دێیەکەش زۆر فەقیر و هەژارو دوا کەوتو بوون تا ڕادەیێك مندالەکانیان بە زۆری مودیری ناحیە دەیاننارد بۆ قوتابخانە . 31 قوتابیم هەبو , زۆربەیان تەمەنیان لە 8-9 ساڵان بو , بەڵام لە خوێندن و دەرسەکانیان زۆر باش بوون و دڵم پێیان زۆر خۆش بو زۆر خۆم لەگەڵیانا ماندوو ئەکرد .

لە وەرزی بەهار دا جار نەجارێك لەگەڵ دایکی سەردار پێکەوە دەچوینە دێی چەڵتوکە بۆلای کوێخا حمە رەش, ئامۆزای کوێخا عوبێد بو , بەڵام ئەوانیش نێوانیان باش نەبو , کوڕەکەی فائق یەکێبو لە قوتابییەکانم و بەم دواییە لە ساڵانی شەستەکان بووە پێشمەرگەو شەهیدکرا . دێی چەلتووکە کەوتبووە سەر چەمو ئاوێکی کانیاو و مەرەزەو کشتوکاڵی باشی هەبو .

قوتابییەکانی پاپیلان هەندێکیان لە دێی چەڵتووکە و ئۆمەربەگ و جولحانەوە دەهاتن بۆ قوتابخانەکە . هەروەك لەمەو پێش باسم کردووە لە ڕێدار 45 قوتابی هەبو , لە پاپیلانیش 31 قوتابی کە کوێ گشتی قوتابیانی ناحیەی شوان بەهەموو دێهاتەکانیەوە کە لە 60 دێ زیاتر بوو , تەنها 76 قوتابییان هەبو لەو سەردەمە , ئەمەم بۆیە لەم یادداشتەم ڕوون کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بێ کە کوردستان لە ساڵانی پەنجاکان دا چەند دواکەوتوبووە , کەم دێ هەبو خوێندەوارێکی تیا هەبوایایە , تا ئەم دواییە دوای شۆرشی 14ی تەمموزی سالی 1958 , ئەوە بو حوکومەت دەستی کرد بە قوتابخانە کردنەوە لە دێهاتەکانی شوان , ئەم مەوزوعە لەبەشی دووەمی یادداشتەکەم باسی دەکەم .

له سالی 1956 كه له پاپیلان مامۆستا بووم , زۆربەی كاتم به قورئان خوێندن و تەفسیر و نوێژكردن و خوێندنەوەی كتێبە ئایینییەكان دەبردەسەر . لەو سەردەمە یەكێ له ئەندامە پێشكەوتووەكانی (الاخوان) بووم , لەبەر ئەوە هەستم به فەراغ نەدەكرد لەو دێیە كه دووربوو له ئاوەدانی .

پەیوەندیشم لەگەڵ مەلاكانی دێیەكانی دەوروپشتی پاپیلان زۆر باش بو , هەوڵیشم دەدا قوتابییەكانم فێری نوێژ كردن بكەم و له مانگی رەمەزان دا به رۆژی بن .

خەڵكی دێی پاپیلان زوربەی زۆریان (حەقە) بوون , كەواتە دەروێشی شیخ عبد الكریمی شەدەڵە و مامە رەزابوون و دژی جەماعەتی حەمە سوور بوون كه له دێی (كەڵاوقوت) دادەنیشتن . حەقەكان حەمە سوورییەكانیان به لادەر له ئیسلام و تەریقەت له قەڵەم دەدا , لەبەر ئەوەی حەمە سوور له ڕێبازی (حەقەیاتی) لای دابو . حەمە سوورو حەمە سوورىیەكان نوێژیان نەدەكردو ڕۆژیانیش نەدەكرت .

كاكە حەمە (حەمە سووری كەڵاو قوت) وەك دەگێرنەوە به منداڵی (گۆلكەوان) بووە , لای شیخ عبد الكریم له دێی شەدەڵە , پاشان كه شیخ عبد الكریم كۆچی دوایی دەكا , پێش مردنی وەسیەت دەكا كه دوای خۆی كەس تەریقەت نەدا , بەڵام حەمە سوور گوێ نادا به وەسیەتەكەی شیخ و بەردەوام دەبێ لەسەر ڕێبازەكەی و خۆی دەكا به شێخی تەریقەت و كۆمەڵێ له حەقەكان دەكەونە دوای له دێی كەلاوقوت له شوانی سەرخاسە جێگیر دەبن .

دێی كەڵاوقوت كەوتۆتە سەر ئاوی خاسەو , دێیەكی خۆشە , خۆشیەكەشی دەگەرێتەوە بۆ ماندوبونی حەمە سوور له گەڵیا , له كەنار دێیەكەو لەسەر ئاوی خاسە ڕەزە ترێ و هەنجیر و قەیسی و هەندێ جۆرە دار بەریی باشی ڕواندووە , جگە له بەخێوكردنی میشەهەنگوین , ...

دێی كەڵاوقوت نیزیكی 80 تا 100 ماڵ دەبو , له سالی 1956 دا , بەم دووایيەش قوتابخانەیێكی سەرەتایی تیا كرایەوە دوای شۆرشی 14ی تەمموز سالی 1958 .

حەمە سوور لەو سەردەمە نیزیكی 100 موریدی هەبو , لەم سەد موریدە 30 كەسێكیان له دێی كەڵاوقوت دەژیان , حەمە سوور ماڵ و دیوەخانەكەی له كەنار ئاو خاسە بینا كردبو

, خانو بەرەێیکی زۆر گەورەی هەبو , لەناو ڕەزەکەش ژوورێکی بۆ میوانی ڕێبوار دروست کردبو , کەواتە ئەو کەسانەی بە کەلاوقوت دا تێپەڕ ببوایان , لە ڕەزەکەی حەمە سوور لایان دەداو لەوێ خزمەت دەکران , بەیانیان بوایا ئەوا نان و چای و هەندێ هەنگوینیان بۆ دادەنا , شەویش بوایا ئەوا چێشتیان بۆ دەبردە ڕەزەکە . بەڕاستی حەمە سوور کابرایێکی خزمەت گوزار بوو , حەمە سوورییەکان خۆیان چای و جغارەیان ناخواردەوە , تەنها حەمە سوور خۆی بۆی هەبو چای بخواتەوە یان جغارە بکێشێ , لەگەڵ کوێخا حەمەی مەلا عبیدی کەلاوقوت کە ئەویش ڕێ درابوو پێی جگەرە بکێشێ و چای بخواتەوە , حەمەی مەلا عوبید خوێندەوار بوو , دوای شۆڕشی 1958 سەر بە حیزبی شیوعی عیراق بوو , وا بزانم نزیکبوونەوەی لە حیزبی شیوعی لەو سەردەمە تەنها بۆ پاراستنی کاکە حەمەو حەمە سوورییەکان بوو.

من حەمە سوورم لە سالی 1955 ناسی , کاتێ لە رێدار مامۆستا بووم , لەو سەردەمە جار نەجارێك دەهاتە ناحیە و سەری لە مودیر ناحیە دەداو دیارییێکی باش و چەوری بۆ مودیری ناحیەو مامور مەرکەز دەهێنا وەك (هییزە ڕۆن و تەنەکە هەنگوین و برنجی سەر خاسە ...) بەلام ناسینەکەم وانەبو کە بەتەواوی بیناسم , تا سالی 1963 کە بوومە لێپرسراوی ناوچەی شوانی سەرخاسە , لە سەردەمی شۆڕشی کوردستان , ئەو کاتە بە تەواوی ناسیم و چووە دلمەوە , کاتێ کە دێمە سەر باسی بەشی دووەمی یادداشتەکە , بەدوورو درێژی باسی حەمە سوور دەکەم لەو سەردەمە . ئەوی بیەوێ زیاتر لە مەسەلەی حەقە و حەمە سوور تێبگا با بگەرێتەوە بۆ کتێبی (بزووتنەوەی هەقە ) نووسینی پارێزەر مستەفا عسکری سالی 1983 . هەروەها کتێبی (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە ؟) نووسینی رەووف محمد زهدی سالی 1985 .

لە سالی 1957 دووبارە نەقلی رێدار بوومەوە . دوای ئەوەی سالێکی زۆر سەختم لە پاپیلان بردەسەر , بەلام بەهەموو حالێ توانیم 31 مندالی کورد پەروەردە بکەم و قۆناغی پلەی پۆلی یەکەم ببڕن و بچنە پۆلی دووەمین . بەلام ئاستی فێربوونیان لە ئاستی پۆلی سێیەمین کەمتر نەبوو, لەبەر ئەوەی خۆم زۆر ماندو کردبو لە گەلێیان دا .

دووباره  له پاپیلانیش هەر احمد رفعت دوغرەمەچی مفتش معارف بوو, له پاپیلانیش له گەڵیا تێکچووم و دووباره نەقڵی ڕێدارمیان کردەوە .

# بەشی دووەم:

# له ساڵی (1957-1959):

# گۆڕانکارییەکانی  پێش شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958

له 1957/9/30 له قوتابخانەی پاپیلانەوە بە پێی ئەمری ئیداری 6690 گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی رێدار لە مەرکەزی ناحیەی شوان .

له ساڵی 1957 دوای ناکۆکێیکی نێوان من وچەند ئەندامێکی تری الاخوان کە زۆر زیاد ڕۆ بوین , له هەندێ ئیش و کارەکانی سەرۆکی کۆمەڵەی (الاخوه الاسلامیه) نور الدین الواعیز ڕازی نەبوین , ئەوەبوو وازمان لە کۆمەڵە هێنا , هەرچەندە, ئێمە لە ڕاستی دا لەسەر حەق نەبوین ... بەهەرحاڵ دوای نەمانیشم لە کۆمەڵەی ئیخوان هاورێیتیم و دۆستایەتیم لەگەڵیانا هەر باش بو .بەتایبەتی لەگەڵ سلیمان قابلی و محسن عبدالحمید کە پاشان چووە قاهیرە و بڕوانامەی دوکتۆرای هێنا و دوای پرۆسەی ڕزگاری عیراقیش ساڵی 2003 بووە سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عێراقی , دوکتۆر محسن برازای مەلا سەلامی ترێ خۆر بوو , مەلا سەلام یەکێ بوو لە موریدەکانی شیخ عبدالکریمی شەدەڵە , کەواتە شێخی تەریقەتی حەقە , هەروەها لەگەڵ صبحی داودی کۆمەڵی ئەندامی تر.

له رێدار دۆستایەتیم لەگەڵ مامۆستا مەلا عبد الصمد , مامۆستای مزگەوتی رێدار زۆر باش بو , زۆر جار لە مزگەوت پێکەوە موناقەشەی هەندێ بابەتی ئایینیمان دەکرد و ماڵی مەلا صمد یەکێ لەو ماڵانەبو پەیوەندی خێزانیمان لەگەڵیان دا گەرم بو , دایکی سەردار هاتو

چۆی ماڵیانی دەکردو دەستە خوشکی جەواهیری خێزانی بو , جەواهیر بەڕاستی جەواهیر بو , ئافرەتێکی لێوەشاوە و خانمی ماڵ بو .

دانیشتوانی رێدار هەمو دۆستم بوون و خۆیان بەخزم دەزانی , ئەوانەی زۆر دۆستم بوون : (خورشید تلیانە و عوبێد کوێخا حارس و احمد پاساری و جەوهەر صادق و حەمەی صادق و حاجی رەووف هەرزانیو علی هەرزانی برای احمد رەووف هەرزانی کە لە سالی 1958 بووە مامۆستا لەگەڵمانا , حەمە زیاد مەلا جرجیس و یابە(وریا شوانی) و مەلا علی فەقێی مەلا عبد الصمد وو ....هتد .

دوای شۆرشی 14 تەمموزی سالی 1958 ئەمانە هەموو بوونە ئەندامی پارتی و لە شۆرشی کوردستان دا لە سالّی 1961 بە دواوە دوو سەرلقی پێشمەرگەی باشیانیش لێ هەڵکەوت , خورشید تلیانەو وریا شوانی.

لە سالی 1958 عبداللە نجم سراج بەرێوەبەری قوتابخانەکە بو , مامۆستا جلال نەقلی چەمچەمال کرابو , احمد رەووف هەرزانی و منیش دوو مامۆستای قوتابخانەکە بوین و مامۆستا مەلا عبد الصمد موحازەرەی وانە ئاینییەکانی دەدایەوە ..

دوای گەڕانەوەم بۆ رێدار , هاشم ناجی هورمزی مودیر ناحیەش گواسترایەوە بۆ رێدار , بەڵام ئەمجاریان پەیوەندیو دۆستایەتیمان زۆر باش بو , منیش ئەو سەرگەرمییەی جارانم نەما و هاشم هورمزیش خاوەند دێی (یارمجە)ی تەك دێی بیرەسپانی ئێمە بو , دۆستایەتی کۆنی خۆی و باوکی بەتین بو لەگەڵ باوکم و خزمەکانم لە بیرەسپان .

کە شۆرشی 14 تەمموزی 1958 بەرپابو , ئێمەی دانیشتوانی شوان هەمو لەگەڵ شۆرشەکەدا بوین , بەڵام هاشم هورمزی زۆر دەترسا و هەمو رۆژێ گوێی لە ئێستگەی بەغدا رادەگرت ئایا کەی خانەنیشین دەکرێ , لەبەر ئەوەی سەر بە حوکمی مەلەکی بو , بیروباوەڕیشی لەگەڵ وەزعی تازەدا نەدە گونجا . بەڵام ئەوەی سەیر بو , لەناکاو کرا بە قائممقام و ناوی لە ئێستگەی بەغدا بلاوکرایەوە .

کاتێ کە ئینفیکاکی کرد , پێش ئەوەی بڕوا دەعوەتێکمانی کرد , لە دەعوەتەکە پێمانی وت , ئێوە دەزانن بۆ کرام بە قائممقام , لە کاتێك دا رۆژانە بەتەمابوم گوێم لە بریارِی

خانەنشین کردنەکەم بێ ؟ مەسەلەکە لە راستی دا , لە کاتی خۆی کە مودیری ناحیەی شوان بووم (رشید نجیب) ی متصرفی کەرکوك راپۆرتێکی لەسەرم نووسیبو بۆ وەزارەتی ناوخۆ , کە وا من بەکەڵکی مودیر ناحیەیی نایێم .. ئیستا وا دیارە فایلەکەمیان خوێندۆتەوە . منیان وا لە قەڵەم داوە دژی عەهدی مەلەکی بوومە , لە کاتێك دا رشید نجیب لەسەر حەق بوو من بە کەلکی مودیر ناحیە ناهاتم , ئینجا بزانن مەسەلەکە لە ئێستاوە چۆن بەرێوەدەرواو چەند سەر پێییە .

سالی 1958 دوای شۆرش چوومە ناو قۆناغێکی تازەی ژیانەوە , نەك هەر من بەڵکو گەلی عێراق بە کورد و عەرەبیەوە لەگەڵ هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانی تریەوە چونە ناو قۆناغێکی تری ژیانەوە , قۆناغێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری زۆر جیاواز لەگەڵ قۆناغەکانی رابوردوودا , هەر لەناکاو وەك بوومە لەرزە ئاغاو جووتیار تا دەگا بە کوێخا و دانیشتوانی دێهاتەکانی هەموو کەوتنە دوژمنایەتی یەکتری , بەبێ ئەوەی بزانن بۆ ..؟؟؟ خەڵکی هەموو کەوتنە چەپڵە رێزان ئێمەش لەگەڵیان دا , ئێستگەو رۆژنامەو کۆمەڵە رامیاریەکانی ئەو سەردەمەش ئاگری ناکۆکیەکانی خۆشتر دەکرد. خەڵکی تینوی گۆڕین بون تەنها گۆڕین هەرچی گۆڕینێ بێ بە بێ ئەوەی بزانن ئەنجامی گۆرینەکە بەرەو کوێ یان دەبا .

دوای شۆرشی 14 تەمموز 1958 ئەوەبو , لە 16 تەمموز پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان بەیانێکی دەرکرد , هەمو توانایێکی خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆرشی 14 تەمموزولایەنگری شۆڕشەکەی کرد . لە بەیانەکەدا روونی کردەوە کەوا : (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عیراق پێشرەوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کاتێك دا ئەرکە مێژوویەکانی خۆی ڕەچاودەکا لە پێناوی بەدیهینانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد , بەو پەڕی سەراحەتەوە .

ڕای دەگەیێنێ کەوا بە هێز بوونی بزوتنەوەی گەلی عەرەبی ڕزگاریخوازو سەرکەوتنی و ڕزگاربوونی عێراق لە چنگی ڕژێمی مەلەکی چەپەڵ و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری رزگاریخوازو کشانەوەی لە پەیمانی بەغدا , کە تیرەکانی ئاڕاستەی ناو جەرگی نەتەوەی

کورد کردبوو , هەموو ئەمانە پتەوترین بناغە دادەمەزرێنێ بۆ دروستکردنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانیو ئازادیو یەکسانی لە نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب , بۆیە پارتیمان بڕیاڕی دا بە هەموو توانایێکی تێکۆشێ بۆ پارێزگاری کردن لە کۆماری عیراق و چەسپاندنی و گەشەکردنی . بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش هەموو تواناکانی و هێزەکانی دەخاتە ژێر دەسەلاتی سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە پیرۆزەو هەمو ئەندامانی ولایەنگیرانی ئامادەن ببنە سەربازو گیانیان بەخت بکەن لە پێناوی کۆماری عیراق و بەرەنگاری کردنی ئیستعمار و پیلانەکانی و کلکەکانی .)

دوای شۆرشی 14 تەمموزی 1958 جلال عبد الرحمن کە لەمەو پێش باسیم کرد و بەرێوەبەری قوتابخانەی شوان بوو لە سالانی 1953-1957 , پەیوەندەی پێمەوە نەکردو و داوای لێم نەکرد بچمە ریزی پارتییەوە کە چەند دۆستی یەکتربوین بە هەر حالْ ئەویش حەقی بو , ئەو ماوەیە من ئیخوان بوم یان تازە وازم هینابو , لە خۆی ڕانەدەبینی ئەو جۆرە مەوزوعانەم لەگەلْ باس بکا . لە لایێکی ترەوە مەلا عبد الله اسماعیل چەند جار هاتە شوان و پەیوەندی بە من و عبدالله نەجیمەوە کرد و دواجاریش احمد حاجی رەووف هەرزانی کە هەرسێکمان پێکەوە مامۆستای قوتابخانەی شوان بوین . هەرسێکمان پێکەوە چوینە ریزی پارتیەوەو ناوی نهێنی من (بەرد) بو , ناوی عبدالله ش (دار) بو ,. زۆری پێ نەچو شەرەفی ئەندامەتیان دا پێمان لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە تەنها یەك ئەندامی پارتی لە ناوچەی شوان نەبو لە دانیشتوانی شوان .

لیژنەی ناوچەی کەرکوك لە سەرەتادا عبدالله نەجیمیان کرد بە لێپرسراوی شوان , بەلام لەبەر ئەوەی عبدالله شەخسیەتی لاواز بو نەی دەتوانی سەرکردایەتی خەلکەکە بکالەرێدار و هەمو جەماوەر لە من کۆبوبوونەوە منیش هەمو توانایێکم تەرخان کردبو بۆ چوونە ناو جەماوەر و ڕاکێشانیان بەرەو پارتی , بۆیە لیژنەی ناوچەی کەرکوك داوای لێم کرد لێپرسراوێتی شوان بگرمە ئەستۆی خۆمەوە . لە لایێکی ترەوە حیزبی شیوعی عیراق , ئەویش کەسی نەبوو لە رێدار و لە دێهاتەکانی شوان , بەم دوایە نەبێ لە دێی کەلاوقوت

کوێخا محمد مەلا عبید چووە ریزی حیزبی شیوعیەوەو مەبەستیش لەو چونە ریزەوە پاراستنی بەرژەوەندی حەمە سوورو راگرتنی وەزعیان لە کەلاوقوت بوو.

هەروەها کەسانێکی تر ناوەکانیانم لە یلدنەماوە رەمەزان تۆراغی وصمد قولی بەگی کەهەردوکیان دوو سەیارەیان هەبوو, ئێواران سەیارەکانیان تەرخان کردبو بۆ مان لەگەڵ ئەندامانی پارتیمان لەرێدارەوە بەرەو دێهاتەکانی شوان دەڕۆیشتین وهەرشەوە لە دێیك کۆرمان دەبەست . دێهاتەکان (قولی بەگ و جەوە جەوە و تۆراغ و قادر زەمەو دووبزنی و کارێزو علی بەیان و ئۆمەر بەگ و حاجی یەیخانی ژوورو و حاجی یەیخانی خوارو و جانقز و تۆمار ..... هتد).

خورشید تلیانە و حمە زیاد مەلا جرجیش و عبید کویخا حارس چەند کەسانێکی تر ناوەکانیانم لە یادنەماوە .

لە رێدار بارەگای لاوانی کوردستانمان کردەوە , دانیشتوانی رێدارو دێهاتەکانی دەوروپشتی رێدار زۆربەیان هاتنە ریزی لاوانەوە , بارەگاکەمان لە چایخانەکەی حەمە توفیق کردەوە بەرامبەر بە مەرکەزی ناحیەکە . شەوو رۆژ بارەگاکە جمەی دەهات لەبەر هاتو چۆکردنی لاوان . بەناوی لاوانەوە توانیمان پەرە بە رێکخستنی پارتی بدەین و لە سالی 1959 بوومە لێپرسراوی شوان و لیژنەیێکی رێکخراومان دامەزراند.

حیزبی شیوعی لەبەر ئەوەی جەماوەری لە شوان نەبوو , هەروەك باسمان کرد تا سالی 1959 ش تەنها یەك ئەندامی لە رێدار نەبوو , بۆیە بە توندی بەربەرەکانیمانیان دەکرد , نەك بە رێگای بلاوکردنەوەی بیروباوەڕو چوونە ناو جەماوەرەوە بەشێوەی تێکۆشان و مومارەسەی دیموکراتیەتەوە , بەڵکو بە هاندانی دام و دەستگای سوپاو ئاسایشەوە ئەویش لە کەرکوکەوە نەك لە شوان , حیزبی شیوعی جێگای داخ بو هێشتان لە حوکم نەبو , ماوەی بە پارتەکانی تر نادا دەوری خۆیان ببینن و لە شوێنێکیتر بە دورو درێژی دێمە سەر ئەم باسە .

لە ساڵی 1959 حیزبی شیوعی توانی چالاکی رێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان رابگرێ بەناوی تێکەڵاوکردنی لاوان و گەنجان لەیەك رێکخراودا لە هەموو عیرا قدا .

ئـەوەبو سـەرکردایەتی لاوان و گـەنجان بـەیانێکیان دەرکـرد دەربـارەی ئـەم یـەك بوونـە , بەیانەکـە لـە ژمـارە 7ی سـاڵی 1959ی ڕۆژنامــەی خــەبات بــەم جـۆرەی لای خـوارەوە بلاوکرایەوە بەزمانی عەرەبی :

( باوەڕمان بـە گرنگێتـی خـەباتی هاوبەشـیی هەیـە لـە نێـوان نەتـەوە جۆراو جۆرەکـان بـۆ پاراستنی کۆمارە دیموکراتیەکەمان و پاراستنی دەستکەوتەکانی چواردەی تەمموزی نـەمر، بە باوەڕی گرنگێتی و پێویستێتی یەکێتی بزوتنەوەی لاوانـی عـیراق , وتوویـژکرا لـە نێـوان نوێنەرانی یەکێتی گەنجانی دیموکراتی عیراق و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عیراق (لاوان) . دوای وتوویـژو ئاڵوگۆرکردنـەوەی ڕاکـان لـە مـەناخێکی دیموکراتیـیـەوە ئـارەزووی ڕاسـتەقینەی هـەردوولاو دۆزینـەوەی چارەسـەرکردنێك بەرژەوەنـدی هـەردوولا بپـارێزێ , بەرژەوەنـدی لاوان و گـەنجان , بەرژەوەنـدی لاوانـی عـەرەب و کـورد و لاوەکـانی کەمینـە نەتەوەییەکانی تـریش . بڕیـاردرا هـەردو بزووتنەوەکە یـەك بگـرن لـە ژێـر نـاوی یـەکێتی لاوانی دیموکراتی عیراق . بۆیە داوا لە هەموو لاوەکان دەکەین لە کوردسـتان دا بـچنە ریـزی ئەم یەکێتیەوە , بە پێی ئەو هەڵبژاردنەی لە نێوان هەردوولا کە کراوە ) .

بەیانەکە دوورو درێژە , دەقەکەیم لە کتێبی (تاریخ الحزب الثوری الکردستانی) بلاوکردۆتەوە .

ئەوانەی بەیانەکەیان ئیمزا کردبوو ئەمانەبوون :

نوری عبد الرزاق – سکرتێری یەکێتی گەنجانی دیموکراتی

توفیق العبایچی – ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندن

حسین هەورامی – ئەندامی یەکێتی ڕاپەڕاندن

دارا توفیق و محمد حسین مەلا .

لەتەرەفی دووەم لەلایەن لاوانەوە ئەمانە ئیمزایان کردبوو :

قادر حاجی تـاهیر کـۆیی – ئەنـدامی لێژنـەی بـاڵای یـەکێتی لاوانـی دیمـوکراتی کوردسـتانی عیراق

محمد صالح دیلان – ئەندامی لێژنەی باڵا

**عبدالرحمن فرج – ئەندامی لێژنەی باڵا**

**جیهان صدیق شاویس – ئەندامی لێژنەی باڵا**

**من خۆم یەکێبووم لە ئەندامانی (لاوان) و لێپرسراوی لاوانی شوان بووم . ئەم ڕێك کەوتنە وەك لە بەیانەکە چاومان پێدەکەوێ لە ڕاستی و واقع دا مەسەلەکە بەرژەوەندی برایەتی کوردو عەرەب نەبو , بەرژەوەندی لاوان و گەنجان نەبوو , بەرژەوەندی لاوەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی تریش نەبو , لاوانی دیموکراتی کوردستانی عیراق – لەراستی دا پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی کە لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراق ڕێك کەوت نەك گەنجان ، بە ناچاری ڕێك کەوت لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگایێکی تری نەبوو لەو ڕێك کەوتنە بەولاوە , ڕێك کەوتنەکە لە بەرژەوەندی حیزبی شیوعی بو , بۆ بەرژەوەندی عەرەب بو نەك کورد , خۆ مەسەلەی کەمینە نەتەوایەتیەکان هەر لە گۆڕەدا نەبو . بەڵێ لەو قۆناغە حیزبی شیوعی ڕێی نەدەدا ڕێکخراوە کوردستانیەکان سەر بەخۆ بن و هەر هەنگاوێك لە لایەن پارتیەوە بەرەو سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانە بە هانگاوێکی جیاوازکارییان (انفصالی) لە قەڵەم دەدا . گومان لەوەدا نیە حیزبی شیوعی بەهەڵە د اچوبو لەم رووەوە تا ئەم هەڵەیەیان لە گۆڕەپانی سیاسی و واقع دا بۆ ئیسبات بولە دوای ساڵی 1990 و خۆیان نەك هەردانیان نابە واقعی کوردستان و بوونی ڕێکخراوە کوردستانیەکان بە شێوەیێکی سەر بەخۆ و جیا لەگەڵ ڕێکخراوە عیراقیەکان تا دەگا بە بوونی دوو حیزبی شیوعی , حیزبێکی شیوعی عیراقی و حزبێکی شیوعی کوردستانی .**

**هەرچەندە لە بواری تیوری (النظریة) حیزبی شیوعی دانی بەم ڕاستی یە دا نابو , کە کورد نەتەوەیە وەك هەمو نەتەوەیێکی تری سەر زەمین , کەواتە هەمو ئەو مافانەی هەیە کە نەتەوەکانی تر هەیانە , ئەمەش لە ساڵی 1956وە , هەرچەندە وەك باسمان کرد لە گۆرەپانی واقع دا لە ساڵی 1959 ڕوویان لەم راستیە وەرچەرخاند.**

**ئەمە نەك هەر حیزبی شیوعی عێراق لە کاتی دەست ڕۆیشتنی ئەم ڕێگایەی لە کورد داخستبو , بەڵکو حیزبی بەعسی عەرەبی دوای هاتنی بۆ سەر حوکم لە عێراق لە ساڵی 1968 ئەویش دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردستانیەکانی وەك لاوانی کوردستان و**

قوتابیـانی کوردسـتان و ئافرەتـانی کوردسـتان – قەدەغـە کـرد تـا دەگـا بـە کومەڵـەی جووتیارانی کوردستان و مامۆستایانی کوردستان و هتد .

با لێرە دا ڕابوەستین و بێینە سەر لاوانی شوان :

دوای ئەم یەك بوونە بارەگای لاوانی شوان بە بریاڕی حاکمی عەسکەری گشتی احمد صالح العبدی داخرا , ژمارەی بڕیارەکەم لە بیرە کە 444 بوو بەڵام ڕۆژەکەییم لە یاد نەماوە .

بەهەرحاڵ ئەم داخستنەش بۆیە بە ئەمری حاکم عەسکەری ئەنجام درا لەبەر ئەوەی ئێمە لە شوان دوای یەك بوونەکە ڕازی نەبووین بارەگاکەمان دابخەین .

مـودیری ناحیـە ناردبوویـە دوای عبـدالله نجـم الـسراج و بڕیـاری داخـستنەکەی پـێ ئیمـزا کردبوو بە بێ ئەوەی بڕیارەکەی پێ نیشان بدا , بـۆ بـەیانی مـن لـە کـەرکوك گەڕامـەوە بـۆ شوان , برادەران پێمیان وت , لاوان بە بڕیاری حاکم عەسکەری داخـراوە , داوای بڕیارەکـەم کـرد , وتیـان معـاونی پـۆلیس نیـشانی عبـدالله ی نـەداوە و نوسخەی نـەداوە پێـی , منـیش بەعبـدالله م (ووت ئـەی چۆن ئیمـزات کـرد , وتـی ڕازی نـەبوون بیـشیخوێنمەوە ... ئـەوەبو چـوومە لای معـاونی پـولیس (صـدیق چـوارپەنجە) و داوام لێـی کـرد , نوسـخەیێك لـە بڕیارەکەمان بداتێ , وتی ئەم بڕیـارە نهێنیـیـە , نـابێ بیبیـنن , منـیش وەڵامـم دایـەوە کـە عبدالله لێپرسراوی لاوان نیـیە , من لێپرسراوی لاوانم , پێکەوە چوینە لای مـودیری ناحیـە و ڕێك کەوتین و بڕیارەکەیان بـۆم خوێنـدەوە و ژمـارەو بـەرواره کـەیم نووسـی لای خـۆم و ئیمزام کرد .

بۆ شەو , لافیتەیێکمان بە نـاوی (کۆمەڵـەی جوتیـارانی بێکـەس) نووسـی و خـستمانە شوێن لافیتەی لاوانەکە .

بۆ بەیانی معـاونی شـورتە صدیق ئەفەنـدی هاتـە لامـان و وتـی ئەمـە چیـیە ؟ لاوان بۆتـە بێکەس !! ئێمـەش وتمـان بـەڵێ لاوان داخـرا , ئیمـە (کۆمەڵـەی جوتیـارانی بێکـەس) یـن و مافی ئەوەمان هەیە بارەگامان هەبێ , دەسـی کـرد بـە پێکـەنیین و وتـی سبەی بێکەسیش دابخرێ لافیتەیێکی تر بە ناوی (مەکتەبی خەبات) هەڵ ئەواسن , لەبەر ناو پەکتان ناکەوێ .

بەم جۆرە لاوان لە شوان داخرا , بەڵام لاوان كە بەرەسمی داخرا لە واقع دا لاوان لە چالاكی خۆی نەكەوت و هەر ئەندامەكانی لاوان بون خۆیان كردە ئەندامانی كۆمەلەی جوتیارانی بێكەس و لە ناحیەیێكی وەك شوان جیاوازییەك نەبو لە نێوان لاوان و جوتیاران ، لاوان لەهەمان كات جووتیار بوون . بۆیە هیچ لە مەسەلەكە نەگۆڕاو كاری نەكردە سەر چالاكی پارتیمان .

بارەگای (بێكەس) مان گواستەوە بۆ خانوویێكی ترو دەستمان كرد بە چالاكی نواندن بۆ دامەزراندنی كۆمەڵەی جووتیاران لە دێهاتەكانی سەر بە ناحیەی شوان , بەتایبەتی كە یاسای كۆمەڵەی جوتیاران زۆر نەرم و گونجاو بوو هەر پەنجا جووتیار مافی ئەوەیان هەبو كۆمەڵە بۆ خۆیان دابمەزرێنن , ئێمەش لە دێیەكانی (قولی بەگ و دووبزنی و قادر زەمەو كارێزو بیرالْك و علی بەیان و كارێزەی خالخالان و دەلۆ و گولْم كەوە و تۆراغ و چەند دێیكی تریش ) لیستی ناوی هەر كۆمەڵەیێكمان بە پێی یاسای دامەزراندنی كۆمەلەی جووتیاران ئامادەكرد , ئەوە بوو لە رێدار نوێنەری كۆمەڵەی جووتیارانی كەركوك لەگەڵ پارێزەر مستەفا عەسكەری كە نوێنەری حیزبی شیوعی بوو هاتنە رێدار ومستەفا عەسكەری وتارێكی خوێندەوە بۆ ئامادەبووان لە جوتیارانی دێهاتەكانی شوان كە لەو كۆبوونەوەیە ئامادەبوون , ئێمەی پارتی هەموویانمان لە رێدار كۆكردبوەوە و حیزبی شیوعی كەسی نەبو لە رێدار . مستەفا عەسكەری لە وتارەكەیدا هێرشی بردە سەرمان بە تایبەتی سەر من و پارتی , كە گوایا ئێمە ریزی جووتیاران تێك دەدەین بە تایبەتی لە ناحیەی شوان . منیش وەلامم دایەوە بەوەی كە جوتیاران ئازادن بە پێی یاسای جووتیاران كۆمەڵەكانیان وەك خۆیان دەیانەوی دای بمەزرێنن . شیوعیەكان دەیان ویست لە هەموو شوان یەك دوو كۆمەڵەی جووتیاران زیاتر ئیجازە نەدرێ پێیان . منیش وتم ئێوەی جووتیاران لە یەك دێ یان دوو دێ پێكەوە دەتوانن ئیجازە وەربگرن لەبەر ئەوەی هەر (50) پەنجا جووتیار دەتوانن داوایێك بە مودیری ناحیە بدەن و رێ بدرێ پێیان , ئەمەش مەرج نیە حیزبی شیوعی یان پارتی پێی هەڵبسێ ئێوە خۆتان بەبێ حیزبەكان دەتوانن

ئەم کارە ئەنجام بدەن و ئەوەشتان لێ ناشارمەوە ئێمەی پارتی و شیوعی ئەم شەڕە شەقەتان لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی بتانکەینە شیوعی یان پارتی نەك جوتیار .

دوای قسەکانی من جووتیاران بە گشتی وەڵامی مستەفا عەسکەرییان دایەوە کە خۆیان دەزانن چۆن ئیجازە وەربگرن .

دوای ئەمە زیاتر لە 10 تا 12 کۆمەڵەی جووتیاران لە شوان ڕێ درا پێیان و هەمو کۆمەڵەکان سەر بە پارتیمان بوون و حیزبی شیوعی تەنها یەك کۆمەڵەی جووتیارانی پێ ڕێك نەخرا .

شیوعىیەکان لە سالی 1959 هەوڵیان دا هیچ نەبێ لە ریزی فەرمانبەرەکانی رێدار یەك دوو کەس پەیدا بکەن , ئەوەبو (حنا داود خدر) ی برین پێچ یان نەقلی رێدار کرد کە سەر بە حیزبی شیوعی بوو , بەڵام زمانی کوردی نەدەزانی , حەنا خێزانەکەی ناوی (سمیرە) بو , ئەوە بو حنا لەگەڵ مودیری ناحیە (محمد علی خەتیب) دەستیان کرد بە نواندنی چالاکی لە ریزی فەرمانبەرەکانی رێدار بەمەبەستی ڕاکێشانیان بۆلای حیزبی شیوعی , بەڵام هەمو شتێ بڕابوەوە لەبەر کەمی ژمارەی موچەخۆرەکان کە بریتی بوون لە : (کاتب ناحیە و مامور بەرید و مامور مەرکەزو مامۆستاکان ....) کاتبی ناحیە (ناجی) مرۆڤێکی تورکمانی دژ بە شیوعىیەکان و پارتی بو , مامۆستاکان وەك باسم کرد پارتی بوون , ماموری بەرید تورکمان بو لە دژی پارتی لایەنگیری ئەوان بوو .

محمد علی خەتیب ی مودیر ناحیە لەگەڵ شیوعىیەکان بو , بەڵام مرۆڤێکی ڕاست گۆو خاوێن بوو , یەکەم مودیر ناحیە بو هاتە شوان و بەرتیل خۆر نەبێ , حەزی لە ئیش کردن و خزمەت کردن بو , لە کەرکوکەوە گریدەری ئەهێناو رێگاو بانی پێ دەکردەوەو لە دێهاتەکانەوە نانیان بۆ ئەهێنا ڕازی نەدەبو نانیان لێ وەربگرێو نان خۆی لەگەڵ خۆیا دەبرد . بەم دوایە کە بوومە قائمقامی عەفەك , مودیری ناحیە بو , کەواتە یەکەم مودیر ناحیە بو تا سالی 1972-1973 نەبوبووە قائمقام , چوومە ماڵەوە بۆ لای و (مەی) کچی کە لە سالی 1959 یەك دوو سالان بوو , گەورە بوو بو , بانگم کردو وتم مەی خان , ئێمە لەسەر میلاکی خۆمان حیسابت دەکەین وەك کورد لەبەر ئەوەی منداڵی کوردستان بوی ,

ئەم قسەیەم بۆ لەتیفە بۆی کرد . بەهەر حاڵ ئەو تاخمە قەنەفەیەی لە ساڵی 1959 لە ڕێدار هەیبو , هەر هەمان تاخمی هەبوو .
دوای چەند ڕۆژێك چوومە لای وەزیری ناوخۆ سعدون غیدان و قەناعەتم پێی کرد و ئەمری بۆ دەرکردو کرایە قائممقام .
دوای نەقل بوونی محمد علی خەتیب لە شوان , عبدالكريم احمد المعینی هاتە شوێنی , بەڵام ئەمیان قەومی بو , مەوقفی زۆر خراب بو لەگەڵان دا .
جارێکیان من و عبداللە نەجم ڕۆژی پێنج شەممەو جومعە دابەزییوینە کەرکوك , مودیری ناحیە لە سەرمانی نووسیبو بۆ موعاریف هەردووکمان کتابی (تنبیە) مان بۆ هات و بێ گومان ئەم سزایەش بووە هۆی دواکەوتنی تەرفیعەکەمان ... ئێمە ئەمەمان لە بیر نەچووەوەو ڕۆژێکیان وا بزانم ڕۆژی شەممە بوو , مودیر ناحیە پێمی وت من و حنا داود و کاتبی ناحیە ناجی , دەچینە کەرکوك و دەعوەت کراوین و لە ماڵ فلانە کەس ناوەکەم لە یاد نەماوە , ئەگەر پرسیارمانیان کرد , تکایە بۆ ئەم تەلەفۆنە , تەلەفۆنمان بۆ بکە , ژمارەی تەلەفۆنێکی دا پێم , منیش وتم باشە , هەر کە ئەوان ڕۆیشتن بۆ کەرکوك , یەکسەر چوومە دایەرەی تەلەفۆنات و تەلەفۆنم بۆ قائممقامیەت کردوو وتم کەس لە ناحیە نەماوە و هەمو دایەرەکانیان بەجێ هێشتووە و ئێستا لە ماڵ فلانە کەسن و ئەمەش ژمارەی تەلەفۆنەکەیانە .... بۆ ئێوارە هەموو گەڕانەوەو مودیری ناحیە پێمی ووت ( یـا اخي ردناك عون طلعت فرعون ) ... لیش ؟ منیش وتم جێی مست پالەقەیە ئەی جەنابت بۆ کتابت لەسەر ئێمە نووسی , لەمە زیاتر دەبێ چاوەڕوانی چیمان لێ بکەی ..
لە لایێکی ترەوە مستەفا عەسکەری لە کەرکوك بە ڕێگای حیزبی شیوعیەوە شکاتی لێمان کردبو , کە ئێمەی مامۆستایان خەریکی کۆمەڵەی جووتیارانین .
ئەوەبو مامۆستا موسی عبد الصمد (مامۆستا عبد الصمد لە ساڵی 1974 بووە ئەمینی گشتی پەروەردەو خوێندنی حوکمی زاتی هەرێمی کوردستان و پاشانیش لە هەشتاکان بووە ئەندامی کۆڕی زانیاریە) و موفەتیشی معاریف لەگەڵ عومەر عارف هاتنە سەردانی قوتابخانەکەمان و پێمانیان وت ئێوە مامۆستان چ پەیوەندێیکتان هەیە بە جووتیارانەوە ,

خەریکی کاروباری خۆتـان بـن کاروبـاری فێرکـردن و قوتابخانـە , منـیش لـە وەڵام دا وتم :
ئێمە مەسەلەی جووتیـاران دوای دەوامـی قوتابخانـە خۆمـان پێـوە خـەریک کـردووە , هـیچ ڕێگایێکی قوتابخانە و فێرکردنی لێمان نەگرتووە و دایەرەی مەعاریفیش دوای دەوام حەقی بە چالاکی یەکانی ئێمەوە نىیە .. بـەڵام نـازانین چ پەیوەنـدی یـەك هەیـە لـە نێـوان کـاری مستەفا عەسکەری پارێزەرو شیوعی کە لـە رێـدار دانانیـشێ و خـەلکی رێـداریش نیـیە ولـە کەرکوکەوە هاتو چۆی شوان دەکا و هەوڵ دەدا جووتیاران رێك بخا و بیانکا بە شیوعی ؟
بەهەرحاڵ نەگەیشتینە ئەنجام و موسی عبد الصمدیش ڕای لەگـەڵ ئێمـەی پـارتی بـو نـەك شـیوعىیەکان و عومـەر عـارفیش شـیوعیبوو . دوای گەڕانـەوەیان بـۆ کـەرکوك بـە چـەند ڕۆژێك وەکیلی قائممقامی کەرکوك (جمال بابان) کە خۆی مودیری ناحیـەی (الریاض) بـوو , نـاردی بـە دوامانـداو ئێمـەش مـن و عبـدالله نـەجیم چوینە کـەرکوك , بـەڵام پـێش ئـەوەی بچینە لای قائممقام چوینە بارەگای پـارتی- لقـی کـەرکوك — مـن و عبـدالله و احمـد حـاجی رەووف هەرزانی , بارەگای پارتیمان ئاگادار کردەوە کەوا قائممقامی مەرکـەز ناردویـەتی بـە شـوێنمانا , وابـزانم چـاومان بـە جـلال عبـد الـرحمن بـەگ کـەوت , پێمـانی وت بـچنە لای قائممقام و پاشان ئاگادارمان بکەنەوە لە مەوزوعەکە .
بـەیانی سـەعات 9 چـوینە قائممقامیـەت , ڕانکـو چۆغەیێکی سپیم لەبـەر کردبـو , بـەڵام عبدالله و احمد بە چاکەت و پانتۆڵەوە هاتبوون , کەواتـە بـەرگی رەسمـی . چوینە دایـەرەو چاومان بە جمال بابان کـەوت , هەڵوێـستی تـا بڵێـی خـراب بـوو لەگـەڵمانا , هەستمان بـەوە نەکرد لـە دایـەرەیێکی حوکمـەتین , بـەڵکو وەك لـە بارەگـای حیزبـی شـیوعی بـین و جمـال بابـانیش لێپرسـراوێکی شـیوعی بـێ , کـەواش نـەبو !!! بـەڵام ئێمـەش زۆر تونـد بـوین لـە وەڵامدانەوەکانمان دا .. هەرچەندە ئەو وەکیلی قائممقام بوو ئێمەش مامۆستای قوتابخانە و جیاوازی زۆر بوو لە نێوان پلـەی وەزیفـەکانمان دا , بـەڵام ئێمـە وەك سێ ئەنـدامی پـارتی دیمـوکراتی یـەکگرتوی کوردسـتان و لێپرسـراوی شـوان قـسەمان لەگـەڵیا کـرد , نـەك وەك مامۆسـتاو قائممقـام , وا بـزانم خەتاکـەش خـەتای جمـال بابـان بـو , چـونکی ئـەویش وەك قائممقام قسەی لەگەڵ ئێمە دا نەکرد زۆر باش لە بیرمە وتم :

جمال بەگ ئەگەر وەك قائممقام ناردوتە بە شوێنمانا و موناقەشەی مەوزوعی نێوان ئێمە و مستەفا عەسکەری دەکەی لەگەڵمانا , ئێمە ئامادەنیین لە دایەرەی حوکمەت ئەم موناقەشەیەت لەگەڵدا بکەین لە بارەگای پارتی یان بارەگای حیزبی شیوعی ... ئێمە دوای دەوامی قوتابخانە ئازادین چی دەکەین یان نایکەین , جەنابت وەك قائممقام هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەرمانا لەم ڕووەوە ..

دوای هەندێ توندوتیژی , ئێمە دەرچووینە دەرەوە و چووینەوە بۆ بارەگای پارتی و شکاتمان لە تەسەروفاتی جمال بابان کرد , وا بزانم پاشان عومەر دەبابە چاوی پێ کەوتبوو ناڕەزایی خۆی پێ نیشان دابوو .

پاشان دونیا گۆڕاو جمال بابان بووە سکرتێری خوالێخۆشبوو عونی یوسف وەزیری ئیسکان , کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو .

دوای شۆڕشی 14 تەمموز ساڵی 1958 زۆر دڵخۆش بوین بە شۆڕشەکەو هەمو باوەڕمان وابو , ئیتر بە ئازادی دەژین و ئێمەی کوردیش دەگەینە مافە ڕەوا نەتەواتییەکانمان وەك هەمو گەلانی جیهان , بەڵام بەداخەوە نە ئەمەبو نە ئەوە , کەواتە نە ئازادی دیموکراتی و نە بەدی هێنانی مافە نەتەوایەتییەکان. ئەوە بو لە ساڵی 1959 تا 16 تەممووزی 1959 زیاتر لە دەجار تەوقیف کرام لە لایەن (امر الانضباط العـسكری)ی فرقەی دووەم کە ناوی (ملازم فخری عبد الكريم الالوسی) بو , لەسەر داوای حیزبی شیوعی عیراق , ملازم فخری بەڕاستی نموونەی مرۆڤێکی فاشیو درندەو فەوزەوی بو , لە ئازاردانی خەڵکی لەزەتی وەردەگرت , بەم دوایە هەندێ لە شیوعییەکانیش هەمان ڕایان هەبو لەسەری .

بەیانیانێك پێش خۆرهەڵات هێشتا دونیا تاریك و ڕوون بوو , چەند سەیارەیێکی جێبی عەسکەری و ناقلەیێك دەورویشتیماڵمانیان گرت و ئابلۆقەیان دا , پاشان لە دەرگایان داو هاتنە ژوورەوەو ماڵەوەیان پشکنی کون بە کون , قوژبن بە قوژبن , تا دەگا بە پشکنینی چانتاکەی دایکی سەردار , ئەوانەی بەم ئەرکە هەڵسان جگە لە ملازم فخری , عەریف ئیبراهیم کۆیشیان لەگەڵ دابوو , پرسیارم لێیان کرد چی رووی داوە , وتیان بۆ خۆت غەشیم دەکەی ؟ نازانی لە چی دەگەڕێین ؟ وتم باوەڕکەن هیچ نازانم .

عەریف ئیبراهیم دەستی لەسەر پەلاپیلکەی کلاشنکۆفەکەی بوو , لەسەر سنگی ڕاگرتبوو , وتی (دۆلار) لە دۆلار دەگەڕێین . شەو (راون تری) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە فرۆکەی هێلوکۆپتەر هاتۆتە شوان و یەك ملیۆن دۆلاری بۆت هێناوە بۆ سازدانی پیلان دژی زەعیم عبد الکریم قاسم ... منیش بە ڕاستی لەو وەزعە ئالۆزەو ماڵ هەموی بەسەر یەك دا دراوەو عەریف ئیبراهیم لە پەنجەی غافل بێ و ڕای کێشی ئەوا سی گولەی تەواو دەکاتە مێوانی سنگم و دەمکا بە سەرەند , لەو وەزعە ئالۆزە دا دەستم کرد بە پێکەنین و وتم : دۆلار .. دۆلار , دۆلاری چی , کورە ئێوە شێت بوونە , راونتری چی ؟ ئەم قسانە کەی جێگای عەقلن , خۆ فەرموو بمگرن و ئەم قسە یرۆپووچانەی بۆ چیە ؟ خەڵکی بەمە بزانن گاڵتەتان پێ دەکەن ..

پیویست ناکا درێژە بە نووسیناکانم بدەم بەم جۆرە قسانەی لە سالی 1959 دا دەکران و لەوانەش خوێنەر هەروا بە ئاسانی باوەڕیان پێ نەکا ..

بەراستی ناوی دۆلارم وەك خوێندەوارێك تا ئەو سالە بیستبو کە دراوی ئەمریکایە , بەڵام بەچاو دۆلارم نەبینیبوو ..

ئەوە بو بردمیانە بارەگای فیرقەی دوو بە تەوقیفی , شەو بەرەی جەبهەی نیشتیمانی هەولێ دا بۆ بەردانم , ئەو سەردەمە عومەر مستەفا (دەبابە) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بو هەروەها نوێنەری پارتی بو , , هاتە بارەگای فیرقەی دوو , بۆ شەو زەعیم روکن داود الجنابی (زعیم رکن داود جەنابی لە 1959/3/17 دوای نازیم تەبەقچەلی التحاقی بە فرقەوە کرد) ناردی بە دواما , چوومە لای و زۆر حورمەتی گرتم و بانگی چای بۆم کرد , پێمی وت بۆ گیراوی ؟ کە وەڵامم دایەوە , سەری سوڕماو بە ملازم فەخری وت شتی وا ڕووی داوە ؟ وتی بەڵێ.. داود جەنابی بەتوڕەییەوە بە ملازم فخری وت , باشە جەنابت عەسکەریت چۆن بە قسەی پڕوپووچی وا باوەڕ دەکەی , بۆ وا دەکەن عالەم ببێ بە دوژمنمان .. پاشان پێی وت فەرمو بۆ دەرەوە .. قائد فرقە کە ناوی بە خراپی گەیشتبووە ئێمەو دانیشتوانی کەرکوك ، لە واقع دا گەلێ پیاو باشتر بوو لەوانەی دەوروپشتی لە عەسکەرییە بچووکەکان , بە تایبەتی عەسکەرییە کوردەکان سەر بە حیزبی شیوعی و

ئەندامەکانی حیزبی شیوعی .. شەو دوای ئەوەی بەردرام گەڕامـەوە بـۆ شـوان .. بـەڵام سـێ سەد چوار سەد جووتیاری ناوچەی شوان لەبەردەم فرقەی دوو بە داس و شـەنەوە نـاڕەزایی خۆیان دەر دەبڕیو هاواریان دەکرد (پارتەکەمان پارتی گەلە هی کرێکارو رەنجبەرە ) ..

دوای چەند ڕۆژێك ملازم فخری بە چەند سـەیارەێیکەوە بـە رێـدارا تێپـەربوو بـەرەو دێـی حـاجی بـەیخان ژوورو لـەو سـەرەوە کـە گەڕایـەوە کوێخـا حـسین کـوڕی کوێخـا رجـب بـە تەوقیفی لەگەڵ خۆیا هێنایەوە . لە چایخانەکەی حمە توفیق بەردەم سـەرا ڕاوەسـتان و بـە خەڵکی وت ئەمە کوێخا حوسینە (متآمـر) ە , پیـاو ئەمریکایـە , مـلازم فخـری چاوەروانی ئەوەی ئەکرد خەڵکەکە هەراو هۆسەی دژ بکەن , دژی کوێخا حوسێن , بەڵام مـن لـە کوێخا حوسێن چوومە پێشەوە و پێم وت , گوێ مەدە , جـەنابت کـوڕی کوێخـا رەجـەبی , سـەرەك عەشیرەتی شوانی , خەڵکی شوان بە تایبەتی رێداری گەورە و بچووك ژن و پیـاو دەزانـن تـۆ کێی و کوڕی کێی , خەڵکەکە زۆر شێوان و عاجز بوون بە بینینی ئـەو دیمەنـە ناڕەوایـە و هەمو بەخێرهاتنی کوێخا حوسێنیان کرد و مـلازم فخـری ش دەسـتی کـرد بـە جنێـو دان و خـوا هـەڵناگرێ دەمیـشی زۆر پـیس بـوو , وتـی ئێـوە هـەموو پیـاو خـراپن و نۆکـەری ئیستیعمارن .

دوای چەند رۆژی تەوقیف کردنی کوێخا حوسێن , ئەوەبو بەریان داو و گەڕایەوە بۆ حاجی بـەیخان , بـەڵام ئـەمجارە کوێخـا دوو وێنـەی لـە چوارچـێوە گـیراوی مـارکس و لینـینی بەدەستەوە بوو , بە کوێخا حوسێنم وت ئـەم وێنانـە چین بـە دەستتەوە , بـە پێکەنینـەوە وەڵامی دایەوە و بە شێوەی شوانی وتی : ( بیگمەتە شیوعی , کەواتە بومەتە شیوعی , زۆر سـەیر بـو , برادەرانـی حیزبـی شـیوعی تـا سـێ چـوار رۆژ لـەوەو پـێش دەیـانووت کوێخـا دەرەبەگ و پیاوی ئەمریکایە , گوایا بە سێ رۆژ تەوقیف کردن چۆن بو بـە شـیوعی , کـاتێ ئـەم پرسـیارەت لێـیان بکردایـا , وەڵامـی حـازر بەدەسـتیان هـەبو , ئـەویش : (ئایـدۆلوجی یەکـەی گـۆڕاوە) ... وەك بڵێـی (ئەیدیۆلۆجیـەت) خـم خانەیـە , پارچـە خـامێکی تـێ هەلکێشی ئەوا ڕەنگی خامەکە شین دەبێ , پاشان دوای خوتبەکـەی عبـد الکریم القاسـم لـە کلێسەی مار یوسف ( لە 1959/7/19) کە هێرش بـردە سـەر حیزبـی شـیوعی , لـەو کاتـە

مـن لـه بەغـدا تـەوقیف بـووم لـه بەندیخانـەی کۆنی ئافرەتـان لەکـەڵ شـێخ مـارف و شـێخ حوسـێن بـەرزنجی و جبـار پیرۆزخـان و شـێخ ڕەزاگـوڵانی و کۆمـەڵێ شـیوعی تـری خـەڵکی کـەرکوك و موصـل ... دوای ئـەو خوتبەیـە کوێخـا حوسـێن یەکـسەر لـه شـیوعیەکان هەڵگەڕایەوە و بووە دوژمنیان , پاشان دێمه سەر ئەم باسە .

له 14 تەممۆزی سالی 1959 تەعلیمات له کەرکوکەوە هات که نابێ له 14 تـەممۆز ڕێـڕەو (مسیره) بکرێ له ناحیـەو قـەزاکان دا . بـەڵام ئێمـەی پـارتی ژمـارەیێکی زۆری جووتیـارانی دێهاتـەکانی دەورو پـشتی ڕێـدارمان ئاگـادار کـردەوە کـه ڕۆژی 14 تـەممۆز بێنـه ڕێـدار بـۆ بەشداربوون له ڕیڕەو , ئەوە بوو پۆل پۆل له (قولی بەگ و توراغ و جانقزو هەردوو حاجی بەیخان و ئۆمەر بەگ و پاپیلان و جەوجـەوەو علی بـەیان و کـارێزو بیرالـك و قـادر زەمـەو دوو بزنی و حەسار بچووك ....)و دێهاتەکانی ترەوە دەهاتن بۆ ڕێدار , کـه سـەعات بـووە 9 ی بەیانی هەموو له هەر چوار دەوری ڕێدارەوە هاواریان دەکرد (پارتەکـەمان پـارتی گەلـه , هی کرێکار و ڕەنجبەرە) دەنگـی دەدایـەوە , مـودیری ناحیـه سـەری سـوڕما لـه مەسـەلەکه و پێمی وت ئەمـه چـیه , ئـەی ئێمـه بریارمـان نـەدا کـه مـسیره نیـیه ؟ ئەمـه چـیه ؟ بـه مودیر ناحیەم وت خەڵکی خوێنیان گەرمه , با بۆ خۆیان ڕێڕەو خۆیـان بکـەن و دڵـت هـیچ نەکا , هیچ له ناحیەی شوان روو نادا , لەبەر ئەوەی هەموو سەر به یـەك پـارتین , ئـەویش پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانه , حیزبێکی تری به هێز له ناوچـەکه نیـیه تـاوەکو دووبەرەکیو ئاژاوە ڕووبدا .. ئەوە بو خەلکەکەو جەماوەرەکه له بەردەم سەرا کۆبوونـەوە , دوای ئەوەی ئەمسەرو ئەوسەر ڕێداریان ڕێپێو کرد , ڕێدار خۆی ئەمسەرو ئەوسەری ناگاته دوو کیلۆمەتر , من و مامۆستاکانی تر کەوتبووینه پێشیانەوە , مودیری ناحیه وتەیێکی به زمانی عەرەبی خوێندەوە منیش به کـوردی تەرجومـەم دەکـرد , کـه گەیـشته وتـەی (یقـول الزعیم عبد الکریم قاسم , انا فوق المیول والاتجاهات , فعلیکم ان تلتفـوا حـول الـزعیم عبـد الکریم قاسم صفا واحدا .. الخ) من له گۆڕینەکەی دا به کوردی وتم : ( مودیر ناحیه دەڵێ : هەمو له دەوری پارتەکەتان کۆببنەوە و یەك دەس بن وەك پۆڵا) ..

لەوانەیە وتەکەی مودیر ناحیەم وەك خۆی تەرجەمەبکردایە جەماوەرەکە پەلاماریان بدایا , خەڵکەکە ئەوەندە خوێن گەرم بوون کەڵکی ئەوەیان نەبوو هەست و شوعوریان بریندار بکەی ..

پاشان بۆ سبەینی کاتبی ناحیە تێ گەیاندبوو کە من بە پێچەوانە قسەکانی ئەوم تەرجومە کردووە , مودیری ناحیە (عبد الكريم احمد المعينى) ناردیە دواما بۆ دایەرە و گلەیی لێم کرد , منیش مەسەلەکەم بۆ روون کردووە و تێم گەیاند کە من مەبەستم ئەوەبووە مەسەلەکە بە سەلامەتی تێپەربێت و هیچ ڕوونەدا , بە تایبەتی کە لە هەمان رۆژدا لە شاری کەرکوك و هەندێ لە شارەکانی تری قەزاو ناحیەکان رووداوی خەراپ رووی دابوو بەتایبەتی لە شاری کەرکوك نزیکی سی (30) کەس زیاتر لە تورکمانەکان کوژرابوون و هەندێکیانیش بە حەبل بەسەر شەقامەکان دا راکێشرابوون بەهەرحاڵ مودیری ناحیە قەناعەتی هینا کە گۆرینی هەندێ لە وشەو رستەی وتەکەی لەبەر بەرژەوەندو سەلامەتێتی کۆبوونەوە جەماوەریەکە , شتێکی خەراپ نەبووە .

دەربارەی رووداوی کەرکوك , پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستانی عێراق لە 1959/7/16 وتارێکی سەرەکی لە رۆژنامەی خەبات دا بلاوکردەوە هۆیەکانی و تاوانەکانی گەڕاندەوە بۆ سیاسەتی چەوتی عبد الكريم قاسم , کە لە سالی 1958 دا قائد فیرقە (ناظم الطبقجلی) نارد بۆ کەرکوك و دوای ئەو لە سالی 1959 دا (داود الجنابى) نارد یەکەمیان لە کەرکوك لایەنگری تورکمانەکان و قەومیە عەرەبەکان بووە , دووەمیانیش سەر بە شیوعیەکان بوو ئەمەبووە هۆی , ناکۆکی نێوان تورکمانەکان و شیوعیەکان و پارتیەکان .

بەهەرحاڵ رووداوی کەرکوك جگە لە لێپرسراویەتیعبد الكريم قاسم , حیزبی شیوعیش مەسولیەتێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی , هەرچەندە ئەوان بە کوشتن و ڕاکێشانی تورکمانەکان تاوانبارکران لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی ئاژاوەکەیان نایەوەو دەستیان لە کوشتنی تورکمانەکان دا هەبو زۆربەیان ئەندامی حیزبی شیوعی بوون یان سەر بە حیزبەکەیان بوون , هەرچەندە بە قەناعەتی من حیزبی شیوعی وەك حیزب دەستی نەبو

لە ئەنجامدانی ڕووداوەکە , بۆ نموونە کاتێ کە گیرابووم و لە گرتوخانەی بەغدا بووم , ڕۆژێکیان شیخ حوسێن شیخ عبد الکریم بەرزنجی کە ئەندامێکی پێشکەوتوی حیزبی شیوعی بوو وتی شێخ ستار پرسیارێ لە نوری سید وەلی دەکەم ببە بە شایەد بۆ تاریخ , لەوانەیە من سبەی ئیعدام بکرێم و نوریش بەرەڵلابکرێ , وتی نوری من و علی عسکری بە ناوی لیژنەی ئاشتیەوە , بەناوی شیوعی و پارتیەوە پێتمان وت واز لەم کردەوەیە بێنە و بگەڕێرە ماڵەوە , چیت پێمان وت , نوری لە وەڵام دا لەبەردەم من وتی : وتم شێخ حوسێن زۆر ئیلحاح بکەی تۆش ڕادەکێشین و دیارە ئێوەش لەگەڵ موامەرەکەن ... ئەم قسەیەی شیخ حوسێن لە دەرەوەی بەندیخانە لە سالی 1969 لە علی عسکریم پرسی , وتی شێخ حوسێن ڕاستی کردووە . ئەو کەسانەی خەریکی کوشتن و تالان و ڕاکێشان بوون بە قسەی کەسیان ناکرد و کۆمەڵێ فەوزەوی بوون .

لە لایەکی ترەوە پارتی دەورێکی باشی هەبو لە مەنع کردنی ئەندامەکانی و جەماوەرەکەی لە بەشداربوونی کوشتارەکەی لەگەڵ ئەوەش دا چەند ئەندامێکی پارتی بەشداری کارەساتەکە بوون .

لەسەر ڕووداوەکانی کەرکوك زۆر نووسراوە گەلێ لە نووسەرە عەرەبە قەومیەکان لە کتێبەکانیان دا لەسەر شۆرشی 14 تەمموز و عبد الکریم قاسم بەشێ لە کتێبەکانیان تەرخان کردووە بۆ ڕووداوەکانی کەرکوك بەڵام بەداخەوە هەموویان بێلایەن و مەوزوعی نەبوونە لە نووسینەکانیان و درۆو دەلەسێیکی زۆریان بلاوکردۆتەوە چ لەبەر ئەوەی دژی کورد بوونە یان دژی حیزبی شیوعی بوونەو روو داوەکەش مادەێیکی باش و چەور بووە بۆ ئەوەی داخی دڵی خۆیانی پێ دەرکەن , نەك ڕاستی و حەقیقەت بلاوبکەنەوە .

ڕۆژی 1959/7/16 سەیارەێیکی جێبی عەسکەری هاتە رێدار و بانگمیان کرد بۆ مەرکەزی ناحیە و دوای چەند پرسیارێك خستمیانە ناو جێبەکەوە و بردمیانە کەرکوك , بۆ بەردەم (الهیئە العسکریە التحقیقیە الخاصە) سەرۆکی هەیئەکە (عقید عبد الرحمن) ناوێك بوو , دوای چەند پرسیارێك دەربارەی ڕووداوەکانی کەرکوك , ئینجا پرسیاری ئەوەی لێم کرد کە چۆن مودیری ناحیەی شوانم گرتووە لەگەڵ کاتبی ناحیەکە , لە وەڵام دا وتم

من ئاگاداری رووداوی کەرکوك نیم و تا ئێستا نەچوومەتە کەرکوك , بەڵام مەوزوعی مودیر ناحیەو کاتبەکەی مەسەلەکە گرتن نەبوو , بەڵکو ئامر ئینزباتی عەسکری کەرکوك (فوزی نشات سنەوی) تەلەفۆنی بۆم کرد و وتی مودیر موتامیرە هەروەها کاتبی ناحیەکە تۆرانیە لەگەڵ چەند تورکمانێکی تر , لە شوان وەك قادر بەگ دێی قادر زەمە , وتی دەبێ ئەمانە بە حەبل ڕابکێشرێن , منیش وەك لێپرسراوێکی پارتی لە شوان بە فەوزی سەنەویم وت : من فەرمانبەری جەنابت نیم و فەرمانت لێوەربگرم , جگە لەوەش حوکومەت یاسای هەیە , ئەگەر ئەمانە شتێکیان لەسەر هەیە , با لە سەریان ئیسپاتی بکەن و بدرێنە دادگا , ئێمە لێرە , لە ناحیەی شوان ناهێلین کەس تەعەدای لێ بکرێ , فوزی نشات سنەیی بەتوڕەیی وە وتی هەر ئێستا نیشانتان دەدەم , ئێوە هەموو پیاوی ئەمریکان , هەر ئێستا چەند سەربازێك و ئەفسەرێك دەنێرم وەك سەگ پەتیان بکەن , تەلەفۆنەکەی داخست و مودیری ناحیە تێگەیی کە قسەکانی نێوان من و ئامر ئینزیبات دەربارەی ئەوان بوو , کە پرسیاری لێم کرد مەسەلەکەم بۆ روون کردەوە .

دوای یەك سەعات چەند سەیارەێیکی عەسکەری لەگەڵ ئەفسەرێك بە چەك و حەبلەوە هاتنە رێدار و ئێمەش لە بەردەم قوتابخانەکەی رێدار کە دەکەوێتە خوارووی رێدارەوە رێگەمان لێیان گرت , ئیمە نزیکی بیست چەکدار دەبوین , کوێخاکانی شێخ بزێنی و کوێخاکانی شوان و ئەندامانی پارتیمان لە دێهاتەکانەوە هاتبوون بۆ رێدار , بریارمان دابو رێ نەدەین بەو سەربازانە کەس بگرن یان بیانکوژن . دوای توندوتیژێکی زۆر و هەڕەشەدان لە یەکتری , سەربازەکان و ئەفسەرەکە گەڕانەوە بۆ کەرکوك و نەمهێشت ئازاری کەس بدەن یان کەس خوێن لە لووتی بێ , خۆ قادر بە گیشم لە ماڵ خۆمان شاردبووەوە کە لە قادر زەمەوە هەڵاتبوو لە دەس شیوعیەکان.

ئەمەیە ڕاستی مەسەلەکەو بەم جۆرەش ئیفادەی خۆم دا لەبەردەم هەیئەکە , بەڵام سەرۆکی هەیئەکە تەوقیفمی بڕییەوە و ناردمیە یەکێ لە ژوورەکانی ئەو قوتابخانەیەی تەرخان کرابوو بەناوی (معتقل)وە ئیتر قوتابخانەکە ناونرا (معتقل) .

دوای یەك دوو حەفتە گواسترāینەوە بۆ بەغدا و منیان نارده یەکێ لە گرتوخانەکانی بەغدا لەگەڵ دە پانزە لەو کەسانەی لەسەر رووداوەکانی کەرکوك گیرابوون لەوانە (شیخ مارفی شیخ عبد الکریم بەرزنجی و پارێزەر شیخ حوسین برای و مجید حسن ناسراو بە مجید جبهە و شێخ رەزای گولانی مودیری ئەمنی کەرکوك و پارێزەر جبار محمد پیرۆزخان و رەزا کەبابچی و نوری سید وەلی وجلال حاجی احمد علی عەجەم , نوری محمد علی لێپرسراوی جوتیاران , نوزاد کاکەو ....) نزیکی پانزە مانگ بە تەوقیفی مامەوە لەو گرتوخانەیە کە ناسراوبو بە (سجن النساء سابقا) .

گرتوخانەکان لەو سەردەمە دەتوانم بڵێم هەرناوی گرتوخانەبوو , ڕۆژان مواجەهەمان هەبوو لە بەیانیەوە تا دوای دەوام . خواردن خۆمان بۆ خۆمان دەکرد , من چێشتچی جەماعەتەکەی خۆمان بووم , کەواتە کەرکوکیەکان و شیخ مارف و مجید حسن جبهە یاریدەدەرم بوون , ئیش و کارمان لە نێوان خۆمان دابەش کردبوو , یەکێ چای دەکردو چەند کەسانێکیش قاپ و قاچاخیان دەشوشت یان ژوورەکەیان پاکەوە دەکرد , ..... هەر لە هەمان گرتوخانە نیزیکی پەنجا سیاسی سەر بە حیزبی شیوعی لە جەماعەتی موصل لەگەڵمانا بوون , بەڵام ئەوان خواردنیان جیابوو لەگەڵ ئێمە نەبوون . شیوعیەکانی موصل ئەوانەی ناویان لە یادم ماوون : (ساتیع اسماعیل حاکمی جەزا بو , عدنان حمدی چلمیران و هاشم حسین چاوێکی کوێر بوو , وعداللە یحیی النجار و صبحی اسماعیل و یوسف صائغ و جرجیس فتح اللە محامی بەڵام ئەمیان شیوعی نەبوو , بەڵام زیرەك و شارەزابوو لە یاسادا زۆر دۆستی کورد بوو.

کە بردمیان بۆ بەغدا و گەیشتمە گرتوخانەکە , بۆ حەفتەی یەکەم دایکی سەردار هاتە مواجەهەم، ئەو سەردەمە تەنها پەروینمان هەبو , کەواتە پەروین کچمان هێشتان تەمەنی لە دەرووبەری ساڵێك و یەك دوو مانگان دەبوو , ئەو سەردەمە ناوی (سمیە) بو نەك پەروین , بەڵام دوایی ناومان گۆری لەبەر ئەوەی زۆر هۆگرم بوو , یەکسەر دوای تەوقیف کردنم نەخۆش دەکەوێ , کە هاتن بۆ بەغدا بۆ دیدەنیم رۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەلام دەمایەوە و ئێواران دەیانناردەوە تا بەتەواوی لە نەخۆشیەکەی چاك بووەوە دایکی

سەردار و پەروین لە بەغدا لە ماڵ عبد الحمید خدری خزممان بوون , عبد الحمید( عەبباسی)یەی خێزانی بەڕاستی خزمی باش بوون هەرچەندە ئەوان خۆیان بەعەرەب دەزانی و لە واقع دا بەشەش حەوت پشت دەگەینەوە یەك و گومانی تێ دانیە ئەوانیش کوردن , بەڵام دوورکەوتنەوەیان لە کوردستان و ژیانیان لە بەغدا ئەو هەستەی لایان دروست کردبو کە عەرەبن .

هەرچەندە گرتوخانەکە لە لایەن (مواجههەوە) کەواتە سەردانی رۆژانەی کەس و کاریان زۆر باش بوو , بەلام لە لایێکی ترەوە حەقی ئەوەمان نەبو رادیۆ یان تەلەفیزیۆنی تایبەتی خۆمان هەبێ , تەنها گوێمان لە ئێستگەی بەغدا دەبوو ئەویش بە رێگای چەند بیستگەیێکەوە (سماعە) کە لەچەند شوێنێکی گرتوخانەکە هەڵواسرابوو , چاومانیش بە تەلەفیزیۆن نەدەکەوت .

جار نە جارێکیش بە مەهانەی نەخۆشیەوە لەگەڵ پۆلیسێك دا یەکە یەکە ئەمانیاننارد بۆ نەخۆشخانە , ئەگەر ئارەزوومان بکردایا , بەهەرحاڵ بەرێوەبەری گرتوخانەکە لەگەڵ پاریدەدەرەکەی هەردوکیان دوو مرۆڤی زۆر باش بوون , بەداخەوە ناویانم لە بیر نەماوە , ئەوەندە دەزانم یاریدەدەرەکەی پێیان دەوت حاجی لەوساڵەی کە لەگەڵ شیخ مارف پێکەوە بەندبوین بۆم دەرکەوت کەوا شیخ مارف شیوعی نیەو پەیوەندی بە رێکخستنی شیوعیەکانەوە نەبوو , هەروەها جۆری بیروباوەڕی , مرۆڤێکی دیموکراتی و نەتەوە خوازبوو کەواتە (قەومی) بەلام جبار پیرۆزخان شیوعێیکی هەڵەشە و چەپ ڕەو بوو , شێخ حسین شیوعێکی هێمن لەسەرخۆو ڕۆشنبیر بوو , بەڕاستی شێخ مارف و شێخ حسێن کە هەردووکیان دوای ئینقلابی 1963 ئیعدام کران لەسەر رووداوی کەرکوك , ئەم دوو برایە دەوری سلبیان نەبوو لە رووداوەکە تەنها تاوانی شیخ مارف ئەوەبو , ئەگەر تاوان بێ , سەرۆکی شارەوانی کەرکوك بوو لەو سەردەمە گوایا تەرمی راکێشراوەکانیان بە شۆفلی (بلدیە) بە کۆیی (جماعی) ناشتووە .

شێخ رەزای گولانی لە گرتوخانە بەتەواوی کۆڵی دابو , ئەویش چەند جار دەیگێڕایەوە کە لە ساڵی 1959 کاتێ مودیری ئەمنی کەرکوك بوو , (عەتا خیر الله) ی لە ژێر نەردەوانی

دایەرەی ئەمن , کەواتە قوژبنێکی بچووك وەك ژوور دروستیان کردبو , عەتای لەو کۆلیتە بچووکە بەند کردبو , بە جۆرێك بچووك و نزم بوو نەتوانیٚ لە ناویا پشتی ڕاست بکاتەوە , شێخ رەزا دەیوت شەوان خۆم دەچووم ئازار و ئەشکەنجەم دەداو جارێکیان پشکۆی ئاگری خەلوزم لەبان پشتی بە ڕووتی دادەناو کڕوزەی پشتی دەهات و بۆن کڕوزی ئەو ژوورە بچکۆلەیەی پر دەکرد .

ئەم زەلامە بیٚ ویژدانە کە لە سەردەمی داود جەنابی خۆی کردبو بە شیوعی و پالەوان و نیشتیمان پەروەر , لە گرتوخانە بە تەواوی رووخابوو , بە ئاشکرا جنێوی بە شیوعیەکان دەداو دەیووت واللە دەرچمە دەرەوە , دەدەمە شاخاو دەبمە پیاوی شای ئێران , چەند جار تکای لە من دەکرد نامەیێك بۆ پارتی یان مەلا مستەفا بنووسم و پاکانەی بۆ بکەم کە شیوعینیە . منیش لەسەر داخوازیەکەی نامەم بۆ (م.س) مەکتەبی سیاسی پارتی نووسی و وەزعی شێخ ڕەزام بۆیان روون کردەوەو زۆری پیٚ نەچو بەردراو گێڕی گۆڕی و بەرەو پارتی وەڕسوورا .

لە شیوعیەکانی جەماعەتی موصل جرجیس فتح الله ی محامی کە وتمان شیوعی نەبوو , زۆر برادەری خوالێخۆش بوو (انور مانی) بوو (انور مائی زۆر دۆستی مەلا مستەفا بوو , لەگەلٚ جرجیس پێکەوە رۆژنامەی الحقیقە یان دەردەکرد) , انور مائی دەهاتە سەردانی جرجیس فتح الله لە گرتوخانە و توانی بە رێگای مەلا مستەفاوە لە گرتوخانە دەری بکا . جرجیس فتح الله ش دوای دەرچوونی لە گرتوخانەو چووە لای مەلا مستەفا و لە خۆشی و ناخۆشی دا لەگەڵی مایەوەو وەك نووسەرێکیش چەند کتێبێکی باشی تا ئێستا داناوە و ماوەێیك لە ئیران مایەوە کتێبێکی لەژێرناەنیشانی (تقیم الحرکة الکردیة) دانا بەڕۆنیو ڕایکێشابوو کتێبە کە بە شێوەی ڕەخنە بوو لەسەر سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە سالی 1979. و بەم دواییەش لە سوید نیشتە جیٚ بوو .

بە ڕاستی گرتوخانە فێری گەلیٚ شتی کردم لە ژیان دا , وەك ئاسنیٚ لە ناو کوورەی ئاگر سوور بکرێتەوەو زاخاو بدریٚ ئەبیٚ بە ئاسنێکی تەواو , بەو جۆرە لە گرتوخانە قالٚ

بوومەوە بوومە خاوەند تاقیکردنەوەیێکی نویٚ و بە جۆرێکی تـر , جیـاواز لـە گـەڵ جاران سەیری ژیانم دەکرد .

ئێمەی ئاندامانی پارتی لە گرتوخانەی بەغدا (بەندیخانەی ئافرەتانی پێشو) ژمارەمـان سـیٚ چوار کەس بەولاوە نەبوو , ( من و رشید دۆسکی و عبد الرحمن بادی) بوین . پەیوەندیمان لەگەڵ شیوعی‌یەکان لە ناو گرتوخانەکەدا زۆر ئیجابی بوو , بە تایبەتی لەگەڵ شـیخ مـارف و شیخ حسین . شیخ مارف لەناو گرتوخانە خەرییکی نووسینەوەی چیرۆکی کورت و رۆمان بوو بە زمانی کوردی , تا ئێستاش لە یادمە یەکیٚ لە چیرۆکەکانی کـە خـۆی پێـوە خـەرییك کردبوو چیرۆکی (شەتڵ) بـوو . خـوا لێخۆشـبوو هـەژاری موکریـانی شـاعیری گـەورەی کـورد چاوی بەو چیرۆکەی داخشاندبوو .

ئـەو ماوەیـەی لـە گرتوخانـە مامـەوە پـێش ئـەوەی حـوکم بـدرێم خـەرییکی خوێندنـەوەی کتێبی مارکسی بووم , هەروەها حەفتەی یەك رۆژ شیوعی‌یەکانی موصل کۆرێکیان دەبەست کـۆڕی ڕۆشـنبیری , لــە کۆڕەکــان ئامــادە دەبــووم ســوودم وەردەگــرت . یــەکیٚ لەوانــەی موحازەرەیـان دەدا عـدنان چلمیران بـوو , بـەڵام لـە سـاڵی 1963 هاتـە سـەر تەلـەفیزیۆنو ئیعتیرافی کردو هەروەها پاکانەش ئەوەبو کرایە بەرێوەبەری (الاموال المجمدة) .

# بەشی سێیەم:

# لە ساڵی (1962-1960):

# ژیان له بەندیخانەی کەرکوك و کوت

له 1959/7/16 بۆ یەکەم جار له ژیانم دا گیرام و به ناحەق تەوقیف کرام . له ئایاری ساڵی 1960 درامه دادگای عورفی دووەم ,به پێی ماده 31 بابی 12ی معدل له قانونی عقوباتی بغدادی ,بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکم درام لەگەڵ یەك ساڵ له ژێر چاودێری پۆلیس .

سەرۆکی دادگای عورفی دووەم (شاکر مدحت سعود) بوو , موحاکەمەکەم یەك دوو مانگ دەوامی کرد و چەند جار دوا دەخرا بۆ ئامادەکردنی شایەدەکان .

پارێزەر (انور دزەیی) له لایەن پارتییەوە کرابوو به پارێزەرم, کەواتە وەکیلی دفاع کردن لێم بەرامبەر دادگای عورفی دووەم .

شایەدەکان ئامانه بوون : (قادر بەگی قادر زەمەو مەلا خدری کاتبی شورته و محمد برید ماموری بداله , عریف شورته محی الدین و پۆلێسێکی تر ناویم لەیاد نەماوە لەگەڵ عبد الکریم احمد المعینی مودیری ناحیەی شوان و ناجی وەنداوی تورکمان کاتبی ناحیەی شوان) .

قادر بەگ شایەدی یەکی زۆر باشی دا دەرحەقم , وتی ئەگەر شیخ ستار نەبوایا لە شوان ڕۆژی 14 و 15 ی تەمموز من دەکوژرام . لە کاتی شایەدیدانەکەی دەستی بۆم درێژکرد و وتی : ئەم پیاوە نەبوایا , سەربازو ئەفسەرەکانی حوکمەت کە لە کەرکوکەوە هاتبوونە شوان , ئێمەیان هەمو دەکوشت , کەسمان ڕزگار نەئەبوین . بۆ نموونە شیخ ستار کە من لە کەرکوکەوە ڕام کردبوو لە ماڵ خۆیان دامینا لەگەڵ کاتبی ناحیەی شوان ناجی وەنداوی.

مەلا خدریش شایەدی باشی دابۆم , بەڵام دادگای عورفی بڕیاری دا تەوقیف بکرێ , لەبەر ئەوەی ئیفادەکەی گوڕی و وەك ئیفادەکەی بەردەم هەیئەی تەحقیقی نەبو . پاشان مەلا خدریش درایە دادگای عورفی و یەك ساڵ حوکم درا .

بەڵام ناجی و مودیری ناحیە و مأموری بەدالەکە محمد بەرید کە تورکمان بوو لەگەڵ عەریف محی الدین شایەدی خەراپ و ناحەقیان لە سەرم دا .. منیش بە رێك و پێکی موناقەشەی شایەدەکانم دەکرد و جار جاریش ئەندامانی دادگاکە ڕاکانی منیان دەسەڵماند و درۆکانی مودیر ناحیە و کاتبی ناحیە و عەریف محی الدینیان لا روون دەبوەوە.

بەتایبەتی ناجی وەنداوی زۆر ناکیر جمیل دەرچوو کە لە مردن ڕزگارم کردبوو , وەك بەیتە شیعرە عەرەبییە کە :

اذا انت أكرمت الكريم ملكته وان اكرمت اللئيم تمردا

ئەنوەر دزەیی موحامی, دیفاعێکی باشی لێم کردو منیش دیفاعەکەم نووسیبووەو مەوزوعی رووداوی کەرکوك و تأسیری لەسەر وەزعی شوان و دەوری فیرقەی دووم لە ڕووداوەکە ڕوون کردەوە . بەڵام لە ئەنجام دا سەرەڕای ئەوەی هیچم لەسەر نەبوو ,بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکم درام لەگەڵ یەك ساڵ چاودێری پۆلیس لە 1960/7/25 دا .

انور دزەیی کە گوێی لە بڕیاری حوکمەکە بو وتی : (لم تكن المحاكم العرفية في العهد البائد جائرة مثل محكمتكم ...) و چووە دەرەوە .بەڕاستی پارێزەر ئەنوەر دزەیی ئازاترین و جەریئترین پارێزەر بوو .

سەرۆکی ئەنجوومەنی عورفی مدحت شاکر سعود دوای نوتقی حوکم دانەکەی پێمی وت ناچار بوین حوکمت بدەین , دەبوایا هەر حوکمت بدەین لەسەر داوای زەعیم عبد الکریم

قاسم (ئەم قسەیەی بە جیا پێم وت) پاشان وتی حەز ئەکەی بۆ کام بەندیخانە ڕەوانەت بکەین ؟ ئەم قسەیەی مدحت شاکر سعود هەمیشە لە گوێچکەم ئەزرنگایەوە. تا ئەوەبوو لە دوای ئەوەی بووم بە وەزیرلە ساڵی 1974 , جارێکیان چاوم پێی کەوت , هەمان پرسیارم لێیکردەوە , وتی ڕاستە , دێتەوە بیرم , زەعیم عبدالکریم زەغتی لەسەرمان ئەکرد کە حوکمێکی گرانت بدەین , بەڵام لەبەر ئەوەی هیچت لەسەر نەبوو , هەندێ لە شایەدەکان شایەدی باشیان لەسەرت دا , ئێمە کە چوار ساڵ حوکممان دای بۆ ئەوەی ڕزگارت کەین . منیش ئەوەبو کە لە مەحکەمەکە پێمی وت کوێت ئەوێ :

منیش وتم کەرکوك , ئەویش لە بڕیاری دادگاکە بەندیخانەی کەرکوکی بۆم دیاری کرد لە جیاتی العمارە, بەهەرحاڵ من بۆم ئاشکرا بوو سەرۆکی ئەنجومەنی عورفی هەندێ لە بڕیارەکانیان لە لایەن عبد الکریم قاسم وە بۆیان دەهات , منیش کە پارتی بووم و گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانیش مەلا مستەفای بەرزانی کە کەریم قاسم قینی لێ هەڵگرتبو , دەستی نەدە گەیشت بەبەرزانی ڕق و کینەکانی بە ئێمەی بەردەستی دەردەکرد .

بەڵێ بەم جۆرە پەردەی د یمەنی یەکەمی شانۆگەرییەکەی من و شوان و ئەنجومەنی عورفی دووەم دادرایەوەو بە ناحەق چوار ساڵیان دایە بن هەنگڵما و تا کۆتایی ساڵی 1962 لە بەندیخانە مامەوە .

دوای حوکم دانم ڕەوانەی (موقف سرای)پۆلیسخانەی بەغدا کرام لە بەغداو دوای چەند ڕۆژێك ڕەوانەی بەندیخانەی کەرکوك کرام . بەم جۆرە کۆتاییم بە ماوەی یەك ساڵ تەقیف هێنا لە گرتوخانەکان و بە ندیخانەی کەرکوك.

کە گەیشتمە بەندیخانەی کەرکوك لەوێ چاوم بە فازڵ محمد نانەوا کەوت , پێش من حوکم درابوو , محمد نانەوای باوکی میمك زای باوکم بوو لە گەڕەکی ئیمام قاسم دا ئەنیشتن و من باوکی فازڵم بە چاو نەبینیبو لەبەر ئەوەی منداڵ بووم کۆچی دوای کردبو , بەڵام ئەورەحمان نانەوای مامەی فازڵ کە ئێمە پێمان ئەوت خاڵە ئەوڕەحمان , بەڕاستی پیاوێکی باش و سەخی و خاوەند قۆناخ بوو لە کەرکوك , ئێمەی خزمەکانی لە دێی بیرەسپان کە

دەهاتین بۆ کەرکوك هەموو میوانخانەمان ماڵ خاڵە ئەورەحمان و محمد برای بوو .کە ماڵیان لە ئیمام قاسم لە یەك خانوی گەورە بوون , دایك فازڵ , عەتە بەهیە ئەویش ئافرەتێکی زۆر باش و خانەدان بوو ئەویش وەك عەتە فەیمە لەگەڵ منداڵەکانی خۆی جیامانی ناکردەوە . هەروەك منداڵی خۆیان سەیرمانیان دەکرد, بەتایبەتی فەیمەی خێزانیخاڵە ئەوڕەحمان کچی حاجی عبدالله ی خاڵەی باوکم , کەواتە خاڵە ئەوڕەحمان لە دووسەرەوە خزم بوو هەم خۆی هەم خێزانەکەی.

هەروەها لە بەندیخانە چاوم بە نوری سید وەلی و عبد الرحمن بەرید کەوت , هەردووکیان حوکمی ئیعدام درابوون و دوای ئینقیلابەکەی شوباتی 1963 لە گەڵ شیخ مارف و جەماعەتەکەی خنکێندران لە شەقامەکانی کەرکوك هەڵواسران و تا سێ ڕۆژ تەرمەکانیان بەقەد عەمودی کارەباوە هەڵواسرابوو. عبد الرحمن ئەندامی پارتی بوو .ڕۆژی 1963/6/23 (28) لەو کەسانە لەسەر ڕووداوی کەرکوك لە سێدارە دران , دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی عورفی یەکەم بە سەرۆکایەتی شەمسەدین عەبدوڵڵا حوکمی ئیعدام دران حوکمی ئیعدامەکەیان لەسەردەمی عبدالکریم قاسم ئەنجام نەدرا, ئەوەبوو دوای کودەتا شوومەکەی حیزبی بەعس لە 8ی شباتی 1963 لە لەبەربیانی ڕۆژی 23ی حوزەیران ی 1963 هەر 28 یان لە شاری کەرکوك دوای ئەوەی لەبغداوە بە فڕۆکە هێنایانەوە بۆ شاری کەرکوك لە سێدارە دران ,لەسەر بڕیاری حاکمی گشتی ناوچەی شیمال (سعدی فتحی صقلی) ژمارە (30) ,بەم جۆرە:

(بیان رقم (30)الصادر عن الحاکم العسکري العام للمنطقة الشمالیة الصادر في 1963/6/22.دەقی بەیانیەکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە , ژمارە 3705 ڕۆژی 2005/6/23 , نوسینی محمد نوری توفیق.

ناوی ئەو 28 کەسانەی کە لە سێدارە دران:

(محمد حسن عزیز, نەجمەدین نادر شوانی, عبدولرحمان محمد جەباری, فەتاح صالح , ئیحسان حسین, علی عومەر, مەحمود عەلی بەستی, خەلیل ئیبراهیم عەجەم , موختار بەرغش , عادل حسین , خورشید محمود , مەعروف بەرزنجی , عبدولجەبار پیرۆزخان ,

حسین بەرزنجی , عەبدول مجید حەسەن , فاتیح مەلا داود, نوری مەلا عەبدوللا, عەبدولحافظ حاجی شەریف, نەعیم عەنبەر, عەتا جمیل, کەریم خەلەف,مەحمود مجید ئەبو شوارب, رەحیم سەعید, مەهدی مەردان, نوری سەیدوەلی, ئەحمەد مەحمەد ئەمین, حسین خورشید.) هەروەها لە بەندیخانە چاوم بە مەلا رەشید و لەتیف چیمەنی کەوت هەردووکیان برابوون و یەکی بیست ساڵ حوکم درابوون لەسەر ئەوەی قاتلی باوکیان کوشتبوەوە .

لە شیوعییەکان شەش حەوت شیوعی لە بەندیخانەی کەرکوك بوون و پارتییەکانیش تەنها من و عبد الرحمن بەرید بوین کە ئەو حوکمی خنکاندن درابوو , شیوعییەکان پێش ئەوەی من بچمە بەندیخانەی کەرکوك , لەناو بەندیخانەکە کۆمەڵێ بەندییان رێك خستبوو بەو نیازەی بیانکەن بە شیوعی , بەڵام رێکخستنی پارتی تیا نەبوو , ئەوە بوو دوای چوونی من هەوڵم داو چەند کەسێکی باش و لێوەشاوەم بەرچاو کەوت لە بەندییەکان کە هەستی نەتەوایەتیان بە هێزبوو , هەروەها لەگەڵ شیوعییەکان لە ناو بەندیخانەکە نێوانیان باش نەبوو , توانیم چەند کەسێکیان لێ رێك بخەم و بیانکەم بە پارتی .

دوای چەند مانگێك لە بەندیخانەی کەرکوك کە تا رادەیێکی باش وەزعمان باش بوو , ڕۆژنامەمان ڕۆژانە بۆ دەهات و کەسو کارو دۆستانمان ڕۆژانە سەریان لێمان دەدا , ڕێیان دابوو پێمان خۆمان خواردەمەنی و چێشت بۆ خۆمان لێ بنێین , لەناو بەندیخانەکەش چەند بەندێیك دوکانیان کردبوەوە شتومەکیان دەفرۆشت , بەڵام زۆری پێ نەچو ئەم وەزعەمان لێ تێك چوو . مەسەلەکەش لەسەر ئەوەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە لە جیاتی چێشت خواردنی وشکیان ڕۆژانە بۆمان ئەهێنا بە ڕێگای قۆنتراتچییەك , ئەو قۆنتراتچییە خواردنەکانی زۆر خەراپ بوو , بەیانیانێك کە لێژنەی بەندییەکان ئەرزاق و گۆشتیان وەر ئەگرت , گۆشتەکە لاشەی مەڕێك بوو زۆر لاواز و هەموو لەشی ئێسقان بوو , بە لاشەی مردارەوە بووی ئەکرد , لێژنەکە گۆشتەکەی ڕەفزکرد , ئەوەبوو معاون محمد مأموری بەندیخانەکە هات و وتی ئەم گۆشتە چییەتی ئێوە ڕەفزی ئەکەن , ئەوانیش وتیان , کەی ئەمە گۆشتە , ئێوە ئێمە بە مرۆڤ حیساب ناکەن , معاون محمدیش وتی نەخێر ,

ئێوە لە جیاتی گۆشت لایەق بەوەن کاتان بدەێنێ , هەر ئەوەندەی قسەکەی لەدەم دەرچووە دەرەوە مام عـەزیز و کوڕەکـانی چـەقۆێیکی یایلیـان لێ ڕاکیـشا و مـام عـەزیز وتـی قەسـەم بەخوا وەك ئەو مەڕە سەرت ئەبڕم , بەڵام من چەقۆکەم لە دەست سـەند نـەبادا دەسـتی لێ بوەشێنێ , ئەوەبوو بەندییەکان معاون محمد یان دایـە زەویـا و زۆر بـاش دارکارییـان کـرد .
لەسـەر ئـەم ڕووداوە وەزعـی بەندیخانەکـە تێکچوو . بەرەبـەیانیانێك سـریەێیکی سـەرباز لەگەڵ سەجانەکانی بەندیخانەکە ئابلۆقـەی بەندیخانەکـەیان داو سی چـل کـەسمانیان جیـا کـردەوەو بردمانیـان بـۆ مەرکـەزی پولیـسخانەی گـەورەو (30) سی کـەسمانیان لـەژوورێکی بچووك قایم کرد درێژی ژوورەکە کە هەر چوار مەتر دەبو , پانایشی دوو مەتر دەبویان نا , جێمان نەبوو هەموو دانیشین دەبوایا هەندێکمان بە پاوە بوەستین .
ئەم ژوورەش کاتی خۆی بۆ ئافرەت درووست کرابوو , دونیا هاوین بوو , تابلێی گەرم بـوو , جێگای عەقڵ نەبوو ئەم سی کەسە بەو گەرمایە لەو ژوورە تەسك و تـەنگو بـێ پەنجەرەیـە ئیدارە بکەین , بۆیە بڕیارمان دا مان بگرین لە نان خواردن و هەرچی لێپرسراوێکیش بێتە لامان بـۆ قـسە کـردن دەسـتی لێبوەشـێنیین . دوای دوو ڕۆژ مـان گـرتن بـە لێنیانـدا پێمـان ڕەوانەی دەرەوەی کـەرکوکمان بکـەن , هـەر چـەند کەسـێکمان بـۆ یـەکێ لـە بەندیخانـەکانی عێراق .
من و لەتیف چیمەنی و احمد رحیم ساڵەیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی کوت .
ئێمە نزیکی (15) کەسمانیان بە لۆرێیکی پۆلیس بەرەو بەغدا برد و هەردوو کەس پێکەوە کەلەپچە کرابوین , لە ڕێگا زۆر ئازاریان داین و بەو گەرمایە تا بەغـدا ئـاوی خواردنـەوەیان نەدا پێمان .
لە بەغدا تەسلیمی گرتوخانەی مەرکەزی سەرا کراین , چۆن گرتوخانەێیك بوو , پر بوو لە دزو قۆڵ بڕو گیرفان بڕ , چەند ڕۆژێ لـەم گرتوخانەیـەش ماینـەوە . پاشـان بردمانیـان بـۆ بەندیخانەی کوت , سوار پاسێکی کۆنی (پاسە دارەکان) یانیان کردین , زۆر لـە صـویرە دوور نەکەوتبوینەوە پاسەکەمان تێك چوو , پۆلیسەکان ترسان لـەوەی پاسـەکە چـاك نەبێتـەوەو شەو دابێ بە سەریانا , ئـەوە بـو زۆریـان لێمـان کـرد ئـەو مەسافەیەی مـاوە بـەپا بیبـڕین و

شـتومەکەکانمانیش ئـەوی سـووکە لـە گـەڵ خۆمانـا هـەڵی بگـرین و ئـەوەی قورسـە پاشـان پاسـەکە لەگـەڵ خۆیـا بیهێنێتـەوە. بـەرەو کـوت کەوتینـە رێ , دوای چـەند سـەعاتێك و ماندوبوونێکی زۆر گەیشتینە کوت و لەوێ تەسلیمی ماموورى بەندیخانەکە کراین .

بەندیخانەکـەی کـوت لـە شـوێنێکی نـزم دروسـت کرابـوو , لـە سـەر دەرگـا سـەرەکییەکەی نووسرابو :

(ولكـم في القـصاص حيـاة ...) بـە ندیخانەکـە زۆر کـۆن بـوو وابـزانم لـە سـەردەمی عوسمانلییەکان دروست کرابوو, بـریتی بـوو لـە چـەند هۆلێـك بـە چـوار دەوری حەوشێکی گـەورە دا, چـوار دەوریـشی دیـوارێکی بـەرز لەهـەر سوچـێکی دیوارەکـە ڕەبیـەیێکی پـۆلیس (قولغ) هەبوو بۆ نۆبەت داری و چاودێری کردنی جمو جۆڵی بەندییەکان , بۆ جاری یەکەم ئێمەیان – کەواتە من و لەتیف و احمد رەحیمیان – لە نێـوان شـورە بەرزەکـە و هۆڵـەکانی بەندیخانەکە دانا , ئەو شوێنە پانایی سێ چـوار مـەتر دەبـوو , وەك بازنـە لـە نێـوان شـورە بەرزەکەو هۆڵ و ژوورەکانی بەندیخانەکەبوو , هەر لەو شوێنە چێشتخانەیێکی کۆنی لێ بوو , ئـەم چێـشتخانەیە کـاتی خـۆی شـیوعییەکان لـەناو بەندیخانەکـە لـەم چێـشتخانەیەوە کوونێکیان کردبوو (نفق) بۆ دەرەوەی بەندیخانەکە , وابزانم بۆ گۆڕستانەکەی پشتی کە بـە گۆرستانی ئینگلیز ناسرابو , لەو نەفەقەوە هەڵاتبوون . ئێمەیان لەو چێشتخانەیە بەندکرد . لەو شوێنەی کە باسم کرد شوێنە بازنەییەکەی چوار دەوری بەندیخانەکە کۆمەڵێ کوردی ئێرانیـان حجـز کردبـوو , گیانمـان بـەوان بـوو , ئـاوی ساردیان بۆمـان دەهێنـاو بـەدزی پۆلیسەکانیشەوە خواردنیان بۆمان دەهێنا , بەتایبەتی کەزانیان ئێمە کوردین و بـە کـوردی لەگەڵیانا قسەمان دەکرد, هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێیانەوە ئەنا کە خزمەتمان بکـەن. ئـەم ئێرانیانەش حجزکرابون لەبەر ئەوەی بە ڕێگای قەچاخەوە هاتبوونە نـاو خـاکی عـیراق بـۆ کارکردن , وا دیاربوو زۆر هەژارو کەم دەرامەت بوون , لە کوردستانی ئیران ئیشو کار نەبوو ناچـار ڕوویـان ئـەکردە عـیراق بـۆ کاسـبیکردن , ئـەوەی چـنگ پـۆلیس بکـەوتایا ئـەوا سنووورداشیان ئەکردەوە بۆ ئێران .ئەو چەند ڕۆژەیماینەوە لەگەڵیانا قسەم بۆیان ئەکرد و

هانیـانم ئـەدا كـە خۆیـان وشـیار بكەنـەوە و ڕۆژێـك دێ هـەردوو لا كوردسـتانی عـیراق و كوردستانی ئیران ڕزگاریان بێ لە چنگی داگیركەرانی عەجەم و عەرەب.

بەهەرحاڵ دوای سێ چوارڕۆژ ئێمەیان بردە ژوورەوە بۆ لای بەندییەكانی تر , لەگەڵ چەند بەنـدێیکی عـادی – نـەك سیاسـی- لـە هـۆڵێكی جیـاواز لـە هـۆڵی شـیوعییەكان دایـان نـاین , هۆڵێكی تر هەبو بە جیا (10) شیوعی تا (25) شیوعی تیا بوو , ئـەو شـیوعییانەی ناویـان لە یادم ماوە ئەمانەبوون :

(ناجی باڵتە و عبدالله گەرماوی و عزیز قازی كە ئەمانە هەرسێكیان دهۆكی بـوون , لەگـەڵ خورشید توزخورماتوویی و چاسپ نـاوێ لـە كرێكـارانی نـەوتی بەسـرا و محمـد امـین مـەلا عبدالكریم ی خانەقەینی ..).

پاشان انور قادر ناسراو بە انور سلێمانی یان هێنا بـۆ بەندیخانـەی كـوت بـۆ لامـان دوو سـاڵ حوكم درابوو , انور ئەندامی پارتی بوو , برای خـانم خێزانـی عومـەر حـاجی احمـد بـوو , عومەر حاجی احمد لە داییكەوە بە خزمەیاتی دەگەیی پێمان , ئەنوەر تا بڵێی كوڕی بـاش بـوو , ئـەنوەر سـلەیمانی دوای ئـەوەی لـە بەندیخانـە دەرچـوو ئیلتحـاقی بـە شۆڕشـی كوردستانەوە كرد , هاتە یاروەلی , من ئەوكاتە لـە بنكـەی شـەهید مـأمون بـووم لێپرسـراوی ڕێكخراوی شوانی سەرخاسە بووم , چاوم بە ئەنوەر كەوت , ئەویان گواستەوە وەك كـادر بـۆ ناوچەی سەنگاو. لە ساڵی 2004 لـە شـاری سـلەیمانی لـە كارگـەی چـەمەنتۆكەی تاسـلوجە مأمور مەخزەن بوو , بە سەكتەی دڵ كۆچی دوایی كرد , پێش ئەوەی سـەكتەكە لێـی بـدا بە نیو سەعات لـەماڵمان بـوو , كـە گەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوەیان و كتـوپڕ تووشـی جەڵتـە ئـەبێ كۆچی دوایی ئەكا. ,دوای انور , رشید دۆسـكی بـرای دیـوالی ئاغایـان هێنـا بـۆ لامـان ئـەویش (20) بیست ساڵ حوكم درابو لەسەر ڕووداوی موصل . رشید ئەندامی پارتی بوو .

ئێمە لە بەندیخانەی كوت , ئەندامانی پارتی ئەمانە بوین : ( من و انور و رشید و لەتیف و احمد قۆچەقانی عوسمان قۆچەقانی و احمـد رەحـیم سـاڵەیی) خـواردن و ژیانمـان پێكـەوە بوو , كەواتە هاوبەشێتی , من و رشـید و انـور لـە ماڵـەوە یارمـەتیمان بـۆ دەهـات , كـەس و كـارو دۆسـتانمان زوو زوو هـەمو سـەرمانگێ سـەریان لێمـان ئـەدا , لەگـەڵ خۆیانـا درێغییـان

ناكردو یارمەتییان بۆمان دەهێنا . بەهەرحاڵ لە ڕووی دەرامەتی, وەزعمان لەناو بەندیخانەکە زۆر باش بوو , لەتیف لەناو بەندیخانە کڵاو وجانتای دەچنی و دەیفرۆشت و پارەکەی بۆ دایکی ڕەوانە دەکردوە . لەدەرەوەی بەندیخانە لە شاری کوت حوسێن رۆمی و سەلمان بێچان و احمد حسن بەرزنجی هەموو مواجەهەیەك سەریان لێمان دەدا , احمد لە سالی 1988 کۆچی دوایی کرد خەڵکی توزخورماتو بو بەڕاستی مرۆڤێکی کورد پەروەرو تێکۆشەر بوو , هەموو مواجەهەیێك لەگەڵ خێزانەکەی ئەهات بۆ مواجەهەمان و چێشتی ماڵی باشی بۆمان ئەهێنا .

لە بەندیخانەی کوت ڕۆژنامەی خەبات مان بەدزییەوە بۆ دەهات و شەوان بۆ برادەرانمان دەخوێندەوە و پاشان دەماندایە شیوعییەکان . زۆربەی کاتم لە بەندیخانە بە خوێندنەوە دەبردە سەرو ڕۆژانەش دەرسم بە لەتیف چیمەنی دەداو فێری خوێندەواریم دەکرد و زۆر باشیش فێربوو .

دوای دەرچوونی لە بەندیخانە ئاگام لێبوو نامەی دەنووسی و نامەی دەخوێندەوە و پەکی ناکەوت . بەم دواییەش کە لە نیوزیلەندە گەڕامەوە لە سالی 2003 بۆ کوردستان , لە سالی 2005 لەتیف و مەلا ڕەشید لە کەرکوك سەردانیمیان کرد ,

وەزعی بەندیخانەی کوت لە ڕووی خواردن و خواردنەوە زۆر خەراپ بوو , ئەگەر پارەو پوولی خۆمان نەبوایا خواردنی ئەوان زۆر بێکەڵك بوو . هەروەها حەمام و جێگای خۆشوشتنی تیا نەبو , شەوان بەدزییەوە سەتڵێ ئاومان دائەناو دوو کەوچکی چێشتمان بە دوو وایەری کارەباوە دەبەست و فڕێمان دەدایە ناو سەتڵەکەوە و ئاومان پێگەرم دەکرد و هەر شەوی چەند کەسێك بە نۆرە خۆمان پێ دەشوشت و دوای تەوابوون لەترسی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە وایەرەکانمان دەشاردەوە و کەسیش نەبو لەوانەی لە ژوورەکەمان بوون گزیریمان بکەن , بۆ چای لێنانیش بەهەمان شێوە بە شەوان دوو کەوچکی چا یمان بە دوو وایەری کارەباوە دەبەست و چایمان پێ دەکرد , یان بە ڕۆژەوە لەودیو هۆڵەکانی بەندیخانە چایچی خۆیان هەبو لە کوونێکەوە کە تەنها گلاسێکی پێوە دەچو چایان بە پارە پێمان دەفرۆشت .. بەڵام دوای ئەوەی لێپرسراوی بەندیخانەکە بەم

بەزمەی زانی , ڕێگەی دا پێمان پرێمزو تەباخی بچووك بەرینە ژوورەوەو بۆ خۆمان چای لێبنێین یان خۆمان بشۆین .

لە لایێکی ترەوە بێجامەو کەرپەلی شەخصیمان لێ قەدەغە کرابوو , هەموو دەبوایا بەرگی (کانە)مان بکردایەتە بەر . (کانە) پانتۆل و چاکەتێك بوو وەك جوالێ زبرو ناقولا , بەهەموو شتێکی دەکرد تەنها بە کەرپەل نەبێ ..!!

ئەم مەوزوعانەش لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکە چارەسەرمان کرد, ئەویش بە بەرتیل و ڕەشوەت وامان کرد بێجامەکانمان بدەنەوەو لەبەری بکەین .. هەرچەند لەو سەردەمە ئازاردان و ئەشکەنجە لە بەندیخانەکان نەبوو , بەڵام بەڕاستی ژیان لەناو چوار دیواری بەرز کە تەنها چەند مەترێك ئاسمانمان لێوە دیاربوو , ژیانمان زۆر ناخۆش بوو , لەگەڵ ئەو ناخۆشییەش خۆم لەگەڵ ژیانی بەندیخانەکان و گرتوخانەکان گونجاندبو , بەو جۆرە ساڵ و نیوێکم بردەسەر لە بەندیخانەی کوت تا ڕۆژی 1962/1/1 بەربوین , دوای ئەوەی عبد الکریم قاسم لە 50٪ عەفوی دا بە بەندییەکان . بەڵام دوای بەربوونم ساڵێ لە ژێر چاودێری پۆلیس مامەوە , لە پۆلیسخانەی ئیمام قاسم .

لە پۆلیسخانەی ئیمام قاسم لەکەرکوك ئەبوایا ڕۆژی دووجار , بەیانیان و ئێواران دەفتەرێکیان بۆم دانابو ئیمزای بکەم .بەڕاستی ئەم ئیمزاکردنە زیاتر وای لێمکرد قینم لە ڕژێمەکە ببێتەوە , لە لایێکی ترەوە باوەڕم زیاتر بەخۆمبوو کە ڕژێمەکە لە کەسانێکی وەك من بترسێ و دوژمنی هەموو نیشتمانپەروەرێك بێ , ئەبێ دواڕۆژی ئەم ڕژێمە بە چی بگا؟

دوای بەربوونم لە بەندیخانە و گەڕانەوەم بۆ شاری کەرکوك و گەڕەکی ئیمام قاسم . لە کەرکوك لێژنەی ناوچەی کەرکوك پەیوەندی پێمەوەکرد, ئەوەبوو لە یەکێ لە شانەکانی ڕێکخستنی پارتی ڕێکخرامەوەو دوای چەند حەفتەیێك بوومە ئەندامی ڕێکخراوی کاسبکارانی کەرکوك , ئەنوەر محمد جاف لێپرسراوی لێژنەکە بوو , پێشتریش وەك باسمکردوە لێپرسراوی لێژنەی شوان بووم پێش گرتنەکەم و بەندکردنم. بە ئەندامەتی لێژنەی کاسبکاران مامەوە تا شوباتی ساڵی 1963 و ڕووخانی ڕژێمی زەعیم عبدالکریم

قاسم و هاتنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ سەر حوکم, لە ئەنجامی کودەتابەکی ڕەش .

جارێ سێ چوار ڕۆژ بەسەر کودەتاکەی بەعس تێپەر نەبوبوو ئەمری گرتنم دەرچو . کاتێ بۆ ئیمزاکردن ئەچووم بۆ پۆلیسخانەی ئیمام قاسم , ئەحمەد سەنگاوی کە یەکێ بوو لە پۆلیسەکانی ئاسایشی کەرکوك , بە سواری پاسکیل لە ڕێگا تووشمبوو , ئاگادارمیکردەوە کەوا فەرمانی گرتنم دەرچووە و ئێستا دێن بۆ گرتنم ... منیش ناچار خۆم شاردەوە . دوای چەند ڕۆژێك لە کەرکوك لە ماڵ ئیسماعیلە سوور خۆم شاردەوە , ئیسماعیل شوفێری سەیارە بوو لە ساڵی 1956 لە دێی پاپیلان لە ناو شوانەوە دەمانی بردەوە بۆ کەرکوك هەروەها لە کەرکوکیشەوە بۆ پاپیلان , ئەو سەردەمە مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی پاپیلان بووم و ساڵی یەکەمبوو قوتابخانەکە کرابوەوە. ئیسماعیل خەڵکی دێی یارمجە بوو , نیو سەعات پیادە ڕێ لە بیرەسپانەوە دوورە کەواتە لە دێیەکەمانەوە..

دوای چەند ڕۆژێك لە کەرکوکەوە دەرچوومە دەرەوە بۆ دێی یاروەلی نزیك کەرکوك و کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەلاّتی کەرکوك و لەسەر ئاوی خڕ خاسە . دێی یاروەلی یەکێ لە بارەگاکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو, بارەگای سەوقی , لە یاروەلی جگە لە ڕاکردوەکان , هەموویان لە یاروەلی کۆ ئەکرانەوە پاشان لەوێوە تەوزیع سەر بنکەکان ئەکران. هەروەها ئازوقە و شتومەك لە کەرکوکەوە کە ئەنێردران بۆ شۆڕش بە ڕێگای یاروەلیەوە ئەنێردران , یاروەلی یەکێ لەو دەروازە گرنگانەی شۆڕشی کوردستان بوو لە قوڕگی کەرکوك , هەرچەند دەروازەی تریش هەبوون .

لە کەرکوك بە شەو دەرچوومە دەرەوە و چاوساغم ئیسماعیل پۆلیس بوو ناسراو بە ئیسماعیلە گۆج لەبەر ئەوەی چەند پەنجەیێکی نارنجۆك پەڕاندبووی , جارێکیان خەریکی فتیلەی مینێك ئەبێ و ئاگر لە فتیلەکە بەرئەدا و هەولَ ئەدا فتیلەکە بکوژێنێتەوە فریا ناکەوێ و کەپسولی سەر فتیلەکە بە پەنجەکانیەوە ئەتەقێتەوە و چەند پەنجەیێکی ئەپەڕێنێ. ئیسماعیل یەکێ لە ئەندامە تێکۆشەرو نەترسەکانی پارتی بوو دوای

ئەوەی لە پۆلیسی دەرکرا دوکانێکی عەتاری لە ئیمام قاسم کردەوە لە نزیك چاپخانەکەی خورشید عوسمان ڕابی. دەوری سەرەکی هەبوو لە دەرکردنی ئەو ئەندامانەی لە لایەن حکومەتەوە ئەمری گرتنیان دەر ئەچوو.

پاشان زانیم ئەمری گرتنەکەم لە ئەنجامی گزییریکردنێکی شەفیق سعیدحوسین برای حاجی هاوار بوو . شەفیق ئەندامی پارتی بوو , پەیوەندی بە منەوە هەبوو پەیوەندی فەردی و لە شانە ڕێك ناخرا, شەفیق خەڵکی قادر باغر بوو . ڕۆژێکیان مامۆستا ئەنوەر —ناوی باوکیم لە یاد نەماوە- خۆیی و خێزانەکەی لە سلەیمانیەوە هاتبوون بۆ لام و بڵاوکراوەێیکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی بۆم هێنابوو, مامۆستا ئەنوەر ئەندامی مەکتەبی ڕاپەڕاندنی یەکێتی بوو لە سلەیمانی و منیش ئەندامی لقی یەکێتی بووم لە کەرکوك. ئەو سەردەمە دوکتۆر کامل بەسیر لێپرسراوی یەکێتی بوو . ئەو کاتەی مامۆستا ئەنوەر هات بۆ ماڵمان شەفیق لە ماڵمان بوو چاوی پێوەبوو کە بڵاوکراوەکەم لێیانسەند و یەکسەر کە چووبوە دەرەوە گزیری کردبوو , تومەزە سیخوڕی ئاسایش بوو و ئێمە پێمان نازانی.

دوای چوونم بۆ یاروەلی شەفیق پرسیاری کردبو کە ڕێکی بخەن , منیش لە یاروەلییەوە حیزبم ئاگادارکردبوەوە کە شەفیق گزیریمی کردوەوەو سیخوڕی ئاسایشە , ئەمەشم چۆن زانی, بە ڕێگای ڕەئیس عورەفای ئاسایش حەمە کەریم مام ڕەشییبەوە , ئەو ئاگادارمی کردەوە کەوا شەفیق گزیریمی کردوە. کە شەفیق داوای ڕێکخستنەوە ئەکا , داوای لێ ئەکەن کە من نامەێیکی بدەمێ , شەفیق دوای چەند ڕۆژێك هاتە یاروەلی , لە یاروەلی سەید فتاح و ئەنوەر قادر سلەیمانی یەکسەر ئەیگرن و ڕەوانەی لای منی ئەکەن بۆ بنکەی شەهید مأمون لە شوانی سەر خاسە, بنکەی شەهید مأمون لە نزیك دێی خلەگەڕ بوو . کە هاتە لام هەموو شتێکم بۆ ڕوونکردەوە و لیژنەێیکی لێکۆلینەوەمان بۆی دانا و دوای تەوابوونی لێکۆلینەوەکە ڕەوانەی " ماوەت" مانکرد , بارەگای مەکتەبی سیاسی , لە ماوەت بەند کرا و بە بەندکراوی مایەوە تا نیسانی ساڵی 1964 , دوای ڕیککەوتنەکەی نێوان بارزانی و

عبدالسلام عارف و تێکچوونی نێوان پارتی و سەرۆکی پارتی مەلا مستەفا , شەفیق بەردرا و گەڕایەوە بۆ کەرکوك.

شەفیق ئەندامی پارتی و لە ژێرەوە سیخوڕی دایەرەی ئاسایشی کەرکوك بوو کە لەو سەردەمە سیخوڕی کورد زۆر کەمبوون , خەڵکی قادر باغری لای خۆمان بوو , ئەگەر ئەحمەد سەنگاوی کە بەڕەسمی ئاسایش بوو فریام نەکەوتایا , ئەگیرام و نازانم مەسیرم ئەمجارەیان بە دەس بەعسەوە چی ئەبوو, دووریش نەبوو وەك شێخ مارف بەرزنجی و حوسێن برای ئیعدام نەکرایام.

بە هەرحاڵ دوا بەدوای من ئەحمەد سەنگاوی لە ترس ئەوەی نەیگرن یەکسەر ڕائەکا و ئەچێتە سەنگاو, لە سەنگاو پێشمەرگە بەندی ئەکەن و ئەحمەدیش ئەڵێ من پەیوەندیم بە شێخ ستارەوە هەبوە , ئەوانیش برووسکەیێکم بۆ ئەنێرن بۆ بنکەی شەهید مأمون و منیش وەلآمیانم دایەوە کە ڕاست ئەکاو دەوری باشیشی هەبوە لە دایەرەی ئاسایش و یەکسەر بەڕەلآی ئەکەن و ئەبێتە پێشمەرگە.

پاشان زانیمان کە هەر شەفیق ئیخباری ئەحمەد غەفوری شیوعی کردبو, بە گرتنی دابوو لەگەڵ ئاشکراکردنی بارەگا نهێنییەکەی حیزبی شیوعی لە کەرکوك.

ئەو ماوەیەی لە ناو شاری کەرکوك مامەوە دوای دەرچوونم لە بەندیخانە, سەرەڕای چاوەدێری پۆلیس , لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی و ئەندامانی لێژنەی ناوچەی کەرکوك چالاکتر بووم , بەتایبەتی تواناییکی بێسنوورم هەبوو بۆ چوونە ناو جەماوەری ڕەش و ڕووتی شارەکە وە, بەتایبەتی بە حوکمی ئەوەی لە شاری کەرکوك گەورەبووبوم و لە بنەڕەتەوە خۆم دەشتەکی بووم و خەڵکی بیرەسپان بووم, زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردی کەرکوکم ئەناسی , ئەو کوردانەی لە شوان و ساڵەیی و شیخ بزێنیەوە هاتبوونە کەرکوك و جێگای باوەڕیانبووم.

# بەشی چوارەم

1964-1963

# ژیانم لە ڕیزی شۆڕشی کوردستان دا
# لە بەندیخانەوە بۆ چیاکانی کوردستان

لە 10ی شوباتی 1963 لە کەرکوك دەرچوومە دەرەوە بۆ دێی یارەوەلی , دوای دەرچونی فەرمانی گرتنم لە لایەن ئینقلابچیەکانی حیزبی بەعسەوە . لە یاروەلیەوە ڕەوانەی دێی گولمکەوە کرام و لە گولمکەوەوە بۆ دێی خلەگەڕ و پاشانیش بۆ بنکەی شەهید مأمون , کە سێ چوار کیلومەتر لە دێی خلەگەڕەوە دووربو . بنکەی شەهید مأمون بەناو مأمون دەباغەوە ناونرابو و قوتابی کۆلیج بوو .

بنکەی شەهید مأمون بریتی بو لە ئەشکەوتێکی بچووك و گەورەکرابوەوە و ڕێکخرابو, بیست کەسێکی ئەگرت و چەند ژوورێکی بچووکیشی لە تەنیشتیەوە دروستکرابو . کەوتبوە دۆلێکەوە بە زستان و هاوین ئاوی لێ نە ئەبڕا و شوێنەکەی بەرچاو نەبو, هەتا نەچویتایا بان ئەشکەوتەکە بنکەکەت لێ دەرنەئەکەوت , هەروەها شوێنەکەشی وابو دەتوانرا لەگەلّ هێزێکی بچووکی سوپا یان هەر هێزێکی تری چەکدار شەڕ بکرێ . بنکەی شەهید مأمون نزیکترین بارەگای سەربازیی شۆڕشی کوردستان بو لە شاری کەرکوکەوە. پێشمەرگە بە چەند سەعاتێك ئەیانتوانی خۆیان بگەێننە سەر زورگەکانی دەوروپشتی کەرکوك و دەس خۆیان بوەشێنن , یان ڕێگا لە کاروانی سەربازیی حوکومەت بگرن لەسەر ڕێی کەرکوك= قەرەهەنجیر =چەمچەمالّ =سلەیمانی. چەند جاریش پێشمەرگە لەسەر ئەو ڕێگایە لە سالّی 1963 ڕێگاکەیان ئەبەست و لە کاروانەکانی سوپای عیراقیان ئەداو زەرەرو

زیانێکی زۆریان لێ ئەدا و جاری واش هەبو بە مانگ ڕێگاکەیان ئەبڕی و سەیارەی میری و سوپا نەی ئەتوانی تێ پەربێ .

که چوومه بنکەی شەهید مأمون مامۆستا عبدالله نەجیم سراج ناسراو بە میرزا شوان , لێپرسراوی سیاسی و ئیداری بنکەکە بو. میرزا شوان دوای گەڕانەوەشی بۆ کەرکوك هەر ئەو ناز ناوەی مایەوەو هەر بەناوی میرزا شوانیشەوە لە ڕۆژنامە کوردیەکان وتاری بلاو ئەکردەوە. میرزا شوان بەم دواییە نووسەر و رۆماننووسێکی گەورەی کوردی لێ دەرچوو, یەکی لە شا رۆمانەکانی " هەڵکشان بەرەو لوتکە " یە . ئێستا لە وڵاتی فینلەندەیە وەك پەناهەندە. لە فینلەندەش چەند ڕۆمانێکی لە چاپ داوە , یەکێ لەو ڕۆمانانە ڕۆمانی (ونگەیە ), کە لە نیوزیلەندە بووم , بە دیاری بۆمی نارد . لە ساڵی 2005 بەسەردان گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە کەرکوك سەری لێمدا , خەریکی کردنەوەی پیشانگایێکی تەشکیلی بوو لە هەولێرو سلەیمانی .

بنکەی شەهید مأمون بارەگای لێژنەی ڕێکخراوی شوانی سەر خاسە بوو جگە لەوەی بارەگای لقێکی پیشمەرگە, لقی شەهید مأمون بوو. کە ئەو سەردەمە عەریف عەلی مەولود ڕەقەم یەك سەر لقی لقەکە بوو , پێش ئەویش کویخا شەریف سەیدان و بەم دواییەش ملازم صبحی , کە لە ساڵی 1994 ڕژێمی بەعس ملازم صبحی لەگەڵ ئەسعەد شێخ بزێنی ئیعدام کرد. ملازم صبحی دوای دووبەرەکییەکەی 1964 گەڕایەوە بۆ کەرکوك و خەریکی کاسبی بوو , دیاربوو لەگەڵ ئەسعەد شێخ بزێنی ئەچنە کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پرسەیەك و کە گەڕانەوە , وادیاربوو گزیری کرابوون گوایا چاویان بە مام جەلال کەوتوە, یەکسەر تەوقیف ئەکرێن و هەردووکیان ئیعدام ئەکرێن , خالد پاساریش لەگەڵیانا ئەگیرێت , گوایا ئەویش گزیری کرابوو کە دوای هاتنەوەیان لەگەڵ خالد بینراون , دوای ماوەیێکی زۆرو ئەشکەنجەدان بەرەڵاکرا. خێزانەکەی حالد هات بۆ لام هەوڵێکی بۆ بدەم , بەڵام وەزعم لە ساڵی 1994 باش نەبوو , هیچم بۆ ناکرا بۆ بەردانی خالد .

کوێخا شەریف سەیدان ئازاترین پێشمەرگەی کوردستان بو , نایزانی ترس چییە , جاری وا هەبو لە دێی سەیدان خوی و براکانی بەهجەت و ڕەفعەت بەرەنگاری فەوجێ سەربازو

جاش ئەبوەوە و ڕێگای نە ئەدا پێیان بچنە ناو دێیە کەیەوە. هەرچی بنووسم لەسەر ئازایەتی ئەم قارەمانە جارێ هەر کەمە.

دوای ئەوەی چوومە بنکەی شەهید مأمون کرام بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی شوان و لێپرسراوی لێژنەی ڕێکخراوی شوانی سەرخاسە. سنووری ئەم لێژنەیە زۆر فراوانبوو , لە دێی چیمەنەوە لە قوڕگی شاری کەرکوك تا دێی تەوەکەڵ و تلیان و تیژە , و بنگرد و بنە و گورگەیی خاسەو سەیدان خوارو و سەیدان ژوورو گوڵمکەوە و یەختە خان و گەزەڵان و گۆران و پاپیلان و جولحان و تا ئەگا بە دانە سۆفی دەها دێهاتی تر تا ئەگا بە کەلاْوقوت و دەلۆ و ساتی هتد. جادەی کەرکوك –سلەیمانی تا دەربەندی بازیان لای ڕۆژئاوای جادەکەی ئەگرتەوە تا سنووری ساڵەیی کەواتە دێهاتەکانی سەر بە ناحیەی پردێ , ئەو دێهاتانە سەر بە لێژنەی ڕێکخراوی ساڵەیی و شیخ بزێنی بو.

مەلا عبداللە ی سێگردکان " مەلا عبداللە ی بچووك" لێپرسراوی لێژنەی شوان بوو , ئەندامانی لێژنەکە " من و شێخ جەبار برام و مەلا ڕەشید توتنچی لەگەڵ مەلا تالب و مەلا عبداللە ی زەردکی و مەلا نوری" من و شێخ جەبار دوو مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوین , ئەوانی تر ئاستی زانیارییان زۆر نزم بوو .

ئەندامانی لقی سێی کەرکوك , مستەفا کرێکارو ڕۆوف عارف و مەلا عبداللە ی سێگرتکان و بهجت حسن و مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی ناسراو بە مامۆستا عولەما نوێنەری مەکتەبی سیاسی بو لە لقەکە کەواتە لێپرسراوی گشتی پارێزگای کەرکوك.

لێژنەی ڕێکخراوی شوانی سەر خاسە , من لێپرسراوی لێژنەکە بووم , ئەندامانی لێژنەکە " مەلا عەزیز بادینانی و مەلا بایز و حسن مەلا سەعدی و جبار جەباری ناسراو بە " هەڤاڵ زاڵ " بەم دواییە لە ساڵانی حەفتاکان حیزبی بەعس سڕنگومی کرد .

ناوچەی شوان لە ڕووی ستراتیجی و سەربازییەوە ناوچەیێکی زۆر گرنگ بوو,لە قۆڵی کەرکوکەوە حوکومەت هەر هێرشێکی سەربازی بکردایا یەکەمجار لە شوان سەرخاسەو ساڵەیی و جەبارییەوە دەستی پێئەکرد و پێشمەرگەکانی ئەم ناوچانەش ئازاترین

پێشمەرگە ی کوردستان بوون بە هەموو واتایێکی ئازایەتی, لەبەر ئەوەی ناوچەکە نیمچە دەشت و زورگاویی بو , کەواتە شەڕکردن لەگەڵ سوپایێکی پڕ چەك و ڕێکخراو, بەرامبەر بە تانگ و زرییپۆش لەسەر زەوی و لە ژێر ڕەحمەتی فرۆکەی مێگ و هەنتەر و سۆخۆی و تۆپۆلۆف لە ئاسمانەوە , بەدەم ئاسانە شەڕ لەگەڵ ئەم هێزانە بکرێ کە چەکی پێشمەرگە تەنها تفەنگ بو, هەر لقێکی پێشمەرگە یەك ڕەشاش زیاتری نەبو یان ڕەشاشی برێن , دیکتاریوف ی ڕووسی . ئەو سەردەمە " ئار.پی چی" مان نەبو, جارناجارێك قازیفەیەکی ئەمریکی ئەدرایە هەندێ لە لقەکانی پێشمەرگە, لە یەك دوو قومبەلەی زیاتر لەگەڵ نەبو جگە لەوەی قومبەلەی زۆر بێکەڵك بو. بە مەرزووبی ئاوی ئەکرد و پێشمەرگە ئەیخستە سەر شانی . بەگشتی تا ساڵی 1963 چەکی پێشمەرگە زۆر خەراپ و کۆن بوون , بەڵام دوای چەن شەڕێك لەگەڵ سوپای عێراق و جاشەکان , هەروەها دوای فیرارکردنی پۆلیس و سەرباز و ئەفسەرە کوردەکان وردە وردە لقەکانی پێشمەرگە لە کوردستان پڕ چەك بوون و ژمارەی پێشمەرگەش بەرەو زیادبوون ئەچو.ئەوەبو لە ساڵی 1963 ژمارەی لقەکانی پێشمەرگە لە شوانی سەر خاسە گەیشتە سێ چوار لق , هەر لقی دەوری 110 پێشمەرگە ی هەبو.

لە یەکێ لە شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپا و جاشی عەرەب , لە یادمە کاروانێکی سەربازی بەرەو قەرەهەنجیرو چەمچەماڵ کەوتبوونە ڕێ , جاشە عەرەبەکان لەناو سەیارەی زیلی عەسکەری هاواریان ئەکرد " احنا البدو وین العدو" کەواتە ئێمە بەدوین کا دوژمنەکان. سێ چوار لە سەیارەکانی جاشەکان کەوتنە ناو کەمینەکانی پێشمەرگەوە , لەو کەمینە کەسیان بە زیندویی دەرنەچوون و شوێنی کەمینەکەش لە( کەرترێنە) بوو,
کەچوار پێنج کیلومەتر لە کەرکوکەوە دوورە , دوای شەڕەکە ناوی ئەم شوێنەیان نا " (عەرەب ترێنە)" لەو شەڕە زیاتر لە حەفتا تفەنگی برنۆی وەسەت و ڕەشاشی کلاشنکۆف و دیکتارپوف و برێن دەسکەوتی پێشمەرگە بو , ئەم ژمارە چەکانەش لەو ڕۆژە گەڵێ زۆربوون , پێشمەرگە خەوی پێوە ئەبینی.

هەر له ساڵی 1963 جارێكیان لەگەڵ قادر مەجید كه كادری چەند دێیكی شوانی سەرخاسه بو هەروەها سید صالح و بەهجەت برای كوێخا شەریف رەفعەت برای له نزیك دێی گورگەیی خاسه و ساتی و له گەڵ خورهەڵات دا هەر ئەوەندەمانزانی نزیكی چوارسەد عەرەبی بەدو , جەماعەتەكەی عیادە صدید له جاددەكەی ڕێی كەركوك چەمچەماڵ بەرامبەرمان بوونەوەو هۆسەیان ئەكرد " احنا البدو وین العدو" ئەوان ئێمەیان بینیبو , وەزعمان زۆر خەراپ بو, ئەوان لەسەر زورگەكان بوون و ئێمەش له دۆڵێك بوین , بوه شەڕمان له بەیانیەوە تا نزیك ئێوارە , ئێمه دابەش بووینه سێ قۆڵەوە , من تفەنگێكی بڕنۆم پێبو , تفەنگەكه هی كوێخا حەمه فەریقی یەختەخان بوو لام, قۆڵی دوەم بەهجەت بوو ئەویش تفەنگێكی بڕنۆی باشی پێبو , قۆڵی سێیەم رەفعەت بو ئەویش تفەنگێكی بڕنۆی پێبو , سید صالح و قادر مەجید دوو كەسی ترمان لەگەڵ بوو ناویانم له یاد نەماوە. ئێمه گیانمان به ژنەكانی دێی ساتی و جلفه و چەند دێیكی تربو كه به زگەخشكێ نان و دۆیان بۆمان ئەهێنا ئەگینا له تونیا ئەخنكاین, من لەو شەڕە پڕشنگی بەردی ژێر لوولەی تفەنگەكەم كه لەسەریم دانابو , یەكێ له عارەبەكان لەسەر دەم ڕاكشابو چاوم لێی بوو , لوولەی تفەنگەكەی لەسەر چەتاڵێك دانابو , گوولەیێكی تێمگرت , تەنها نزیكی یەك میلیمەتر كورتیكرد و دای له بەردەكه و پرشنگی بەردەكه دەسمی كەمێ بریندارکرد لەگەڵ دەمو چاوم و خۆم غلەوەكرد بۆ ئەوەی به تەقەی دووەم نەمكوژێ. ئەوەبو بەهجەت نەیهێشت بۆ دووەم جار بێته دەست و له شوێنەكەی خۆی كپیكرد. عەرەبەكان كه دییان ئەو زەلامەیان كوژرا ئیتر ورەیان بەرداو به هەرچی حاڵ بوو لاشەكەیان ڕزكاركرد و بەرەو قەرەهەنجیر هەلاتن, ئێمەش جگه له من شەو و ڕۆژێك بەهجەت خوێن لووتی دابوو زۆر ئازاری بوو. كه عارەبەكان هەلاتن قادر مەجید به تفەنگێكی ئینگلیزی گوولله خۆرەوە كەوته دوایان و هاوارم لێی كرد كه بگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی ئەمزانی كه ئەوان بگەنه قەرەهەنجیر داوا له فڕۆكەكان ئەكەن بۆردومان مان بكەن, ئەوەبو دوای نیو سەعات كەمتر دوو فڕۆكەی هەنتەر گەیشتنه سەرمان بەلام لەبەر ئەوەی لەو شوێنەی لێیبوین چەن كوونه تەیارەێك هەبو خۆمان تیایانا حەشاردا, و بەسەلامەتی ڕزگارمانبو,.بەڕاستی دەوری

ئازایەتی و گیانی لە خۆبوردنی ئەو ژنانەی دێی ساتی لە ژێر گوللە بارانی دوژمن و گەیاندنی نان و دۆ بە زگە خشکێ, یەکێکە لە مەزنترین داستانی ژنانی کورد و ڕۆڵیان لە شۆڕشی کوردستان, من هەمیشە خۆم بە قەرزارباری ئەو قارەمانە ئەزانم .

لە ساڵی 1972 کە قایممقامی قەزای خضر بووم و عیادە صدید یش پاریزگاری موسەننا بوو باسی ئەم شەڕەی بۆم گێڕایەوە و وتی گوایا پێشمەرگەکان زیاتر لە چەند سەتێك ئەبوون و ئەوانیش دەوری چوار سەد چەکدار و نزیکی سیی پێشمەرگەیان کووشت و پاشان کشانەوە و منیش بە پێکەنینێکەوە وەلامم دایەوە و وتم ئەوانە پێشمەرگە نەبوون بەڵکو شەش حەوت کادری سیاسی بوون لەگەڵ منا بوون و کەسمان لێ نەکوژرا , عیادە وتی ئێمە هەشت کوژراومان هەبوو لەگەڵ چەند بریندارێکدا.

گەورەترین شەڕی ناو شوان شەڕەکەی ساڵی 1963 بو, دوای تێکچوونی نێوان حوکومەت و شۆڕش دوای 10 ی حوزەیرانی 1963 . لەو شەڕە سوپای عێراق بەهەمو هێزەکانیەوە , بە هەمو جۆرە چەکێ دوای کشانەوەیان لە هەرێمی بارزان و بادینان دوای ئەوەی حکومەتی عێراق لە ژێرەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەد بەرزانی ڕێك کەوتبوون . هێرشێکی بەربلاو و دڕندانەیان بەرەو شوان و جەباری و ساڵەیی و قەرەحەسەن و دوکان و زێویە هێنا بە هەدەفی گرتنی قەرەداغ و چەم ڕێزان و دەرپەڕاندنی پێشمەرگە بەرەو سنووری ئێران.

ئەوە بو دوای شەڕێکی گەرمی چەند حەفتەیی سوپای عێراق قەرەداغ و چەم ڕێزانیان گرت و سەرکردایەتی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی مام جەلال بەرەو شەدەڵە کشایەوە و برووسکەیێکمان بۆ هات بۆ هێزەکانی شوان کە بەرەو شەدەڵە بکشێنەوە , لە برووسکەکە تێگەیشتین کە چەم ڕێزان چۆڵکراوە.

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی شوان و هەموو ڕێکخراوەکانمان لەگەڵ لقەکەی عەریف علی مولود "علی رەقەم یەك " بەرەو شەدەڵە کشاینەوە , هەرچی مەڕو ماڵاتمان هەبو لەگەڵ خۆمانا بەدەم شەڕەوە بەرەو شەدەڵە بردمان. تا گەیشتینە سەر ئاوی زێی گچکە لە دێی " ساتوقەلا " ئێوارەێیکی درەنگ خۆمان و مەڕەکانمان کە 300 سەر مەڕ زیاتر بوو, لە دەم

زێیەکە وەستاین و چەند کەسێکمان پەڕاندەوە و داوامان لە کەڵەکەوانەکانی دێی ساتوقەڵا کرد بمانپەڕێننەوە , لە سەرەتادا سەر پێچییانکرد  و وتیان ئێمە بەم شەوە کەس ناپەڕێنینەوە , دیاربو هەستی ئەوەیان کردبو ئێمە شکاوین و پاشەکشێ ئەکەین و نایان ویست خۆیان پیاو خەراپ  کەن بەرامبەر میری , بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێمە لە ناوچەکە نامێنین. ئەوەبو بە قسەی خۆش نەهاتنە  سەر ڕێ و ئنجا هەڕەشەم  لێیانکرد و وتم ئەگەر ئێستا هەمو مەڕومالاَتەکان  نەپەڕێننەوە  هەرچی کەڵەکتان هەیە ئاگریان تێبەرئەدەم  خۆتانیش بە بەندکراوی لەگەڵ خۆمانا ئەبەین,  ئەوە بو بە پەلە هەمو مەڕومالاَتەکانیان پەڕاندەوە  ئەوبەری زێیەکە  و شەو لە دێی ساتوقەڵا ماینەوە. لەوێ پێشمەرگەکانمان لەگەڵ دا نەبوون تەنها 12-15 کادری چەکداربوین , من و شێخ جەبار برام و مەلا ڕەشید و جەبار جەباری و حەمە تاهر مام ڕەشی  و ئیبراهیم نەجیم خەزورم و حەسەن مەلا سەعدی و  مەلا بایز و مەلا تالیب و چەن کادرێکی تر ناویان لە یادم نەماوە.

شەو لە دیوەخانەی دێیەکە دانیشتبوین هەستمانکرد ئاغاکانی شێخ بزێنی  نیازیان باش نییە , دوودڵ بوون لەوەی بچنە پاڵ حکومەت و چەك هەڵبگرن دژی شۆڕش یان لەگەڵ شۆڕش دا بمێننەوە , بەتایبەتی برایم ئاغای گەڵناخاچ و ڕەسوڵ ئاغای مەرزیخە و چەند ئاغایێکی تر, ئەوەبو برایم ئاغا پەلارێکی تێمگرت و وتی شێخ ستار بە بیرتە لە ساڵی 1961 لە گرتووخانەی پۆلیسخانەی گەورەی کەرکوك چیم پێتووت ؟ ئەو سەردەمە برایم ئاغا بە تەوقیفی دوای هەرای دەربەند بازیان هێنابویان بۆ گرتوخانەکە.  وتم بەڵێ کوێخا برایم باشم لە بیرە , بەڵی پێمت وت ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بێنە  ناوچەی شێخ بزێنی , ئێوەی پارتی , شەرتە هەموتان هەڵبڕم ! ! وایە , وتی بەڵێ باشت لە  بیرماوە, وتم کوێخا برایم و کوێخاکانی  تریش گوێم لێبگرن, لە گرتوخانەکە من نەبومایا , برایم ئاغا لەبەر بێ ئەقڵی کاروانێکی باشیان ئەکرد, ئێستاش  بابزانیین  برایم ئاغای بێ عەقڵ کە چەکیشی پێ نییە , چۆن  ئێمەی پارتی ڕاوئەنا , ئێستا لەناو ئەم دیوەخانەیە ئێمە پانزە چەکدارین , نازانم چۆن بیر ئەکاتەوە بەرامبەر ئەم چەکادارانەی پارتی؟  ئەوەبو یەکسەر

وتم فەرمو کوێخا جەنابت تەوقیفی, بە کاك حەمە تاهر مام ڕەشیم وت  کویخا لەگەڵ مێگەلە مەڕەکان بیدە پێش . ئەوەبو کویخاکان کەوتنە بەینەوە و زۆر تکایان کرد لێمانکرد بە بێ عەقلی ئەو ڕەوشتی لەگەڵ نەکەین. ئەوەبو وازمان لێهینا.

دوای سەعاتێك بەرەو دێی شەدەڵە کەوتینە رێ , بە دەشتی کۆیەدا ڕەت بوین لەبەر ئەوەی سوپای عێراق  دەوروپشت چەم ڕێزان و ناوچەی قەڵاسێوکەی گرتبو, ڕیگای ترمان نەبو لەوە زیاتر, بەو ڕێگا دوورو درێژە دا بەرەو شەدە ڵە سووڕاینەوە و پاشان لە ئاوی دوکان پەڕینەوە. بەڕاستی زۆر ماندووبوین.

زۆربەی هێزەکانی پارتی و کادرەکانی ڕێکخستنی حیزب گەیشتبوونە شەدەڵە و ڕانیە و قەڵادزێ . لە ڕانیەو قەڵادزێ دنیا دنیاێکی تربوو , نە شەڕ نە بۆردومانی فڕۆکە , کورد وتەنی " دنیا شامی شەریف بو" فڕۆکەکان بە ئاسمانی ناوچەکە ئەسووڕانەوە بەڵام تەقەیان لە کەس ناکرد, دێهاتەکانی بەبێ ترس و بەکەیفی خۆیان خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری و توتنەوانی و ..هتد. وادیاربو شەڕەکە هەر بۆ " لێفە سوورەکەی مەلا نەسرەدین بو" دەگێرنەوە جارێکیان  لە شەوێکی ساردی زستانا دنیا زۆر سارد ئەبێ , ئەو شەوە مەلا نەسرەدین و منداڵەکانی  لە ماڵەوە  لەبەر ئاگردان خۆیان گەرم ئەکردەوە , گوێیان لە غەڵبە غەڵبێك ئەبێ لە دەرەوەی,ماڵەکەیانەوە کوڕەکانی مەلا  بە باوکیان ئەڵێن , باوە ئەوە چییە, بۆ ناچی بۆ دەرەوە  بۆ ئەوەی بزانی ئەو هەرایە چییە؟ مەلا پێیانی وت کوڕەکانم  چ پێویست ناکا بچمە دەرەوە بەم شەوە درەنگ و ساردە, شەڕ لەدەرەوەی ماڵمانە , ئێمە حەقمان چییە, وا دیاربو  کوڕەکانی ئیلحاحیان لێکرد و ئەویش چووە دەرەوە, مەلا لە سەرمانا لێفەکەی لەخۆی ئاڵاندبو و هەر کە چوو بۆ دەرەوە  زەلامەکانی دەرەوە پەلاماری مەلا نەسرەدینیان داو لێفەکەیان ڕفاندو هەڵاتن. مەلاش لە سەرمانا زوو خۆی کردە ژوورەوەو  کوڕەکانی لێیان پرسی  باوە ئەوە چیبو؟ ئەویش وتی  هیچ نەبو , شەڕەکە بۆ لێفەکە بو , لێفەکەیان بردو تەواو.

وا دیاربو شەڕەکەی  حکومەتی عێراقیش لەگەڵ ئێمە  هەر بۆ گەرمیان و دەورو بەری شاری کەرکوك بو , ئێمەیان لە دەورو بەری شاری کەرکوك و چەم ڕێزان و قەرەداغ و

دەشتی هەولێر دەرپەڕاند و هیچی تر , کەواتە وەك مەلا نەسرەدین وتی شەڕەکە هەر بۆ لێفەکەبو , ئەم شەڕەی حکومەتی عێراقیش تەنها بۆ نەوتەکە بو. بۆ ئەوە بوو هێزی پێشمەرگە لە دەورو پشتی کەرکوك دوور بکەنەوە.

ئێمە زۆر موتأسیر بوین , ئەگەر کەرکوکمان لەدەست بچێ , ئەبێ شەڕ لەپێناوی چی بکەین ؟ ئەوا لە ڕانیە و قەلاّدزێ , بازار گرمەی دێ, جمەی دێ لەبەر قەرەباڵغی, بازاڕی چەك فرۆشتن بە ئاشکرایە, تفەنگ , دەمانچە, فیشەك , چیت ئەوێ بە ئاشکرا و لە دوکانەکان ئەفرۆشران , فەرشی ئێرانی, ئەنواعی خواردەمەنی بازاڕی لێ پڕبو. بەڕاستی بەلای ئێمەوە زۆر سەیر بو , ئەم بانێك و دووهەوایە چییە؟ دیارە و ئاشکرایە لە عالەمی سیاسەت دا , دیارە سەیر نییە , ئەگەر چی بەلای ئێمەوە زۆر سەیر بوو لەبەر ئەوەی جارێ کەسانێکی وەك ئێمە لە سیاسەت و فرتوفێلەکانی سیاسەت تێ نەگەیشتبوین. هەرچەندە ئێمە کادری سیاسی بوین بەلاّم لە تێگەیشتنی فرتوفێلەکانی سیاسەت و یاریکردنەکانی, سفر لای چەپەوە بوین , بەتایبەتی دەربارەی کوردستان و مەسەلەی کوردو کەرکوك و ولاّتانی وەك ئەمریکاو ئێران و عێراق و ولاّتە عەرەبیەکان و تورکیا و ئیسرائیل و زۆر لایەنی دەولی تریش دەستیان تێوەگلاندبو.

خۆ لە بادینان و بەرزانیش لەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوان شێخ ئەحمەد بەرزانی , سوپای عێراق کشایەوە لە ناوچەکەیان و وادیارە لەوێش دنیا هەر شامی شەریف بو . ئەبێ پێشمەرگە بۆ کێ شەڕبکاو لە پێناوی چی؟ وا دەرکەوت مەسەلەکە هەر شێخ ئەحمەد بە تەنیا نەبو , ئاغاکانی پشدەریش لەگەڵ حکومەت بە دزییەوە لە ژێر پەردەوە ڕێککەوتبوون .

چەند ڕۆژێك لە قەلاّدزێ ماینەوە, لە یەکێ لە مێوانخانەکان , ئەندامان و کادرانی کەرکوك لە یەك شوێن بوین, لە قەلاّدزێ بەڕاستی ئەو هەڤالاّنەی زۆر خزمەتمانیانکرد کاك ئیبراهیم میرانی بو, یەکێ لە کادرە پێشکەوتوەکانی پارتی. بەم دواییەش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2004 لە بەغدا یەکمانگرتەوە , مامۆستا ئیبراهیم لە کۆلیجی پەروەردە زمانی ئینگلیزی ئەوتەوە و منیش لە ساڵی 1985 لە هەمان کۆلیج

**بەشی کوردی چەند موحازەرەیێکم ئەوتەوە. دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراقیش لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دووبارە لە بەغدا لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە وەزیریە چاوم پێکەوتەوە , کاك ئیبراهیم لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە تەکلیف کرابو سەرپەرشتی کۆمەڵەکە بکا. مامۆستا ئیبراهیم میرانی یەکێ لە هەرە دڵسۆزو تێکۆشەرو شۆڕشگێرە نەبەزەکانی گەلی کوردە و بە کردەوە لە ڕێڕەوی زیاتر لەچل ساڵ ئیسپاتی ئەم بۆچوونەی منی کرد.**

**بەڵێ دوای چەند ڕۆژێك لە بەغدا قەومایەوە , حەرەس قەومی و عبدالسلام عارف تێکچوون , شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو لە ئێستگەی بەغدا گوێمان لە بانگەوازەکەی ئەحمەد حسن بەکر بو , بۆ صالح مهدی عماش و داوای ئەکرد شەڕی برا کوژی نەکەن, بەڵام کار لە کار ترازابو .**

**شەو مام جەلال هاتە لامان و کۆبوونەوەیێکی کوتوپڕی کرد لەگەڵمانا و باسی چۆنێتی گەڕانەوەمان بۆ کەرکوك و گەرمیان کردو بڕیاردرا :**

**1- لقەکەی عەریف عەلی مەولود لەگەڵ من و کادرەکانی شوانی سەرخاسە و چەکدارە عەشایەرەکانی شوان کە لەگەڵمانا کشابوونەوە بگەڕێینەوە بۆ شوانی سەرخاسە و لە جاشەکانی کوێخا جەبار گورگەیی سەرخاسە بدەین و تەمێیان بکەین و ناوچەکە بگەڕێنینەوە ژێر دەستی خۆمان.**

**2- لقەکەی شوکر قادر ساڵەیی بگەڕێتەوە بۆ ناو شوان و هەوڵدەن مەرکەزی پۆلیسی ڕێدار بگرن.**

**ئێمە بۆ بەیانی زوو بەرە و شوانی سەرخاسە کەوتینە ڕێ لەگەڵ لقەکەی عەریف عەلی و دوای یەك دوو ڕۆژ بە بیرم نایێ چەند ڕۆژ درێژە ی کێشا و گەیشتینە دێی مام ڕەش , شەو بارانێکی زۆر باری و لە مام ڕەشەوە بەرەو شوانی سەرخاسە کەوتینە ڕێ, بەڵام بە خەڵکەکەمان ئەوت ئێمە بۆ قەرەچوخ ئەڕۆین , لقەکەمان بۆ قەرەچوخ نەقڵکراوە بۆ ئەوەی کەس هەست نەکا کە نیازمان چییە , تاریکوڕوون گەیشتینە دێی دەلۆ , چواردەوری دێیەکەمان دا نەمانهێشت کەس لە دێیەکە دەرچێتە دەرەوە , ئەوەی**

بە ڕێکەوت بهاتبایا  بۆ دەلۆ نامانهێشت دەرچێتە دەرەوە, گورگەیی خاسە لە دەلۆوە نزیك بو , بە دووربین موراقەبەی جاشەکانمان ئەکرد. هەرماڵە لە دەلۆ داوامانکرد لێیان  یەك تەشت هەویرمان بۆ بکەن بەنان , خۆمان گەنممان زۆربو  لە دەلۆ " عەمباری گەنمی حیزب" نانێکی باشیان بۆمانکرد و شەو درەنگ بەرەو گورگەیی  و ساتی کەوتینە ڕێ وبە پەلە لقە پێشمەرگەکەی خورشید تلیانەمان بۆ دێی ساتی  نارد, بۆ ئەوەی لە ساتی دەس بەسەر مەڕو ماڵاتەکانی جاشەکانا بگرن لە ساتی دایاننابو , ئێمەش لەگەڵ عەریف عەلی چوینە گورگەیی خاسە  بۆ سەر جاشەکان کە لە مزگەوتی دێیەکە  بوون , مزگەوتەکەیان کردبو بە بارەگای خۆیان, بە تەواوی ئابلۆقەی مزگەوتەکەمان دا , پاشان داوامان لێیانکرد بەبێ شەڕ تەسلیم بن , بەڵام تەسلیم نەبوون و دەستیانکرد بە شەڕکردن و شەڕێکی زۆر قورسیان لەگەڵماناکرد تا نزیکی بەرە بەیان ,ئیتر چارمان نەما لەبەر ئەوەی بماینایا بۆ بەیانی  لە قەرەهەنجیرەوە هێزی میری فریایان ئەکەوت و ئەوانیش هەر بەو ئومێدەوە شەڕیان لەگەڵما نا ئەکرد , ئەوەبو هێرشمان کردە سەر مزگەوتەکەو لە ئەنجامدا مزگەوتەکەمان سووتاند , پێش ئەوەی ئاگر لە مزگەوتەکە بەردەین , عەریف عەلی هات بۆ لام و پێمی وت , ئەبێ ئاگر لە مزگەوتەکە بەر بدەین , منیش وتم بەڵێ  لەبەر ئەوەی مزگەوتەکەیان پیس کردووە و پیسایی تیا ئەکەن , ئەیسووتێنین و پاشان سەر لە نوێ تەعمیری ئەکەینەوەو فەرشی تازەی بۆ ئەکڕین لە جاران باشتر.

تەنها لەو شەڕە یەك جاش کوژرا و ئەوانی تر هەمو بە چەکەکانیانەوە تەسلیم بوون , بەڵام کوێخا جەبارو کوێخا حوسێن گوڵمکەوە  شەو هەڵاتبوون  بەرەو قەرەهەنجیر. لە لایێکی ترەوە  لەتیف حەمە ڕەش بە پەلێکەوە  شەو فەوجێ قوەی سەیارەکەی مەشغولکردبو کە لە نزیك گورگەیی بوو. بەم جۆرە  گەڕاینەوە شوانی سەر خاسە و جاشە دیلەکانمانیش بە کەفالەت بەردا و ئیتر دوای ئەم شەڕە کەس لە ناو شوان نەیوێرا چەکمان دژ هەڵبگرێ و دووبارە دەستمان کردەوە بە چالاکی پارتایەتی لە جاران باشتر و بە گوڕتر, بەتایبەتی دوای سوود وەرگرتنمان لە تاقیکردنەوەکانی پێش هێرشە

بەربلاوەكانی حیزبی بەعس بۆ سەر ناوچەكە و بایەخدان بە ڕێكخستنی مەفرەزەی چەكداری عەشایری جگە لە هێزەكانی پێشمەرگە لە ناوچەكە.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەوەی كوێخا جەبار و كوێخا حوسێن نەگەڕانەوە شوان. كوێخاكانی تریش كە لە دڵەوە بەتەمابوون چەك هەڵبگرن , دوای شەڕەكەی گورگەیی خاسە وازیان لەو بیركردنەوەیە هێنا و ئێمەش سیاسەتمان لە ناوچەی شوانی سەرخاسە توندوتیژ نەبو لەگەڵیانا وەك هەندێ لە ناوچەكانی تری كوردستان.

ناوچەی خانەقین

لە ساڵی 1963 لە مانگی تشرینی یەكەم , لە مەكتەبی سیاسییەوە برووسكەیێكم بۆ هات نەقڵی ناوچەی خانەقین كرام, بۆ بنكەی دەربەند بێلوولە, ئەویش لەبەر ئەوەی حەمە حوسێن كوردە لێپرسراوی لێژنەی خانەقین دەستی هەبو لە كوشتنی دوو كاكەیی , كە هەردووكیانیش ئەندامی پارتی بوون, وەزعی ناوچەكە شەڵەژابو , حەمە حوسێن كوردەیان تەجمید كردبو, لە خانەقینەوە بردبویان بۆ بارەگای مەكتەبی سیاسی لە ماوەت, لە لایێكی ترەوە مامۆستا عولەما ئەندامی مەكتەبی سیاسی و لێپرسراوی لق 3ی كەركوك زۆر مورتاح نەبو لە بوونی من لە ناوچەكە, لەبەر ئەوەی تەنها ئەندامێك بووم لە ناوچەكە شتێ بەدڵم نەبوایا ڕەخنەم لە لقی سێ ئەگرت و لەگەڵ مامۆستا عولەما لەسەر گەلێ شت داندۆكمان پێكەوە ناكولا . بۆیە پێشنیاری كردبو من بۆ جێگای حەمە حوسێن نەقڵ بكرێم بەو باوەڕەی من لە هەمو كادرەكانی تر گونجاوترم بەو دەورە هەڵسم, لە هەمان كات دا دوور ئەكەومەوە لە مامۆستا عولەما , بەڵام وەك مەسەلەیێكی عەرەبی ئەڵێ " تجری الریاح بما لا تشتهی السفن" زۆری پێ نەچو مامۆستا عولەماش خۆی نەقلی لقی 5 بەغدا كرا كە ناوچەی خانەقین سەر بە لقی 5 بوو . منیش وەك سكرتێری لێژنەی ناوچەی خانەقین بوومە ئەندامی لقی 5 ی بەغدا, ئەو سەردەمە من و اسعد خێلانی و محمد صدیق بابۆ و علی سنجاری ئەندامی لقەكە بوین و مامۆستا عولەماش لێپرسراوی لق وەك نوێنەری مەكتەبی سیاسی.

لە خانەقین سەرەڕای ئەوەی شەڕ بەردەوامبو لە نێوان شۆرش و حکومەت ئەبوایە هەر سێ مانگ جارێ لە دەربەند بیلوولەوە بچمە بەغدا و لە کۆبوونەوەکانی لق بەشدار بم. مامۆستا عولەما لە بەغداوە پێناسەیێکی مزەوەری بۆم نارد , بە ناوی المحامی عبدالكريم الربيعی , پێناسەکە زۆر رێکوپێك بو. کە چوومە بێلوولە عبدالله ی شیخ بابە عەلی مەکتەبی سیاسی بە موەقەت ناردبویان بۆ بێلوولە تا من ئەگەمە ئەوێ , ئەوەبوو کە من گەیشتم ئەو گەڕایەوە بۆ ناوچەی کفری و کەلار.

لە سەرەتای چوونم بۆ بارەگای لێژنەی ناوچەی خانەقین, لە دەربەند بیلوولە , شوێنێکی وام نەبو کەڵکی بارەگا بدا جگە لەوەش زۆر دوور بو لە شاری خانەقین و دێهاتەکانی سەر بە ناوچەکە, ئەوەبو زۆری پێ نەچو بارەگاکەم گواستەوە بۆ دێی " ئیدارە" کە ناوە ئەسلیەکەی چیاسورخ بو , بۆیە پێیان ئەوت ئیدارە لەبەر ئەوەی چەن بیرە نەوتێکی تیابو و کویخا میرزا ڕەحیم کوێخاو موراقیبی بیرەکان بو, میرزا ڕەحیم پێش شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961 لێپرسراوی نەوتەکە بو, چەند پاسەوانێکی هەبو, بەڵام پێشمەرگە هەر لە سەرەتای شۆڕش دێی چیاسورخیان گرتبو, بەڵام میرزا ڕەحیم وەك دۆستێکی دڵسۆزی پارتیمان لە دێیەکەی مابووەوە. دێی چیاسورخ دێیکی سەردەم بو میرزا رەحیم لە سێ چوار کیلۆمەترەوە لە کانیاوێکەوە ئاوی خواردنەوەی بە بۆڕی ڕاکێشابوە دێیەکەی . لە ناو خانوەکەی یەك دوو تانکی گەورەی ئاوی دانابو ڕۆژانە پڕ ئاو بوون.

میرزا دیوەخانەکەی خۆی دا پێم بیکەم بە بارەگای لێژنەی ناوچە, ئیحسان کوڕی هەرچەندە جارێ هەرزەکار بوو کردم بە پاسەوانی بارەگاکە , نەك لەبەر ئەوەی پێویستمان بە پاسەوان بێ بەڵکو تەنها لەبەر یارمەتیدانی, یارمەتییەکەیم ئەدایە دەس کافیە خانی دایکی , ژنە گچکەکەی میرزا ڕەحیم . کافیە خان تا بڵێی ئافرەتێکی باش بو زۆر خزمەتمانی ئەکرد. مانگی دە دینارم بۆی خەرج ئەکرد , لەو سەردەمە ئەو برە پارەیە زۆر باش بوو.

له بارەگاکە صلاح نەجیم سراج برای میرزا شوانم لەگەڵدا بو , ئەندامی کارگێڕی لێژنەی ناوچە بو , قوتابی کۆلیجی یاسا بو لە بەغدا و هەلاتبو بۆ ناو ڕیزی شۆڕش . ئەندامەکانی تری ناوچەکە " خلیل تاهر دەلۆ , پۆلی دووەمی کۆلیجی یاسای بەغدا بو, بەهمەن و نەوزاد و نەریمان و خوێندکارێکی تری کۆلیجی تجارەمان لە گەڵ بو تالەبانی بو بەلأم ناوەکەیم لە یاد نەماوە. مەلا عەزیز کەرکوکی کە ناسراو بو بە( مەلا وارع )ئەویش ئەندامی لێژنەکە بو و بە نهێنیش لەناو شاری خانەقین بو. هەمویان ئاستی رۆشنبیرییان باش بو بەلأم لە ڕووی ڕیکخستنەوە شارەزاییان کەمبو , زۆر خۆم لەگەڵیانا ماندوکرد , بۆ ئەوەی شارەزایی تەواویان لا دروست بکەم , بە تایبەتی لە بواری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دانیشتوانی لادێیەکان دا. مەسەلەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستان و ڕێزگرتن لە داب ونەریتی ناوچەکە , یەکێ لە کلیلە گرنگەکانی سەرکەوتنی ڕێکخستنی پارتایەتییە, بەتایبەتی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەوارن و ئەبێ بە زمانی ئەوان قسەیان لەگەڵدا بکرێ .

ئەوەی واتای رێکخستنی پێ ئەڵێن لە ناوچەی خانەقین نەبو, خەڵکەکە زۆر دڵسۆزی پارتی و شۆڕش بوون زۆر عاتفی بوون , بە ڕاستی کوردپەروەر بوون بەلأم لە ڕووی رێکخستنەوە بە شێوەی شانەو شانە ڕێکخەر و ڕێکخراو , ئەمانە هەر ناویان نەبو و تەنها یارمەتی و پیتاکیان کۆ ئەکردەوە و رەوانەی بەمۆیان ئەکرد بۆ لقەکانی پیشمەرگە.

سەر لەنوێ دەستم کردەوە بە ڕێکخستنی پارتایەتی و داڕشتنی شانەو شانە ڕێکخەر و ناو شاری خانەقینم کردە لێژنەی ڕێکخراو و مەلا عەزیز " وارع " کە خەڵکی کەرکوك بو کادرێکی پیشەیی دڵسۆز و پاك و خاوێن بو , بە ڕاستی مرۆڤێکی عیسامی بوو وێنەی کەم بوو لە ڕیزی پارتیەکەمان دا, کردمە لێپرسراوی ڕیکخراوەکە, لە ناوشار خۆی شاردبوەوە و رێکخستنێکی باشی داڕشتەوە.

لە دێهاتەکانیش کادرەکانم لەگەڵ خۆما گڕ ئەدا , لە هەر دێیك کۆڕم ئەبەست و قسەم ئەکرد بۆ دانیشتوانی دێهاتەکان , ئەوان وەك دانیشتوانەکان گوێ راگر بوون بۆ

ئەوەی شارەزایی تەواو پەیدا بکەن و چۆن بۆ جەماوەر قسە بکەن. ئەوەبو لە ماوەیێکی زۆر کورتدا برادەرانی پارتیمان هەموو لە دێهاتەکانی ناوچەی مەیدان و قورەتو لەشانەو شانەڕێکخەر ڕێك خران . سوودمان لە مزگەوتەکانی دێهاتەکان وەرئەگرت و ڕۆژانی هەینی چەند کادرێکم لەگەڵ خۆما ئەبرد و نوێژی جومعەمان ئەکرد و جاری وا هەبو لە مزگەوتەکە خوتبەم ئەدا و کەلکم لە ڕۆشنبیرییە ئایینیەکانم وەرئەگرت و پەیوەندیمان لەگەڵ مەلای دێیەکان زۆر باش بو. ئایەتێکی زۆری قورئانم لەبەر بوو هەر وەها فەرمودەکانی پێغەمبەر. کاتی خۆی کە ئیخوان المسلمین بووم لە سالآنی 1950 تا 1957 نزیکی 15 جوزئی قورئانم ئەزبەر کردبو لەگەڵ دراسەتی ئەسبابی نزول.

لەناو شاری خانەقین عبداللە ی برای مامۆستا عەزیز پشتیوان خۆی و منداڵەکانی دەوری سەرەکییان هەبو لە یارمەتی دانمان لە ئیشو کارەکانی پارتایەتی, بەتایبەتی پەروین کچی کە ئەندامێکی چالاکی پارتیمان بوو .هەروەها سلەیمان خان جمور و صلاح ناوێك و ئاغا ی چێشتچی و فەیزە کەبابچی و عەلی عومەری وفایق برای و کۆمەڵێ خەڵکی کە ناویانم لە بیر نەماوە

لە دێی مەحمود قەجەر و خەلیفە ڕێکخستنی باشمان هەبو . لەسەر ئاوی سیروانیش باشترین و چالاکترین ئەندامی پارتیمان کاك حەمە عەلی دێی تەننورە بو.

لە ناوچەکە دوو لقی پێشمەرگە هەبو, لقێکیان بارەگاکەی لە سەرتەك بو , ملازم فازڵ تاڵەبانی سەر لقیان بو , لقەکەی تریش لە دەربەند بێلوولە ملازم دڵشاد ئەحمەد شوقی سەر لقیان بو. ملازم دڵشاد لە ئەنجامی نەخۆشییێك دەرزییێکی لێ ئەدەن و تووشی گزاز ئەبێ و کۆچی دوایی ئەکا.

لە ڕاستیدا من ئەوەندە پەیوەندیم نەبو لەگەڵ ملازم فازڵ لەبەر ئەوەی هاریکاری ناکرد لەگەڵ کادرەکانی پارتیمان دا و دژی ژیانی حیزبایەتی بو, بەلآم لقەکەی دەربەند بێلوولە لقی ڕاستەقینەی پارتی بو , ئێمەش لێژنەی ناوچە هەمو جۆرە یارمەتییەکمان ئەدا. سەرپەلەکانیان علی عیسی ئەرکەوازی و ئیسماعیل ڕەشید بوون.

لە کۆتایی ساڵی 1963 تا نیسانی ساڵی 1964 هەستمان بە بوونی حکومەتی عێراق نەئەکرد لە قەزای خانەقین تەنها لەناو شارەکانی خانەقین و قۆرەتو و مەیدان نەبێ , لە دەرەوەی شارەکان بە چەند کیلومەترێ هەمو ناوچەکان ئازادکرابوون و بە ئازادی تیایا ئەسووڕاینەوە .

تاهر عوزێری کاکەیی سەرۆکی جاش بوو پێش ئەوەی بچمە خانەقین لەسەر کوشتنی دوو کاکەیی کە لەگەڵ پارتی نێوانی خەراپ بو, بەلاَم دوای چوونم بۆ خانەقین شەوێکیان بە دزییەوە لە دێیەکەیان سەرم لێدا و دوای ئەو سەردانەم نێوانمان زۆر باش بو , بە پارەو فیشەگ یارمەتی شۆڕشی ئەدا. بەم دواییەش نازم گزار ڕفاندی و لەناو تیزاب تواندییەوە. کوشتنەکەی تاهر عوزیر هەر لەبەر ئەوەبوو پەیوەندی باش بوو لەگەڵ سەرۆك کۆمار ئەحمەد حسن بەکر و ئەوەندە گوێی نە ئەدا بە نازم گزار .

لە نەورۆزی ساڵی 1964 لە دێی چیاسورخ ئاهەنگێکی باشی نەورۆزمان رێکخست و ژمارەیێکی خەڵکی زۆرمان دەعوەت کردبو, لە گۆرانی بێژەکانیش حەسەن زیرەك و حوسین عەلی داوودەمان بانگ کردبو. بەڕاستی نەورۆزێکی زۆر خۆش بو , لە وتەکەم دا بە ڕاشکاوی ئاماژەم بۆ بەرزانی کرد وەك سەرۆکی پارتی و پەیوەندییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی و بەرزانی. من بەش بەحاڵی خۆم ئەو کاتە زیاتر لایەنگیری مەلا مستەفام ئەکرد , دایکی سەرداریش لە ئاهەنگەکە بەشدار بو , بە سەردان هاتبوە لام.

دوای تەوابوونی ئاهەنگەکە برووسکەیێکم بۆ هات کە ئەبێ بچمە ماوەت و لە کۆنفرانسی ماوەت بەشدار بم. گوایا لە 1\4\1964 ئەبەسترێ. ئەوە بو بۆ سبەی کەوتمە ڕێ , دوای ئەوەی دایکی سەردارم ڕەوانەی کەرکوك کردەوە, بەڕێگای خانەقینەوە.

بەرەو سەنگاو بە پیادە کەوتمە ڕێ , بە( ناوماچکا) و بۆ سەر زێی سیروان و لە دێی تەننورە شەو لای حەمە عەلی لێپرسراوی دێی تەننورە مامەوە , حەمە عەلی زۆر جێگای باوەڕم بو, لە سیروان پەڕیمەوە و بەرەو دێی کەلار کەوتمە ڕێ لە کەلارەوە بۆ دێی گۆبان , بەهارێکی زۆر خۆش بو , لە ڕێگا لە چەندماڵێکی ڕەشماڵنشین و جافە

ڕەشکە لامداو مێواندارى زۆر باشميان کرد بەتايبەتى کە ئەيانزانى لێپرسراوێکى پارتيم. دواى چەند ڕۆژێك گەيشتمە سەنگاو لە سەنگاو چاوم کەوت بە مستەفا کرێکار و مەلا عبداللە ى بچووك و نورالدين عبدالرحمن و مەلا ڕەشيد و عبداللە ى بابە عەلى و چەند برادەرێکى تر کە ئەوانيش بەرەو ماوەت ئەچوون.

لە سەنگاوە وە بەرەو قەرەداغ و لە قەرەداغەوە بەرەو سلەيمانى . لە نێوان سەنگاو و قۆپى قەرەداغ ڕێگاکەمان هەڵە کرد و چەند سەعاتێك دواکەوتم و شەو درەنگ گەيشتمە قۆپى قەرەداغ و پێشمەرگە دەرچوبوون و لێم ئەگەڕان . شەو لە قۆپىماينەوە نان و چاێيکيان بۆمهێنا چايەکە لە ناو کوپێکى فافۆن بو, نانەکە نانى چەند ڕۆژە بوو بە چەکوش ناشکا. ئەم نان و چايەم لە جياتى نانى ئێوارە خوارد بەلاّم لەبەر برسێتى و ماندوێتى وام ئەزانى چێشتى بريانى ئەخۆم, هەميشە ئەو نان و چايەم لە بيرناچێتەوە کە چەند بەلەزەت بوو سەرەڕاى ئەوەى ئەگەر لەو وەزعە نەبووماية توانا نەبو بتوانم بيخۆم, خۆ لەبەر گەرمىکوپە فافۆنەکە کە داغ بوو بوو دەم و لێوم هەموو سووتا.

لە قۆپيەوە چوينە سلەيمانى, لە سلەيمانى من چوومە ماڵ نورى مەلا محمود شەو لە ماڵيان مامەوە., لەسەر داواى نورى سەرم لە رەفيق چالاك دا, نورى پێمى وت رەفيق چالاك ترساوە گوايا بيستويەتى پارتى ئەيکوژن , ئەگەر تۆ سەرى لێبدەى ئەو کاتە ترسى نامێنێ و نابێ پارتى ئەم پياوە بکوژێ . شەو رفيق چالاك يەك دوو گۆرانى خۆشى بۆمان وت . بۆ بەيانى بە ڕێگاێيکى لاوەکى دا بەرەو مالوومە و لە مالومەشەوە بۆ ماوەت . شەو لە مالومە لە ئەشکەوتى مالومە ماينەوە, شەهيد عەلى حەمدى ئەندامى کۆميتەى ناوەندى و لێپرسراوى مالومە , چاومان پێکەوت زۆر توندو تيژ بو دژى مەلا مستەفا. لە مالومە تێگەيشتم کە ناکۆکييەکەى نێوان مەلا مستەفاو مەکتەبى سياسى و کۆميتەى ناوەندى زۆر توندو تيژە کەلێنەکەى نێوانيان زۆر گەورەيە . بۆ سبەى بەرەو ماوەت کەوتينە ڕێ و لە ماوەت زۆربەى زۆرى نوێنەرانى کۆنفرانسەکە گەيشتبوونە ئەوێ و پەيتا پەيتا نوێنەرانى لێژنە ناوچەييەکان و

**لقەكانی  پارتی و نوێنەرانی  سیاسی لقە پێشمەرگەكان و ئەندامانی پێشكەوتوی  پارتی لە ماوەت ئامادەبوون .**

# بەشی پێنجەم

1965 -1964

# كۆنفرانسی ماوەت  و دووبەرەكی نێوان پارتی و بەرزانی

له 1964\4\1 له مەرکەزی ناحیەی ماوەت و بارەگای م . س نوێنەرانی لق و ناوچەکان و کادرانی پێشکەوتوی پارتی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و م.س ئامادە بوون بە مەبەستی بەستنی کۆنفرانسی حیزب لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی, کۆبوینەوە. بڕیاربو کونفرانسەکە لە 4\1 ببەسترێ بەڵام سێ ڕۆژ دوا خراو لە 4\4 بەسترا لەبەر ئەوەی هەندێ لە نوێنەران لە 4\1 نەگەیشتبوونە ماوەت .

پێش ئەوەی بێمە سەر کۆنفرانسەکە , ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە کۆنفرانسی ماوەت یەکەم بزماری دووبەرەکی بوو چەقێندرایە تابووتی ژیانی پارتایەتی لە کوردستانی باشور. ئەگەر نەڵێم لە هەمو کوردستان دا.

بەڵێ ئێمەی نوێنەران ئەگەر بەگشتی لە ماوەتەوە بچووباینە گەلاڵە بۆ لای مەلا مستەفا وابزانم هەموو شتێ ئەگۆڕا , بەڵام ئەم قسەیە پووڵێ نایێنێ دوای ئەوەی وانەکرا و کار لەکار ترازاو کارەساتی دووبەرەکییەکە ڕوویدا, وەك چەرچل سەرۆکی وەزیرانی بەریتانی وتبوی دوو کەس ئارەزوویان هەبوایا شەڕی دووەمی جیهان ڕووی نەئەدا. قسەکەی چەرچلیش بایی دوو پوول بوو , چونکی ئەو ئارەزووە نەهاتبوە دی , شەڕی دووەمی جیهانیش ڕوویدا.

حەفتا نوێنەر ڕۆژی 4-9\ 4\1964 بەشداربوون له کۆنفرانسەکه , ئەو ناوانەی له یادم ماون ئەمانەی لای خوارەوەن :

" ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی , نوری صدیق شاوەیس , ئەندامی م.س. عمر مستەفا "دەبابە" ئەندامی م.س و ئامر هێزی کاوە, علی عبدالله ئەندامی م. س , سید عزیز شەمزینی ئەندامی م. س, شەهید عەلی عبدالله عەسکەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئامر هێزی خەبات , عبدالله اسماعیل ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نووسەری مەحزەری کۆنفرانسەکه, شەهید ئەحمەد عبدالله ئامێدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ,شەهید علی حمدی , ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لقی سلەیمانی , عبد الحسین فەیلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی , جەلال تاڵەبانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی, نوری ئەحمەد تەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی , عبد الرحمن محمد ئەمین زەبیحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی , لێپرسراوی لقی بەغدا, حلمی عەلی شەریف " محمد علی شەریف " ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لقی پیشمەرگه , محمد حاجی تاهر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی , جەلال عبدالرحمن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی, نعمان عیسی ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی – ئامادە نەبو- حبیب محمد کەریم لێپرسراوی پشکنین و چاوەدێری , خالد یوسفی ئەندامی پشکنین و چاوەدێری , هورمز نیسان ئەندامی پشکنین و چاوەدێری = ئامادە نەبو= عباس حسین ئەندامی پشکنین و چاوەدێری , یدالله کەریم ئەندامی پشکنین و چاوەدێری. عبدالله زیباری.

صالح شێرە , علی مام رەزا , ئەحمەد مەحمود کەلاری, ئەندامی لق 6 ی پێشمەرگە, مەلا ناصح, تەیب محمد , دوکتۆر فؤاد جەلال , محمود توفیق, عوسمان زەڕەنگر , عەریف خورشید, خورشید رەواندوزی , عبدالرحمن گۆمە شینی, مستەفا کرێکار, عبدالستار تاهر شەریف, مەلا عبدالله ی سێگرتکان, بەهجەت حەسەن , مەلا رەشید توتنچی , علی سنجاری , محمد صدیق بابۆ , صالح یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی = ئامادە نەبو , نامەیێکی ناردبو بۆ کۆنفرانس ، ئیبراهیم ئەحمەدی تەخویلکردبو له جیاتی ئەو دەنگ بدا بەڵام کۆنفرانس تەخویلەکەی قەبوڵ نەکرد لەبەر ئەوەی به پێچە وانەی پێڕەوی ناوخۆی

حیزبە. لە یادمە دوای ئەوەی نامەکەی سەیدا صالح خوێندرایەوە من قسەمکرد و وتم لە پێرەوی ناوخۆ ئەو ئەندامانەی لە کۆنفراس ئامادە نابن مافی دەنگدانیان نییە. هاشم حسن عەقراوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبو, تەها بابان , شێخ لەتیف بەرزنجی هەشەزینی , سید مەجید, مەلا ڕەشید توتنچی , ئەحمەد دادی, عبداللە بابە عەلی, نورالدین عبدالرحمن , اسعد خیلآنی , کمال محی الدین .

کۆنفرانسەکە شەش ڕۆژی خایاند لە 4-9\4\1964 . وەفدێکی حیزب کە بریتی بوون لە شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی چووبوونە لای مەلا مستەفا لە سەنگەسەر و دوای ئەوەی نەگەیشتبوونە هیچ ئەنجامێك و ریککەوتنێك لەگەڵ مەلا مستەفا گەڕانەوە بۆ ماوەت و هەموو شتێکیان بۆ کۆنفرانسەکە ڕوونکردەوە . لەناو کۆنفرانسەکە بۆچوونی وا هەبو کە زیاتر هەوڵبدرێ لەگەڵ سەرۆکی پارتی مستەفا بەرزانی , ئەوەبو کۆنفرانس وەفدێکی تەشکیل کرد لە : ئەسعەد خێلانی و عبداللە زێباری و علی سنجاری و وەفدەکە چوون بۆ سەنگەسەر و چاویان بە بەرزانی کەوت ، بەڵام بەرزانی سوور بو لەسەر ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە سکرتێری پارتی دەربکرێ و جەلال تالەبانی لە شوێنی دابندرێ ,مام جەلا ل لە کۆنفرانسەکە بەشدار نەبو لەبەر ئەوەی خۆی و علی عەسکەری و عومەر دەبابە نەیان ئەویست هێزەکانی پێشمەرگە بەجێبهێلن نەبادا لە پارتی هەڵگەڕێنەوەو بچنە پاڵ بەرزانی, هەرچەندە لە ئەنجامدا زۆربەی هێزەکان چوونە پاڵ هێزەکانی بەرزانی. ئەوەبو وەفدەکە لای مەلا مستەفا گەڕایەوەو گفتوگۆکەیان لە گەڵ بەرزانی ڕوونکردەوە بۆ ئەندامانی کۆنفرانسەکە, ئەم مەوقفەی مەلا مستەفا وای لە کۆنفرانسەکە کرد هەڵویستی توندتر وەربگری دژی بەرزانی. ئەم مەوزوعە بە دوورو درێژی لە کاتی خۆیدا دوای تەوابوونی کۆنفرانسەکە بە بەیانێك بلآوکرایەوە لە ژێر ناونیشانی " بیان البارتی حول : اتفاقیە المشیر –بارزانی , أصلح أم استسلام"

ئاشکرایە ئەم ناکۆکییەو دووبەرەکییەی نێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە لایێك و مەلا مستەفا سەرۆکی پارتی لە لایێکی ترەوە تا گەیشت بە تەجریدکردنی سەرۆکی پارتی لە کۆنفرانسی ماوەت , لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەی نێوان

عبدالسلام عارف و مەلا مستەفا لە 1964\2\10 , ئەم ڕووداوە مەوزوعانەم بە دوورو درێژی لە کتێبەکەم " تأریخ الحزب الثوری الكوردستانی " چاپی دووەم ساڵی 1979 بلآوکردۆتەوە , بۆیە بە پێویستم نەزانی لێرەدا لە یادداشتەکەم دووپاتی بکەمەوە.

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی بە چەند ساڵێك دوای کۆنفرانسەکە چاوم پێکەت لەوانە هەندێ ڕۆژنامە و بەڵگەنامە لە ولاّتانی دەرەوە دەستم کەوتن , گوایا ئەمریکا داوای لە مەلا مستەفا و عبدالسلام و تاهر یحیی کردبو شەڕی کوردستان ڕابگرن , ئەوەبو لە 1964\2\10 هەردوولا شەڕەکەیان ڕاگرت , بەبێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆ دیاری بکرێ بۆ گەلی کوردو شۆڕشەکەی . ئەمەش وایکرد کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی , لەگەڵ مەلا مستەفا هەوڵبدەن و قانعی بکەن بەوەی هیچ نەبێ بەو جۆرە تەسلیم نەبێ کە ڕێگای پاشە کشێ و دووبارە تێهەڵچوونەوەیان نەمێنێ ئەگەر عبدالسلام نیازی پیس و گلاّوی هەبێ . دوای گەڕانەوەی سوپاو ئیدارەی مەحەلی بۆ کوردستان و دووبارە کورد بچەوسێننەوە , کە هەرواشی لێهاتەوە. بەڵێ ئەو دەنگوباسانە ڕاست دەرچوون, لەبەر ئەوەی وەك ئێمە مەلا مستەفا بناسین , باوەڕی بە بەڵێنی ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکا هەبوو. ئەوەبو دوای ڕێکەوتنەکەی " الجزائر " لە ساڵی 1975 " دواجار دێینە سەرباسی کیسنجر" کە ئاشکرایکرد کەوا کیسنجر غەدری لە مەلا مستەفا کرد ئەویش بە یارمەتی نەدانی شۆڕشی کورد و ناچارکردنی مەلا مستەفا بە ڕازیبوون بە ڕێکەوتنەکەی الجزائر لە نێوان شای ئێران و صدام حسین .

دەربارەی ڕێکەوتنەکەی الجزائرو ناچارکردنی مەلا مستەفا بەوەی کە ڕازی بێ بە کۆتایهینان بە شۆڕشی کوردستان , ئەتوانیین بڵێین پیلانێکی ئەمریکی بوو دژی گەلی کوردو نەفەسدانێکی تر بوو بۆ ڕژێمی بەغدا و صدام حسین و مانەوەی لەسەر حوکم بۆ ماوەێیکی تر, بەو باوەڕەی صدام حسین ئەتوانێ بەرژەوەندەکانی ئەمریکا بپارێزێ لە هەرێمی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست , گومانیش نییە لەوەی صدام حسین وەك حسنێین هیکل لە یەکێ لە نووسینەکانی. باسی پەیوەندییەکانی صدامی کردوە لەگەڵ موخابەراتی ئەمریکی لەو سەردەمەی لە القاهرە بوو لەسەردەمی عبدالکریم قاسم, بۆیە بە قەناعەتی من ئەگەر

مەلا مستەفا بە ڕێکەوتنەکەی الجزائر ڕازی نەبوایا ، گەلی کورد تووشی نسکۆیێکی گەورە ئەبو ئەو کاتە بە ئێران و عێراق لە شۆڕشی کوردیان ئەدا و بە پیرۆزبایی ئەمریکاوەش. لەبەر ئەوەی صدام حسين وەك نۆکەرو عەمیلێکی ئەمریکی , بەرژەوەندەکانی ئەمریکای لە ناوچەکە ئەپاراست , ئەمریکا لە صدام حسینی نەدا تا ئەو کاتەی صدام لێیان هەلگەڕایەوە و مەترسی دروستکرد لەسەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ناوچەکە. ئەوەبوو لە سالی 2003 کۆتایی بە خۆی و ڕژێمەکەی هێنا , کەواتە دوای تێپەڕبوونی 28 سالّ بەسەر ڕێکەوتنەکەی الجزائر, لە هەموو ئەم سالّانە ئەمریکا بە تەواوی دەستی لە نۆکەرەکەی نەشوشتبو.

سەڕای ئەوەی مەلا مستەفا سەرکردەیێکی لێهاتوی شۆڕشی کورد بوو, قالّبوی ناو شۆڕش بو لە سالّەکانی 1945 تا 1975 , سیی سالّ سەرکردایەتی حیزب و شۆڕشی ئەکرد, بەلاّم هەلّەیێکی مێژوویی گەورەی کرد لە سالی 1964 کە بووە هۆی نانەوەی شەڕی دووبەرەکی و دابەشکردنی شۆڕشی کوردستان بۆ دووبەشەوە , ئەم دووبەرەکییە و شەڕی برا کوژییە تا سالی 1998 دەوامی کرد , تا دوای ڕاپەڕینەکەی کوردستان لە سالی 1991 و دامەزراندنی حوکومەتی فیدرالی کوردستان و پاشان دابەشبوونی ئەم حوکومەتەش , دامەزراندنی دوو ئیدارە لە کوردستان و مانەوەی ئەم دوو حوکومەتە تا ڕووخانی ڕژێمی صدام حسینیش نەتوانرا یەك بخرێنەوەو یەك حوکومەتی یەکگرتوی کوردستان دروستبکرێ و بەرەنگاری هەموو ئەو پیلانانە ی دژی گەلی کورد خەریکە دوای پرۆسەی ئازادیش ئەنجام بدرێن و نازانین دواڕۆژی کوردستانیش بە چی ئەگا. ؟

بەهەر حالّ هیچ سەرکردەیێکی شۆرش لە هەموو دنیادا , لە ماوەیێکی دوورو درێژدا , لە زروفێکی دەولی نالەباری ئەوسەردەمە و مل ملانێی نێوان یەکێتی سۆڤێیت و ئەمریکا و ولاّتانی تری ڕۆژئاوا و دابەشبوونی کوردستان بەسەرعێراق و تورکیا و ئێران و سوریادا نەك لەوانەیە دەیان هەلّە بکەن ، مەلا مستەفا دوای کۆچی دوایی لە هەندەران بەنائومێدی سەرینایەوە و هەمیشە وەك پالّەوان و سەرکردەیێکی مێژوویی گەلی کورد ناو دەبرێ, ئێمە بمانەوێ یان نەمانەوێ , ئەمە ڕاستییێکە وەك تیشکی هەتاو بە بێژنگ گل نادرێتەوە.

بەهەرحاڵ دوای تەواوبوونی کۆنفراسی ماوەت گەڕامەوە بۆ چیاسورخ بارەگای لێژنەی ناوچەی خانەقین و بەیانەکەی کۆنفرانسەکەمان بلاّوکردەوە" اتفاقیە مشیر-بارزانی" . لە لایێکی ترەوە مەلا مستەفاش دەستیکرد بە هێڕش کردنە سەر بارەگاکانی پارتیمان و بارەگاکانی پیشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکان .

لە خانەقین لە سەرەتادا کەسی وای لەگەڵ نەبو بەتایبەتی  لە ڕیزی ڕێکخستنی پارتایەتی و وەزعی پێشمەرگەش زۆر باش بو.

مەلا مستەفا ,حەمە حوسین کوردەی بە فەرمانێکەوە گەڕاندەوە بۆ ناوچەی خانەقین و ژمارەێیك پێشمەرگە ی لەگەڵدا بو, هاتە ناوچەی  مەیدان و قۆرەتو, دەستیکرد بە جەولە کردن و نامەێیکی بۆم نووسی  لە نامەکەێدا ویستبوی چاوی پێمبکەوێ , ئەوە بو لە چیا سوورخ چاومان بە یەك کەوت , مەوقفی زۆر باش و ئیجابی و نیشتمان پەروەرانە بو, پێمی وت کاك ستار مەلا مستەفا منی ناردووە بۆ ئێرە و کردومیەتی بە لێپرسراوی ناوچەکە , من ئەزانم کەسی وامان نییە لێرە کە لەگەڵ ئێمە بن , بۆیە پێویست ناکا لەناو خۆمان تێکبچین و شەڕی براکوژی بنێینەوە, من بۆ خۆم لەم ناوە جەولە ئەکەم و لەیەك ناکەوین  تا بزانین مەسەلەکە بەچی ئەگا, بەلاّم موشکلەم ئەوەیە کە بێ پارەم و بێ ئازوقەم, ئەوە بو ڕێککەوتین من بە دزییەوە یارمەتیم ئەدا و لە یەك نەکەوتین, ئەم هەڵوێستەی حەمە حوسین کوردە لەبیرێکی کوردایەتیەوە هەڵقولاّبو, نایەویست وەك کوڕێکی دڵسۆزی ناوچەکەی,ناوچەکە تووشی کارەساتێکی گەورە بکا کە لە دوژمنی کورد بەولاوە کەسی تر سوودی لێ وەرناگرت.

زۆری پێنەچو مەکتەبی سیاسی ملازم نەوشیروان مەستی و حلمی علی شەریفی نارد بۆ سەرتەك , بەڕاستی ناردنی حیلمی عەلی شەریف بۆ سەرتەك  هەڵەێیکی گەورەی مەکتەبی سیاسی بو،  لەبەر ئەوەی حلمی عەلی شەریف هەرچەندە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو, پێشتریش لە ناوچەی خانەقین بووە, هیچ چالاکی یەکی وای نەبو هەروەها شەو کوێریش بو , بە شەوان ئەبوایا یەکێ پەلەکێشی بکردایا و لە لایێکی ترەوە مەلا مستەفا بە یەکێ لە هەرە دوژمن و ناحەزەکانی خۆی ئەزانی , ناردنی ئەمیش ئەبوە هۆی شەرێکی

براكوژی له ناوچەكە كە ئێمە چارەسەرمان كردبو. برووسكەیێكم بۆ هێزی خەبات نارد كە پێویست ناكا حلمی عەلی شەریف بنێرنە بەمۆ لەبەر ئەوەی مەلا مستەفا هێرش دێنێتە سەرمان لە بەمۆ. بەلاَم وا دیاربو بێ سوود بو. دوای چەند حەفتەیێك مەلا مستەفا هێزێكی ناردە سەر سەرتەك و حلمی و ملازم نەوشیروانیان لە سەرتەك هەلْقەند .

پێش ئەم هێرشە مام جەلال هاتە ناوچەی خانەقین و لە زێی سیروان پەرییەوە و فازل تالەبانی ویستی ڕێگای لێبگرێ ، بەلاَم پێشمەرگەكانی خانەقین بەتایبەتی لقەكەی دەربەند بێلوولە ملازم فازل یان دەستگیركرد, مام جەلال بە باڵ بەستراوی هێنایە چیاسورخ و پاشان بەرەلاَیكرد .

شەڕی براكوژی لە خانەقین دەستی پێكرد , لە سەرەتادا عقید نوری مەلا معروف ناسراو بە" نوری كەلْەشێر" بە بەرگی ئەفسەرییەوە و بە سەیارەی جێب قیادەی عەسكەری سەیارەی زیل هاتە سەرمان لە تەننورە و چیاسورخ , بەلاَم من نەكەوتمە بەر دەستی. نوری لە دێی تەننورە وتبوی " مەلا ستار" كەواتە من بوومەتە جاش و ئەبێ بمگرێ , حەمە عەلی لێپرسراوی دێی تەننورە پێی وتبو جەنابی مەلا ستار كوا بۆتە جاش ؟ جاش ئێوەن بە سەیارەی زیلی عەسكەری و بە كۆمەڵێ تاج و نەجمەوە لە سەر شانت عەیب ناكەی دێیتە سەر بنكەكانی پێشمەرگە و ئاواییەكانی خانەقین, ئێمە ئەم ناوچانەمان بە خوێن ڕزگاركردووە, ئێوە ئەتانەوێ بە ئاسانی تەسلیمی حوكومەتی بكەنەوە و ئەوەبو نوری كەلْەشێر زللەیێك لە حەمە عەلی ئەدا و ئەویش نایكاتە نامەردی و پێی ئەڵێ ئەگەر جەنابت جاش نییت بۆ لە كوردێكی دلسۆزی كورد ئەدەی؟ من لەو كاتە لە ماڵ خوشكەكەی حەمە عەلی خۆم شاردبوەوە, پاشان دوای چەند ڕۆژێك ملازم تاهر سید نوری بەرزنجی و عەزیز بەرزانی بە لقێ پێشمەرگەوە لەگەڵ ڕەشید تایشە هاتنە سەرم لە بارەگای چیاسورخ , دەمەو ئێوارە بو , ملازم تاهر بەرزنجی و عەزیز بەرزانی و كەریم تایشە و لقێكی پێشمەرگە هاتنە چیاسورخ و منیش سێ چوار كادر و یەك دوو پێشمەرگەم لەگەڵ بو لە بارەگاكە, ئاگادارمیان كردەوە كەوا لەسەر برووسكەی بەرزانی ئەبێ لەگەڵیانا بڕۆم و لە خانەقین نەمێنم, كە سەیرمكرد كار لەكار ترازاوە , وتم باشە هیچی

وا ڕووی نەداوە و ئێمە هەموو براین و هیچ مانعم نییە و لەگەڵتانا دێم, ئێوارە خەریکی نانخواردن بوین, کافیە خانی خێزان میرزا رەحیم  هاتە لام و دیار بوو زۆر ئەترسا شتێکم لێبکەن , پێم وت ڕەشید تایشە بانگکە بۆ لای خۆت  بەناوی چایخواردنەوەو مەشغوڵی بکە بەتەمای ڕاکردنم, کافیە خان تایشەی لەگەڵ خۆیا  بردو منیش دەستم  دایە مەسینەیێکی ئاو  وتم بۆ سەر ئاو  ئەچم, چوومە ئەودیو بارەگاکە و ئاماژەیان  بۆ کەریم گرتك کرد, پێشمەرگە بو, بە تفەنگێکی سمینۆفەوە  کەوتە دوام و لەولامەوە ڕاوەستا  و موراقەبەمی ئەکرد,  منیش دەستم دایە چواردەخۆرەکەم و وتم کەریم نق نەکەی , من ڕائەکەم , کەریم گرتك لە شوێن خۆی وشك بوەوە  منیش بەرەو خۆرئاوا هەلأتم بەناو شیوو زورگەکانی ڕۆژئاوای چیاسورخ , دوای چەند دەقیقەیێك کەریم هاواری کرد و وتی مەلا ستار ڕایکرد و چەند تەقەیێکی بە ئاسمانا کرد. هەر دوابەدوای من  یاسین خانەقینی  کادرێکی پارتی بو ئەویش بەدوای منا ڕایکرد و هەردووکمان لە ناو غەڵێ " کۆمەڵە بەردێ " لەسەر  یەکێ لە زورگەکانی سەر ڕێگاکەمان  خۆمان شاردەوە, زۆری پێنەچو  چەن پێشمەرگەیێك هاتنە تەك  ئەو شوێنەی خۆمان لێشاردبوەوە , بەلأم دونیا تاریك بوبوو , گوێمان لێبو  ئەیانوت , کاك رۆوف قەیتەران  بچۆ سەر زورگەکە  بزانە کەسی لێنییە ؟ ڕۆوف قەیتەرانیش پێشمەرگەی لقی دەربەند بێلوولە بو,پیاوێکی گاڵتەچیبو منی خۆش ئەویست و منیش زۆر بۆی باش بووم, وتی من نارۆم بۆ سەر زورگەکە, ئەگەر مەلا ستار لەوێ بێ , ئەمبینێ و چواردەخۆرێکی پێیە و ئەمکوژێ ," دالك ئیبراهیم ئەو کاتە بە بێوەژنی ئەمێنێتەوە و دوای من سواری بن " ئەگەر ئێوە پیاون خۆتان بۆ ناچنە سەر زورگەکە, لەم کێشمە کێشە بوون و بەرەو دواوە کشانەوە و نەهاتنە سەرمان . حەز ئەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بە کافیە خانم وت کەریم تایشە بانگ لای خۆت بکە؟ لەبەر ئەوەی ئەمزانی کەریم سازمانی ئێرانییە و دوور نییە هەوڵبدا بۆ لەناودانم.

دوای ئەوەی کە کشانەوە , بەرەو دێی تەننورە  کەوتینە رێ, ئەوانیش بە سەیارە پێش ئێمە گەیشتبوونە تەننورە و یەکسەر ئەچنە ماڵ حەمە عەلی و دەرگای حەوشەکەیان  لە تەپان هەڵئەقەنن , وایان ئەزانی من لەوێ خۆم شاردۆتەوە, کە منیان نەدییەوە یەکسەر

بەرەو دێی بانە بۆر ڕۆیشتبوون, ئیمە کە گەیشتینە تەننورە و چوینە ماڵ حەمە عەلی , مەسەلەکەی بۆمان ڕوونکردەوە کە چەندە ناپیاوانە چوونەتە سەر ماڵەکەیان. ئێمە زۆر ماندووبوین , زانیمان ئیتر ناگەڕێنەوە ,نانمان خوارد و ئیسراحەتمانکرد . بۆ بەیانی لە ئاو سیروان پەڕامەوە و بەرەو دێی تازە دێ ڕۆیشتم و پێناسەیێکی تەزویرم پێبو , بە سەیارەیێکی 18 نەفەری چوومە سلەیمانی. لە سلەیمانی لە گەڕەکی قەرەج ئاوا دابەزیم و لەوێ ناردمە دوای عبداللە قەڵەو کە بەم دواییە بووە موختاری گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکوك, سەیارەیێکی تەکسی هەبو لە نێوان کەرکوك و سلەیمانی ئیشی ئەکرد. ناردمە دوایا بە خصوصی گرتم و بە سەلامەتی گەیاندمیە کەرکوك. لە کەرکوکەوە گەڕامەوە بۆ بەغدا.

لە لایێکی ترەوە ملازم تاهرو عەزیز بەرزانی کادرەکانی ناوچەکەمانیان بە بەندکراوی لەگەڵ خۆیانا بردبو ,کادرەکان صلاح نەجیم و بەهمەن و نەوزاد, بەڵام لە دێی گۆڕگونش کوێخا محمدی گۆرگونش خۆی و کوڕەکانی زۆر پیاوانە , هەموویانیش چەکداربوون و منیان زۆر خۆش ئەویست و داوا لە ملازم تاهر و عەزیز بەرزانی ئەکەن کە کادرەکان لەگەڵ خۆیانا نەبەن و لای ئەو بەجێیان بهێلن, دوای کەمێ دەمە تەقێ ملازم عەزیز و عەزیز بەرزانی تێ ئەگەن کە ئەگەر بە خۆشی بەرەڵایان نەکەن کۆێخا محمد کە کوڕەکانی بە چەکەوە لە سەربانی ماڵەکەی دایانی نابو , لەوانەیە بە زۆر لێیان بسەنێتەوە, بەم جۆرە کوێخا محمد ڕزگاریان ئەکا لە دەستیان, لێرە ئەمەوێ بڵێم کورد مرۆڤی وا بەوەفاو نەترسی هەبو و نەك وەك ملازم تاهر کە دۆستی ئێمە بوو بەم دووایيەش هەر گەڕایەوە بۆ لای خۆمان و زۆری پێناخۆش بوو کە بەم دواییە چاوم پێی ئەکەوت باسی ئەم ڕووداوەم ئەگێڕایەوە .

بۆ جاری دووەم لە بەغداوە گەڕامەوە بۆ کەلار و لە کەلارەوە بۆ دێی تەننورە و محمد ئەمین کەلاری و حەسەن شیرین و ئەوڕەحمان زەلکە پێشمەرگەی ئازای پارتیمان بوون لەگەڵ چەند پێشمەرگەیێکی تر بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماوە ,لە تەننورە یەکێکم نارد و پێمووت بە هەڵەداوان بچۆ بۆ چیاسورخ و بڵێ مەلا ستار گەڕاوەتەوە و پێشمەرگەیێکی

زۆری لەگەڵ خۆی هێناوە  وەك شەڕێكی دەروونی  ئەم پلانەم بەكار هێنا كە زۆر كاریكردە سەر بەرامبەرەكەمان . بلە هەورامی  لە چیاسورخ لە شوێن من جەماعەتی بەرزانی دایاننابو , بلە هەورامی هەر كە دەنگوباسی گەڕانەوەكەمی بیست  بەرەو گوێی سیروان هەڵدێ و ئێمەش  بە بێ شەڕ گەڕاینەوە بۆ چیاسورخ. ئەوەبو زۆری پێنەچو  هەردوولا لە بەمۆ و بێلوولە و ناوچەكە  بووە شەڕمان  لەم شەڕەدا بەداخەوە پێشمەرگەی لاوی قارەمان كامەران عەزیز پشتیوان شەهیدكرا  , یەكەم پیشمەرگە بوو لە شەڕی براكوژی شەهید بكرێ . حلمی عەلی شەریف و پیشمەرگەكانی ئێمە  ئەپەڕێنەوە بۆ ئێران  و منیش گەڕامەوە بۆ  كەركوك و نەمویست  بچمە ئێران و چوونم بۆ ئێران زۆر بە خەراپم ئەزانی . بەم جۆرە ئەمجارەش خۆم لە چنگ چەكدارەكانی بەرزانی قورتاركرد.

دوای گەڕانەوەم بۆ كەركوك ئەمجارەیان  خەریكی گەڕانەوەبووم بۆ سەر وەزیفەكەم  وەك مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی , دوای هەوڵدانێكی زۆر و هاتووچۆكردنی بەغدا لە 1965\10\30 گەڕامەوە و بوومەوە بە مامۆستا  لە قوتابخانەی ماحوز لە قەزای حەویجەو لە ماحوز مامەوە تا 1\9\ 1966. بەڵێ وادیار بوو ئارەزووی مەلا مستەفا بە پێ ی رێكەوتنەكەی لەگەڵ مشیر عبدالسلام ئەوە بو ئێمەی كادرە سیاسییەكان و پێشمەرگەكانی كوردستان بگەڕێنەوە سەر ئیشو كارەكانمان و مەیدان بۆ حوكومەتی عیراق چۆڵ بكەین و بە بێ ئەوەی هیچ دەسكەوتێكمان دەست كەوێ,  بەڵێ یەكێ لە بڕگەكانی بەیانەكەی مەلا مستەفا بە گەڕانەوەی پێشمەرگەكان بۆ سەر ئیشوكاری پێشوویان هاتە دی. ئەوا لە خوارەوە دەقی بەیانەكەی مەلا مستەفا وەك خۆی بە عەرەبی بلاو ئەكەمەوە كە لە ئیستگەی بەغدا بلاوكرایەوە:

تلبية لرغبة السيد رئيس الجمهورية ... بالمحافظة  على وحدة الصف الوطني وحقن الدماء البريئة  وانهاء اقتتال  الأخوة , ولثبوت  حسن  النية عند السلطة الحاكمة , قررنا  المبادرة  الى ايقاف  اطلاق النار والطلب الى اخواني  العودة الى محلات سكناهم والانصراف الى اعمالهم الحرة  الكريمة.  وبهذا ينفسح المجال للسلطة الوطنية لمبادرة اتخاذ الخطوات الكفيلة  باعادة  الحياة الطبيعية  والأمن

والاستقرارالى المنطقة وتتهيأ الفرصة لاقرار الحقوق القومية للمواطنين الأكراد ضمن الشعب العراقى فى وحدة وطنية واحدة وارساء الأخوة العربية الكردية على أمتن القواعد بما يصونها من الوهن ويحصنها من دسائس المستعمرين والمتصيدين والطامعين , وليعلم الجميع ان سيادة القانون وتأمين الأمن والنظام كفيل بحل كل معضلةمهما كانت مستعصية.

فليسدد الله خطى المخلصين ويكال جهودهم بالنجاح فيما يريدونه للشعب والوطن من وحدة وسؤدد وازدهار والله من وراء القصد.

البارزانى مصطفى

**لەو ماوەیە لە 1965\2\10 سەردار کورم لەدایکبوو دوای سێ خوشك پەروین و نەسرین و نیگار.**

**دوای گەڕانەوەم بۆ وەزیفەکەم بۆ جارێکی تر گەڕامەوە بۆ ژیانی پارتایەتی بەڵام ئەمجارەیان لەناو شار دوور لە دێهاتەکان و کەژەکانی کوردستان, خەباتی سیاسی نەك چەکداری.**

**لە مانگی شوباتی ساڵی 1963 وە تا مانگی ئایاری ساڵی 1964 لە دەرەوەبووم و کەواتە لە ڕیزی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردستان وەك کادرێکی پیشەیی و لێپرسراوی لێژنەی ڕێکخراوو دواجاریش لێپرسراوی لێژنەی ناوچەو ئەندامی لق و بۆ یەکەم جاریش لە ژیانی سیاسیمدا لە کۆنفرانسی ماوەت لە نیسانی 1964 لەگەڵ 70 ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەشداربووم لە دەرکردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە کە دوا ڕۆژی شۆڕشی کوردستان و ژیانی پارتایەتی خستە مەترسییەوە , ئاژاوەو دووبەرەکییەکی وای نایەوە, ئەم دووبەرەکییە بەردەوامبو تا ساڵی 1990 دوای دامەزراندنی حوکمەتی فیدراڵی لە کوردستانی عێراق , ئەو دووبەرەکیە بە مۆقەت ڕاوەستا پاش دامەزراندنی حوکومەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دووبارە لە 1994\5\2 شەڕی برا کوژی دەستی پێکردەوەو حوکومەتی کوردستانیش بووە دووبەشەوە کەواتە دوو ئیدارە , ئیدارەی پارتی**

له بادینان و ئیدارەی یەکێتی له سلەیمانی, هەرچەندە لە ساڵی 1998 کۆتایی بە شەڕی دووبەرەکی هات , بەڵام تا ساڵی 2004 یش دوو ئیدارەکە نەبوونە یەك , بە تایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی صدام حوسێن له بەغدا نە ئەبوو پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە دوابخرێن.

ئەتوانم بڵێم شەڕی براکوژی نێوان پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە 2\5\ 1994 سەرهەڵدانەوەی زام و برینەکانی ساڵی 1964 بو, کە دواجار لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم دێمە سەر باسکردنی.

# بەشی شەشەم

# 1969—1965

# ژیانی پارتایەتی و وەزیفەیی

لە حوزەیرانی ساڵی 1966, لە پشوی هاوینی قوتابخانە, لە ماحوزەوە گەڕامەوە بۆ شاری کەرکوک , لە کەرکوک وەك ئەندامێکی پارتی ڕیکخرام , تا لە 1\9\1966 بە یەکجاری لە ماحوزەوە گواسترامەوە بۆ کەرکوك و ئەندامی لێژنەی ڕێکخراوی کاسبکاران و پاشان دوای بەستنی کۆنفرانسی ناوچەی کەرکوك هەڵبژێردرام بە ئەندامی ناوچە و نوێنەری لێژنەی ناوچە بۆ لق و لە ساڵی 1967 هەڵبژێردرام بە سکرتێری لقی کەرکوك , لە ناو شاری کەرکوك ڕێکخستنی پارتیمان – جەماعەتی مەکتەبی سیاسی – ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندا بو, بەتایبەتی دوای ئەوەی خەڵکی بۆیان ئاشکرا بو کەوا ڕێککەوتنەکەی شوباتی 1964 هیچ دەسکەوتێکی تێدا نەبوبۆ گەلی کورد.

هەر لە ساڵی 1966 بوو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتیمان و پێشمەرگەکانی پارتیمان لە ئێران گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق دوای ڕیککەوتنێکی کاتی لەگەڵ مەلا مستەفا , بەڵام دووبارە نێوانیان تێکچووەوە , ئەوەبو لە 28\8\1966 جەماعەتەکەی ئێمە کۆنفرانسێکی بەست لە تیمار من لەو کۆنفرانسە بەشدار نەبووم . پێش کۆنفرانسی تیمار یش نێوان حوکومەت و مەلا مستەفا بەتەواوی تێکچوبوەوە , ئەوەبو لە 12\3\1965 مەلا مستەفا حوکومەتەکەی تاهر یەحیای ئاگادارکردەوە کەوا بێنە سەر ڕێگای ڕاست و وتوویژ, بەڵام دووبارە سوپای عێراق هێرشی کردەوە سەر کوردستان و ڕێکەوتنەکەی شوباتی 1964

ساڵێ دەوامی نەکرد , هەر وەك لە سەرەتای ڕێککەوتنەکە مەکتەبی سیاسی ئەیزانی حوکومەتی عیراق و عبدالسلام عارف جێی متمانە نیین , وەك مەلا مستەفا ئەیوت گوایا عبدالسلام " المؤمن مؤتمن " کە وادەر نەچو. دووبارەبوونەوەی شەڕەکە بوە هۆی گەڕانەوەی برادەرانمان, باڵیمەکتەبی سیاسی لە ئێرانەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ مەلا مستەفا دووبارە ڕێکبکەونەوە . دوای ئەم شەڕەش دووبارە مەلا مستەفا لە 29\6\1966 لەگەڵ حکومەتەکەی عبدالرحمن البزاز ڕێککەوت .

ئەمە ڕێککەوتنی دووەمە لەگەڵ حوکومەتەکانی عێراق و یەکەمیان لە 10ی شوباتی 1964 وەك باسمانکرد و ڕێکەوتنی دووەم ئەمەی لەگەڵ حکومەتەکەی بزاز لە 29 ی حوزەیرانی 1966.

هەردوو ڕێکەوتنەکە کە مەلا مستەفا لەگەڵ حوکومەت ڕێك ئەکەوت , شۆڕشی کورد لەوپەڕی بەهێزی دا بووەو , حوکومەتی عیراقیش لەو پەڕی لاوازی بووە , وەك باسمانکرد, هیچ کاتێ شۆڕشی کورد لەشەڕدا نەیدۆڕاندوە , بەڵکو سەرکەوتوبوە بەسەر دوژمنەکەیدا, بەڵام لە سەر مێزی مفاوەزات دۆڕاندویەتی , لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ئاستی ئەو قۆناغانە نەبوون لەگەڵ بەرامبەرەکەیان , لە مەیدانی گفتوگۆ گرەو لە بەرامبەرەکەیان بەرنەوە لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەند ئەزموونێکی زۆرتر بوون لە سەرکردەکانی کورد, خاوەند جیهازەکانی موخابەرات و ئیستخبارات و ئاسایشێکی خاوەند ئەزموونێکی زۆر بوون لە فڕتوفێلی سیاسی کە ئێمەی کورد زۆر لەو بوارانەدا هەژار بوین. ئەمە جگە لەوەی کاتێ بارزانی ئەچووە ناو مفاوەزاتەوە لەگەڵ بەغدا , یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی لەو مفاوەزاتانە لێدانی جەماعەتی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو , هەروەها باڵی مەکتەبی سیاسیش بە هەمان جۆر لەگەڵ بەغدا مفاوەزەیان ئەکرد بۆ لێدانی بەرزانی .

دوای هەموو مفاوەزاتێك حوکومەت توانیویەتی ژمارەیێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بکڕێ و ژمارەیێك سیخوڕ لە ڕیزی شۆڕش بنێتەوە و ئەتوانم بڵێم پێش مفاوەزاتەکەی 1964 حوکومەتی عیراق بە دەگمەن سیخوڕێکی هەبوبێ لەناو ڕیزی

شۆڕشدا . ئەم دیاردەیە , بوونی سیخوڕی حکومەتەکانی بەغدا لە ناو ڕیزی پێشمەرگەو و سەرکردایەتی هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتە سیاسییە کوردستانییە بچوکەکانی تری کوردستان , جێگای سەرسووڕمانی هەموو چاودێرێکی سیاسی بوو , بەتایبەتی ژمارەیێکی زۆری ئەندامانی ئەم حیزبانە دوای قۆناغی ڕزگاری عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003\4\9 , ژمارەیێکی زۆری مەلەفەکانی ئەو سیخوڕانە کەوتە دەست مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و ناوەکانیان لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاوکرایەوە و لە چەند کۆبوونەوەیێکی پەرلەمانی کوردستان باسکران و بڕیاردرا لەسەر ئەوەی لێکۆلینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و ژمارەیێکیانیش لە ئیش و کاری حیزبایەتی تجمید کران بەڵام بۆ ماوەیێکی زۆر کورت , نە لێکۆلینەوە کرا نە هیچ ئیجرائاتێکی تر و مەسەلەکە خرایە بن لێوەو , هەندێکیانیش بۆ سەر پۆستەکانی خۆیان گەڕانەوە, مەسەلە چیبوو ؟ بەهەرحاڵ , حیزبەکان خۆیان ئەزانن مەسەلەکە چییە و بۆ بێدەنگبوونە؟ بەڵام بیانەوێ یان نا ئەگەر لاپەڕەکانی مەلەفەکانیان هەڵنەدرێتەوە و بۆ جەماوەری کوردستان ڕوون نەکرێتەوە , ئەوا ئەو ناوانەی کە بڵاوکراوەتەوە هەمیشە وەك بنێشت ناوەکانیان ئەجاورێن و لەسەر زاری جەماوەری کوردستان هەمیشە جێگای باسیان ئەبێ .

لە 22-1967\3\27 کۆنگرەی شەشەمی پارتیمان , پارتی دیموکراتی کوردستان –باڵی مەکتەبی سیاسی- لە کەلار بەسترا و منیش یەکێ بووم لە ئەندامانی کۆنگرەکە و لەم کۆنگرەیە مەلا مستەفامان لە ڕیزی حیزب دەرکرد و مەلا مستەفاش لە کۆنگرەی شەش لەڕانیە ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی ئەوی لەگەڵیا نەبو هەموویانی لە ڕیزی پارتی دەرکرد.

دەربارەی کێشەی ناوخۆی پارتی , کۆنگرەی شەشی کەلاردراسەتی هەڵوێستەکانی بەرزانی کرد لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت کە لە نیسانی ساڵی 1964 بەسترا , لەو کۆنفرانسە بەرزانی لە هەموو دەسەڵاتەکانی وەك سەرۆکی پارتی لێ سەنرایەوە بە هۆی

ئیستغلالکردنی مەوقعی سەرۆکایەتی بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی پارتی و دژی پرۆگرامی پارتی و ئامانجەکانی .

دەربارەی کۆنفرانسی تیمارو کۆنگرەی شەشی کەلار بە دوورو درێژ لە کتێبی " تأريخ الحزب الثوری الكوردستانی" باس کراون , بۆیە لێرە ئەوەندە لەسەری ناڕۆم .

لە ساڵانی 1967- 1968 جەماعەتی شیوعیەکان " قیادەی مەرکەزی " جەماعەتی عەزیز الحاج , زۆر دڕندانە پەلاماری ئەندامان و دۆستانی حیزبمانیان ئەدا و چەند کەسێکیان لە کەرکوك لێمان کوشت , یەکێ لەوانە حاجی محمد باوکی شەهید فەیز الله کە لەڕۆژی یەك شەممە ی 7\1\1968 لە شۆریجە لەسەر دوکانەکەی کوشتیان. زۆر سەیر بو ئەم بێ ئەخلاقانە بۆ ئەم پیاوە تەمەن گەورەیەیان کوشت کە هیچ پەیوەندییێکی بە حیزبەوە نەبو. هەروەها دوو پێشمەرگەی تریان لە شوریجە لەناو بازاڕ کوشت.

گەلێ هەوڵماندا بە ڕێگای مەکتەبی سیاسی پارتیمانەوە کەوا بکەن واز لە کوشتنمان بێنن و شەڕی برا کوژی نەکەین, بەڵام بێ سوود بو, عەزیز الحاج و چەند چەپڕەوێکی وەك صالح عەسکەری ..سووربوون لەسەر ئەو ڕێڕەوە هەڵەیە , لە لایێکی ترەوە مەکتەبی سیاسی پارتیمانیش ڕازی نەبو کە ئێمە حەقی خۆمان بکەینەوە. لەو سەردەمە ڕشدی عەلی شەریف برای حلمی عەلی شەریف نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بو لە کەرکوك و تازە نێردرابووە کەرکوك و شارەزاییێکی ئەوتۆی نەبو لە ڕێکخستن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە شارەکە, ئەویش لەگەڵ ئەوەبو کلاشنکۆف و چەکەکان مان بتوێنینەوە و بیانکەین بە پاسکیل بۆ منداڵان یان بووکەشووشەی منداڵان , بەڵام ئێمە بە کاك ڕشدی مان ئەوت ئێمە چەکەکانمان فڕێ بدەین , خەڵکی تر چەکدارن و بە چاو خۆت ئەیانبینی چۆن ئەمانکوژن , بەهەرحاڵ ئێمە لقی کەرکوك بەبێ ڕەزامەندی نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی , دەسی خۆمان وەشاند و تۆڵەی کوژراوەکانمان سەندەوە , زۆری پێنەچو لە بەغدا جەماعەتی عزیز الحاج چاویان بە مەکتەبی سیاسی پارتیمان کەوتبوو داوای ڕاگرتنی کوشتارەکەیان کردبو, ئێمەش لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی وازمان لە شیوعیەکانی عزیز الحاج هێنا. مەسەلەی کوردی ئەڵێ " جێی مست پالەقەیە" ئەگەر

ئێمە وسکت بوایایان  ئەوا ئەوان بەردەوام ئەبوون لە کوشتنی هەڤاڵانمان. ئەم ڕاستیەش جوانتر ڕوون بوەوە دوای ئەوەی عزیز الحاج حکومەت گرتی , دەرکەوت چەند زەلامێکی ترسنۆك بوو , یەکسەر ئیعترافی کردو وازی لە حیزبەکەی هێنا, کەواتە مەوقفەکەی ئێمە بەرامبەر بە گروپەکەی زۆر ڕاست بوو .

بەڵام ئەوەی جێگای داخە  عزیز الحاج لە کتێبەکتێبەکەی " مع الاعوام" دوای ئەوەی بووە بەعسی , ئەم کتێبەی دانا لە ساڵی هەشتاکاندا , مەسەلەکەی  بە پێچەوانەوە لە کتێبەی دا گێڕاوەتەوە , گوایا ئێمەی جەماعەتی   مام جەلال دەستپێشخەریمان کردبو لە ڕووداوەکانی نێوان هەردوولا لە کەرکوك. عەزیز الحاج لە ژیانی سیاسی دا هەمیشە وا توندڕەو بو, لە حیزبی شیوعی عێراقیش کە ئینشقاقی کرد هەر بەهەمان هۆی توندڕەوی  لە حزبەکەی یاخی بو, پاشان کە دژی حزبی بەعس بوو بە هەمان شێوە توندو تییژ بو, دواجاریش چووە پاڵ حزبی بەعس  بە هەمان شێوە ئەمجا بەرگری لە حیزبی بەعس ئەکرد, مرۆڤی توندڕەو و هەڵەشە نەك لە بواری سیاسەت بەڵکو لە هەمو بوارەکانی ژیان سەرکەوتو نابێ .

بەهەرحاڵ سەرەڕای ئەوەی حیزبی شیوعی  عێراق لەگەڵ مەلا مستەفا بوون لەو سەردەمە  بەلاَم لەناو شاری کەرکوك و شارەکانی تری کوردستانیش دژی یەکتر نەبوین.

لە ناو شاری کەرکوك لەسالآنی 1968- 1969 خەڵکێکی زۆرمان لەگەڵ دا بوون  جگە لە ئەندامانی حیزب, لەبەر ئەوەی لەناو شاری کەرکوك ڕێگەمان  بە حیزبی بەعس و دەستەودایەرەکەی نەئەدا ئازاری خەڵکەکە  بدەن, تا ڕادەیێك جارێکیان پۆلیسێ لە پۆلیسەکانی  پۆلیسخانەی ئیمام قاسم  تەعەددای لە حاجی غەفور دوکاندار  کردبو, شەهید عەلی عەسکەری ئەو سەردەمە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە  بو لە کەرکوك , پۆلیسەکە ئەڕفێنێ و لە مەرکەزەکەش مەعاونەکە دارکاری ئەکا , پۆلیسەکە لە دارەمان بارەگای  پێشمەرگە بەند ئەکا, ئەوەبو قائد فرقەی دوو ئیسماعیل تایە نعیمی و برهان الدین عبدالرحمن  لێپرسراوی حیزبی بەعس لە کەرکوك  لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك لە لایەن حوکومەتەوە و عمر دەبابە  لە لایەن  پارتیمانەوە  لە ماڵ علی عەسکەری

کۆبوونەوە, مەسەلەکەیان چارەسەرکرد و پۆلیسەکەیان بەرەڵاکرد. دوای ئەم ڕووداوە کاربەدەستانی حوکومەت بۆیان دەرکەوت تەعەدداکردن له کوردەکانی کەرکوك کردەوەیێکی وا ئاسان نییە و زانییان کە " جێی مست پالەقەیە" منیش وەك سکرتێری لقی کەرکوك لەو دانیشتنەی ماڵ عەلی عەسکەری بەشداربووم.

له ساڵی 1968- 1969 حیزبی بەعس له شارەکانی تری کوردستان له سلەیمانی و هەولێر و قەزاکانی کوردستان بارەگای حیزبییان نەبو , ئێمە ڕێمان نادا پێیان بارەگا لەو شوێنانە بکەنەوە . ئێمە خۆمان بەحیزبی حەلیف ئەزانی و ڕێگەمان نادا ئەوان کورد ڕێك بخەن , بوونی بارەگای حیزبی بەعس لە هەولێر دوای بەیانی 11 ئازار 1970 و دوای نەقڵکردنی عقید محمد امین فەرەج کرایەوە, تا محمد ئەمین فەرەج پاریزگاری هەولێر بو ڕێگەی نەئەدا بەعسیەکان بارەگا بکەنەوە .لەگەڵ ئەوەشدا جەماعەتی مەلا مستەفا بە ئێمەیان ئەوت جاشی 66, بەڵام کە خۆیان لەگەڵ حوکومەتی عبدالسلام عارف بەبێ وەرگرتنی بچووکترین مافی نەتەوایەتی گەلی کورد تەسلیم عبدالسلام عارف بوون و بەبێ هیچ دەسکەوتێك قایلبوون تەنها بۆ لەناودانی جەماعەتی مەکتەب سیاسی نەبێ کە بەگەورەترین دەسکەوتیان ئەزانی, ئەو کاتە بە خۆیان ناوت جاشی 64 .

بەهەرحاڵ بەهەموو قەناعەتێکەوە دوای هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی نێوان ئێمەو حوکومەتەکانی عێراق , ئێمەی جەماعەتی مەکتەبی سیاسی جاش نەبوین و وەزعی کورد لەناو شاری کەرکوك لەو سەردەمانە وەزعی زێڕین بوو کە ئێمە لەناو شاری کەرکوك بوین و کەس نەی ئەوێرا بە کورد بلێ کەڵا شەکەت خوارە. من ئەو سەردەمە سکرتێری لق بووم له کەرکوك و وەك مامۆستای قوتابخانە تەفەروغ کرابووم بۆ ئیشوکاری پارتایەتی , ئەندامی پەیوەندیبووم لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك و بەڕێوەبەری ئاسایش و پۆلیس و پەروەردەو دایەرەکانی تری میری. ئیشوکاری ڕۆژانەم پارێزگاریکردن بوو له دانیشتوانی شارەکە بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییك بکەین لە نێوان ئەندامانی پارتیمان و خەڵکەکانی تر. کوردی کەرکوکیش بە باشی هەستیان بەمە ئەکرد. بۆ نموونە جارێکیان لە ساڵی 1969 ژمارەیێکی زۆری سەرباز بە سەرکردایەتی ئامر لیوا مقدم عەزیزی موصلاوی , له

بەرە بەیانا ئابلۆقەی گەڕەکی شۆڕیجە ئەدەن و نزیکی 40 کەس ئەگرن , لەناو یەکێ لە قوتابخانەکان حجزیان ئەکەن . تەلەفۆنیان بۆمکرد کەوا لە شۆریجە ئەو مقدم عەزیزە کۆمەڵی خەڵکی گرتووە لە نێوانیان دا ئەندامانی پارتیمانیشی تیایە و یەکێ لەوانە جمیل مەلا وەیسی بوو کە لێپرسراوی پێشمەرگەی داخلی بوو, ئەوەبوو یەکسەر بە دوو سەیارەی لاندرۆڤەرەوە نزیکی 12 چەکدارم لەگەڵ بوو چوومە شۆریجەو لەوێوە بۆ قوتابخانەکە , سەیرمکرد هێزێکی زۆری لێیە وەك ئەوەی لە بەرەی شەڕدا بن, کە چوومە لای ئامر لیواکە لە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ رائد ڕوکن غازی زابتی ئیستخباراتی فرقەی دوو دانیشتبوون,.دوای ئەوەی سەلامم لێیانکرد , یەکسەر ئامر لیواکە پێمی ووت بۆ بەچەکەوە هاتوویتەتە ژوورەوە؟ منیش پێمووت من نوێنەری پارتیم جەماعەتی مەکتەبی سیاسی , ئەویش بەبێ یەکو دوو وتی رائد غازی چەکیان کەن, رائد غازیش وتی سەییدی چۆن چەکیان کەم ئەمان حەلیفی ئێمەن , بەڵام وادیار بو جەنابی ئامر لیوا سووربو لەسەر چەك کردنمان, ئەوەبو وتم جەنابی قائد ئەگەر جەنابت عەسکەری بی لەم حاڵەتە کە تەنها خۆت و ڕائد غازی لە یەك ژووردان و منیش 12 چەکدار لە پشتمەوەیە , چاوەڕوانی فەرمانی منن, جەنابت چەك بکەم , تۆ وابزانە ئێمەجەماعەتی بەرزانیین و هاتوینەتە ژوورەوە , ئەوکاتە دەسەڵاتت چییە لەوە زیاتر تەسلیم ببی, لەو قسەیە بوین رائد غازی تەلەفۆنی بۆ ئیسماعیل تایە نعیمی قائد فرقەکردو لە گەڵ ئامر لیواکە قسەیکرد و ئەم هەر ئەیوت نعم سیدی نعم سیدی , پاشان تەلەفۆنەکەی دایە دەستم و لەگەڵ قائد تەلەفۆنمکرد و مەسەلەکەم بۆ ڕوونکردەوە, پێمی وت چی تۆ ئەتەوێ وا ئەکرێ , منیش وتم ئەوانەی گیراون ئەبێ هەموو بەرەڵابکرێن , وتی باشە عەزیزم بدەێی ئەوە بوو لەگەڵیا قسەی کردو ئەمری پێکرد هەموو گیراوەکان بەرەلابکاو دوا جار لەگەڵما بێتە بارەگای فرقە. ئەوەبوو هەموویانم بەردا و پاشان ئامر لیواکە پێمی وت ئەمانە هەموو جەماعەتی ئێوە بوون , وتم نەخێر باوەڕ بکە خەڵکی وای تیابو چەند مانگە لێیان ئەگەڕێم و چەکداری جەماعەتی مەلا مستەفابوون. بەڵام ئێمە لەناو شار ڕێگا بە ئێوە

نادەین ڕەشوڕووتی کورد لە ناو شاری کەرکوك بتۆقێنن و جیگای جەنابت بەرەی شەڕە نەك ناو شار, ئازای لەبەرەی شەڕخۆت بنوینە .

پاشان گەرایەوە بۆ لای قائد فرقەو لەوێ داوای لێبوردنی لێمکرد کە ئەو هەڵەیەی کرد لەگەڵمانا.

بەڵی ئەم ڕووداوە دەنگێکی باشی لەناو شاری کەرکوك دایەوە تا ئەگا بە جەماعەتی مەلا مستەفاش.

# بەشی حەوتەم

# هەڵکشان بەرەو سەرکردایەتی

لە 1969\8\21 بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 373 کرام بە قائممقامیکۆی یە . پێش بوونم بە قائممقام یاریدەدەری بەریوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی ئیمام قاسم بووم لە کەرکوك و مامۆستا جمال مستەفا بەڕێوەبەر بو.

لە 1969\9\4 ئینفکاکمکرد و دوای چەند ڕۆژێ چوومە کۆیە , برادەرانی پارتیمان و خزمان و دۆستانێکی زۆر تا شاری کۆیە بەڕێمیان خست . لەو برادەرانە کاك عەلی عەسکەری و مامۆستا عەباس حوسین و نجم الدین گلی و نورالدین عبد الرحمن و شەوقی حەمە خان و حەسیب نورالدین و نامق محمد و شیخ رۆوف عەسکەری و شێخ جەلیل برام وشێخ حەسەن برام.. .

لە رێدار مەرکەزی ناحیەی شوان , کوێخا حوسێن کوێخا ڕەجەب کە سەرۆك جاش بو پێشوازیمیکرد لەگەڵ چەکدارەکانی تا کۆیە لە گەڵما هات , چەند هەوڵمدا لەگەڵیا لە شیوە سوور , بگەڕێتەوە , بەڵام بێسوود بوو , قسەێیکی خۆشی بۆمکرد وتی" یا شێخ لەبەر تۆم نییە لەبەر خۆممە ," کەواتە بە تێگەیشتنی خۆی بەهاتنی لەگەڵما تا کۆیە پێی

گەورە ئەبێ نەك بچووك. كوێخا حوسێن هاوڕێی سەردەمی مامۆستاییم بو, لەو سەردەمەوە لە ساڵی 1955, لە ڕێدار مامۆستا بووم لەگەڵ جەلال عبد الرحمن بەگی مام ڕەش و زۆر جاریش لەگەڵ جەلال بەگ ئەچووینە دێی حاجی بەیخان و سەرمان لە كوێخا رەجەبی باوكی ئەدا. جگە لەوەش كوێخا حوسێن سەردەمی پێشمەرگایەتیم یەكێ بوو لە سەرلقەكان لە ساڵی 1963.كەواتە ئێستاش كە بوومەتە قائمقامی كۆیە و لێپرسراوی پارتی و هێزی پێشمەرگە لە كۆیە , بە حیسابی ئەو قەلاێیكی باش ئەبم بۆی .وریا شوانی سەرلقی پێشمەرگەی خۆمان, ئەویش تا كۆیە هات لەگەڵما , یابە ناسراو بە وریا شوانی لە ڕێدار لە ساڵی 1958 ئەندامی پارتی بوو, ئەو سەردەمە منیش لە رێدار لێپرسراوی ڕێدار بووم كەواتە هاوڕێیە تیەكەمان زۆر كۆنە.

كە چوومە كۆیە لە 1969\9\5 وەزعی ناو شاری كۆیە زۆر ئاڵۆزو ناخۆشبوو , پێش چوونم شەڕێكی گەورە ئەنجامدرابو لە نێوان جەماعەتی بەرزانی و جەماعەتی م. س , ئەم شەڕەش هەر لەناو شوانەوە دەستیپێكردبوو تا كۆیە , جەماعەتەكەی ئێمە شان بەشانی سوپای عێراق شەڕیان دژی جەماعەتەكەی بەرزانی ئەكرد, ئەو ناوچانەمان لێیان پاككردەوە .

خەڵكی كۆیە زۆر ئەترسان كە من وەك یەكێ لە جەماعەتی باڵیمەكتەبی سیاسی خەراپەیان لەگەڵدا بكەم , بەلام لەسەرەتادا نەیاندەزانی من ڕای تایبەتیم هەیە لەگەڵ ئەو هەموو دەسەلاتانەی درابو پێم لە لایەن حوكومەت و پارتییەوە , ئەم ڕا تایبەتیانەم لە مزگەوتی گەورەی كۆیە بۆ جەماوەری كۆیە ڕوونكردەوە . بەڵێ خەڵكی شارم لە مزگەوتی گەورە كۆكردەوە و قسەم بۆیانكرد و سیاسەتی خۆم بۆیان ڕوونكردەوە كە بریتیبو لەم خالانەی خوارەوە:

1- وەك قائمقام بە یەك چاو سەیری هەموو دانیشتوانی قەزاكە ئەكەم و هیچ فەرق و جیاوازییێك ناكەم لە نێوانیان دا.

2- لەناو شار و لەناو ماڵ و سەربانی خەڵکی یان لە دەورووپشتی شار " ڕەبیە " ی حیزب و فورسانەکان هەموو هەڵ ئەگرم و خەڵکی بە ئازادی لەناو شارەکەیان دا بسوڕێنەوە.
3- هیچ کەسێ ناگیرێ ئەگەر بە پێی یاساو بە ڕێگەی حاکمەوە نەبێ.
4- کەس لەسەر حیزبایەتی ناگیرێ , شیوعی بێ یان پارتی جەماعەتی بەرزانی , تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە بە چەکەوە ئەگیرێن.
5- پارتی و پێشمەرگە لەناو شار هیچ دەسەڵاتێکی گرتنی ئەم و ئەویان نییە.
6- هەر کەسێ ئیخباری یەکێ بکا پێویستە ناوی تەواوی خۆی بنووسێ لەگەڵ ناونیشانی , ئەگەر نا ئیخبارییەکەی ئەدڕێنین و ئیهمالی ئەکەین.
7- کەس لەسەر کوڕی و برای و کەس و کاری ناگیرێ , ئەگەر یەکێ کەس و کاری لای جەماعەتی بەرزانی بێ یان دژی ئێمە بێ , بەلای منەوە تاوانبار نییە.
8- هەموو جۆرە قومارێك لە ماڵان قەدەغەیە , هەروەك لە یانەش قەدەغەیە.

ئەمانەی سەرەوە خاڵە سەرەکییەکان بوو , بەهەرحاڵ ئەم ڕاگەیاندنەم خەڵکی زۆریان پێخۆش بو , بەڵام دڵنیا نەبوون لەوەێ کەوا من پەیڕەویان ئەکەم , هەرچەندە ڕۆژگار سەلماندی کە بەوپەڕی توانامەوە لەم بەڵێنانەم پەشیمان نەبوومەوە, بۆ نموونە پێش چوونم بۆ کۆیە برازایێکی عومەر دەبابە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان بوو, برازاکەی منداڵێکی دوانزە ساڵی لە ناو شار کۆیە کوشتبو , لەبەر ئەوەی باوکی ئەو منداڵە برایێکی ئەوی کوشتبو . برازاکەی عومەر دەبابە ناوی دسکۆ بوو , پۆلیس بوو لە کۆیە. دوای ئەوەی ئیخباریکرا ئەمری گرتنیم دەرکرد و دامە دادگا ی کۆیە لە ئەنجامدا بیست ساڵ حوکم درا. هەرچەندە عومەر دەبابەو محمد ئەمین فەرەجی پارێزگاری هەولێر و کۆمەڵێ لە برادەرانی تر هەوڵیان لەگەڵم دا بەرەڵای بکەم بەڵام بێسوود بوو , گوێم نەدایە ئەو هەوڵانە لەبەر ئەوەی نا ڕەوابوون . ئەم کردەوەیەم تا ڕادەیێکی زۆر کاریکردە سەر هەڵوێستی دانیشتوانی کۆیە و پێی خۆشحاڵبوون.

له لایێکی ترەوە شێخ جەنگی برای مام جەلال  پێش چوونم بۆ کۆیە وەك لێپرسراوێکی  چەکداری  جەماعەتەکەمان  زۆر ئازاری خەڵکی دابوو لەسەر هەندێ ناکۆکی نێوان خۆی و دانیشتوانی شارەکە , پێش ئەوەی من بچمە کۆیە, ئەوە بوو لەسەر هەندێ کردەوەی تریش نەقلی بەکرەجۆمانکرد . خەڵکی کۆیە ئەمەشیان زۆر پێخۆشبوو .

لەناو شار لە چواردەوری شارەکە لە جیاتی ڕەبایا  شەوان چوار  پێنج کەمینم " بۆسە" دەرئەکرد , هەر بۆسەیێك جیهازێکی هۆکی تۆکی م  ئەدا پێیان , بە نیازی پارێزگاریکردن  لە شارەکە و لە خۆمان و چەکدارەکانی خۆمان, ئەو ماوەیەی  لە کۆیە بووم , تەنها یەك شەو جەماعەتی مەلا مستەفا  هەوڵی ئەوەیان دا  بێنە سەر شارەکە  بەڵام  تووشی یەکێ لەو بۆسانەمان  بوون لای شاخی باوەجی یەوە, ڕاویانمان ناو ئیتر دوای ئەم ڕووداوە ببڕای ببڕ جەماعەتەکەی مەلا مستەفا وازیان لە کۆیە هێنا.

ئەم هەڵویستەی من و جۆری بەرێوەبردنی  ئیدارەو پاراستنی یاسا لە شارێکی وەك کۆیە و لە بارودۆخێکی وەك ئەو ڕۆژانە مەگەر تەنها بەدەم ئاسان بێ , گومانی تێدا نییە کەوا من بەڵێنەکانم  هەموو ئەنجام داو خۆ ڕاگرتنم و لانەدانم و کارتێنەکردنی  کەس  لەسەرم بۆ ئەوەی لەو ڕێڕەوەم لابدەم , لام نەدا, خەڵکی کۆیە ش  باشترین شایەدن بۆ ئەم  قسانەم , ئەمەش  لە ئەنجامی هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی ژیانم  کە لەمەوپێش باسیانمکردووە لێیان  فێربووم لە ئەنجامی شەڕی دووبەرەکی نێوان ئێمەو مەلا مستەفا کە تا لە کۆیەش بووم ئەو شەڕە بەداخەوە  هەر بەردەوامبو .

لەلایێکی ترەوە لەگەڵ ئامر فەوجی دووی لیوای 27 ی سوپای عیراق بڕیارماندا کەماڵ مام یحیی , سەرۆك جاش چەك بکەین لەبەر ئەوەی زۆربەی چەکدارەکانی  هەڵاتبوون , کەسی وای نەمابو, ئەوەبو لە 1969\9\8  لە بارەگای

فەوجی دوو ئامر فەوج مقدم عباس الوائلی چەکیانیکرد . دانیشتوانی کۆیە زۆر خۆشحاڵبوون بەم ئیجرائاتانەم لەگەڵ کەماڵ مام یحیی.

کەمال مام یحیی پێش ئەوەی من بچمە کۆیە , هەموو شەوێ بە درۆ لەگەڵ چەکدارەکانی تەقەیان ئەکرد گوایا پێشمەرگە هاتۆتە گیانیان و بۆ بەیانی ئەچووە فەوجەکەو فەوانی فیشەکە تەقاوەکانی بۆیان ئەبرد بۆ ئەوەی فیشەگی بدەنێ و پاشان بە قاچاخ ئەیانیفرۆشتەوە, بەڵام کە من چوومە کۆیە تەقەم قەدەغە کردو ڕێگام نەدا پێیان بە چەکداریی دەربچنە دەرەوە و هەموو ڕەبیەکانم لەغوکردەوە. جارێکیان ناردمە دوایا پێمووت واز لە قاچاخچێتی بێنە , کە پارەت لازمبوو وەرە لای من چی چەکی زیادت هەیە من لێتی ئەکڕم, ئەوەبوو چەند ڕەشاشێکم لێکڕی و یەك دوو سندوق فیشەگم دا پێی و وتم پێی, مەچۆ بۆ لای ئامر فەوج بۆ فیشەگ شتێکی ناشرینەو بەمجۆرە مایەوە تا چەکمانکرد.

ناحیەی تەق تەق تەنها ناحیە بوو سەر بە قەزای کۆیە, لەو ماوەیەی لە کۆیە بووم چەند جار سەرم لە ناحیەکەدا . ناحیەیێکی زۆر دواکەوتوبوو لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە هەروەها لە ڕووی ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاریەوە , حوکومەت هیچ بایەخێکی بەم ناحیەیە نەدابو وەك زۆربەی ناحیەکانی تری کوردستان . ناحیەکە دوو قوتابخانەی سەرەتایی تیا بوو , قوتابخانەیێکی کوڕان و ئەوی تریان هی کچان. هەموو قوتابیانی قوتابخانەی کوڕان 90 قوتابی بوون لەگەڵ شەش مامۆستا , ژمارەی کچانیش 20 قوتابی بوون و یەك مامۆستای ئافرەتی هەبو, قوتابخانەی کوڕان بە قوڕوخشت دروستکرابو بینایەکی زۆر کۆنبوو لە ڕاستیدا بەکەلکی قوتابخانە ناهات.

ئاوی خواردنەوەی پاك کەواتە ئاوی بۆڕی زۆر کەمبوو, یەك وێستگەی ئاوی هەبو ئەویش زۆر کۆنبوو, ماتۆرەکەی هێزی 12 ئەسپ بوو , زیاتر لە نیوەی ماڵەکان ئاوی خواردنەوەیان پێناگەیشت , لە ڕووی خزمەتگوزاری و تەندرووستیەوە تەنها یەك بنکەی تەندروستی تیابوو ئەویش یەك فەرمانبەری

تەندروستی و لەگەڵ یەك برینپێچ " موزەمد" نە فەراش هەبوو نە پاسەوان, هەروەها پزیشکی پیاوان و ئافرەتانی نەبو

پۆلیسخانەکەی تەنها 5 پۆلیسی تیابوو , دایەرەی شارەوانی یەك کاتبی هەبو, هەرئەو کاتبە بەتەنیا بەڕێوەبەری شارەوانیەکەش بوو , ناوی کمال عبدالرزاق بوو خەڵکی هەولێر بوو لەگەڵ 3 کەنناس و یاریدەری شوفێری ماتۆری ئاوەکە.

دایەرەی بەیتەرە چۆلبوو , نە مووچەخۆری هەبوو نە فەڕاش , تەنها ناوەکەی هەبو, مووچەخۆرەکانی و فەڕاشەکەی نێردرابوون بۆ قوشتەپە .

خانوەکانی حوکومەت ئەم خانوانە بوون: خانوی مودیر ناحیەو ماموری مەرکەزو کاتبی ناحیە و کاتبی شارەوانی و مەرکەزی پۆلیس و دایەرەی بەیتەری و مستوصف و مەرکەزی ناحیەو قوتابخانەیێکی سەرەتایی و خانوی فەرمانبەری تەندروستی.

خانوەکەی مودیری ناحیە خانوێیکی کۆنبوو کەڵکی هیچی نەبو و دایەرەی تەلەفۆنات یەك بەدالەی 6 هێڵی هەبوو.

ئەم ناحیەیە کاول بوبوو ,لەو سەردەمە کەس ڕازی نابو وەك مووچەخۆر بۆی بچێ , ژیان تیایا زۆر زەحمەت بوو . مودیری ناحیەکەی کەلەتەینالەوە نەقلی تەق تەق کرابوخێزانەکەی مامۆستا بوو لە تەینالەوە هاتووچۆی سلەیمانی ئەکرد و پێمی وت من نازانم ئێستا چی بکەم , چۆن ئەتوانم لە تەق تەق گوزەران بکەم, بە تایبەتی لەم زرووفە نالەبارەدا, پێم وت نیگەران مەبە , تەنها سەرمانگان وەرە بۆلام و مووچەکەت وەربگرە تا بزانیین ئەم وەزعە بە کوێئەگا . لە جیاتی مودیر ناحیە عەریف عەلی رەقەم دووم دانابوو, عەریف عەلی سەرلقی پێشمەرگەبو ئیشو کارەکانی مودیر ناحیەی بەڕێوە ئەبرد. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە لە تەق تەق ئەوی چەکدار نەبوایا نایتوانی ئیدارە بکا بە تایبەتی جلیل ئاغا سەرۆك جاش بوو لە تەق تەق و کەم کەسی وەك جەلیل ئاغای شیخ بزێنی

کەللەڕەقم دیبو, تا ڕادەیێك عەریف عەلی لەگەڵی ئیدارەی ناکردو جاریکیان ناچار بووم بە هێزێکی پێشمەرگەوە بچمە تەق تەق و لەوێ باش تەمێم کرد.

ناحیەی تەق تەق 70 دێی پێوە بەسترابو . لە دێیە گەورەکانی " ساتوقەڵا , کانی ڕەش , خەرابە , گۆمەشین, قزلو, کانی بی, بۆگد, کلێسە , الااللە , کانی کوردە و شیوەشان, سوورە قەڵا , کانی هەنجیر, تاڵەبانی گەورە, ئیلنجاغ , مەرزان, شیواشۆك, بانی ماران, سماقە, بەردە سپی, سارتك, ئاومالێ , سێ گرتکان, کانی لەلە , "

ژمارەی دێیەکانی سەر بە مەرکەزی قەزای کۆیە ش, 71 دێ بوون, لە دێیە گەورەکانی " باجوان , چنارۆك, گۆمە شین, شێخان, حاجی قەڵا , دۆندان, ئەرمۆتە, عەۆدالان , شیلە, مام قلنج, باوە قوب, دار بەڕولە, تەکەور, نازەنین, سماوقولی, سەروچاوە, تۆبزاوە, گۆگتەپە, شەوگێڕ, دێگەڵە, سکتان, جەلی, هەواران"

هەرچەندە بە وەزیفە قائممقام بووم و ئەبوایا زیاتر لە مەرکەزی قەزاکە دەوام بکەم و سەر لە مەرکەزی ناحیەی تەق تەق بدەم , بەڵام لە 70 دێی تەق تەق و لە 71 دێی کۆیە لە 90٪ ئەم دێیانە زیاتریان لە جارو دووجار زیاتر سەرم لێیان ئەدا , سەرەڕای ئەو ماوە کورتەی لە کۆیە مامەوە هەر خەریکی جەولەکردن بووم . ئەمەش لەوەوە هاتبو کەوا من جگە لە قائممقام لێپرسراوی پارتیش بووم و لێپرسراوی یەکەمی هێزی پێشمەرگەش بووم لە قەزاکە ,لە تەق تەقەوە تا خەلەکان , بەرامبەرەکەمیش مقدم عەزیز عەقراوی بو لە جەماعەتی مەلا مستەفا ,لەو ناوچانەی بەدەستیانەوە بو , هەرچەندە لەناوچەکە هیچی وایان بەدەستەوە نەمابو, عەزیز عەقراوی تا بڵێی ڕقی لە جەماعەتەکەی ئێمە ئەبوەوە , بەڵام هەروەکو باسمکرد بە چالاکی خۆم و ئازایی پێشمەرگەکانی هێزی کۆیە کە بریتی بوو لە یەك بەتالیون و مەلای مەلا قادر ئامر بەتالیونی

بو , عەزیز عەفراوی نەیتوانی  تەنها بۆ یەکجاریش بگاتە ئەو شوێنانەی لێیبوین.

پێشمەرگەکانی هێزی کۆیە  لقێکی خەڵکی ساڵەیی و شوان بوون و دەستەی حمایەکەم  هەموو لاوو گەنجەکانی  ناو شاری کۆیەو براو ئامۆزای خۆم  بوون و لقەکانی  تریش خەڵکی  کۆیە و دێیەکانی دەورو پشتی کۆیە بوون, ژمارەی پێشمەرگەکان لەدەوری 300 چەکداربوون  لە تەق تەقەوە بۆ کۆیە و خەلەکان.

لەناو شاری کۆیە  تەنها یەك لق پێشمەرگەم هێشتبوەوە ئەویش لقەکەی عوسمان قادر ئامۆزام بو, عوسمان قادر سەرلقێکی ئازاو ژیر و لێوەشاوە بو, ئێستا لە ناو شاری کەرکوك خەریکی کاسبیە . لە بارەگای پارتی و پێشمەرگە لە بینای سەرا کۆنەکە  دەرناچوونە دەرەوە , تەنها بە شەوان  نەبێ دەرئەچوون, کەمینەکانیان  لە دەرەوەی شارەکە و یەکسەریش پەیوەندییان  بە خۆمەوە هەبو. لەناو شار کەس هەستی بەبوونی چەکدار ناکرد , ئێمەش  پێویستیمان  بە دیاردەی چەکداری نەبو لەناو شار لەبەر ئەوەی دانیشتوانی کۆیە درێغیان ناکرد لە هاریکاری لەگەڵماندا  جگە لەوەی نایانەویست شارەکەیان تووشی ئاژاوە ببێ, لە لایێکی ترەوە بە هیچ جۆری ڕێمان  بە سەربازەکانی حوکومەت  نادا بە چەکەوە بێنە ناو شاری کۆیە.

ڕۆژێکیان ڕەئیس بەکر عبدالکریم  هاتە کۆیە بەسەردان و هاتە لام , سودفە " عەزۆلە " لامبو  خۆی لێشاردەوە. عەزۆلە پێشمەرگە یێکی کۆنی پارتی بوو  زیت و چالاکبوو بەڵام زۆر هەڵەوەڕ بو, خەڵکی کۆیە بوو. دوای ئەوەی رەئیس بەکر لە کۆیە گەڕایەوە , لە عەزۆلەم پرسی  بۆ خۆت لە رەئیس بەکر شاردەوە ,  وتی کاك شێخ رەئیس بەکر لە گەلاڵە  بوین  لێپرسراوی  پێشمەرگە بو , منیش لای ئەو پێشمەرگە بووم , هەموو ڕۆژێ خۆیویاریدەدەرەکانی لە بنکە مریشکێکیان دەکرِی و سەریان ئەبرِی و ئەیانخوارد ، ئەوان خواردنیان لەگەڵ پێشمەرگە جیابو,  منیش سەرە مریشکەکانم  هەمو کۆکردبوەوە و لەناو گونییەك

شاردبوومەوە , ڕۆژێکیان مەلا مستەفا هات بۆ سەردانی رەئیس بەکر و پرسیاری وەزعی پێشمەرگەکانی کرد ، رەئیس بەکر وتی وەزعیان زۆر باشە , منیش هاتمە جواب و گوونیە سەرەمریشکەکانم لەبەردەم مەلا مستەفا ڕۆخست و وتم جەنابی سەرۆك الحمد لله وەزعمان زۆر باشە ، ئەم سەرە مریشکانە مریشکەکانی هەموو لە زگ رەئیس بەکر ساغ بۆتەوە و ئێمەش وا لە برسانا قۆڕەی زگمان دێ .

پاشان جارێکی تر رەئیس بەکرم دییەوەو پێمووت عەزۆلە وای بۆم گێرایەوە .. وتی ڕووی ڕەش بێ , عەزۆلە ڕاستە گوونیە سەرەمریشکەکانی لەبەردەم جەنابی مەلا مستەفا ڕۆخست بەڵام ئەو مریشکانە هەموی من نەمخواردبوو , سەرەمریشکی لەملاو ئەلا کۆکردبوەوە و هەموی خستبوە ناو ئەو گوونییە , نازانم ئەو هەتیمە خوێڕوە بۆ وایکرد.

دەربارەی ڕێکخستنی پارتایەتی لە کۆیە , ڕێکخستنی پارتایەتی تیا نەمابوو لە 1969\9\12 لێژنەیێکی ناوچەمان لە ئەندامانی پارتی دروستکرد و دەستمانکرد بە نواندنی چالاکی پارتایەتی و عبدالوهاب صوفی بەکر برازای کاك عومەر دەبابەمان هەڵبژارد بە سکرتێری لێژنەکە ، عبد الوەهاب مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو, هەرچەندە جاروبار هەوڵی ئەدا کەمێ تیژڕەوبێ بەڵام من ئەو ڕێگەیەم نادا پێی.ئەندامانی ناوچەکە عبد الرحمن هەناری و عبد الواحد سعید بوون هەردووکیان زۆر چالاك و رۆشنبیر بوون جگە لەوەی خاوەند کەسایەتییێکی بە هێز بوون .

دەربارەی وەزعی خوێندن و قوتابخانەکان خۆم زیاد ماندووکردبو بە قوتابخانەکانەوە و زوو زوو سەرم لێیان ئەدا . جارێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی کچان تەلەفۆنی بۆمکرد کەوا ملازم عەزیز ناوێك لە فەوجی دووی کۆیە جار جار ئەچێتە لایان بۆ قوتابخانەکە بە بەڵگەی ئەوەی یەك دوو مامۆستای ئافرەتی خزمیان لە قوتابخانەکەن, وتی ئەمەش وایکردووە خەڵکی ناڕەزایی خۆیان دەربڕن و شکایەت بکەن لای من, وتی حەز ئەکەم وا بکەی

ئەم ملازمە پای لە قوتابخانەکەمان ببڕێ. ئەوەبوو ناردمە دوای ملازم عەزیز بۆ قائممقامیەت و مەوزوعەکەم بۆی ڕوونکردەوە کەوا وەزعی کۆمەڵایەتی کۆیە تا دەگا بە شارەکانی تری عێراقیش ڕێ نادا ملازمێکی عەسکەری بە بەرگی عەسکەرییەوە بچێتە قوتابخانەی کچان, بۆیە داوات لێ ئەکەم ئیتر هاتوچۆی ئەو قوتابخانەیە نەکەی, لە وەڵامدا وتی من دوو مامۆستای عەرەبی خزمم لەوێ مامۆستان , تۆ ئەو حەقەت نییە من قەدەغە بکەی لە سەردانیان, بەهەرحاڵ من ئەمووت" نێرە ئەو ئەیوت بیدۆشە" وادیاربو باوەڕی نەبو قائممقامێکی کورد لە کۆیە بتوانێ دەست بخاتە بەردەستی ئەفسەرێکی ئیستخبارات , وتم باشە من ئەمرت پێ ئەکەم نەچیتە ئەو قوتابخانەیە, کە چویت ئوباڵی خۆت لە ئەستۆی خۆت.

زۆر سەیربو منی قائممقام و لێپرسراوی نزیکی 300 پێشمەرگە لە کۆیە ملازمێك لێم یاخی ببێ !!

تەلەفۆنم بە ڕادیۆڕەیلی کرد بۆ قائدی فرقەی دوو ئیسماعیل تایە نعیمی و مەوزوعەکەم بۆ ڕوونکردەوە و وتم ملازم عەزیز ئەبێ ئیجرائاتی توندی لەگەڵبکرێ , ئەویش وتی باشەو زۆریشی پییخۆشبوو کەئاگادارم کردەوە و مەوزوعەکەم بە ژیری چارەسەرکرد , ئەوە بوو وتی سبەی فڕۆکەیێکی هیلۆکۆپتەر سەعات 2 ی دوای نیوەڕۆ ئەگاتە فەوج و ملازم عەزیز بە تەوقیفی ئەگەڕێنینەوە بۆ کەرکوك.

بۆ سبەی سەعات 10 پێش نیوەرۆ تەلەفۆنم بۆ ئامر فەوج کردو داوام لێکرد ئەفسەرەکانی فەوجەکەم بۆ کۆبکاتەوە هەندێ ڕێنمایم بۆ هاتووە لەگەڵیانا قسە ئەکەم .

سەعات یەك دوای نیوەڕۆ لە یەکێ لە هۆڵەکانی فەوجەکە لەگەڵ ژمارەیێك ئەفسەر کۆبوومەوە بە ئامادەبوونی عەقید عباس الوائلی ئامری فەوجەکە , لە کۆبوونەوەکە باسی وەزعی کوردستان و وەزعی ناو شاری کۆیەم کرد بە تایبەتی ،

پێیانم ووت من بۆیە هاتوومەتە کۆیە و بوومەتە قائممقام لەم بارودۆخە نالەبارە ,بۆ ئەوەی بتوانم بەهاریکاری ئێوە و دڵسۆزانی شارەکە شتێ لە شوێنەواری کارەساتەکانی ساڵی 1963 بسڕمەوە, کە لەو سەردەمە طە شەکەرچی خوێن ڕێژ و فاشی دنگە نەما لەناو شار یەکێکی پێوە هەڵنەواسێ , هەر بۆیە هەموو دنگەکانمان سەر لەنوێ بۆیاخی سەوز کردەوەو ئەمڕۆش ڕێگا بە کەس نادەین جارێکی تر بە ناحەق خوێنی گەلەکەمان بڕێژێ یان یاری بە شەرەف و ناموس و کەرامەتی بکا, وەك لەم ڕۆژانە ملازم عەزیز , ئەفسەری ئیستخباراتی فەوجەکەتان هاتوچۆی قوتابخانەی ناوەندیی کچانی کۆیەی کردووە بە بەرچاومانەوە جەنابی ئەیەوێ مێ بازی بکا, کاتێ کە بانگمکرد و ئامۆژگاریمکرد ، بە لالووتێکەوە وتی جەنابت ئەو مافەت نییە من مەنع بکەی لە چوونم بۆ قوتابخانەکە , بەلامەوە زۆر سەیر بوو چۆن مولازمیکی بچووك جەسارەت بکا لە کۆیە تەحەددای قائممقام بکا , قائممقامێك زیاتر لە 300 پێشمەرگەی لەگەڵدایە , بەڵام من ئێستا لەبەردەم ئێوە و لەم کۆبوونەوەیە پێی ڕائەگەێینم نەك هەر ئەو مافەم هەیە قەدەغەی بکەم لە ڕەوشت و کرداری چەپەڵ و دژ بە دانیشتوانی کۆیە , لە حاڵەتی وادا , مەگەر خوا بزانێ چی بەسەردێنیین, نەك هەر ئەو ، هەر کەسێکی تر خۆی چەند بە زل بزانێ لە کۆیە ئەبێ ئەوە بزانێ لە سەرووی یاساوە نییە.

مولازم عەزیز یەك دووجار هەوڵیدا قسەکانم ببڕێ, بەڵام ئامر فەوج ڕێی نەدا پێی قسە بکاو لە کاتی قسەکردنەکانم فڕۆکەێیکی هیلۆکۆپتەری فرقەی دوو گەیشتە فەوج و نائب زابت عەلی حەسەن مەجید تیایا بوو, دابەزی و هاتە ژوورەوە و سەلامێکی عەسکەریکرد , وتی سید القائممقام من نوێنەری قائدی فرقەی دووم و ئەمرم پێیە مخفورا مولازم عەزیز بەرم ... منیش وتم بارك الله فيك وفی القائد. هذا هو ملازم عزيز خذوه ..

علی حسن مجید مولازم عەزیزی بە تەوقیفی لە کۆیەوە بردە فرقەی دوو. هەر ئەم علی حسن مەجیدە لە نائب زابتیەوە دوا جار صدام حسین روتبەی فریق ئەوەل ڕوکنی داپێی و کردی بە وەزیری بەرگری عێراق , هەروەها لێپرسراوی شمال العراق و ناسراو بە عەلی کیمیاوی و سەرکردەی هەشت ئەنفال و جینۆسایدی کوردستان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دواجاریش وەك مرۆڤێکی ترسنۆك لە کاتی پرۆسەی ڕزگاری عیراق خۆی تەسلیمی سەربازەکانی ئەمریکا کرد. لە شوێنیکی تری یادداشتەکەم دێمە سەر ئەم باسە.

ئەم ئیجرائاتەم لەگەڵ ملازم عەزیز بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی دانیشتوانی کۆیە , ئەمەش کارێکی وایکرد دانیشتوانی شارەکە زیاتر هاریکاریم لەگەڵدا بکەن. ئەم ئیجرائاتەم لەگەڵ زابتێکی عەرەب لەو سەردەمە شتێکی کەم نەبو , کەم قائممقام و پارێزگاری کوردمان هەبوو نەترسانە بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبسن دژی تەجاوزاتەکانی عەسکەریەکانی عێراق وەك ئەم ئیجرائاتەی من ، لەمە پێشیش هەڵوێست و ئیجرائاتەکانی کاك عەلی عەسکەری کە لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتەم باسمکردووە, هەروەها هەڵویستەکانی عقید محمد ئەمین فەرەج کاتێ کە پارێزگاری هەولێر بوو، منیش لە کاتی ئەو قائممقامی کۆیە بووم.

پێش ئەم مەوزوعەش , جارێکیان دەمەو ئێوارە مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی کچان، چەند مامۆستایێکی ئافرەت دەمەو ئێوارە بە سەیارەی کرێ گەیشتبوونە " سەیتەرەی " لای پردەئاسنەکەی کۆیە, سەیتەرەکە عەسکەری بوو, سەیارەکەیان ڕاگرتبو و گێچەڵیان بە شوفێرەکەی کردبو گوایا نەئەبو دوابکەوێ بەم درەنگ وەختە بچێتە کۆیە, مامۆستاکان بۆمیان گێڕایەوە کەوا تا ناو جانتاکانیان پشکنیبو, هەردوو چاوی شوفێرەکەیان بەستبوەوە و چەند فیشەگێکیان بە بان سەریا تەقاندبو.

بەڕاستی زۆر توڕە بووم , لە دڵی خۆما وتم ئەبێ ئەم عەسکەرە عەرەبانە ئێمەی کورد بە چی بزانن, ئایا هەست بەوە ناکەن ئەگەر ئێمەی پێشمەرگەی

باڵی مەکتەبی سیاسی نەبین لە کۆیە ئەوان ئەتوانن نەك بە یەك فوج عەسکەر بەڵکو بە یەك فرقەی سوپا لە کۆیە بمیننەوا. کەواتە چۆن ئەبێ ئێمە ڕێیان پی بدەین ئەم تەجاووزاتانەبکەن. بۆ بەیانی پەلێ پێشمەرگەم بە سەیارەێیکی زیلی عەسکەری لەگەڵ خۆما بردە سەر سەیتەرەکە لای پردی کۆیە , بانگ مەسۆولەکەیانم کرد , ملازم ثانی بوو، پێمووت سەیتەرەکەت تێك بدە و یەکسەر ئێرە بەجێبهێلە و لەمەو دوا سەیتەرە لێرە نامێنێ ، من لێپرسراوم هەرچی ڕوویدا ، من قائممقامی قەزاکەم , ڕێگە بەکەس نادەم تەجاوزی یاسا بکاو بە کەیفی خۆی یاری بە موقەددەراتی خەڵکی بکا . ملازمەکە وتی سیدی من ئەمر لە جەنابت وەرناگرم و سەیتەرەکە تێك نادەم و ئێرە بەجێناهێڵم, من واجبی خۆم ئەزانم ... پێمووت بەڵێ واجبی جەنابت پشکنینی جانتای مامۆستایانی ئافرەتە , تەقەکردنە بەسەر سەری شوفێرەکەیان و چاوی ببەستیەوە, نەخێر ئەمە واجبی جەنابت نییە, واجبی ئێوە پاراستنی شوێنەکەیە لە " مخربین" ئەگەر وەك قائممقام ئەمرەکەم جێبەجێنەکەی ئەوا من لێپرسراوی پێشمەرگەم و سەیرکە ئەمرەکەم چۆن جێبەجێ ئەکەی , ئەمرم دایە پێشمەرگەکان سەیتەرەکە تێکدەن و هەموویانم سوار سەیارەێیك کرد و بەرەو فەوجی دوو ڕەوانەیانمکردەوە, هەمووویان ژمارەیان هەشت نۆ سەرباز بو . بۆ بەیانی لەگەڵ ئامر فەوج کۆبوومەوە و داوامکرد لێی هەرچی سەیتەرە هەیە لە سەر ڕێی تەق تەق – کۆیە لایبەرن.

ئەم هەڵوێستەمیش لەناو خەڵکەکە دەنگی دایەوە. بەهەرحاڵ لەناو شاری کۆیە وجودی عەسکەری بە هیچ جۆرێك نەبو. دایەرەی ئاسایش لە شاری کۆیە نەبو وەك لەمەو پێش باسمانکردووە. ئەتوانم بڵێم لەو زروفە لە 1969\9\5 تا 1970\3\11 کەواتە ماوەی شەش مانگ و نۆزدە ڕۆژ لە قەزای کۆیە حوکمی زاتی خۆمان وەرگرتبو بەبێ ئەوەی ئیزن لە کەس وەربگرین. ئەمەش هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو سەردەمە جارێ حیزبی بەعس لاواز بوو , لە

دەرفەتێك ئەگەڕا و لە زرووفێکی تازە ئەگەڕا بۆی هەڵکەوێ لە جەماعەتەکەی ئێمە قورتاری بێ و جێ پێی خۆی لە کوردستان قایم بکا, ئەوجا چی بیەوێ وا بکا ، ئەمەش دوای بەیانی 11ی ئازار بۆی هاتە دیی, کەواتە بەیانی ئازار ئەو دەرفەتە بوو حیزبی بەعس بۆی ئەگەڕا لە جەماعەتی پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی قورتاری ببێ, لەو ڕووەوە لەگەڵ بەرزانی یەك ئامانجیان هەبوو هەر وەك لەمەو پێش باسمکرد.

لە 1969\9\21 کاك عمر دەبابە بەسەردان هاتە کۆیە و من و شەوقی حەمەخان لەگەڵیا ڕۆیشتین بۆ سەردانی هەندێ لە دێهاتەکانی دەشتی کۆیەو بارەگاکانی پێشمەرگەکانمان لەو دێهاتانە: " دۆندار و قەسری و خەرابە و قزلو" لە دێی قزلو سەرمان لە کاك عەلی عەسکەری دا , لەوێ مێوانی حەمە قوربانی بوین .

دوای ئەم جەولەیە بە شەش ڕۆژ لە 1969\9\28 چوومە دێی حاجی قەڵا وچاوم بە دانیشتوانی دێیەکە کەوت و بەڵێنم دا پێیان بە پێی توانا یارمەتییان بدەم. ئەوەی جێگای داخە زۆر بەڵێنم بە دانیشتوانی دێهاتەکان دابو بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لە کۆیە نەمامەوە , دەوری شەش مانگ ئەم ماوەیش زۆر کورت بوو بۆ قائممقامێك بتوانێ وەك پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بکا لەو بارو دۆخەی کۆیە. لە 1969\9\30 کاك عبد الخالق عبد الرحمن خەبەری داپێم کەوا حەسیب برام دایکمی کوشتووە . حەسیب برام نەخۆشی شیزوفرینیای هەبو, چەند ساڵ بوو لە بەغدا هەوڵمان ئەدا چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە بەڵام بێسوود بوو تا ئەوەبوو لە دێی بیرەسپان دوای ئەوەی تووشی خولێکی توند ئەبێ ، دایکم بە چەقۆ ئەکوژێ . چوومە کەرکوك بۆ تەعزیکەی دایکم و تا 10\5 لە کەرکوك مامەوە.

کاك عەلی عەسکەری خەریکی ڕێکخستنی پێشمەرگەکانی خەلەکان بو, بەتایبەتی دوای ئەوەی دوو چەکدارمان لە چەکدارەکانی خەلەکان لە 10\14

له شەڕی ( كۆسرەت ) لەگەڵ جەماعەتی مەلا مستەفا دا شەهید كران.ئەو دوو پێشمەرگەیە عەلی خەلیل و كاكل, خەڵكی كۆیە بوون لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری خەڵكی دۆندار و بۆگد , فەیزواللە سەر پەل بوو بە برینداری لە 10\20 لە نەخۆشخانەی كەركوك كۆچی دواییكرد ئەویش هەر كۆیی بوو . ئەم شەڕە كە چەند پێشمەرگەیێكی زۆر ئازامان تیایا لەناوچوون , بەتایبەتی پێشمەرگەیێكی وەك عەلی خەلیل كە لە كەركوكەوە ئەمناسی چ پاڵەوانێك بوو.

ئەوەبو دوای ئەم شەڕە لە 10\21 بۆ زیاتر پاراستنی كۆیە ناردم لقەكەی شێخ تەهای برام بنێرن بۆ كۆیە و ئەم لقە سەرلق ڕەمەزان و حسن فتاح هەمەوەندی لەگەڵدا بوون. پاشان لە 10\23 لقەكانی سید تاهر جەباری و كەریم ئاغای هەمەوەند گەیشتنە كۆیە. گەیشتنی ئەم هێزە گەورەیە بۆ كۆیە مەعنەویاتی پێشمەرگەكانی كۆیەی زۆر بەرزكردەوە.

له لایێكی ترەوە دەستمكرد بە ڕێكخستنەوەی یەكێتی مامۆستایانی كوردستان لە كۆیە, ئەوەبو لە 10\25 لەگەڵ مامۆستا فەرهاد نوێنەری یەكێتی مامۆستایان كۆبوومەوە و یەكێتیەكەمان دامەزراندەوە.

هەر لەم ڕۆژانە ئەوەبو قۆناغێكی تری شەڕی نێوان حوكومەت و جەماعەتی مەلا مستەفا دەستی پێكردەوە ئەویش بە هەڵمەتەكانی رزگاركردنی قەڵادزێ , ئەمەش لە 10\25 دەستی پێكرد.

بە باشم زانی لەم یادداشتەم ئەوە روونبكەمەوە كەوا هەڤاڵ مام جەلال ڕازی نەبو ئەمجارەیان هێزەكانی پێشمەرگەی پارتیمان لەم هەڵمەتانە بەشدار بن بەبێ ئەوەی حیزبی بەعس هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە حزبەكەمان دیاری نەكاو ڕیككەوتنێك ئیمزا نەكا , چیتر بە ناوی " جهة وطنية" بەشداری شەڕەكانیان نەبین دژی جەماعەتی مەلا مستەفا. بەڵێ وا دەركەوت لە كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی لە ئەنجامی موناقەشەكردنی ئەم بۆچوونانەی مام جەلال , كۆمیتەی ناوەندی موافەقەتی نەكردوە لەسەر

بۆچوونەکەی مام جەلال, مام جەلالیش ڕازی نابێ بەبێ دیاریکردنی  هیچ مافێك بۆ گەلی کورد  ئێمە"کەوا سووری پێش لەشکر بین" لە ئەنجامدا بڕیار ئەدەن عمر دەبابە بکرێتە فەرماندەی هێزی گشتی پێشمەرگەو  مام جەلال دووربخەنەوە  لە سەرکردایەتی پێشمەرگە, ئەمەش گەورەترین هەڵەی پارتیمان بوو باڵی مەکتەبی سیاسی کە دوای بەیانی 11 ئازار باجەکەیمان دایەوە. ئەوەبوو لە 10\25 هێزەکانمان گەیشتنە قەڵادزێ  شان بە شانی سوپای عێراق ، جەماعەتی مەلامستەفا  لەم شەڕەدا شکان و قەلادزێیان چۆلکرد . لەم شەڕەدا علی عباس ئاغا کوژرا و لە 10\30  چوومە ڕانیە بۆ پرسەی عەلی عەباس ئاغا کە لە دێی ممند ئاوا کوژرابو.  بەڵام شەڕەکە بەردەوامبوو ئەوەبو لە 10\30 شەڕێکی زۆر قورس ڕوویدا  لە دۆڵی شەهیدان  لەگەڵ چەکدارەکانی مەلا مستەفا و 12 پێشمەرگەمان  لەم شەڕەدا شەهید کران .

لەم شەڕەدا وەك وتمان جەماعەتەکەی ئێمە شان بە شانی  سوپای عێراق بەشداربوون بۆ گرتنی قەڵادزێ بەڵام بەبێ بەشداربوونی مام جەلال, هەروەها سەربازەکانی سوپای عیًراق بەتەواوی ورەیان بەردابوو , خۆ ئەگەر پێشمەرگەکانی ئێمە نەبوایا  سوپای عێراق  بە خەویش چاویان بە قەڵادزێ ناکەوت . دوا ڕۆژیش  ئەوەی ئاشکراکرد کە حیزبی بەعس ئێمەی وەك وەرەقەیێکی سیاسی بەکار ئەهێنا  تا  ئەوەی بتوانێ ناوچەکان لەژێر دەسەڵاتی مەلا مستەفا  ڕزگار بکاو  پاشان  بە هەر جۆرێ بێ لە مەوقفێکی بە هێزتر لەگەڵ مەلا مستەفا رێك بکەوێ و مەرجەکانی خۆی بەسەریا بسەپێنێ , ئاشکرایە ئەگەر بارزانی لە رانیەو قەڵادزێ دەرنەکرایا , حیزبی بەعس لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێکیش بکەوتایا , ڕێککەوتنەکە بە جۆرێکی تر ئەبوو , ئەو کاتە مەلا مستەفا لە مەوقفێکی بە هێزەوەو گفتوگۆی لەگەڵیانا ئەکرد.

دوای رزگارکردنی قەڵادزێ بابەکر پشدەری کرا بە بە قائیمقامی  پشدەر.

له 11\17 بابکر محمود پشدەری هاته لام و شەوێك پێکەوه ماینەوه بۆ بەیانی 500 تفەنگی برنۆی پەرەشووتی له فق 2 وەرگرت و گەڕایەوه بۆ قەڵادزێ. به رزگارکردنی قەڵادزێ بەتەواوی جەماعەتەکەی مەلا مستەفا لاوازبوون و کەم شوێنیان له کوردستان به دەستەوه ما.

له 11\26 چوومه دێی کاولان بۆ تەعزیەی شێخ ڕەسول شێخ جەبار که له دێی ماستاوا شەهید کرابوو , دووباره له 11\30 سەرم له خەلەکان دایەوه و له وێ چاوم به مەلای مەلا قادر کەوت ئامر بەتالیونی کۆیه, لەگەڵ خۆما 5 هەزار فیشەگم بۆیانبردبو ، مەلای مەلا قادر پێشمەرگەیێکی کۆنی پارتیمان بوو ئازا و دڵسۆز بوو له چەند شەڕێکدا له گەڵما بەشدار بوو له گوولله ناگەڕایەوه .

شەڕەکەی گۆمه شین

له 1969\12\5 لەگەڵ 100 پێشمەرگەی لقەکەی حەسەن عەلی و بەکر گۆمەشین چوینه دێی گۆگتەپه و هەڤاڵان واحید سەعید و عەزیز چەلەبی م لەگەڵخۆما برد. هێشتا نەگەیشتبوینه گۆگتەپه سێ کەس بەبێ چەك له دێیەکەوه دەرچوونه دەرەوه و هەڵاتن ، نەمانزانی کێن, بەڵام دوای بەیانی 11 ئازار ی 1970 زانیمان ئەو سێ کەسه صالح شێره یان لەگەڵدا بوو , صالح شێرەخۆی بۆمیگێڕایەوه کەوا ئەو ڕۆژه دوو بەرخیان بۆ سەربڕابو بەڵام ئێمه لێیانمان تێکدا و بەرەو دێی داربەسەره هەڵاتبوون و صالح شێره زەلامێکی جنێو فرۆشبو , ئەوەبو که ئەم بەسەرهاتەی بۆمگێڕایەوه هەندێ جنێویشی داپێم . وتی شێخ ستار ئەگەر بمتگرتایا چیت لێم ئەکرد, وتم کاك صالح شێره باوەڕ بکه ناتم کوشت بەڵام رستم ئەکرد, وتی هەی ... چمان من ورچم ڕستم بکەن.

بۆ چوومه گۆمەشین و ئەو شەڕەمان نایەوه؟ له دوای مانگی کانونی دووەمی ساڵی 1970 وەزعی کوردستان بەتەواوی گۆڕا و تای تەرازوی هێز " توازن القوی" شەڕی کوردستان له نێوان جەماعەتی ئێمەو مەلا مستەفا ورده ورده بەرەو بەرژەوەندی مەلا مستەفا لێژ ئەبوەوه و ئێمه ئاگاداری ئەوه نەبوین کەوا

بە دزییەوە حیوار و چاوپێکەتن هەیە لە نێوان حوکومەتی بەعس و مەلا مستەفا . ئەوەبو لە قەزای کۆیە ش جەماعەتی مەلا مستەفا کەوتنە جموجۆل و چەند لقێکیان لقی چەکدار لە دێیەکانی داربەسەرە و گۆمەشین جەولەیان ئەکرد . شەوێکیان بە 150 پێشمەرگەوە بە سەرکردایەتی مەلای مەلا قادر و عوسمان قادر و حەویز و جەمال و دەستەی حمایەکەی خۆم و خالد برام و عبداللە نەجیم و مەلا سلیمان و شێردڵ سوفی بەکر و دڵشاد و شەفیق توفیق و براکەی چوینە دێی تەکەور و لە وێوە بەرەو دێی گۆمەشین ، بە پیادە کەوتینە ڕێ لەگەڵ خۆرهەلات دێی گۆمەشینمان ئابلۆقە دا ، لقێکی پێشمەرگەی جەماعەتی مەلا مستەفا لە دێیەکەبوون و لە پرخەی خەودا دامانا سەریانا , هەردوولا وەك یەك چەکداربوین و ئێمەش هەر خۆمان بوین بەبێ ئەوەی سەربازمان لەگەڵدا بێ , من خۆم بەش بەحاڵی خۆم ئەو ماوەیەی لە کۆیە بووم شان بەشانی سەربازی عێراق هیچ شەڕێکم نەکرد لەگەڵ جەماعەتی مەلا مستەفا دا , دوای شەڕێکی دوو سەعاتی جەماعەتەکەی مەلا مەستەفا بە دۆڵێکی خوار گۆمەشین دا کشانەوە و تەنها یەك برینداریان هەبو ئەویش ناوی هاشم پاڵەوان بوو. ئێمەش یەك پێشمەرگەمان کوژرا, ئەویش بەدەست چەکدارێکی خۆمان و بە عەمدی لە دواوە تەقەی لێکردبو ، دوا جار ئەویش سزای خۆی وەرگرتەوەو کوژرایەوە.

ئێمە لە دێی گۆمەشین کشاینەوە بەرەو دێی مەرزان و لقێکی حەساوەی جەماعەتی مەلا مستەفا لە داربەسەرەوە هاتن بۆ یارمەتی لقەکەیان لە گۆمەشین و بەدەم شەڕەوە لە گەڵیانا کشاینەوە بەرەو پردە ئاسنەکەی سەر ڕێی کۆیە. لە سەر گردەکە ڕەبایەی سەربازی عێراق هەبو سەربازەکان ئەیانزانی من قائممقامی کۆیە م و هیچ یارمەتییێکیان نەدام , مەسەلە چییە و نازانم بۆ, کاتێ کە پرسیارم لە ئامرەکەیانکرد مەسەلە چییە ؟ وتی ئێمە ئەمرمان بۆ هاتووە لە شەڕی نێوان ئێوەو جەماعەتی مەلا مستەفا بێلایەن بین

، بەلامەوە زۆر سەیر بوو , بۆ ئەبێ بێلایەن بن , دیارە شتێ گۆڕاوەو ئێمە بێ ئاگاین , عەرەب وتەنی" نایم بالفی و رجلە بالشمس" بە هەر حاڵ شەڕەکەی گۆمەشین گەلێ شتی بۆمان ئاشکراکرد, کە گەڕامەوە بۆ کۆیە یەکسەر برووسکەیێکم بۆ مەکتەبی سیاسی پارتیمان لێدا, و مەسەلەکەم بۆیان ڕوونکردەوە .

لەوە سەیرتر ئەوەبوو برووسکەو برووسکەکاری لە نێوان فەوجەکان و فرقەی دوو و پارێزگاری هەولێر, هەموو داوای موحاسەبەکردنمیان ئەکرد ,کەچۆن بێ ئاگاداری ئەوان دەرچوومەتە دەرەوەو ئەو شەڕەم ناوەتەوە. کەواتە کاتی خۆی مام جەلال لەسەر حەق بوو کە بە بێ هیچ ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئەم بەعسیە پیلانگێڕانە هاریکاری شەڕی مەلا مستەفایان لەگەڵ بکەین.

دوای ئەم شەڕە ئامر فەوجەکەی کۆیە یش دەموو دووی لەگەڵمدا گۆڕا و جار نەجارێك وەك دووپشکێك هەست بەوە بکا زەهری پەیاکردووە ئەیویست دەست درێژی بکا بۆ کاروباری ناوخۆی قەزاکە. شەوێکیان هەندێ تەقەکرا , تەلەفۆنی بۆمکرد و وتی جەماعەتەکەت تەقەیان لە فوەجەکە کردووە , ئێستا دێمە ناوشار تەمێیان ئەکەم, ئەم قسەیەم زۆر بەلاوە سەیربوو , عباس وائلی مەڕ کەی بۆتە بەران ؟ وتم باش گوێم لێبگرە من وەك قائممقام قسەت لەگەڵ ناکەم , لەمەوپێش جەماعەتی مەلا مستەفا پێش ئەوەی من بێمە کۆیە وەك جرج لە بن زەوی ئەژیان و بە هۆی منەوە حەسانەوە , ئێستا نازانم چی گۆڕاوە؟ لە فەوجەکەت دەرچیتە دەرەوە فەرمانی لێدانت ئەدەم و خۆتیش ئەزانی من کە قسەمکرد " گۆڵ و فعل" ئیتر نقی نەکرد و من ئەمزانی ئەم زەلامە چەند ترسنۆکە.

بۆ بەیانی بە ڕادیۆڕەیلی لەگەڵ قائد فرقەی دوو ئیسماعیل تایە نعیمی قسەمکرد و وتم عباس وائلی خۆی و فەوجەکەی نابێ لە کۆیە بمێنن و لەوانەیە

له یەکتری بدەین, ئەویش وتی بەسەر چاو " ئیلی تریدە یسیر" کەواتە ئەوەی ئەتەوێ ئەکرێ .

دوای یەك دوو ڕۆژ  فەوجەکەیان گواستەوە بۆ عەربەت و فەوجەکەی عەربەتیان  هێنایە شوێنی , نامق  عەلەمدار  ئامری فەوجەکە بوو. لە کۆیە مایەوە  تا بەیانی 11\ئازاری 1970.

بەهەرحاڵ دواجار بۆم دەرکەوت  کەوا لە کانونی دووەمی ساڵی 1970 وە  ئێمە بێخەبەربوین  کە مفاوەزات و گفتوگۆ هەبوە لە نێوان حیزبی بەعس و مەلا مستەفا ، ئەم مفاوەزاتە  زۆر بە نهێنی  بووە , هاتوچۆی نێوان وەفدی حوکومەت بۆ  گەلاڵە و گفتوگۆکردن  لەگەڵ  مەلا مستەفا دا  بووە هۆی زیادبوونی چالاکی سیاسی و چەکداری جەماعەتی بەرزانی   دژ بە ئێمەی پارتی-باڵی مەکتەبی سیاسی- بەهەرحاڵ لە سنووری قەزای کۆیە  ئەم چالاکییانە  خۆی ئەنواند و جموجۆلیان پەیداکردو لە 4\2\1970  برووسکەیێکم  لێدا  بۆ پارێزگاری هەولێر  خالد عبد الحلیم  کەوا سامۆ بەرزانی دەستی بەسەر مەکینەی ئاردی شێخ جەنگی دا گرتووە  لە دێی قزلو , بەڵام  خالد یەکێ بوو لە ئەندامانی گفتوگۆکەی نێوان بەعس و بەرزانی, بە سەرکردایەتی صدام حسین.  من لەو مەوزوعە بێ خەبەربووم ., نەم ئەزانی کە خالد   لە بەرزانی زیاتر دژی ئێمەی جەماعەتی مەکتەب سیاسی بوو, ئەیویست دڵسۆزی خۆی نیشاندا بەرامبەر بەرزانی و جەماعەتەکەی, خالد عبد الحلیم  برووسکەکانمی  ئەخستە پشت گوێ بە مەبەستی ڕازیکردنی  مەلا مستەفا و جەماعەتەکەی. بەم دواییەش کە بوومە وەزیر ی گواستنەوەی عیراق لە ساڵی 1976 , خالد بەڕێوەبەری گشیی سکك بو لام , بۆم دەرکەوت ئەم زەلامە چەند ساختە چییە چەند خۆ هەڵکێشە و بەرتیل خۆرە.

لە برووسکەیێکی ترمدا لە 4\2\1970  بۆ خالد و قائد فرقەی دوو  لەگەڵ فەوجێکی  لیوای چوار  کە بارەگای  لە کۆیە بو, ئاگاداریانمکردەوە کەوا

**پێشمەرگەکانی جەماعەتی بەرزانی چوونەتە دێهاتەکانی شەوگێر بە سەرکردایەتی عزالدین قەرە محمد و دێی شیواشان بە سەرکردایەتی مقدم عزیز عقراوی و دێی کفرەدۆڵ و قۆریتان و چەند دێیکی تر. هەر لە هەمان بەروار برووسکەیێکی ترم بۆ خالد لێدا دەربارەی تالاّنکردنی ماڵی ئەو کەسانەی سەر بە ئێمەی جەماعەتی مەکتەبی سیاسین لە لایەن چەکدارەکانی جەماعەتی بەرزانیەوە , لە دێهاتەکانی , شیواشانی بکر ئاغا و سماوقولی و قورتە لاس و کرۆزو بۆگرد و کلکان و ئیلنجاغ و خە لەکان .. بەڵام لە هەولێر و لە فرقەی دوو کێ برووسکەی قائمقامی کۆیە ئەخوێنێتەوە؟**

**پێش ئەم برووسکانە لە** 1\28 **برووسکەیێکم بۆ خالد لێدابو دەربارەی ئەو کەسانەی لە لایەن جەماعەتی بەرزانیەوە ڕفێندرابوون لە دێهاتەکانی " تەکەور و قوریتان و ئیلینجاغ کە ژمارەیان** 15 **کەس بو. خالد عبد الحلیم لە جیاتی ئەوەی وەڵامی برووسکەکانم بداتەوە, برووسکەیێکی بۆم لێدا بە جفرە لێینەدابو بۆ ئەوەی جەماعەتی بەرزانی بیخوێننەوە و بزانن خالد چییان بۆ ئەکا, لە برووسکەکەی داوای لێمکردبو بە شێوەی فەرمان کە گوایا ماڵی دلاوەر کاکە زیاد مان حجز کردووە, ماڵەکەی بگەڕێنینەوە بۆی .**

**منیش وەڵامی برووسکەکەیم بە برووسکەی ژمارە** 6\59 **لە** 1970\2\5 **دایەوە ئەمەش دەقی برووسکەکەیە" ئێمە ماڵی کەسمان حجز نەکردووە , ئەم ماڵانەی حجزکراوە , لە لایەن ئیدارەوە نەبووە , ئەمەش دەقی برووسکەکەیە**

الی محافظ اربیل

من قائممقام کویسنجق العدد 59 \6

التأریخ 5\2\1970

برقیتکم 244 فی 4\2\1970

لاتوجد بضاعة محجوزة فى القضاء حاليا ليتسنى لنا اعادتها الى اصحابها. وان الأموال التى حجزت كانت اثناء الحركات العسكرية فى حينها وبعلم من السلطات العسكرية ولم تكن للأدارة اية علاقة بذلك. واننا لا نعترف بغير القانون ولا مكان لشريعة الغاب لدينا. اما بالنسبة للأموال المحجوزة العائدة للمواطنين الموالين للسلطة الوطنية فأبلغناهم بتقديم طلباتهم وفاتحناكم بذلك. يرجى التفضل بالعلم .

عبد الستار طاهر شريف

قائممقام قضاء كويسنجق

بەم جۆرە دە دوانزە برووسکەم لێدا بۆ پارێزگاری هەولێر ئەویش برووسکەی بۆ من لێ ئەدا و قسەی پڕووپووچی تیا ڕست ئەکرد , بەهەرحاڵ بووە شەڕە بروسکە لە نێوانماندا... دیاربو من ئاسنی ساردم ئەکوتیەوە و حوکومەت و مەلامستەفا لە ژێرەوە بە نهێنی هەموو شتێکیان بڕیبووەوە, بڕینەوەکەش بەشی زۆری لەسەر لاشەی ئێمەی جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بو, بەڵام هەرچەندە وەك باسمکرد ئێمە جەماعەتی پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی پێش بەیانی 11ئازار ی ساڵی 1970 بێخەبەربوین لە ڕێککەوتنەکەو وەك وتیشم لەسەر حیسابی لاشەی ئێمەبوو بەڵام دوای ڕیککەوتنەکە , ئێمە لە بەعسیەکان زیرەکتربوین ،بەیانەکەمان قۆزتەوە و لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێککەوتینەوە و نەمانهێشت صدام حوسین بە تیرێك دوو نیشان بشکێنێ کە دواجار دێمە سەر ئەم باسە.بە ڕاستی ئەو هەنگاوەی نامان بۆ ئاشتبوونەوە هەنگاوێکی زۆر ژیرانەبوو , هەنگاوێکبوو صدام هیچ حیسابێکی بۆ نەکردبوو پێش ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەرزانی دا.

# بەشی هەشتەم

# بەیانی 11 ئازاری 1970

پێش 11 ئازاری 1970 بە دوو ڕۆژ چوومە هەولێر چاوم بە خالد عبد الحلیم کەوت و پێمی وت : سبەی نا دوو سبەی بەیانی ڕێککەوتنی نێوان بەرزانی و حیزبی بەعس دەر ئەچێ و مەلا مستەفا مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزە , ئێمە خراپ لێی تێگەیشتبوین . منیش پێموت پیرۆزە بەڵام ئەگەر ڕێککەوتن ئەبێ بزانن ڕێککەوتنەکە ئەوەندە تەمەن درێژ نابێ و مەلا مستەفا باوەڕی بە ئێوە نییە و ئێوەش باوەڕتان بە مەلا مستەفا نییە , هەردوولا

ئەتانەوێ فێڵ لە یەکتری بکەن , بەڵام وادیارە ئەمجارەیان لەسەر حیسابی ئێمەیە.

پێش ئەوەی بەردەوامبم لەسەر قسەکانم حەز ئەکەم هەندێ لە نهێنیەکانی چۆنێتی ڕێککەوتنەکەی مەلا مستەفاو صدام حسین ڕوون بکەمەوە کە چەند ساڵ دوای ڕێککەوتنەکە پێمزانی :

1-یەکێتی سۆڤێیت دەوری باڵای هەبوو لەو ڕێککەوتنە بە ڕێگای عەزیز شەریفەوە .

2-حیزبی شیوعی دەورێکی زۆری هەبوو لەو ڕێککەوتنەکە بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤێیت دا, بە ڕێگەی لیفغینی بریماکۆف کە موراسلی ڕۆژنامەی پراڤدا بوو لە بەغدا کە لە هەمان کاتدا یەکێ لە ئەفسەرەکانی جیهازی موخابەراتی سۆڤێیت بوو K.G.B, کە بەم دواییەش بووە سەرۆکی وەزیرانی روسیا .

3- لە سەرەتای گفتوگۆکانی نێوان هەردوو وەفدی پارتی جەماعەتی بەرزانی و حیزبی بەعس , کۆمەڵی گیروگرفت کەوتە نێوانیانەوە بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی کەرکوك و دیموکراتیەت و هەڵبژاردنی پەرلەمان . کە بەرزانی سوور بوو لەسەر ئەوەی شاری کەرکوك بدرێتە حوکمی زاتی. ئاشکرایە بە پێی سەرژمێریساڵی 1957 ڕێژەی کورد لە پارێزگای کەرکوك 48٪ بوو تورکمانیش 21٪ بوو ڕێژەی عەرەبیش 28٪ بوو. کەمایەتیەکانی تریش وەك کلدان و ئاشورییەکان ,2, 1٪ بوو.

4-بەرزانی سووربوو لەسەر بەشداربوونی کورد لە هەردوو دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و سەرکردایەتی شۆڕش" مجلس قیادە الثورة "

5- گەڕانەوەی دامودەسگاکانی ئاسایش بۆ ناوچە کراوەکانی کوردستان .

ڕێدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕیزی سوپای عێراق ڕێکخستنی پارتایەتی ئەنجام بدا.

6- ئەبوایا لە 5ی شوبات ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و بەعس ئیمزا بکرایا , بەڵام حیزبی بەعس لە هەندێ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بوەوە و شتێکی تری تازەی خستە بەردەم وەفدەکەی پارتی, لەبەر ئەوە وەفدەکەی پارتی لە بەغدا کشایەوە بۆ کوردستان , ئەندامانی وەفدەکەش بریتی بوون لە " دوکتۆر محمود عوسمان و ئیدریس بەرزانی و مەسعود بەرزانی و چەند ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی . بڕیاری کۆتایی هێنانیان بە گفتوگۆکە هێنا. بەڵام ئەوەبوو لە 1970\3\8 صدام حسین کوتوپڕ سەفەری کرد بۆ چۆمان و چاوی بە مەلا مستەفا کەوت و ئامادەیی خۆیانی نیشان دا کە هەرچی لە سەری ڕێککەوتونە ئیمزای بکا, بەمەش صدام حسین ئەیویست بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژێ , یەکەمیان باڵی مەدەنی لە حیزبەکەی حزبی بەعس زاڵ بێ بەسەر باڵە عەسکەرییەکەی کە نەیتوانی کۆتایی بە شۆڕشی کوردستان بێنێ , دووەمیان دوای لاوازکردنی باڵە عەسکەرییەکە مەیدانی بۆ چۆل بێ ئامانجە گڵاوەکانی جێبەجێ بکا.

خاڵێکی زۆر گرنگ لە نهێنیەکانی ڕێککەوتنی 11 ئازار, دەوری جۆرج براون بوو , (عەڕابی ) ڕێککەوتنەکە , جۆرج براون کۆنە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە حکومەتی حیزبی کرێکاران , کە دوای ئینقلابە شوومەکەی 1968 بەردەوام ئەهاتە بەغدا و لەگەڵ صدام حسین بە ئامادەبوونی طارق عزيز کۆ ئەبوونەوە, جاری واش هەبوو هەر بەتەنیا لەگەڵ صدام حسین کۆ ئەبوەوە. کۆبوونەوەکانی زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی ناڕەحەت کردبو, بەتایبەتی غانم عبد الجليل کە بەڕێوەبەری مەکتەبی صدام و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش , زۆر هەوڵی ئەدا شتێ تێ بگا لەو چاوپێکەوتنە سەیرانە بەڵام نەگەیشتە هیچ. " ئەم مەعلوماتانەم هەندێکی لە کتێبی " أسوار الطين " نووسینی حسن العلوی وەرگرتوە و لەگەڵ چەند جار دانیشتنم لەگەڵ شوکری الحديثي و خالد عبد الحليم , " شوکری زۆر جار بەم دواییە دوای ئەوەی

ئاشتەوەبوین لەگەڵ یەکتری , جارو بار ئەچوومەماڵیان لە حی الشعب لە بەغدا , باسی کۆبوونەوەکانی صدام حوسێنی بۆم ئەگێڕایەوە لەگەڵ بەرزانی بەتایبەتی کۆبوونەوەکانی پێش بەیانی ئازار و کۆبوونەوەکانی 1974 پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ .

به هەرحاڵ لە شەوی 9-10 \ ئازاری 1970 بەرزانی و صدام حسین بەیاننامەکەیان پێکەوە ئیمزاکرد.

لە مانگی شوباتەوە تا 8ی ئازار پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی باوەڕی وابوو کە حیزبی بەعس ڕێکەوتنەکە لەگەڵ ئەوان ئیمزا ئەکەن دوای ئەوەی کە لەگەڵ مەلا مستەفا نەگەیشتنە ئەنجامێك, بەلاّم عەڕابەکانی ڕێککەوتنەکە , جۆن براون و بریماکۆف و عەزیز شەریف دەوری سەرەکییان بینی کە هەردوولا قەناعەت بێنن بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە .

لەم ڕێککەوتنە پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی قۆچی قوربانی ڕێککەوتنەکە بوو , بە تایبەتی نە یەکیتی سۆڤێیت و نە ولاّتە عەرەبیەکان و نە ولاّتە زلهێزەکان لە بەرژەوەندیان نەبوو ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی بکرێ وەك حیزبێکی چەپڕەو و خاوەند جەماوەرێکی فراوانی ڕۆشنبیرانی کورد.

با بگەڕێمەوە بۆ چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ خالد عبد الحلیم

لەم دانیشتنە کورتە کەسێتی خالد عبد الحلیمم خوێندەوە کەوا مرۆڤێکی فشەچی و خۆهەڵکێش و خۆی بەزل ئەزانی, ئەیویست بە ڕێگای منەوە ئەم پاسەی بگەێینم بە م . س .

لە هەولێر بە پەلە گەڕامەوە بۆ کەرکوك , بەلاّم پێش گەڕانەوەم بۆ کەرکوك برادەرانی هەولێرم ئاگادارکردەوە کەوا سبەی مەلا مستەفا و صدام حوسین بەیانی ڕێککەوتن لە نێوانیاندا بلاّو ئەکەنەوە و پێویستە زۆر وریا و ئاگادار بین.

له کەرکوك تەلەفۆنم بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کردو مەوزوعەکەم تێگەیاند , وا دیاربو مەکتەبی سیاسی ئاگای لە هیچ نەبوو بەڵکو وایان ئەزانی حوکومەت بەیان لەگەڵ ئەوان ئیمزا ئەکا , کەواتە حوکومەت بۆ ئیحتیات ڕێگەی دووەمیشی لە خۆی دانەخستبو, ئەگەر لەگەڵ مەلا مستەفا ڕێك نەکەوت ئەوا جەماعەتی مەکتەبی سیاسی لەبەر دەستن. کورد وتەنی " پادار بگرە بێ پا هی خۆمانە " کەواتە حیزبی بەعس ئێمەی هەر بۆ هەڕەشکردن بوو لە بەرزانی و وەك وەرقە بەکارمانی ئەهێنا.

وا دیاربو دوای تەلفۆنەکەی من مەکتەبی سیاسی بڕیاری دا کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەیێیکی کوتوپڕ لە شاری کەرکوك ببەستێ.

له کەرکوك بووم بەیانی 11ئازار دەرچو , خەبەرم بۆ هات کەوا لە کۆیە جەماوەر ڕێڕەویان کردووە و بە بەردەم ماڵمانا ڕەتبوونە و دیارە " هتاف" یان کێشاوە دژمان, حمایەکانم کە هەموو خزم و لاوی خوین گەرم بوون تەقە بەسەر جەماوەرەکەدا ئەکەن و مقدم رکن نامق بەیرەقدار ئامری فەوجەکە ناقیلەیێیك ئەنێرێتەبەردەم ماڵمان بۆ ئەوەی لەگەڵ جەماعەتەکەی بەرزانی لەیەك نەکەون . بۆ سبەی 12\ئازار بە پەلە گەڕامەوە بۆ کۆیە و هەرچەندە هەندێ لە برادەران نەسیحەتمیانکرد نەگەڕێمەوە کۆیە, بەڵام من گوێم نەدا و گەڕامەوە , شەو لە یانەی فەرمانبەران یەکێ لە فەرمانبەرەکان نامەوێ ناوی بێنم کە مرۆڤێکی زۆر ترسنۆك بوو پێمی وت , جەناب ڕۆژی 11 ئازار حمایەکانت تەقەیان لێمانکرد لە کاتێك دا ئێمە خۆشحاڵیمان دەر ئەبڕی بە دەرچوونی بەیانەکە. وتم فلان گوێ ڕابگرە , ئەگەر من ئێستا بایی ملا مستەفام نەمابێ باییچەند خوێڕی یەکی وەك تۆو ئەمسالی تۆم ماوە...ئێوە خۆشحاڵیتان دەرئەبڕی یان لەبەردەم ماڵمان جنێوتان ئەدا پێمان ؟ ئەبێ باش بزانن من ئێستا قائممقامم ،جەماعەتی مەلا مستەفا لەگەڵ حوکومەت ڕێککەوتوون و لەشەڕدا سەرنەکەوتوونە و ئێمە ش بە دیل گیرابێتین, سبەی لە

سەرا کۆنەکە کە بارەگای پارتیمانە جەماوەری کۆیە کۆئەکەمەوەو قسە ئەکەم و جەماعەتی مەلا مستەفاش ئامادەئەبن , گوێ ڕابگرە بزانە چۆن قسە ئەکەم.

بۆ سبەی وابزانم 13ی مانگ بو , مقدم نامق بەیرەقدار و صالح شێرە لە جەماعەتی مەلا مستەفا و یەك دوو کەسی تری لەگەڵ بوو ناوەکانیانم لە یاد نەماوە , لە جەماعەتەکەی ئێمەش مەلای مەلا قادر و عوسمان قادر و ئەندامانی لیژنەی ناوچەی کۆیە و جەماوەری کۆیە لە سەرای کۆن کۆبوونەوەو قسەم بۆیانکرد و داوام لێیانکرد یەکێتی ڕیزەکانیان بپارێزن و دەسکەوتی یانزەی ئازار لە کیس نەدەن , لە وتەکەم وتم :

ئێمە جەماعەتی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ساڵی 1966 لەگەڵ حوکومەت ڕیککەوتین , جەماعەتی مەلا مستەفا ناومانیان نا " جاشی 66" ئەمڕۆش خۆیان لەگەڵ حوکومەت ڕێککەوتوونە ، ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ حوکومەت جاشێتییە ئەوا داوا لە جاشەکانی 66 و 70 ئەکەم دەست بخەنە ناو دەسی یەکتری و دەسکەوتی 11 ئازار لە دەست نەدەن ، خۆ ئەگەر ڕێککەوتن لەگەڵ حوکومەت نیشتمانپەروەرییە, ئەوا داوا لە نیشتمان بەروەرەکانی 66 و 70 ئەکەم دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری . بەم جۆرە قسەمکرد بۆ دانیشتوانی کۆیە . پاشان دەعوەتی عقید نامق بوین و پێکەوە نانمان خوارد. دوای یەك دوو ڕۆژ برووسکەێیکم لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ هات تەنسیبی وەزارەتی ناوخۆ کرام. لە کۆیە جوبەخانەێیك چەکی گەورەم هەبو,پڕبو لە تفەنگی برنۆ و فیشەگی برنۆ و کلاشنکۆف و هەمووم لەگەڵ خۆما بردە کەرکوك و لەوێ تەسلیم لقی3 م کردو پاشان ڕەوانەی بەکەرجۆم کرد . جێی داخە لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبوونەو موغامەرەیە بۆ گواستنەوەی ئەو چەکانە , دواجار بیستم کە لە بەکرەجۆ هەموو فرۆشران , بەڵام زۆری پارەکەی ئەموو ئەو دزییانو کورد وتەنی کێ کردی کێ خواردی ؟

ئەمە ئەوە ناگەیێنیٚ کە من ئەوەمزانی لەوە پەشیمان بمەوە گوایا بۆ چەکەکانم بۆ بەکرەجۆ ناردووە, نەخێر پەشیمان نەبووم لەبەر ئەوەی شوێنێکی تر نەبوو بۆی ڕەوانەی کەم, خۆمیش بەتەمای دزی نەبووم, فێری دزیکردن نەبوبووم و ئێستاش دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانەو دوای سیٚ وەزارەت , لە سلەیمانی لە ساڵی 2004 مامۆستام لە زانکۆی سلەیمانی خاوەند خانوو سەیارە نییم بەڵام خاوەند سومعەیێکی باشم لە دەست پاکی.

پێش ئەوەی چەکەکان بگوازمەوە بۆ کەرکوك , جەماعەتی مەلا مستەفا هەوڵیان لەگەڵمدا چەکەکان تەسلیمی ئەوان بکەم و گوایا وەك پێشمەرگە سوودی لیٚ وەر ئەگرن , منیش پێیانم وت , ئێوە لەگەڵ حوکومەت ڕێککەوتوون ئیتر چەکتان بۆ چییە ؟ بەهەرحاڵ تەنها یەك فیشەکتانیش نادەمیٚ. هەندیٚ هەرەشەیانکرد بەڵام هەرەشەکانیان بەلای منەوە هیچ نرخێکی نەبوو , لەگەڵ ئەوەشدا من ئەمزانی ئەمان ئەگەر چەکەکانیان بدەمیٚ بۆ خۆیان ئەیفرۆشن و بەرزانی لەم مەوزوعە بێخەبەرەو ئیشی واش ناکا دوای ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ حوکومەت , کەواتە ئەگەر چەکەکانم بدایا پێیان ئەوانیش وەك جەماعەتەکەی بەکرەجۆ بۆ خۆیان ئەیانفرۆشت, کەواتە هەر ئەفرۆشرا با جەماعەتەکەی خۆمان بیفرۆشن .

بەعس زۆر بە پەلەبوو بۆ لەناو دانی جەماعەتەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی وەك لەمەو پێش باسمکرد, ئەوەبوو لە 4\25\ 1970 پێشمەرگەکانی کەلاریان چەك کرد و پێش کەلاریش لە 4\23 پێشمەرگەکانی بەکرەجۆیان چەك کردبو. بەڵام ئێمە لە فیکەی خۆمان تێگەیشتبوین و زانیمان حوکومەت نیازی گڵاوە بەرامبەرمان ، ئەوەبو کۆبوونەوەیێکی فراوانمان " کۆنفرانس" لە " سەلمان پاك" بەست لە 9\10\ 970 تا ڕۆژی 9\11 بەردەوامبوو , لە ڕۆژی 9\11 گۆنفراسەکەمان گواستەوە بۆ ماڵ کاك عومەر دەبابە. بیرمان لە دانانی ڕێگەچارەیێك ئەکردەوە بۆ دەربازبوون لەم تەنگو چەڵەمەیەی صدام حوسین و

بەرزانی کە بۆمانیان نابوەوە. کەواتە ئەبێ هەنگاوێیکی تازە بنێین بۆ رزگارکردنی حیزبەکەمان پێش ئەوەی کاتەکە بەسەر بچێ , عەرەب وتەنی" الزمن کالسیف ان لم تقطعة یقطعك" یان کورد وتەنی جێی مشت پالەقەیە. ئەویش ئەوەیە لەگەڵ مەلا مستەفا دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە. ئەوەبو وەفدێکی پارتیمان بە سەرۆکایەتی مام جەلال و ئەندامێتی نجم الدین گلی و جمال ئاغا و طیب محمدو شازاد صائب چوونە گەڵاڵە و لەوێ چاویان بە بەرزانی کەوت و مەوزوعی " هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵاوبونەوەیحیزبەکەمان لەگەڵ پارتی " قسەی لەسەر کرا . دوای گەڕانەوەی مام جەلال و وەفدەکە , وەفدێکی تر لە 10\14 بە سەرۆکایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان و ئەندامەتی عومەر دەبابە و چەند ئەندامێکی تر چوونە گەڵاڵە و چاویان بە بەرزانی کەوت و باسی هەمان مەوزوعیان لەگەڵ کردەوە.

دوای ئەم هاتوچۆیانە و چاوپێکەوتنانەی نێوان هەردوولا بڕیاردرا لە 1970\12\27 پارتیمان کۆنگرەی حەوتەمی ببەستێ لە دێی کەلار. لەم کۆنگرەیە 115 نوێنەر بەشداربو, عومەر دەبابە ڕۆژی دووەمی گەیشتە کۆنگرەکە. لێرەدا باسی سوودفەێیکی سەیر ئەکەم ئەویش لە مۆتەمەری حەوت کاك عومەر نەخۆشکەوت و نەیتوانی لە دانیشتنەکانی کۆنگرەکە بەشدار بێ , لە کۆنگرەکە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە 1992\1\29 لەناو هۆڵی کۆنگرەکە بە سەکتە ی دڵ کۆچی دواییکرد. لەم 115 یە تا کۆتایی کۆنگرەکە 101 نوێنەر مایەوە. لە 1971\1\1 کۆتایی بە دانیشتنەکانی کۆنگرە هات.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی م کۆنگرەکەی کردەوە بە وەستان بۆ ماوەی یەك دەقیقە لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی پارتی. پاشان ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی خوێندرایەوە و ڕاپۆرتەکە موناقەشەکرا , بەڵام لەبەر ئەوەی کۆنگرەکە تەرخانکرابو بۆ بابەتی ڕێککەوتن لەگەڵ پارتەکەی مەلا

مستەفا  بۆیە هیچ جۆرە بابەتێکی تر نە لە ڕاپۆرتەکەو نە لە کۆنگرەکە باس نەکران.  لە ئەنجامدا  بە زۆربەی دەنگ  بڕیاردرا  لەگەڵ پارتی تێکەڵاوبینەوە , بەڵام بۆ ئەم تێکەڵاوبوونەوەیە چەند مەرجێگ  داندرا   وەك سێ یەکی لێژنەکانی ناوچەو لقەکان   پێك بێ لە جەماعەتی " پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان"  کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بڕیاریدا ناوی پارتی بگۆڕێ بە  پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان, هەروەها  لە مەرجەکانی پارتی لەسەر   پێڕەو و بەرنامەی کۆنی کار بکا, لەگەڵ مەسەلەی ئیسلاحی زراعی, کەواتە چاکسازی کشتوکاڵ و بەرەی نیشتمانی ڕەچاوبکرێ  لە بەرنامەی پارتی دا.  هەروەها لەهەموو مەرجەکان گرنگتر لە ماوەی یەك ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم ڕێککەوتنە پارتی کۆنگرەیێکی تازە ببەستێ  بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی .

بۆ ئەم مەبەستە  کۆنگرە وەفدێکی دیاریکرد , بریتیبوون  لە : مام جەلال و عەلی عەسکەری و کەمال خۆشناو سعید قادر جاف و عوسمان و لاوچاك و جمال و محمد محی الدین و بکر حوسین و چەند هەڤاڵێکی تر , بچنە لای مەلا مستەفا, کۆنگرە تا 1970\12\1 بەردەوام بوو.

پێش بەستنی کۆنگرە لە 1970\11\4 مام جەلال لە بەغداوە  چوو بۆ  قاهرە بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی  ماتەمینی چلەی جمال عبدالناصر بە ناوی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان.

مام جەلال دوای گەڕانەوەی لە میسر  بە تەواوی  ڕای گۆڕابوو  دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی حیزب و لە کۆنگرەکە  گەلێ هەوڵیدا  حیزبەکە هەڵنەوەشێنینەوە , بەڵام بێسوود بوو. نوێنەرانی لق3 ی کەرکوك و عەلی عەسکەری لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەکە بوون بەتایبەتی دژی بۆچوونەکەی مام جەلال لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی بچێتە میسر زۆر سوور بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەیشۆڕشگێڕ , گۆڕینی ڕەئیەکەی بەم پەلەیە کاری ئەوەی نەبوو

قەناعەتمان پێ بکا. دوا ڕۆژیش دەرکەوت مام جەلال ڕاست بوو نەك ئێمە. هەندێ لە نوێنەرانی کۆنگرە لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یان پرسی ئەگەر دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکە جەماعەتی مەلا مستەفا پاش گەزبوونەوە , ئەو کاتە ئێمە چی بکەین و حیزبەکەشمان لەدەست چووە ؟ لە وەڵامدا مامۆستا ئیبراهیم وتی : ئێوەی تێکۆشەرانی پارتی چۆن لەبەر بەرژەوەندی گەلەکەمان حیزبەکەتان هەڵوەشاندەوە ئەو کاتە هەر خۆتان ئەتوانن حیزبەکەتان زیندوبکەنەوە.

هەرچەندە وەك قسەکانی چەرچڵ سەرەك وەزیرانی بەریتانی کە لەمەو پێش ئامەژەم پێیکرد دەربارەی شەڕی جیهانی دووەم کە وتبوی چەند کەسێك ئەیانتوانی ببنە هۆی ئەوەی شەڕەکە دروست نەبێ . کە ئەم قسەیە دوای دەستپێکردنی شەڕەکە پوولێکی قەڵبی ناهێنا , بە داخەوە منیش ئەڵێم بریا بە قسەکانی مام جەلال مان بکردابا و حیزبەکەمان هەڵنەوەشاندایە تەوە, کە دوای چەند مانگێك زەمینەی سیاسی بەرەو بەرژەوەندی ئێمە گۆڕا , بەڵام ئەم داخەی منیش وەك قسەکانی چر چل دووپوولی قەڵپ ناکا دوای ئەوەی حیزبەکەمان هەڵوەشاندەوە. ئەم هەڵوێستەی مام جەلال هەڵوێستی دووەمی بوو کە ڕاست دەرچوو , یەکەمیان مەسەلەی بەشدار نەبوونمان لە شەڕەکانی دژ بەرزانی پێش گرتنی رانیەو قەڵادزێ وەك لەمەوپێش باسمانکرد و عومەر دەبابەیان کردە سەرکردەی هێزی پێشمەرگەو مام جەلال تەجمید کرا.

بەڵێ بەم جۆرە پارتی شۆڕشگێڕ هەڵوەشێندرایەوەو تێکەڵ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوەوە.

دووبەرەکی نێوان پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم دووبەرەکییە وەك لەمەو پێش باسمانکرد کە لە 10\2\ 1964 وە دەستیپێکرد , بە تایبەتی دوای کونفرانسی ماوەت , ئەم دووبەرەکییە پڕبوو لە دەردەسەری و ناخۆشی و تاڵی و خوێن ڕشتن لەشەڕی براکوژیدا لە مێژووی

گەلی کورد و پارتی. هۆی ئەم دووبەرەکییە ئەوەندە قووڵە زۆر ئاسان نییە بە چەند لاپەڕەیەك ڕوونی بکەمەوە, بۆیە هەوڵ ئەدەم بە ئەمانەتەوە هەرچی ئەزانم و ئاگام لێیەتی لە یادداشتەکەم بینووسمەوە, ئومێدەوارم ڕۆژێ بێ بارووددۆخێکی دیموکراسی بێتە کایەوە بتوانم لە چاپی بدەم , یان دوای خۆم چاپبکرێ , بۆ ئەوەی هەرچی شاراوە هەیە لە مەوزوعی دووبەرەکییەکە ی نێوان مەلا مستەفا و پارتیمان ئاشکرایان بکەم. ئەو شاراوانەی من پێی ئەزانم. هەرچەندە زۆر شارەوە هەیە بە مردنی هەندێ لە شایەدەکان بۆ یەکجاری بزربوون. یان بە هۆی نالەباری بارووددۆخی عیراق و کوردستان جارێ ناکرێ پەردەیان لەسەر لابرردرێت . ئەگەر زۆر مەوزوعی بم ناتوانم هۆیەکانی دووبەرەکییەکە هەموی بخەمە ئەستۆی مەلا مستەفا ئەگەر چی باوەڕم وایە زۆر لە هۆیەکانی ئەکەونە ئەستۆی ئەو, بەشێکیشی ئەکەوێتە سەر ئەستۆی ئێمەی جەماعەتەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی . بۆ نموونە لە کۆنگرەی 6ی پارتی باڵی بەرزانی , 14 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتی باڵەکەی مەکتەبی سیاسی لە حیزب دەرکران . لە پێش بڕیارەکەی کۆنگرەی 6 لە کۆنفرانسی ماوەت مەلا مستەفا لە سەرۆکایەتی حیزب تجرید کرا, هەردوو بڕیارەکان ئاگری دووبەرەکی نایەوە و ئیتر کوژانەوەی بۆ نەبوو تا ساڵی 1998.

پەردە لەسەر نهێنێیکی تر لابەرین و بزانین پەنجە چەپەڵەکان کە درێژ ئەکران بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە ڕیزەکانی گەلی کورد کام پەنجەی دەرەکی بوون؟

یەکێ لە بەڵگەنامەکانی حیزبی بەعس ئەوە ئاشکرا ئەکا کە تیایا هاتووە" 1- هێزە دوژمنەکانی عێراق لە سەرووی هەموویانەوە ئیمپریالی ئەمریکی و ڕژێمی شای ئێران دوای ئەوەی بینییان بزووتنەوەی چەکداریی کورد بۆتە خاوەند هێزێك و دەستی بەسەر ناوچەیێکی فراوان دا گرتووە و گیانی نەتەوایەتی کوردایەتی لەناو کورد بڵاو ئەکاتەوە, لە ترسی ئەوەی ئەم گیانی کوردایەتییە

نەگاتە كوردستانی ئیران , كەواتە پێویستە دووبەرەكی درووست بكرێ لە ڕیزی بزووتنەوەی كورد بەلای كەمەوە بكرێتە دوو بەشەوە یان زیاترو بكەونە ژێر دەستی خۆی بۆ لاوازكردنی بزووتنەوەكە. لە هەمان كات دا یارمەتێیكی كەم بدرێن بۆ مانەوەیان بۆ ئەنجامدانی ئەو پلانانەی ئەوان ئەیانەوێ.

2-دوای كۆدەتاكەی رەمەزان 1963 شیوعییەكان بەرەو كوردستان هەڵاتن و چوونە باوەش بەرزانی . جەلال تاڵەبانی دژی وەرگرتنی شیوعیەكان بوو لە ڕیزەكانی شۆڕش بەڵام مەلا مستەفا ئەوەی خستەوە بیر جەلال كە یەكێتی سۆڤێیت چاكەی گەورەی هەیە لەسەریان, بۆیە ئەبێ چا كەیان بدرێتەوە , شیوعیەكان مەدەنی و عەسكەرییەكانیان دەوری زۆریان هەبوو لە دووبەرەكییەكەی نێوان بەرزانی و ڕزگاربوونیان لە جەلا ل و جەماعەتەكەی كە دوژمنیان بوون.

3- خۆشەویستی زەعامەت و دەسبەسەراگرتن لە لایەن جەلال تالەبانی , دوای ئەوەی مەلا مستەفا بینی كە ئیبراهیم ئەحمەد و قوتابیەكەی هەوڵی ئەوە ئەدەن سەركردایەتیەكەی لێ زەوت بكەن , كەواتە چار نییە ئەبێ دەربكرێن.

4- ڕێككەوتنەكەی نێوان بەرزانی و عبدالسلام عارف لە شوباتی 1964 دەوری كاریگەری هەبووە بۆ پەلەكردن و گەیینی دووبەرەكییەكەو مەلا مستەفا بە تاقی تەنیا بە بێ ئاگاداری حیزبەكەی لەگەڵ عبدالسلام عارف ڕێككەوت , ئەوە بوو مەلا مستەفا بەوە تاوانباركرا كە مافەكانی گەلی كوردی پێشێلكردووە.

لەم بەڵگەنامەیە ی حیزبی بەعس ئاشكرا ئەبێ كە شای ئێران چ دەورێكی چەپەڵی بینیوە بۆ ئاگر خۆشكردنی نێوان مەلا مستەفا و جەماعەتی مەكتەبی سیاسی.

لە كۆنگرەی 6 ی پارتی باڵی مەكتەبی سیاسی ئەم ناوانەی خوارەوەیان بە كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد: ئیبراهیم ئەحمەد , جەلال تالەبانی , عمر دەبابە و عبدالرحمان زەبیحی , حلمی عەلی شەریف ،عەلی عەسكەری ، ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی , سعدی دزەیی, مەلا عبداللە ئیسماعیل , حەمەی حاجی تاهر و عباس حوسین و محمد ئەمین فەرەج , كمال

محی الدين و سيد عەزيز شەمزينی.  ئيبراهيم ئەحمەد دووبارە هەڵبژێردرايەوە بە سكرتێر.

ئەم سەركردايەتيە نەيتوانی بە دەوری سەركردايەتی  پارتی و بزووتنەوەی  ڕزگاريخوازی كورد  هەڵبسێ . جگە لەوەی لە هەموو كۆنگرەكانی پارتی نەتوانرا عەناسری تازە و بە توانا بهێنرێتە  ڕيزی سەركردايەتيەوە, دوای هەموو كۆنگرەيەك هەست ناكرا بە گۆرينی دەمووچاوەكان , لە بەربەرەكانيشيان  لەگەڵ مەلا مستەفا سەركەوتوو نەبوون, لە لايێكی ترەوە جەماوەری حيزبەكە بريتی بوون لە ڕەشو ڕووتی كوردستان, زوربەی ئەندامانی حيزب دڵسۆزو چالاك و شۆڕشگێڕو قاڵ ببون لە بۆتەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلە هەژارەكەيان.  جياوازێيكی زۆر  هەبوو  بەڵكو بۆشايێيك هەبوو لە نێوان  سەركردايەتی و قواعد  چ لە ڕووی چينايەتييەوە چ لە ڕووی  بيرو باوەڕەوە.

لە ئەندامانی كۆميتەی ناوەندی بە ڕاستی ئەوەی دەوری ديارو باڵای هەبوو مام جەلال بوو چ لە ڕووی ڕۆشنبيری چ لە بواری چالاكايەتی حيزبايەتی و پەيوەندييەكانی لەگەڵ پارت و هێزە سياسييەكانی  عێراقی عەرەبيدا . تا لە زەمانی حوكمی پاشايەتی لە عيراق وەك صالح حەيدەری باسی ئەكا لە يادداشتەكانی " مذكرات ولمحات من تأريخ الحركة الوطنية والثورية فی كوردستان- 1940- 1958 –مخطوطات " ئەم دەسنووسەی صالح حەيدەريم لابو  تا ئەو ڕۆژەی چوومە توركيا و پاشان بۆ نيوزيلەندە  لە ساڵی 1997 , ئەوەبوو پێشكەشمكرد بە مام جەلال بۆ ئەوەی نەفەوتێ . لەم دەس نووسەدا صالح ئەڵێ مام جەلال لە كام شاربوايا لەو شارە ڕێكخستنی پارتی گەشەی ئەسەند.  لە بواری ڕۆشنبيری ، نووسەری كتێبی  " كوردستان  والحركه التحرريه  للشعب الكوردی" يە  و نووسينی زوربەی  وتارەكانی  ڕۆژنامەی خەبات و كوردستان و النور , كردنەوەی دەورەی كادر. مام جەلال دەرچووی كۆليجی  حقوقە  لە ساڵی پەنجاكان و يەكێك لە ئەندامە هەرە چالاكەكانی  پارتی بوو  لە ساڵانی  پەنجاكان و شەستەكان دا , بەڕاستی  داينەمۆی حيزبەكە بوو , دەورێكی باڵای هەبو لە شۆڕشی ئەيلولی ساڵی 1961.

له ڕێبازه سیاسیەکانی، سیاسێیکی وشك نییه , کاتێ که هەست بکا ئەو ڕێبازه سیاسییەی لەسەری ئەڕوا ستۆك بووه و کاری پێ ناکرێ زۆر به ئاسانی ئەیگۆڕێ , بۆ نموونه له پەنجاکانەوه چەند جار ئالۆگور بووه له بیرو باوەڕی سیاسی له مارکسی لینینی بۆ ماوی و دوا جاریش بۆ سۆشیال دیموکرات. . زۆر کەس له نەیارانی سیاسی بەوه ناویان ئەبرد که ئینتهازییه، لەبەر گۆڕینی ڕیبازه سیاسییەکانی، له کاتێکدا مام جەلال ئەم سیفەته سیاسییانەی ڕاسترین رێبازه له جیهانی سیاسەتدا، نەك وەك وشکه سۆفی لەسەر یەك ڕێباز نەگوازیتەوه، ئەگەر ئەو ڕێبازه دواجار دەرکەوێ که چەوتەو ڕووی مەجلسی نەماوه، کورد وتەنی, یان لەگەڵ قۆناغه تازەکەدا ناگونجێ.

مام جەلال وەك هەندێ له ئەندامه سەرکردایەتییەکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کۆڵی نەدا و دا بنیشێ ، بەڵکو بەردەوامبوو له تێکۆشان و خەبات تا توانی گەورەترین بزووتنەوەی ڕزگاریخواز له کوردستان، دابمەزرێنێ به ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین ڕاپەڕین ئەنجام بدەن له کوردستاندا , ڕاپەڕینی 1991 و حوکومەتی فیدرالی کوردستان دابمەزرێنن و پەرلەمانی کوردستانیش هەڵبژێرن . له سیفەته ئیجابیەکانی تری مام جەلال مرۆڤێکی به وەفایه بەرامبەر هاورێ دێرینەکانی و له هەمو بارودۆخێکدا لەبیریان ناکا , دوای دامەزراندنی حوکومەتی کوردستانیش رۆژێ له ڕۆژان کەسو کاری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستانی له بیرنەکردووه به پێی توانا و بوونی بوودجەی دارایی حیزب ، بۆ هەر خێزانێکی شەهیدان مانگانەی بڕییەوه .

ئەمه به کورتی دەوره ئیجابیەکانی مام جەلال بوو وەك ئەندامێکی سەرکردایەتی. بەم دواییەش گەیشته پۆستی سەرکۆماری عیراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و صدام حسین.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەکێکه له ئەدیب و نووسەره به ناوبانگەکانی کورد و شاعێرێکی پایه بەرزبوو . له کۆنگرەی دووی پارتیەوه دوای هەمزه عبدالله سکرتێری پارتی بوو تا ساڵی 1970 و هەڵوەشاندنەوەی حیزب. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد تا

ڕادەیێك گۆشەگیر بوو " منعزل" زوربەی زۆری ئەندامانی ناوچەکان و لقەکان چاویان پێناکەوت چ جای ئەندامانی خوارەوە. لە ساڵی 1937 کۆلیجی حقوقی تەواوکردوە .

یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی , مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی " عولەما" بوو , مامۆستا عولەما خەڵکی کوردستانی ئێران بوو , بەڕاستی لە ڕیزی پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەربازی ونبو بوو" جندی مجهول" ماوەیێکی زۆر پێکەوە لە ڕێکخستنی پارتی ئیشمانکردووە . پێش ئەوەش لە ساڵی 1960 ئەهاتە گرتووخانەی بەغدا ئەوکاتە لەوێ لەگەڵ شێخ مارف بەرزنجی توقیف بووم و ئەهاتە لامان سەری لێمان ئەدا ,ئەو کاتە وەك نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی ئەهاتە لام و سەری لێم ئەدا. لە ساڵی 1962- 1963 نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە لق3 ی کەرکوك ، منیش ئەندامی پیشەیی کاسبکارانی کەرکوك بووم و پاشانیش ئەندامی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی لە ڕیزی شۆڕش, کادری متفرغ بووم , هەروەها لە لق5 ی بەغدا پێکەوە ئیشمانکردووە, ئەو کاتە ئەو نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بوو لە لق 5 , منیش سکرتێری لێژنەی ناوچەی خانەقین بووم و بارەگاکەم لە دەربەند بیلوولە بوو لە ناوچەی ئازادکراوی کوردستان و ئەندامی لق 5 بووم هەر سێ مانگ جارێ ئەچوومە بەغدا و بەشداری کۆبوونەوەکانی لقی پێنجم ئەکرد . چوونیشم بۆ بەغدا بە نهێنی بوو .

دوای شکانی پارتیمان و کشانەوەی سەرکردایەتی بۆ خاکی ئێران , مامۆستا عولەما کرا بە سەرکردەی کاتی لە بەغدا و لێپرسراوی کاتی مەکتەبی سیاسی. لە کۆنگرەی 7 ی کەلار ڕازی نەبوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حیزب. لە ساڵی 1974 سەری لە مام جەلال دا لە بەیروت و ماوەی 15 ڕۆژ زیاتر لە ماڵ مام جەلال مایەوە , مام جەلال سەفەری کردبوو ، چاوەڕوانیکردبوو تا گەڕایەوە , دوای گەڕانەوەی لە بەیروت ئاسایشی گشتی لە بەغدا تەوقیفی ئەکەن, دوو ساڵ حوکمی ئەدەن, لەسەر ئەوەی چووبوە ماڵ مام جەلال و خەبەری حوکومەتی نەدابو, بە پێی ئەو مەعلوماتانەی دەستم کەوت لە کاتی خۆی رەفیق پشدەری ئیخباری کردبوو. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر هەوڵم دا بۆ بەردانی بەڵام بێسوود بوو , ئەو کاتەی مامۆستا عولەما گیرا ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی

پێشکەوتنخوازی کورد بوو. مەلا عبداللە لێپرسراوی بزووتنەوەکە بوو, عبد اللە کانی مارانی و بابکر پشدری و شێخ لەتیف بەرزنجی ، ئەندامی سەرکردایەتی بوون. ئەو کاتە جارێ نەچووبوینە ڕیزی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازەوە, لێژنەیێکی تەنسیق هەبوو لە نێوان هەر سێ حیزبەکان , شۆڕشگێرو بزووتنەوەو دیموکراتی کوردستان , لەگەڵ تەها یاسین ڕەمەزان , من و مەلا عبد اللە و عەزیز عەقراوی نوێنەری حزبەکانمانبوین و تەها یاسینیش نوێنەری بەعس بوو لە کۆبوونەوەکانی لێژنەکە. لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانی لێژنەکە مەلا عبد اللە ئینکاری کرد کەوا ئاگاداری چوونی مامۆستا عولەمایە بۆ بەیروت, منیش ئەمزانی کە مەلا عبد اللە ئاگاداری چوونەکەیەتی , ئەوەبوو لە کۆبوونەوەکە بە جەزراویم وت , ئەو کاتە وەزیری ئەشغال و ئیسکان بووم , وتم مامۆستا عولەما پێش ئەوەی بڕوا هاتە لام لە وەزارەت و تەلەفۆنم بۆ مەلا عبد اللە کرد کەوا موعامەلەی پاسەپۆرتەکەی بۆ تەواوبکا لەبەر ئەوەی ئاسایشی گشتی مەنعیانکردووە لە سەفەر, دوای کەمتر لە چارەکە سەعاتێك مەلا عبد اللە تەلەفۆنی بۆمکردەوە و وتی با مامۆستا بۆ دایەرەی جەوازات بڕوا پاسەپۆرتەکەی وەربگری و موافەقتیانکرد لەسەر سەفەرەکەی. بەڵام مەلا عبداللە کە ئینکاری ئەوەی کرد کە ئاگادارە , دوای ئەم هەڵوێستەی مەلا عبداللە, عبد اللە کانی مارانی و بابکر پشدەری کشانەوە لە بزووتنەوەو بە یەکجاری وازیان لە مەلا عبد اللە هێنا. هەر چەندە دوای دەرچوونی مامۆستا عولەما لە بەندیخانە مەلا عبد اللە هەوڵیدا مامۆستای لێ عاجز نەبێ یان هەستیکرد بە تاوان و بێوەفایی بەرامبەری لە کاتی گیرانەکەی وەك باسمانکرد و ئەوەبوو بردییە ماڵ خۆیان و لە هەندێ بواریشەوە یارمەتی دا وەك مەسەلەی ئەو پارانەی کە هەندێ ناسیاری خواردبوویان و زەوتیانکردبوو .

مامۆستا عولەما لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یەکێك بوو لە ڕۆشنبیرەکانی حیزب و خاوەنی قامووسی زمانی کوردی بوو بەرگی یەکەم و دووەمی چاپکردو پێش ئەوەی بەرگەکانی تری تەواو بکا لە بەغدا ئاسایشی گشتی عیراق لە ناویاندا و تا ئێستاش بێ سەرو شوێنە,

من شەخصی خۆم بەم دواییە لە ساڵانی 1970 بەدواوە زۆر لە مامۆستا زەبیحی نزیك بووم , لە كاتی خۆی پێش ئەوەی حیزبی شۆڕشگێر دابمزرێنیین هاریكاریمانی كرد بەڵام نەهاتە ناو حیزبەوە , مامۆستا عولەما بەڕاستی حەزی لە چارەی حزبی بەعس نەبوو , باوەڕیشی پێیان نەبو بەتایبەتی دوای بەیانی 11 ی ئازار, بەڵام وەك یەكێكی خەڵكی كوردستانی ئێران خۆی لەگەڵیانا ئەگونجاند بەڵام رۆژێ لە رۆژان نەچووە ریزیانەوە .یان هاریكاری بكا لەگەڵیانا لە دەرەوەی هاریكارییەكانی پارتیمان باڵی مەكتەبی سیاسی ، پێش هەڵوەشاندنەوەی حیزب و دوای بەرپابوونی شۆڕشی كوردستانی ئێران دژی رژێمی ئیسلامی , لەگەڵ شێخ عزالدین حوسەینی رێككەوت وئیشی لەگەڵیاكرد ،بەڵام زۆری پێ نەچوو حیزبی بەعس لە ناوی دا .

لێرەدا كە چەند دێڕیكم لە سەر چەند هەڤاڵێكی كۆمیتەی ناوەندی پارتیمان نووسی , مەبەستم ئەوەیە كە ئەم ئەندامانەی باسیانمكرد بەڕاستی سەركردەی لێوەشاوە بوون , بەڵام زوربەی ئەندامەكانی تری كۆمیتەی ناوەندی لە ئاستی قۆناغەكە نەبوون , ئەكرا لە كۆنگرەكانی پارتیمان ئەگەر كوتلەو كوتلە بازی نەبوایا عەناسیری لێوەشاوەی باشترمان.... لێرەدا حەز ئەكەم ئاماژەیێك بۆ ئەوە بكەم كە لە كۆنفرانسی ماوەت هەندێ لە ئەندامانی كۆمیتەی ناەوندی پارتیمان دەوری باڵایان هەبوو لە هاندانی ئەندامانی كۆنفرانسەكە دژی سەرۆكی پارتی مەلا مستەفا و وا بكەن كە زوربەی ئەندامانی كۆنفرانسەكە قانع بكەن بە تەجریدكردنی و زۆریش توندو تییژبوون, لەوانە " نوری شاوەیس , علی عبد الله, مەلا عبد الله اسماعیل" پاشانیش دوای ئەوەی مەلا مستەفا عەفویانیكرد , نوری شاوەیس و عەلی عبد الله گەڕانەوە بۆ لای مەلا مستەفا و دووبارە كرانەوە بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی , علی عبد الله پاشان كرا بە سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی. لە كۆتایی ساڵی 1993 بووە جێگری سەرۆكی پارتی یەكگرتووی كوردستان . دووبارە دێمەوە سەر ئەوەی زوربەی ئەندامانی كۆنفرانسەكە تا دەگا بە هەندێ لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی مستەوای رۆشنبیری و سیاسییان نزمبوو , بەڕاستی زۆر بە ئاسانی گوێ ڕایەڵی ڕاو بۆچوونەكانی ئەندامە تییژ ڕوەكان بوون وەك نوری شاوەیس و

مەجمووعەکەی. بۆیە ئەنجامەکانی بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە به سەلبی گەڕایەوە سەر پارتی و گەلی کورد ، هەر وەك بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشی جەماعەتەکەی بەرزانی به هەمان هۆیەکانی کە باسمانکرد دەربارەی کۆنفرانسی ماوەت , بڕیارەکانی ئەوانیش سەلبی و ناهەموار بوو.

با بگەڕێمەوە سەر باسی خۆم , له 1\7\1970 به پێی (کتێبی ژمارە 1060 \ الذاتیة مدیریه الداخلیه العامه – له وەزارەتی ناوخۆ بە ئیمزای وەزیری ناوخۆ فەریق سعدون غیدان ) له قائممقامیەوە گەڕاندمیانەوە بۆ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی له کەرکوك و بە مووچەی 36 دیناری –ئەصلی- کەواتە پلەیێك مووچەکەمیان داگرتە خوارەوە له 50 دینارەوە بو 36 دینار , ئەوی زۆر سەیر بوو له بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1941 له 26\5\1970 کتێبی سەرۆکایەتی دیوانی کۆماریی ژمارە 6524 له 22\ 6\ 1970 مەسەلەی مووچەکەم بوو, من کە بوومە قائممقام مووچەکەم 50 دینار داندرابوو دوای چەند مانگێك خۆم مووچەکەم ئەبووە 50 دینار ئەگەر وەك مامۆستا بمامایەوە, بەڵام داگرتنی مووچەکەم و گەڕانەوەم بۆ مامۆستایی بە پلەیێکی نزمتر , ئەوەی دەرخست کە بەعسیەکان چەند بە توندوتییژی ڕفتاریان لەگەڵما ئەکرد تەنها بۆ ڕازیکردنی مەلا مستەفا.

له 26\7\1970 له قوتابخانەی " الحراء " له بەغدا – الرصافه موباشەرەمکرد لەبەر ئەوەی جەماعەتی مەلا مستەفا ڕازی نەبوون بگەڕێمەوە کەرکوك.

بەڵێ وەك باسمانکرد پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوە و بڕیاردرا له سەر داواکردنی مەلا مستەفا چوار ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕشگێر لای جەنابی مەلا مستە فا بمێننەوە و ئەوانیش " ابراهیم ئەحمەد , جەلال تالەبانی , عەلی عەسکەری , عومەر دەبابە "

هەردوولا , پارتی شۆڕشگێر و پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانی ڕێککەوتنەکەیان بە دەست خەتی حەبیب محمد کەریم و عومەر مستەفا له ڕۆژنامەی التاخی بڵاوکرایەوە. کە ئەم بەیانە بە زوربەی دەنگ له کۆنگرەی حەوتەمی شۆڕشگێر پەسندکراو ناوی ئەو

ئەندامانەش  کە  داندرابوون  بۆ لێژنەکانی  پارتی  دوای یەکگرتن  لە کۆنگرە خویندرایەوە و  پەسندکرا. کە من داندرابووم بە ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغدا.

لە کۆتایی دا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد  سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی  بە وتەیێکی کورت  کۆتایی بە کۆنگرەکە هینا و وتی: " نە ئەبوو تێکۆشان و خەباتی ئێوەی دڵسۆز و خەباتکەر بەم ئەنجامە بگا, بەڵام کەموکوڕی  خۆمانو ئەو  زروفەی کە دروست کرا , هەموو بوونە هۆی  ئەوەی بگەیێنە  ئەم ئەنجامە, داوای لە هەڤاڵان کرد  کە لە جاران زیاترو بە ڕوحی فیداکارییەوە خەبات بکەن و خزمەتی گەلەکەیان بکەن و ڕێگە لەدوژمن ببەستن و ڕێ نەدەن بە گێرەشێوێن و هەل پەرست بکەونەوە نێوان هەڤاڵانەوە. "

دوای تەواوبوونی کۆنگرە  لە ڕۆژی 5\2\1971 لەگەڵ منداڵەکانم لە بەغداوە  گەڕامەوە بۆ کەرکوك. لە کەرکوك لە8\2\1971 لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری و نجم الدین گلی و نورالدین عبد الرحمن  چوینە  بارەگای پارتی  دیموکراتی کوردستان , بۆ یەکەمجار چاومان  بە عەزیز عەقراوی  و ڕشید عارف کەوت دوای ڕێککوتنەکە , ئەوانیش  زۆر بە گەرمەوە بەخێرهاتنمانیان کرد.

ڕێککەوتنەکەی نێوان مەلا مستەفا و حیزبی  بەعس زۆر دەوامی نەکرد , ئەوەندەی پێنەچوو  ساردی کەوتە نێوانیانەوە , نیازی گەڵاوی  حوکومەت و حیزبی بەعس  وردە وردە  ئاشکرا ئەبوو, ئەوەبو  لە 16\ 2\ 1971  کۆنگرەی  مامۆستایانی عێراق  لە بەغدا بەسترا و یەکێتی مامۆستایانی  کوردستان  موقاتەعەی  کۆنگرەکەی کرد  لەسەر مەوزوعی کەرکوك و خانەقین و موصل . ئەمە هیشتان  وەك ئەڵێن " شهر العسل "ی بەیانی 11 ئازار  بوو, بەعسیەکان  نیازی گومانلێکراوی  خۆیان  لە کۆنگرەی مامۆستایان ئاشکراکرد. ئەمەش ئەوەی ئاشکراکرد  کەوا مەسەلەی  کەرکوك و خانەقین و موصل دووبارە ئەبنەوە هۆی ڕێك نەکەوتنی پارتی و حیزبی بەعس و هەر واش دەرچوو. ...خوا هەڵناگرێ هیچ کاتێك مەلا مستەفا لەسەر مەوزوعی  کەرکوك  وەك شارێکی  کوردستانی موساوەمەی نەکردوە و ناشیکا.  هەر وەك دوا ڕۆژیش دەریخست  دوا مفاوەزاتی  نێوان مەلا مستەفا و صدام حوسین  لە ساڵی  1974  مەلا مستەفا ڕازی نەبوو لەسەر پێشنیارەکەی  صدام

لەسەر شاری کەرکوك کە بکرێتە  دوو بەشەوە, لای ڕۆژهەلاتی خر خاسە  بدرێتە حوکمی زاتی و لای خۆرئاوای بدرێتە حوکمی مەرکەزی. مەلا مستەفا وتبوی من شاری کوردان ناکەمە دووبەشەوە و پاشان هەرچی نەوت هەیە لای خۆرئاوای کەرکوکە و لای ڕۆژهەڵاتی ئاوی خاسە  هیچی تیا نییە , ئەم قسانە شكرى الحديثى بۆمی گێڕایەوە  لە ساڵی 1995 . شوکری  ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو کە لەگەڵ  صدام حوسين بەشداری مفاوەزاتەکە بوو.

مەسەلەی کەرکوك دوای ڕووخانی صدام حوسين و ڕژێمی  بەعس  لەسەر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی  لە ساڵی 2003 هەر وەك خۆی مایەوە و تا ساڵی 2005یش جارێ نەبەستراوەتەوە بە هەرێمی کوردستانی فیدرالی و عارەبە هاوردەکانیش هەر لە کەرکوك ماونەتەوە.

دەربارەی تێکەڵاوبوونەوەمان  لەگەڵ  پارتی دیموکراتی کوردستان  شەوی 28\ 3\ 1971  منو کەمال محی الدين و سيد مجيد و طيب محمد وحسن حوسين و عبد الرحمن هەناری  لە بەغدا  لە بارەگای  پارتی لق 5  چاومان بە صالح یوسفی کەوت , ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لقی بەغدا ، دەربارەی تێکەڵاوبوونەوەمان  و دیاریکردنی ئیشوکاری  ئێمە , وام بۆ دەرکەوت  صالح یوسفی  ئەوەندە خۆشحاڵ نەبو بەدابەشکردنی ئیشوکاری پارتایەتی  بەسەرمانا و هەرچەندە بە دیمەن بە مەڕە گێژی ئەکرد , بەڵام لە ناوەوە بە پێچەوانە بوو ,کورد وتەنی " گورگ بوو لە پێستی مەڕدا" لەوانەشە زۆر لە برادەرانی  ئێمە بەم جۆرە صالح یوسفیان نەناسیبێ ئەمەی من ئەیگێڕمەوە  بەڕاستی منی تووشی ڕەشبینێکی گەورەکرد  بەرانبەر  دوا ڕۆژی  یەکگرتنەوەکەمان  لەگەڵ پارتی , لە دڵ خۆما ئەمووت ئەمە صالح یوسفی پیاو باش وابێ  ئەبێ ئەوانی تر چۆن بن. وەك دابەشکردنە کانی  سیاسەتمەدارانی جوولەکە , بەسەر  "بازەکان و کۆترەکان" دا , کە صالح لە گروپی  کۆترەکان پۆلین ئەکرێ , ئەی ئەبێ بازەکان چۆن بن بەرامبەر  بە ئێمە.

هەر لەم مانگە کەواتە مانگی 3 ی 1971 بارودۆخی  ناوخۆی عیراق هەندێ ئاڵۆز بوو , ئەوە بوو لە 30\ 3\  1971  لە کویت  حردان عبد الغفار التكريتى یان کوشت و ئاشکراش بو  کوشتنەکەی  لەسەر دەستی  صدام حسين بوو. .

لە کۆبوونەکەمان لەگەڵ صاڵح یوسفی بۆمان دەرکەوت کە جەماعەتی مەلا مستەفا ماوە نادەن پێمان وەك پێویست دەستبکەینەوە بە ئیشوکاری پارتایەتی ، بە باوەڕی من لەوە ئەترسان وردە وردە بە ڕێگای ڕێکخستنەوە دەست بەسەر پارتی دا بگرین. بەتایبەتی برادەرانی ئێمە لە ڕووی ڕۆشنبیری و پارتایەتیەوە ئاستیان زۆر بەرزتر بو لە جەماعەتی بەرزانی , بەڵام نەدەبو صالح یوسفی ئەو مەوقیفەی هەبێ بەرامبەرمان کە خۆی یەکێ بو لە جەماعەتەکەی ئێمە تا بەستنی کۆنفرانسی ماوەت . هەر صالح یوسفی بوو نامەیێکی بۆ کۆنفرانسی ماوەت نووسیبوو , لە نامەکەیدا ئیبراهیم ئەحمەدی تەخویلکردبوو لە جیاتی ئەو دەنگ بدا, بەڵام من لە کۆنفرانسەکە ڕوو نمکردەوە کەوا بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پارتی ئەوی لە کۆنفرانس حازر نەبێ مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی نییە. ئەوەبوو کۆنفرانس بە گشتی دەنگ پەسندی راکەی منی کرد,.هەر ئەو صالح یوسفی یە بوو ئەو مەلاییە توندو تییژەی لێدەرچوو. پاشانیش کە هەڵبژێردرا بە سەرۆکی حیزبی سۆشیالیست لە کاتێکدا جارێ لە بەغدا دائەنیشت و حیزبی سۆشیالیست لە گەڵ حیزبی بەعس دەستی کرد بە گفتوگۆکردن , چەند نامەیێکی صالح یوسفی کە ناردبوی بۆ کوردستان بۆ حیزبەکەی , داوای لێیان کردبوو ڕیگە بە هیچ حیزبێکی تر نەدەن گفتوگۆ بکا لەگەڵ حیزبی بەعس و خۆیان تاقە سواری مەیدان بن . نامەکانی صالح یوسفی دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت و یەکسەر بڵاویانکردەوە. دوو شتی زۆر سەیر لە جیهانی سیاسەتدا , تەنها صالح یوسفی کردوویەتی , یەکەمیان چۆن رێگە بە خۆی ئەدا بکرێتە سەرۆکی حیزبێکی کوردستانی خاوەند پێشمەرگەو بەشێك لە شۆڕشی کوردستان دژی ڕژێمی بەغدا . دووەمیان وەك حیزبێکی بچووك لە کوردستان دەمەلاسکێی حیزبەکەی بەرزانی بکاتەوە . ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو هەڵانەی ,حیزبی بەعس لە بەغدا نامەیێکی لەغمکراوی بۆی نارد بۆ ماڵەوە و شەهیدیانکرد. کە ئەڵێم هەڵەیە , ئاشکرایە , لە وڵاتێکێ وەك بەریتانیا ڕیگە نادرێ بە حیزبێکی چەکدار دژی رژێم سەرۆکەکەی لە لەندەن بە ئاشکرا دانیشێ و تەعلیمات بۆ حیزبەکەی بنێرێ وەك ئەوەی صالح یوسفی.

بەهەر حاڵ بوومە ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغداو لێپرسراوی دووەمی ڕێکخراوی قوتابیان و عادل مراد یش ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغداو لێپرسراوی یەکەمی لێژنەی ڕیکخراوی قوتابیان , کە ئەڵێم لێپرسراوی دووەم بووم لەبەر ئەوەی پارتی ڕێگەی بە ئێمە نادا لێپرسراوی یەکەمی هیچ ڕیکخراوێك بین,لە کاتێکدا بە پێی ڕێککەوتنەکەی نێوانماندا شتی وا نەبوو کە ئێمە نەبینە لێپرسراوی یەکەم. لەسەر ئەوەشەوە چالاکی تەواوم نواند لە ڕیزی قوتابیان تا گەڕامەوە بۆ وەزیفەی قائممقامیەت لە 1971\4\13.
لەو ماوەیەی لە لێژنەی قوتابیان ئیشم ئەکرد مەوقفی عادل مراد زۆر ئیجابی بوو , جیاوازییێکی زۆری هەبو لەگەڵ زوربەی ئەندامەکانی تری پارتی.
دوای دەرچوونی ئەمری گەڕانەوەکەم بۆ قائممقامیەت چاوم بە وەزیری ناوخۆ کەوت فەریق روکن سعدون غیدان بە مەبەستی پێشکەشکردنی سوپاسم بۆی بە هۆی گەڕانەوەکەم .

ڕۆژنامەی التاخی لە 1971\4\22 ئەمرەکەمی بڵاوکردەوە . داندرام بە قائممقامی " الخضر" پێش ئەوەی ئەمرەکەم دەربچێ بۆ قائممقامی ئەم قەزایە , خضر ناحیە بوو , لەبەر ئەوەی هیچ شاغرێك نەبوو منی بۆ بنێرن خضریان کرد بە قەزا .
دوای ئەوەی موباشەرەم کرد لە قەزای خضر بە یەك حەفتە لەگەڵ طیب محمد و حوسین حەمە عەلی " ناسراو بە حسین قەچاخچی" لە کەرکوکەوە چوینە " قەسر" لە گەلاڵە بۆ سەردانی برادەرانمان مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە . لە قەسرێ دوو شەوماینەوە و لەوێوە چوینە گەلاڵە و سەرمان لە دوکتۆر محمود عوسمان داو پاشان چاومان بە مەسعود بەرزانی و ئیدریس بەرزانی کەوت, دەمودویان زۆر خۆش بوو لەگەڵمانا , هەروەها هەڵوێستیانیش زۆر باش بوو بەتایبەتی بەرامبەر بە من و زۆر بە پێچەوانەی دەمودوەکەی صالح یوسفی وەك باسمکرد, وا دەرکەوت وەك عەرەب وتەنی " ملکی أکثر من ملك"
بەڕاستی لەم جەولەیەم دا زۆر موتأسیر بووم بە تایبەتی کە مام جەلال و برادەرانم دی لە قەسرێ بە چوار مەشقی دانیشتبوون , بە بێ ئەوەی هیچ ئیشوکارێك بدرێ پێیان , لە

هەمووشی ناخۆشترو سەیرتر ئەوە بوو لەقەت پالّیّ... مامۆستا ئیبراهیم و محمد هەرسینی دانیشتبوون , گۆڤاری الكادر یان لەبەردەمبوو وادیاربوو خەریكی نووسینی وتارێك بوون دەربارەی "یاسای اصلاحی زراعی." ئەوی زۆر سەیربوو حەمە هەرسینی بە مامۆستا ئیبراهیمی ئەوت حوكومەتی عیراق یاسای اصلاح زراعی نییە, منیش خۆم پێنەگیرا و هاتمە جواب وتم مامۆستا تۆ باش ئەزانی یاسای 117 ی ساڵی 1970 ی اصلاح زراعی ئەم مەوزوعەی لەبەر دەستانە زۆر باش چارەسەریكردوە, ئەگەر ئەم وتارە بلاّوبكەنەوە مەعنای وایە ئاگاداری هیچ نیین, مامۆستا ئیبراهیم وتی ڕاست ئەكەی. پاشان كە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە مامۆستا ئیبراهیم پێمی وت باشە ئەبێ من چی بە حەمە هەرسینی بڵێم و چۆن حاڵی بكەم . ئەم دیمەنە ناڕەوایە , گاڵتە جاڕییە . ئەم دیمەنە زیاتر بۆمی ڕوونكردەوە كەوا جەماعەتی بەرزانی كە سەركردایەتی شۆڕشی كورد بكەوێتە دەس ئەم جۆرە كەسانە وەك حەمەی هەرسینی و ڕشید ئەتروشی و صدیق ئەفەندی و ئیسماعیل مەلا عەزیز و فارس باوە و عبد الوهاب ئەتروشی .. . هتد . ئەبێ دوا ڕۆژی كورد بەرەو چ هەڵدێرێك بەرن.

لە 22\6\ 1971 چوومە قەزای خضرو دەوامكرد , بەلاّم پێش چوونم چوومە پاریزگای دیوانیە و سەرم لە شێخ محمد ئەمین عەبابەیلی دا, ئەو كاتە لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دیوانیە دەوامی ئەكرد , ئەو دوای من گەڕایەوە بۆ قائمقامێتی , ئەویش لەسەر هەولۆ تەقەلای من كە لە كەلارەوە گواسترامەوە بۆ چەمچەمال شێخ محمدە مینیان وەك قائمقام گەڕاندەوە بۆ كەلار, دوا جار دێمە سەر باسی ئەم مەوزوعە.

لە دیوانیەوە چوومە " السماوە " و سەرم لە عیادە الصدید دا پارێزگاری المثنی و نیوەڕۆ لە ماڵ كامل هەمەوەندی نائبی پاریزگار دەعوەت بووم لە گەڵ عیادە الصدید و ڕێكان العبیدی بەڕێوەبەری ئاسایش و مودیری پۆلیس و معاونی پارێزگار ابو سحر و سەرۆكی تەندورستی و زابتی ئیستخبارات و چەند كەسانێكی تر ...لە سەماوە پێشوازییێكی باش كرام لەبەر ئەوەی كورد بووم.

دوای نیوەڕۆ چوومە خضر لەوێ مودیر ناحیەو بەڕێوەبەری پۆلیس و ئەندامانی ڕێکخراوی حیزبی بەعس پێشوازیمیانکردو منیش قسەم بۆیانکرد , خۆم پێیان ناساند کە من ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانم و پێویستە لەسەر بناغەی برایەتی کوردو عەرەب و لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە لەگەڵ یەکتردا هاریکاری بکەین وخزمەتی دانیشتوانی قەزاکە بکەین بەتایبەتی جووتیارانی قەزاکە , کەوا زوربەی زۆریان هەژارو ڕەشو ڕووتن و بێ دەرامەتن . دوای من علوان حصونە لێپرسراوی حیزبی بەعس لە قەزاکە بە وتارێکی کورت وەڵامیدایەوە.

قەزای خضر قەزایێکی زۆر دواکەوتوبوو , هیچ جۆرە بایەخێك نەدرابوو پێی , ئاوی فورات بە ناوەڕاستیا تێپەڕ ئەبێ و شارەکەی کردۆتە دوو بەشەوە , تا ئەو ڕۆژەی من لەوێ بووم یەك پردی کۆن بەسەر ئاوەکەوە بوو , پردی " دووبە" بڕیاربوو پردێکی تازەیان بۆ دروستبکرێ بە نرخی یەك ملیون دینار , دوای چەند ساڵێك ئەو پردە تازەیە تەواوکرا. ڕۆژی 25\6 چوومە ناحیەی الدراجی , دراجی
نیو سەعات لە قەزاکەوە دووربوو بە سەیارە, ڕێگاکە لم و خۆڵە پەتانی بوو قیرتاو نەکرابو. دراجی خۆی دێیکی زۆر بچووك بوو هەروەها زۆریش دواکەوتو بوو , تازە کرابو بە ناحیە لەبەر ئەوەی قەزاکە هیچ ناحیەێیکی تری نەبوو, قوتابخانەێیکی سەرەتایی گەورەی تیابوو ئەم قوتابخانەیە لەسەردەمی نوری سعید بیناکەی دروستکرابو لەگەڵ بنکەی تەندروستی یەك , لەبەر نەبوونی بینا بۆ مەرکەزی ناحیەکە خانوەکەی مامۆستایانمان کرد بە مەرکەزی ناحیە و پۆلیس.

قەزاکە زۆر کۆنە , کۆنیەکەی ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان لەبەر ئەوە جێنزرگەی حەزرەتی خدرە ناوی لێنراوە الخضر هەروەها ئاسەواری الورکاء ی تیایە, ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بە گشتی 14775 کەس بوون بە پێی سەرژمێری ساڵی 1965 . دانیشتوانی قەزاکە بە شێوەێیکی گشتی بە بیروباوەڕ لەگەڵ حوکومەت و حیزبی بەعس نەبوون, بزووتنەوەی شیوعی تیا بەهێز بوو . بە دەگمەن بەعسی تیا بوو , هەموو لەسەر مەزهەبی جەعفەری بوون کەواتە شیعە. بە ماوەێیکی کەم پەیوەندیم

لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە پەیداکرد نەك وەك قائممقام بەڵکو وەك کوردێك . بەتایبەتی هەستیان ئەکرد کە ئەبێ بۆ من وەك کوردێك لە کوردستانەوە بگوازرێمەوە بۆ قەزاکەیان و زۆریانیش پێخۆش بوو کوردێك قائممقامیان بێ نەك عەرەبێکی بەعسی، بەتایبەتی بەعسیەکان بە چاوێکی زۆر سووك سەیری شیعەکانیان ئەکرد و لەلایێکی ترەوە هەر خەریکی دزیی وخۆ دەوڵەمەندکردن بوون.

بەزمەکەی عدنان القیسی

ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو ڕۆژی 16\7 \1971 کامل هەمەوەندی جێگری پارێزگار و بەڕێوەبەری ئاسایشی سەماوە و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە سەماوە هەموو هاتنە خضر بۆ لام بە مەبەستی پێشوازیکردنی عدنان القیسی , گوایا لە الناصریەوە دێ بۆ سەماوە بۆ زۆرانبازی لەگەڵ گۆریانکۆ.

دیاردەێیکی زۆر سەیرو زەق بوو , حوکومەت خەڵکی هەموو مەشغولکردبو بە سەیرکردنی زۆرانبازییەکەی عدنان قەیسی و گۆریانکۆوە, عدنان قەیسی زەلامیکی ساختەچی و فێڵباز , جنسیەی ئەمریکی هەبوو, وا دیاربوو صالح مهدی عماش زیاتر لە کاربەدەستەکانی حیزبی بە عس خۆی بەم مەوزوعەوە خەریك کردبوو , وا بزانم مەسەلەکەش عەفەوی نەبوو بەڵکو بەرنامەێکی ڕێکوپێك بوو , کاربەدەستانێکی تریش هەبوون لە پشت پەردەوە خەریکی ئەم بەرنامەیە بوون بەڵام هەر ناوی عماش بەدەر بوو.

عدنان القیسی لە ناصریە دواکەوت لەبەر ئەوەی لە ناصریە نانی نیوەڕۆی خواردبوو, ئەوەبو عەسرێکی درەنگ گەیشتە لای ئێمە و هاتە قائممقامیەت بۆ سەردانم ,یەکەم جار لە ژوورەکەم تەوقەی لەگەڵم کرد و زۆر بە توندی دەستمی گووشی زۆر کەرانە پێمی وت دەستت بشکێنم , بەڕاستی دەستمی ئازاردا, زەلامێکی زۆر بێ عەقڵ بوو , پێمووت دەست من بە تۆ ناشکێ , من خاوەند ئەم چەکەم , دەمانچە چواردەخۆرەکەم لێ دەرکرد, دەمانچەکەم بەقەدەوە بوو , ڕووی لوولەی دەمانچەکەم لێکرد , دەمانچەکەم هێنایە سەر پێ , زراوی چوو , پێمووت چەند بەهێز بی هێزەکەت بایی 50 فلسە, بەیەك فیشەگ کۆتایی بە ژیانت دێ , ئەبێ ئەوە بزانی کە جەنابت لە ژووری قائممقام و نوێنەری سەرۆك

کۆماری عێراقی , من گۆریانکۆ نییم . ئەوە بوو کامل هەمەوەندی بە گاڵتەوە بە عدنان قەیسی وت شێخ ستار پێشمەرگەیە ," دربالك لا تسەوی وياه هیچی شەقە. "

پاشان چایان لای من خواردەوە و دەرچوونە دەرەوە , بەرەو سەماوە کەوتنە ڕێ. بەڵام من لە ژوورەکەم دەرنەچوومە دەرەوە بۆ بە ڕێخستنیان , لەبەر ئەوەی مەسەلەکەم زۆر بەلاوە سەیر بوو ئەو هەمو لێپرسراوانە بەو جۆرە پێشوازی بکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی لە شاری سەماوە زۆرانبازییەکە لە یاریگەی " الادارە المحلیە" سەعات 7 ی ئێوارە لە نێوان عدنان و گۆریانکۆ ی هۆڵەندی دەستیپێکرد. ئەوەی زیاتر سەیر بوو عەدنان بردیەوە کە گۆریانکۆ زەلامێکی ئەوەندە زل و بە هێز بوو عەدنانی ئەخستە بن هەنگڵی. لە کاتی خۆی دا مۆید البدری لە بەرنامەیێکی دا باسی فرتوفێڵەکانی نێوان عدنان القیسی گۆریانکۆیکرد , کە چۆن لەگەڵ یەکتری ڕێککە وتوون.

ئەو کاتەی قائممقام بووم لە خدر مووچەکەم 88 دینار بوو بەڵام سەرو زیاد بوو لەبەر ئەوەی زۆر هەرزانی بوو.

رائد عارف حوسێن بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا بوو , لە 8\29 لەگەڵ خۆما بردمە " الورکاء" وەرکا شوێنەوارێکی دێرینە مێژووکەی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین, لە ڕێگا زۆر ماندوو بوین لەبەر ئەوەی ڕێگاکەی خۆڵە پەتانی بوو , بەڵام سەیرکردنی ئەم شوێنەوارە مێژووییە گرنگە ئەو ماندووبوونەمانی هەڵ ئەگرت. زۆر زانایان و شوێنەوارناسان لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپاوە ئەهاتن بۆ سەردانی ئەم شوێنەوارە بە مەبەستی تۆژینەوە و دراساتکردن.کاشیەکان و خشتەکانی " الورکاء " تا ئیستا وەك خۆیان ماوون, هیچ تێك نەچوونە , ئەمەش جێگەی سەرسوورمانە بەتایبەتی ئەم خشتانە چەند هەزار ساڵە لە ژێر زەوی و لم و شیی ماونەتەوە بەبێ ئەوەی ڕەنگەکانیان تێك بچێ . هەروەها لە ڕووی معمارییەوە مرۆڤ سەری سووڕ ئەمێنێ لە جۆری ئەندازیارێتی و بیناسازییەکانی . هەر خانوێیك بە جۆریکی تایبەت و ئەندازیاری جیاواز لەویتر بیناکراوە , ورکا ئەکەوێتە لای چەپی ڕووباری فوراتەوە , 18 کم لە خدرەوە دوورە . تا ئێستا بیری ئاوخواردنەوەی کۆنی ئەو سەردەمەی تیا ماوە, تێك نەچوونەو ئاوەکانی ئەخورێنەوە. مردوەکانیان ئەکردە ناو

گۆزەوە , تابووتەکانیان بریتی بوو لە دوو پارچە , دوای ئەوەی مردووەکانیان ئەکردە ناوی تێك هەڵکێشیان ئەکردو چواردەوریان بە قیر لحیم ئەکرد, کەواتە وەك تابووتی داری ئەمڕۆ بەڵام لە جیاتی دار گۆزەبوون. ئەو مردووانە لەناو گۆزەکەن ئەگەر گۆزەکە بشکێنی یەکسەر مردووەکە ئەبێتە وردە خۆڵ, بەڵام زێڕەکان و خشڵەکان کە زۆریان " بەردی کەریمەن" وەك یاقوت عەقیق, ناو گۆزەکە وەك خۆی ماونەتەوە و تێك نەچوونە.

دیواری بیناکان لوولەی گۆزە لەناو دیوارەکانیان ماونەتەوە وا دیارە ئەم لوولە گۆزانە لەو سەردەمە بۆ مەبەستی فێنکسازی بووە , کەواتە بۆ ڕاکێشانی هەوا بۆ ناو بیناکان. " سستەمی تهویە" .

قەڵایێکی شەش حەوت نهۆمی تا ئێستا ماوەتەوە , نهۆمەکانی بە " زەل" بانیان گیراوە , ئەو زەلانە " قامیش" تا ئێستا تێك نەچوونەو نەڕزیوون, زەلەکان ڕەش بوونەتەوە بەڵام هەر زەلێك لە زەلەکان بگری و پاکی بکەیتەوە ئەڵێی تازە لە بنجەکەی بڕیوتەتەوە. ئاشکرایە داری زەل ناڕزی با هەزارەها ساڵیش لە ژێر خاك بمێنێتەوە ,وا دیارە مروڤ لەو سەردەمە ئەمەیان ئەزانی بۆیە " زەقورە" کانیان بە زەل دارە ڕا ئەکرد .

لە 2\9 \1971 لەگەڵ عبداللە ی بابە عەلی چوینە کەرکوك و سەرمان لە بارەگای پارتی دا و لەوێ چاومان بە عەزیز عەقراوی کەوت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و لێپرسراوی لقی کەرکوك کەوت, لەگەڵ عەزیز عەقراوی قسەمکرد , گوایا ڕاپۆرتێ لەسەر من و نور الدین عبد الرحمن و بکر عەلی نووسراوە , گوایا ئێمە چوینەتە بارەگای حیزبی بەعس , بە عەزیز عەقراویم وت , جارێ نور الدین و بەکر عەلیم لەگەڵ نەبوونەو نەچووینەتە بارەگای حیزبی بەعس. بەڵکو من بە تەنیا چوومەتە دایەرەی ئاسایشی کەرکوك بۆ ئیشێکی نامق محمد کە لە دایەرەی ئاشایش گیری خواردبوو , ئەمەش پەیوەندی بە جەنابتو پارتییەوە نییە لە کەرکوك , لەبەر ئەوەی من پەیوەندیم نییە لەگەڵ ڕێکخستنی پارتایەتی لە کەرکوك, بەڵکو پەیوەندیم بە لقی بەغداوە هەیە. لە بەغداش تەعلیماتێکی وا نەدراوە بە منی قائممقام کە نەچمە دایەرەی ئاسایش . لەم قسانە بوین پێموت وا من نەقڵی قەزای کەلار بوومە , وتی من ڕازی نییم بیێتە کەلار

لەبەر ئەوەی پرسم پێنەکراوە , منیش پێموت ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە پرست پێ ئەکەن یان نا, بەڵام لقی بەغدا زۆریان پێخۆش بوو کە نەقلی کەلار کراوم, من وەك ئەندامێکی پارتی جێگەم کوردستانە نەك قەزای خدر. پاشان پێموت جەنابت ڕازی بی یان نا , ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە, من وەك ئەندامێکی پارتی ئیلتزامم هەیە بە ئەرکەکانی سەر ئەستۆمەوە , لە لایێکی ترەوە وەك قائممقامیش پەیوەندیم بە یاساو دایەرە کانی سەرووی خۆمەوە هەیە , من لە قائممقام و پارێزگارەکانی تری پارتی بەدەر نییم .

بەڕاستی عەزیز عەقراوی لە دڵەوە کەواتە لە ژێرەوە ڕای بەرامبەر بە ئێمەی کۆنە ئەندامانی پارتی باڵی مەکتەبی سیاسیی زۆر خەراپ بوو, بە چاوی دوژمنایەتی سەیرمانی ئەکرد , ئەمەش ئاشکرایە هۆیەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی عەزیز عەقراوی ئەفسەرێکی هەڵەشە و شێتۆڵکە بوو لە ساڵی 1963 هاتە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە , زۆری پێنەچوو لە نیسانی 1964 دوای دووبەرەکیەکەی کە کەوتە نێوان ئێمەو مەلا مستەفاوە , عەزیز عەقراوی و ئەمسالی ئەو سوودیان لەو دووبەرەکییە وەرگرت و سەرکەوتنە ڕیزەکانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان جەماعەتی بەرزانی, دەوری زۆر خەراپیان نواند , ئاگر خۆشکەرەی شەڕی براکوژییەکە بوون , عەزیز ئەگەر ئەو دووبەرەکییە نەبوایا بە خەویش نای بینی ببێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی, هەمیشە لەوەش ئەترسا ئەگەر هەردوو باڵەکە ڕێك بکەونەوە , ئەوا ئەو فت ئەکرێ , بۆیە ئەو هەمیشە هەوڵی ئەدا ریگەمان لێ بگرێ بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی پارتی دوای ڕێککەوتنەکە پێش نەکەوین و جێگە بەو لەق نەکەین. عەزیز عەقراوی لە کەرکوك چاوی بە سەیارەێیکی مەرسیدسی سوور ئەکەوێ تازەترین مۆدیل سەیارەکە هی شەریف جامبازی بەڵێندەر بۆ خۆی لە ئەڵمانیاوە هینابوی ، ئەنێرێتە دوایاو سەیارەکەی لێ ئەسەنێ و پێی ئەڵێ پارەکەی چەندە وەریبگرە لێم , ئەویش لە ترسا سەیارەکەی ئەداتێ . عەزیز ئەم جۆرە پیاوە بوو.

دوای تێپەڕبوونی دوو حەفتە بەسەر ئەم وتو وێژەی نیوان من و عەزیز عەقراوی لە 9\16 لە قەزای کەلار موباشەرەمکرد , دوای ئەوەی سێ مانگ لە قەزای خدر مامەوە, لەو ماوە کورتە نەخۆشخانەیێك و چوار خانووم بۆ دوکتۆرەکان دروستکرد لەگەڵ چەند خانویەك لە خدر.

لە 9\14 چوومە کەرکوك و چاوم بە شوکری حدیثی کەوت پارێزگاری کەرکوك ،بەڵێنی داپێم کە هاریکاریم لەگەڵ بکا و یارمەتیم بدا لە ئاوەدانکردنەوەی قەزای کەلار , ئاشکرایە کەلار دێ یەك بوو کرا بە قەزا لە ساڵی 1969 لەسەر داوای پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی , پێش من جەلال بلال یەکەم قائممقامی کەلار بوو بەڵام زۆر دەوامی نەکرد. جەلال بلال ئیدارییێکی کۆن بوو لە ساڵی 1947 مودیر ناحیەی سەرقەڵا بوو.

کەلار ئاوی خواردنەوەو کارەبا و هێڵی تەلەفۆنی نەبوو, خانوبەرەی نەبوو بۆ دایەرەکان, لە قەزای کەلار مامەوە لە 1971\9\16 وە تا 1972\\3\27 , لەم ماوە کورتە توانیم ئەم پرۆژانە ئەنجام بدەم:

دروستکردنی دوو خانوو لە مەرکەزی کەلار لەگەڵ قوتابخانەیێکی ناوەندی و بنکەیەکی بەیتەری و هێنانی هێڵی کارەبا و دابەشکردنی زەوی لەناو کەلار بەسەر دانیشتوانی قەزاکە بۆ دروستکردنی خانوبەرەو دوکان بە خۆڕایی و دروستکردنی مەرکەزێکی تەندروستی لە " لالەخان" و هەوڵدان بۆ کردنی " تیلەکۆ" بە مەرکەزی ناحیەیێکی تازە. بەڵام ئەوەی جێگای داخە مەوزوعی دابەشکردنی زەویەکان بۆ خانو و دوکان جەماعەتی مەلا مستەفا هەرەشەیان لە خەڵکی دا کە خانوەکان لەسەری بینا نەکەن و هەندێ کەس لە ترسانا خانوەکانیان بە نیوە چڵ بەجێهێشت , بەڵام هەندێکیانیش گوێیان نەدا پێیان و دوکان و خانوەکانیان دروستکرد , ئەو دوکانانەی سەر شەقامە سەرەکیەکەی کەلار – جەلەولا لەگەڵ ژمارەیێکی زۆری خانوەکان کە بە خۆرایی بەسەر خاوەندەکانیان دا دابەشمکرد بۆ خۆیان دروستیانکرد. هۆی سەرەکی هەڕەشەدانیان ئەوە بوو کە دانیشتوانی کەلار زۆربەی زۆریان ئەگەر نەڵێم هەر هەموویان سەر بە پارتی – جەماعەتی مەکتەبی سیاسی بوون و ئەو نەخشەیە تا ئێستاش هەر وایە .

قەزای کەلار دوو ناحیەی هەبوو , باوەنور کەواتە پێباز و ناحیەی سەرقەڵا , سەرقەڵا ناحیەیێکی کۆنەو لە ساڵی 1930 وە مەرکەزی ناحیە بووە. محمود حاجی ئەحمەد لەرزانە ی کەرکوکی مودیری ناحیەی پێباز بوو, دێهاتەکانی سەر بەم ناحیەیە 72 دێیە. دێهاتەکانی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا 134 دێ بوو مودیری ناحێەکە کەماڵ کەڵەمێرد بوو . شاری سەر قەڵا ش کارەبای نەبوو لەگەڵ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە. یەك قوتابخانەی سەرەتایی هەبوو بریتی بوو لە شەش پۆل و چوار مامۆستای هەبوو , ژمارەی قوتابیانی 91 قوتابی بوون , قوتابخانەی کچانیشی تیا نەبوو. قەزای کەلار مەرکەزەکەی وەك باسمانکرد تازە بوو هەردوو ناحیەکەش کۆن بوون و زۆریش دواکەوتوو بوون هیچ جیاوازییێکیان نەبو لەگەڵ لادێیك , ئەمەش ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کەوا حوکومەتی عێراق لە ساڵی 1921 وە دوای دامەزراندنی هیچ بایەخێکی بە شارو شارۆچکەکانی کوردستان نەداوە.

یەکێ لە گیروگرفتەکانی کە دەهاتە بەردەم حوکومەت لە قەزای کەلار مەسەلەی قەچاخچێتی بوو, قەچاخچیەکانی کەلار بە ئاشکرا شتومەکی قەچاخیان ئەپەڕاندەوە بۆ ئێران و هەندێ لە پێشمەرگەکان بە ئاشکرا یارمەتی قەچاخچیەکانیان ئەداو پێشمەرگەی واش هەبو خۆی قەچاخچێتی ئەکرد. جاری وا هەبوو کە شتومەکی قەچاخم ئەگرت تووشی گیروگرفت ئەبووم لەگەڵ پێشمەرگە بەڵام لەبەر ئەوەی من جیاوازی یەکم هەبوو لەگەڵ قائممقامێکی ئاسایی , گوێم نەئەدا بەو پێشمەرگانە یان کادرەکانی پارتی کە خەریکی قەچاخچێتی بوون لەبەر ئەوەی چەند چەکدارێکی حمایەم هەبوو ئازاو نەترس بوون , خۆمیش لەو بابەت سازشم ناکرد بۆیە تا ڕادەیێکی زۆر ڕێگام لێیان گرتبوو.

# دێی قوولە سوتاو

دێی قولە سوتاو  دێی یەکی بچووکە ئەکەوێتە سەر ئاوی سیروان  لای ڕاستیەوە بەرامبەر دێی گۆڕەشەلە, ئەم دوو دێی یە لە دوای بەیانی 11 ئازار بە هۆی قەچاخچێتی وەك دوو بەندەریان لێهاتبو, بە ڕۆژەوە پێش خۆرهەڵات بە سەدەها سندوقە چای و مۆز بە لۆری لەمبەرەوە ئەپەرێندرانەوە بۆ ئەوبەر سیروان و لەوێشەوە بۆ ئێران و لەوبەریشەوە خەنەو کوتاڵ ، تا ئەگا بە تایەی سەیارە و مەوادی یەدەگی سەیارە و ... هتد. ئەهێنران جارێکیان ئاگادارکرامەوە ئەگەر نەگەمە قولەسوتاو پێشمەرگەو پۆلیسی گومرك  لەوانەیە تەقە لە یەکتر بکەن و ناوچەکە بشەڵەژێنن , بە سەیارە شەخسیەکەم  چوومە قولەسوتاو " سەیارەکەم ڕینۆی 10" بوو , کاتێ کە گەیشتمە  دێیەکە , پێشمەرگەکان  لە سەربانی خانوەکان بە چەکەوە دامەزرابوون و سەنگەریان لە دژی پۆلیسەکانی گومرك گرتبوو, کاتێ کە منیان دی , یەکسەر لە قولە سوتاو کشانەوە , ئەوەبوو چوومە  ناو ماڵەکەی حاجی ڕەشید , لەناو خانوەکەی ژمارەیێکی  زۆر صندوقە چای لەبان یەك ڕیزکرابوون , منیش پێش  ئەوەی بچمە ناو ئەو ژوورەی صندوقە چایەکانی لێبو, حاجی ڕەشید دەستمی توند گرتو وتی" شیخ ستار دەستم دامێنت , ئەگەر ئەم  صندوقە چایانە بگری ماڵم وێران ئەبێ ماڵ و مندالم حیز ئەبن , ئەمە هەموو سەرمایەمە" ئەوەبوو منیش تەنها 4 صندوقم  لە چایەکان دەرکردە دەرەوە بەبێ ئەوەی ڕێبدەم پۆلیسی گومرك بێنە ژوورەوە,  چوار صندوقە چایەکانم پێیان فرێدایە پشت یەکێ لە سەیارە موسەڵلەحەکانی گومرەکەکان , بە پەلە گەڕاینەوە  بۆ کەلار و ئاوێکم بە ئاگرەکەدا  ڕژاند و کوژاندمەوە.

بەزمی قەچاخ و قەچاخچی ئەگەر نەڵێم ڕۆژانەبوو  بەڵام حەفتە نەبوو مەشغوڵان نەکەن , یەکێ لە بیانوەکانی حوکومەت هەمیشە ئەوەبوو کەوا پارتی لە شارو قەزاکانی سەر سنووری ئێران یارمەتی قەچاخچیەکان ئەداو سنوورەکانیان بەرامبەر ئێران کردۆتەوە تا ئەگا بە قاچاخچێتی بنیادەم.

پارتی وەك سەرکردایەتی حیزبەکە بێ ئاگابوون  لە تەجاوزاتی ئەندام و پێشمەرگەکانیان لەم بوارەدا , بەڵام ژمارەیێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیەکەیان  بووبوون بە ڕێکخراوی مافیەی قەچاخ, ژمارەیەکیش لەوانە بە ڕێگای کارکردن لە بواری قەچاخچێتی پەیوەندییان لەگەڵ حوکومەتی بەغدا پەیداکردبوو, هەندێکیانیش بەداخەوە دەوری سیخوڕییان ئەنواند , ئەوەبوو دوای هەرەسهینانی شۆڕش لە ساڵی 1975 زۆربەی زۆریان ئاشکرابوون.

دوای گەڕانەوەم لە قولەسوتاو  بۆ ئێوارە عەریف قادر عەزیز بە چەند چەکدارێکەوە هاتە بەردەم مەرکەزی پۆلیسی کەلار و هەڕەشەی دا لێمان , کەوا  لەمەودوا  بە بێ ئاگاداری ئەو وەك لێپرسراوی پارتی لە قەزای کەلارنابێ دەرچینە دەرەوە بۆ دێهاتەکان.... بەڵێ عەریف قادر خۆی یەکێ بوو  لە قەچاخچیەکانی ناوچەکە ... منیش لەبەردەم مەرکەزەکە دانیشتبووم , بە هێمنی وەڵامم دایەوە و پێموت : کاك قادر فەرموو دانیشە جەنابت چ پەیوەندیت بە  قەچاخ و قەچاخچێتیەوە هەیە ...  هەڕەشەدان لە حوکومەت لەسەر قەچاخچیەکان ئەرکی سەرشانی پارتی و پێشمەرگە نییە.. ئەوەبوو عەریف قادر کشایەوە و بۆڵە بۆڵی  لێوە ئەهات.

بۆ سبەی نامەیەکم لەسەری نووسی بۆ لق 3ی پارتی لە کەرکوك و هەروەها بۆ مەکتەبی سیاسی  بۆ ئەوەی حیزبی لێ ئاگادار بکەمەوە . لەلایێکی ترەوە  وەك قائممقام ئەمری گرتنم دەرکرد.  ئیتر عەریف قادر لەترسا ناوچەکەی تەرك کردو پارتیش کادرێکی تری لە شوێنی نارد بۆ کەلار.

هەوڵە پووچەڵەکەی نازم گزار بۆ تیرۆرکردنی بەرزانی :

ئیوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 1971\9\29 لە بارەگای پارتی بووم لە بەغدا تا سەعات 10 ی شەو , برووسکەیەك لە گەلالەوە هاتبوو گوایا وەفدێك بەناوی مەلای ئایینی یەوە لە بەغداوە چووبوون بۆ لای مەلا مستەفا و دوو سەیارەیان پێبووە و سەیارەیەکیان تەقاندۆتەوە و یەکێ لە مەلا کانیش پشتێنی لەغەمکراوی لە پشت بووە , بەرامبەر بە مەلا مستەفا دانیشتبو, کاتێ کە چایچیەکەی بەرزانی چای بۆیان داناوە , چایچیەکە کەوتۆتە نێوان بەرزانی و مەلاکەوە , ئیتر فرسەتی بینیوە و دەستی ناوەتە سەر دوگمەی پشتێنەکەیوتەقیوەتەوە. مەلاکە یەکسەر هەپروون بە هەپروون بووە, چایچیەکەش ڕیخەلۆکەکانی بە بن میچی ژوورەکەوە هەلواسراوە, مەلا مستەفاش لەبەر ئەوەی چایچیەکە کەوتۆتە نێوان ئەو و مەلاکەوە بە سەلامەتی ڕزگاری بووە. سێ پێشمەرگەش شەهید ئەبن و دە کەسیش بریندار ئەبن. مەلا ئایینیەکانیش هەموو ئەکوژرێن , بەداخەوە نهێنیەکانی پیلانەکەی نازم گزار لەگەلێ کوشتنی مەلاکان سڕنگوم ئەبێ . هەرچەندە دواجار ئاشکرا بوو کە پیلانەکە دەستکردی نازم گزار بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش بوو , ئەمەی بە تەنیا ئەنجام دابوو و لەوانەشە چەند کەسانێکی کەم نزیکی خۆی ئاگادار بوبێتن. هەروەها ئاشکرابوو کە ئەو مەلایەی پشتێنەکەی لە پشت بوو خۆی تەقاندەوە ئاگاداری ئەوە نەبوو کە پشتێنەکەی لەغەمکراوە بەلکو وای ئەزانی ریکۆردی پێیەو دەنگی بەرزانی تۆمار ئەکاو پاشان بۆ گزاری ئەباتەوە. بەم جۆرە مەلاکان ئەبنە قۆچی قوربانی.

لە کەرکوك بووم کابرایەك خەلکی دێی یایچی نزیك کەرکوك , هاتە لام ناوەکەیم لەبیر نەماوە پێمی وت , ئەو سەیارەیەی کە لە گەلالە تەقیوەتەوە سەیارەی منە, لە کاتی خۆی لێم دزراوە , چی ئەلێی ئەرزوحالێك بدەم بە پۆلیسی مرور داوای سەیارەکەم بکەمەوە .. کابرا بۆیە هاتە لای من لەبەر ئەوەی من خوشکێکم لە یایچی بوو کاتی خۆی شوی بە حاجی فەرحان حاجی حەسەن کردبوو لە یایچی و بەو هۆیەوە ناسیاریمان لەگەلێ خەلکی یایچی پەیداکردبو, بە کابرام وت وسبەو بێ دەنگ بە , خۆ لای کەس ئەم قسەیەت نەکردووە , وتی نەخێر , پێموت ئەگەر نازم گزار بەم مەوزوعە بزانێ ئەتخاتە ناو حەوزی تیزابەوە و ئەتوێنێتەوە , ئەوەبوو زۆر سوپاسمیکردو بەرەو دوا گەڕایەوە بۆ

یایچی. بەم جۆرە نازم گزار  بە کردەوە شەیتانیەکانی هەڵ ئە ساو , بۆ ئەوەی کەس شك نەباتە سەری سەیارەی پیاوێکی وا  بەستەزمانی  ئەدزی و لە کردەوەیەکی واچەپەڵدا ئەیتەقاندەوە , خۆ سەدەها سەیارەی وایان هەبوو لە دایەرە , بەڵام بۆ ئەوەی شکی لێ نەکرێ وای بیر ئەکردەوە.

لە بەغدا گەڕامەوە بۆ کەلار , مەلا فەتاح کادری پارتی  ئاگادارمی کردەوە کەوا لیژنەی ناوچەی کفری  ناڕازین  لە مەوزوعی هەرەوەزی چاککردنی ڕێگای نێوان  کەلار و بنگرد " مەرکەزی قەزا" , هەرچەندە خەڵکی کەلار و بنگرد هەرەوەزەکەیان  زۆر پێخۆش بوو , بۆیە من گوێم نەدا بەوەی لێژنەی ناوچەی کفری  ڕازین  یان نا .. بەلای منەوە زۆر سەیر بوو ئەندامانی لیژنەی کفری  دژی چاککردنی  ڕێگاوبان بن, یان دژی دابەشکردنی زەوی خانوو بن بەسەر  دانیشتوانی  قەزاکەو ڕێ نەدەن خانوو دروست بکەن,  ئەم هەڵویستانەیان هەر لەبەر ئەوەبو دژی شەخصی  من بوون وەك کۆنەئەندامی  پارتی .

لەناوچەی کفری مەلا حیدر ئەندامی ناوچەی کفری , خەڵکی کەلاری مەنع کرد  لە دروستکردنی خانو و دوکانەکانیان, بەڵام هەندێ  لە دانیشتوانی کەلار گوێیان  نەدا پێی و خانو و دوکانەکانیان  دروستکرد , بەڵام خەڵکێکی زۆر  خانوەکانیان تا نیوەش بەرزکردبوەوە لە ترسی مەلا حەیدەرو پارتی وازیان لێهێنا.

مەلا ڕەحیمیش بەدەم مەلا مستەفاوە درۆی کردبو وتبوی ئەمە بڕیاری مەلا مستەفایە و هەرکەسێ خانو دروست بکا سەد  دینار سزای لێ ئەسەنین و حەپسیشی ئەکەین, تەسڕوفاتی کادرو ئەندامانی ناوچەی کفری هیچ جیاوازی یەکی نەبوو لەگەڵ تەسڕوفاتی بەعسیەکان .

مەلا سلیمان کە یاوەرم بوو , ناردم بۆ گەلاڵە و نامەیەکم پێیا نارد بۆ  ئیدریس بەرزانی دەربارەی  تەسوڕوفاتی  نالەباری ئەندامانی لێژنەی ناوچەی کفری. ئەوە بو  لە 1971\10\30 کاك عەلی عەسکەری  لە کەرکوك وەڵامی نامەکەی  لای ئیدریس بەرزانیەوە بۆمن هینابوەوە لەگەڵ نامەێیکی تایبەت بۆ رشید ئەتروشی لێپرسراوی لقی کەرکوك  دەربارەی تەسروفاتە نالەبارەکانی لێژنەی ناوچەی کفری ...  دوای ئەم

نامەیە   چاوم بە عەزیز عەقراوی کەوت   دەربارەی قەدەغەکردنی  خەڵکەکە لە دروستکردنی خانوەکانیان لە کەلار, وتی من بە هیچ جۆرێك ئاگام لەم مەوزوعە نییە.

لەم زروفەو لەم وەزعە نالەبارەی قەزای کەلارو نارێکی نێوانمان لەگەڵ لیژنەی ناوچەی کفری , بەردەوام بووم  لە خوێندن لە زانکۆی المستنصریە و لە 1971\11\3 دەوامم کردەوە , ڕۆژانە سەعات دوو ی دوای نیوەڕۆ   یان لە یەکی دوای نیوەرۆ بە سەیارە ڕینۆکەم دەچوومە بەغدا و ئێواران لە زانکۆ دەوامم ئەکرد و شەوان ئەگەڕامەوە بۆ کەلار.

بەڕاستی بەردەوامبوونم لە خویندنەکەم لە زانکۆ خەباتێکی سەخت بوو لە ژیانمدا بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی شەهادەی بەکالۆریوس. ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانم وەك قائممقام لە قەزای کەلار کە  پڕبوو لە گیروگرفت وەك باسمکرد  کارێکی وا ئاسان نەبوو , بەڵام مرۆڤ بیەوێ لە ژیانیدا زەحمەتکاری نییە  ئەتوانێ ئاسانی بکات ئەگەر ویست و ئیرادەی بە هێزبێ.

لە 1971\11\4   لە بەغدا مام جەلال هاتەماڵمان و پێکەوە دەربارەی وەزعی خۆمان قسەمانکرد و هەندێ چەك و جیهازی " هۆکی تۆکی " م هەبوو لە ماڵەوە , لەو سەردەمەی قائممقامی کۆیە بووم هەڵمگرتبوو , هۆکی تۆکیەکانم دا بە مام جەلال , وتی ئەم چەك و جیهازانەم بۆ فەلەستینیەکانە جەماعەتی جۆرج حەبەش . مام جەلال زۆر دووربین بوو , هەرچەندە چەکەکان زۆر نەبوون بەڵام لە ڕووی مەعنەویەوە شتێکی زۆر بوو لەو ڕۆژەدا.

**ئەحمەد حسن البکر لە بارەگای لق 5 ی بەغدا**

ڕۆژی هەینی 1971\11\19 لە بارەگای پارتی بووم لە بەغدا سەرۆك کۆمار احمد حسن البکر  سەردانی بارەگای لقی 5 ی لە بەغدا کرد , هەزار دیناری تبرع کرد بە لقی 5 , ئەم سەردانە لە ڕۆژی دووەمی جەژنی رەمەزان بوو. بۆیە لێرە باسی ئەم سەردانەی البکرم کرد تەنها بۆ ئەوەی سەیری ئەو جیاوازییە بکەین لە نێوان صدام حسین و احمد حسن البکر , کە ئەو وەك صدام نەبوو خەنجەر لە کا بدا وەك خەلیفە عەرەبەکانی عەباسی کە خەڵاتی شاعیرێکیان ئەکرد کاتێ مەدحی خەلیفەی بکردایا , خەلیفە ئەمری ئەکرد " الف الف درهەمی بدەنێ " صدام حسین مامەڵەی لەگەڵ هەزار دینار ناکرد , بە هەزارەها دیناری بە

کابرایێك خەڵات ئەکرد لە کاتێکدا لەسەر یەکێ لە شەقامەکان تووشی ئەبوو , ئەحمەد حسن بەکر لە ڕووی پارەو پوول و دزێتی زۆر پاك بوو جیاوازی یەکی زۆری هە بوو لەگەڵ صدام حسین.

دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ کەرکوك و سەرم لە صدیق ئەمین دا , ناسراو بە صدیق ئەفەندی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کە دوای عەزیز عەقراوی نەقڵ کەرکوك کرا, صدیق ئەفەندی نائب زابتی خانەنشینکراو بوو. دەربارەی وەزعی کەلار پێکەوە قسەمانکرد , بەڵام وا دیاربوو ئەویش خۆشحاڵ نەبوو بە بوونم لە کەلار. ئاشکراشە جەماعەتی مەلا مستەفا بە تایبەتی سەرکردەکانیان بۆیە پێیان ناخۆشبوو من لە کەلار بم لەبەر ئەوەی من توانام لەوان و لە ئەندامەکانی لق و ناوچەکانیان زیاتر بوو جگە لەوەی کەلار ناوچەیەکی داخراوبوو بە نیسبەت جەماعەتەکەی ئێمەوە , پارتی جەماوەریان نەبوو لە قەزای کەلار , ئەتوانم بڵێم لە گشت پارێزگای کەرکوك صفر بوون لای چەپەوە. " مەسەلەی صفر لای چەپەوە لەوەوە هاتووە کە صفر ئەگەر بکەوێتە لای چەپی یەکەوە ,ژمارەکە زیاد ناکا بەڵام بکەوێتە لای راستیەوە ئەوا ئەبیتە دە"

زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دوای بەیانی 11 ئازار خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردن بوون و سەیارەی مەرسیدسی ئاخر مۆدیل لە ژێریان بوو , ئەوەی بیریان لێ ناکردەوە مەسەلەی کورد بوو.

لە 11\28 جەولەێیکم کرد لە دێهاتەکانی سەر بە ناحیەی پێباز و چوومە دێی " لالی خان" و پونگەڵە , لەگەڵ محمود حاجی ئەحمەد لەرزانە مودیری ناحیەی پێباز و معاونی پۆلیسی ناحیە (عدنان) لە دێی لالی خان قوتابخانەیەکی سەرەتایی هەبوو , مامۆستاکەی مامۆستای شۆڕش بوو لە لایەن پارتیەوە داندرابوو , تا پۆلی پێنجی ئامادەیی خوێندبوو , ناوەکەیم لە یاد نەماوە , وا دیاریش بوو خۆی لەگەڵ قوتابیەکان ماندوکردبوو, مامۆستایەکی دڵسۆزو باش بوو.

پێشنیارمکرد مەرکەزێکی تەندروستی و خانوویەکی تیا دروستبکرێ بۆ دوکتۆری مەرکەزەکە. دێی لالی خان 50 ماڵ ئەبوو, قوتابخانەکەی تەنها دوو پۆلی تیا بوو. لە لالی

**خانەوە چووم بۆ دێی پونگوڵە لەوێ سەرم لە حاجی محمودی هارونی دا. حاجی محمود مرۆڤێکی خاوەند قۆناغ و دیوەخانە بوو , پیاوێیکی ناسراو و ئازابوو. حاجی محمود دڵی بە وەزعەکە خۆش نەبوو .ئەوەش زۆری ئەگەڕایەوە بۆ تەسرِوفاتی کادرەکانی جەماعەتی مەلا مستەفا. حاجی محمود زۆر خۆشحاڵبوو بە بوونم بە قائممقامی کەلا ر.**

**لە پونگەڵەوە چوومە دێی تازە دێ,3کم لە لالی خانەوە دوورە , دێی پونگەڵەش 5کم لە لالی خانەوە دوورە , لە وێوەش چوومە دێی تۆپخانە کە ئەویش 2کم لە لالی خانەوە دوورە, ئەم دێهاتانە هەموو بەسەر یەکەوەن و لەیەکتری زۆر نزیکن. پاشان چوومە ئەم دێهاتانە " بانی خان و گرمك و دڕکە و کارێزە و گردە گۆزینە" لە جەولەێیکی تردا لە 3\7 \ 1972 چوومە دێی گامەخەڵ بۆ مەوزوعی پێشنیارکردنی ئەم دێیە بۆ مەرکەزی ناحیەێیکی تازە لە قەزای کەلار. لە گامەخەڵ چوینە ماڵ ئەحمەد ڕۆستەم ڕۆغزایی سەرۆکی عەشیرەتی ڕۆغزایی , یەکی لە تیرەکانی عەشیرەتی جاف, لەم جەولەیەمدا عەلی سەلیم بەگ و حوسین حاجی محی الدین و عبدالله مراد ناسراو بە " کاکەی میللەت" لەگەڵمدا بوون , لە ڕێگا لە دێی ملە سوورە لاماندا و چاوم بە حاجی ڕەفعت تەرخانی کەوت , سەرۆکی تیرەی تەرخانیەکان , یەکێ لە تیرەکانی جاف.**

**لە دێی ملە سوورە چوینە دێی قەڵاقوچاڵی , ئەم دێیە نزیکی 20 ماڵ ئەبوو, نزیك دێی ملەسوورەیە ,لەویوە چوینە دێی گامەخەڵ . لە گامەخەڵ مێوانی لالە ئەحمەد ڕۆستەم بوین و خزمەتێکی زۆر باشمانی کرد و ئەحمەد ڕۆستەم برادەری ڕئیس کەمال موفتی " لوا کەمال مفتی بوو" لەساڵەکانی 1962-1963 , تفەنگێکی سیمینۆفی دابوو پێی , لالە ئەحمەد , جارێکیان لە ساڵی 1963 چوومە گامەخەڵ لالە ئەحمەد موحاکەمەی چەند کەسێکی ئەکرد و ئەیووت , هەر کەسێ دژی پێشمەرگە بێ بەم " سیمینۆکە" پشتی ئەشکێنم , لە جیاتی سیمینۆف ئەیووت سیمینۆك. ئەگێڕنەوە لەسەر زاری لالە ئەحمەد گوایا ئەو کاتەی جۆن کەنەدی سەر کۆماری ئەمریکا ئەکوژرێ , وتویەتی " بێژن کورد کوشتویەتی" بە لالە ئەحمەدیان وتووە بۆ بێژین کورد کوشتویەتی ؟ لە وەڵامدا وتویەتی بۆ ئەوەی ناوی کورد مەشهور بێ.**

له گامەخەڵ گەڕاینەوە بۆ دێی کوڵەجۆ ی حەمە تەها , لەوێ میوانی ماڵی حاجی حەمە جان بوین.

دێهاتەکانی ڕۆغزایی نزیکی 50 دێ یە , لەم پەنجا دێ یە تەنها یەك قوتابخانەیان تیابوو , ئەمەش بوبووە هۆی ئەوەی ناوچەکە خوێندەواریان زۆر کەم بێ و ناوچەیێکی زۆر دواکەوتوبێ لە ڕووی خوێندەواری و ڕۆشنبیریدا . بە تایبەتی هەموو حکومەتەکانی عێراق لە دوای دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1921 وە تا ساڵی 1971 کەواتە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵە ئەم ناوچەیەی پشت گوێ خستبوو لەبەر ئەوەی ناوچەیێکی کوردی بوو.

لەسەر ئەم وەزعەشەوە " مساح" م ناردبوو بۆ ئەوەی ناوچەکە مەسح بکەن بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی بێ ئاوی – ئاوی خواردنەوە- و بردنی ئاو یان هەڵقەندنی بیری ئیرتوازی , بەڵام هەمیسان کادرەکانی لێژنەی ناوچەی کفری پارتی دیموکراتی کوردستان مەساحەکانیان قەدەغەکرد بوو ڕێگەیان پێیان نەدابوو بچنە دێهاتەکان , ئەوانیش گەڕابوونەوە و ناوچەکەیان بەجێهێشتبوو . بەم جۆرە کادرەکان دوژمنایەتی عەشیرەتی ڕۆغزاییان کردو وا دیارە ، وا لە کوردایەتی تێگەیشتبوون , کوردایەتی بە پێی بۆچوونی ئەوان مانەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بە بێ ئاو , بەڵێ مەساحەکانیان بە جاسوس ئەزانی , نازانم ئەبێ ئەو مەساحانە لەو ناوچەیە جاسوسی چی بکەن ؟ ئایا پارتی تا ئەگا بە گەلی کورد ئەبێ چی شاراوەی هەبێ لە ناوچەی ڕۆغزایی لە فەقیری و هەژاری بەولاوە , کوردستان بۆیە ماوەیێکی زۆر بە دواکەوتوویی مایەوە لەبەر ئەوەی خاوەندی ئەم جۆرە کادرە نەخوێندەوارانە بوو, خاوەندی ئەم جۆرە گیرفان پڕکەرانە بوو.

له قەزای کەلار شەش مانگ و نیو مامەوە لەو بارودۆخەی کەلار یەکێکی وەك من نەبوایا کەسی تر نەی ئەتوانی یەك مانگیش تیایا بمێنێتەوە ئەگەر قائمقامەکە لەگەڵ قەچاخچیەکان ڕێك نەکەوتایا. ژیان لە کەلار زۆر ناخۆش بوو , مێشوولەی ئەتووت فڕۆکەی مێگە و ئەبوایا هەموو شەوێك جۆرە زەهرێکمان لە دەس و پێمان بدایا بۆ ئەوەی مێشوولەکان لە خۆمان دوور بکەینەوە. کەلار جێگەی ژیان نەبوو سەرەڕای ئەوەش جەماعەتی مەلا مستەفا ڕازی نەبوون بە مانم لە کەلار وەك قائمقام , مەسەلەکەش

هەمووی لەسەر قەچاخ و قەچاخچیەکان بوو  نەك مەسەلەی سیاسی, لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ پارتی تێکەڵاو بوبوینەوە . سەرەڕای ئەو وەزعە ناخۆشەش من خۆم بەختکردبوو بۆ خزمەتی قەزاکە  بەڵام کورد وتەنی " ئاسنی ساردم ئەکوتیەوە" .

لە 1971\3\19 گواستزامەوە  بۆ قەزای چەمچەماڵ و لە 3\24 یش شێخ محمد ئەمین عبد الله  کە پێشو قائممقامی هەڵەبجە بوو دوای بەیانی 11 ئازار ئەویش وەك من لە قائممقامی لادرا , دوای ئەوەی من لە کەلار گواستزامەوە  ئەویان گەڕاندەوە  بۆ قائممقامی و نەقلی کەلار کرا.

پێش ئەوەی موباشەرە بکەم لە چەمچەماڵ , دوای نیوەڕۆ ی ڕۆژی 3\31 چوومە چەمچەماڵ و سەرم لە حسن اسماعیل پشدەری دا لە ماڵەوەیان , پشدری قائممقامی چەمچەماڵ بوو لەسەر بەرتیل وەرگرتن لە خەڵکی , خانەنشین کرابوو  بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڵام حسن پشدری لەسەر داوای مەلا مستەفا و پارتی ئینفکاکی نەکردبو, کە چوومە لای و قسەم لەگەڵیکرد و حاڵیمکرد  کە مەوزوعی ئینفکاك نەکردنی  شتێکی سەیرە , خۆ ئەتوانێ بچێتە لای مەلا مستەفا و هەوڵ بدرێ ئەمرەکەی ئیلغا بکرێتەوە , بەڵام بەم وەزعە هەر ئەو زەرەرمەند ئەبێ , پێمووت سبەی ئەگەڕێمەوە بۆ چەمچەماڵ و موباشەرە ئەکەم , وەزعی تۆ چۆن ئەبێ , ئەتوانی  لە حکومەت عاسی ببی ؟ حسن پشدەری قەناعەتی کرد و تکای لێمکرد ئەگەر هەر کەسێ هات و داوای پارەی کردەوە گوایا لەسەر پڕۆژەکانی  " اعمار الشمال" وەریگرتووە , نامەی بۆ بنووسم و ئەویش پارەکەم  بۆ ڕەوانە ئەکاتەوە , کەواتە مەوزوعەکە  قالبی ڕەسمی وەرنەگرێت , منیش بەڵێنم دا پێی  کە هیچ لە دژی نە نووسم.

لە 1971\4\1 لە مەرکەزی قەزای چەمچەماڵ موباشەرەمکرد.

# قەزای چەمچەماڵ

قەزای چەمچەماڵ سنووری لای ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای قەرداغ و -سەگرمە و لای ڕۆژئاوای ناحیەی شوان و قەرەحەسەنن , کەسەر بە مەرکەزی قەزای کەرکوکن , لە لای باکوورەوە ڕوباری زابی بچووکە , پارێزگای کەرکوك و هەولێر لە یەکتر جیا ئەکاتەوە, لە لای باشوورەوە ناحیەی باوەنورە –پێباز- سەر بە قەزای کەلارە.

ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بە پێی سەرژمێری ساڵی 1957, 34944 کەس بوو , ژمارەی دانیشتوانی ناو شارەکە , 13805 کەس بوو

قەزای چەمچەماڵ مێژووی ئەگەرێتەوە وەك قەزا بۆ سەردەمی عوسمانییەکان و ئەو سەردەمە ناسراوبوو بە قەزای " بازیان" و سەر بە پارێزگای سلەیمانی بوو, بەڵام چەمچەماڵ وەك شار مێژووی گەلێ لەوە کۆنترە و قەڵایێکی دێرینی تیایە ، لە دێی" کانی سارد " یش شوێنەواری " قەڵا چەرمك" ی تیا ماوەتەوە و چەند جاریش تەحەریاتی تیا کراوە.

عەشیرەتە سەرەکییەکانی چەمچەماڵ عەشیرەتەکانی هەمەوەند و شوان و جاف شێخ بزێنی یە دوای موباشەرەم لە چەمچەماڵ ، چوومە ناحیەی ئاغجەلەر و چاوم بە صدیق ئەفەندی و رشید سندی و رەئیس عبد الله کەوت . صدیق ئەفەندی ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی بوو و رشید سندی و رەئیس عبد الله دوو سەرکردەی پێشمەرگەی پارتی بوون. لە ئاغجەلەر لەسەر مەوزوعی پەیوەندی نێوان مودیر ناحیەی ئاغجەلەر قسەمانکردو چۆنێتی هاریکاریکردن لەگەڵ یەکتردا, کەواتە لە نێوان حکومەت و پارتی دا. هەرسێکیان زۆر ئیجابی بوون لەگەڵما و ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هەر جۆرە یارمەتیەك بەتایبەتی کە ملازم رشید سندی برادەری کۆنم بوو لە ساڵی 1963 وە کە ئەو

سەردەمە ئەو سەرلقی پێشمەرگە بوو , منیش لێپرسراوی لێژنەی شوانی سەر خاسە بووم و لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتە باسمکردوە.

لە 13\4\ 1972 پشوی شەش ڕۆژم لە پارێزگار شکری الحدیثی وەرگرت و چوومە گەڵاڵە بۆ سەردانی مام جەلال و عەلی عەسکەری و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و ئیدریس و مەسعود بەرزانی. ئەوەبوو لە 14\4 گەیشتمە گەلالە لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی پارتی , بڕیاربوو لەگەڵ شێخ محمد ئەمین پێکەوە بڕۆیین،بەڵام لەبەرئەوەی ئەو دواکەوت من بەتەنیا رۆێشتم و شەو گەیشتمە گەڵاڵە.

لە گەڵاڵە چاوم بە حبیب محمد کەریم کەوت سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە گەڵ دوکتۆر محمود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی , من و شیخ محمد ئەمین پێکەوە چاومان پێیان کەوت.

حبیب کەریم و دوکتۆر محمود داوایان لێمانکرد کە ئیستقالە بکەین لە وەزیفەکەمان لە قائممقامێتی ، بەڕاستی داوایێکی زۆر نابەجێ بوو لەکاتێکدا پارتی 5 وەزیرەکەیان لە بەغدا بوون و ژمارەێیکی زۆریش مودیر ناحیەو قائممقامیان هەبوو . پێش من شێخ محمد ئەمین قسەی کرد و قسەکانی زۆر توند بوون ، وتی : من بۆ ئەوەی ئیستقالە بکەم ئەبێ کۆمیتەی ناوەندی بە نووسین ئەم داوایەم لێ بکا , هەروەها داواکە بە ئیمزای سەرۆکی پارتی بەرزانی بێ . هەروەها پێشەکی مووچەی شەش مانگم بدەنێ.

حبیب بە شێخ محمد ئەمینی وت : " لێش الا توقیع البارزانی " هەندێ قسەی تریشی کرد بە زمانی عەرەبی . بەڵام شێخ محمد ئەمین هاتە قسەو وتی , کاك حەبیب من ئامادە نییم لە گەڵاڵە لەگەڵ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی بە عەرەبی قسە بکەم. دوکتۆر محمود بە شێخ محمد ئەمینی وت : کاك حەبیب کوردییەکەی باش نییەو دوکەڵ ئەکا ... شیخ وەڵامی دایەوە و وتی , باشە یەکێ بێنن بیکەن بە سکرتێر کوردی زان بێ ، چۆن ئەبێ سکرتێری پارتی کوردی نەزانی؟ پاشان دوکتۆر محمود وتی باشە ئەی بۆ ئەبێ بەرزانی ئیمزای بکا؟ شیخ وتی ئەگەر ئیستقالەم کرد و پاشە ڕۆژ ئێوە مەعاشەکەتان بۆم

خەرج نەکرد و چوومە لای بەرزانی , مەلا مستەفا پێم بڵێ بۆ بە قسەی ئەمانەت کرد بە قسەی ئەم منداڵ و تواڵانەتکرد,..ئەو کاتە چۆن وەڵامی بدەمەوە ؟

دوای شێخ محمد ئەمین من قسەمکرد و وتم: من مانعم نییە ئیستقالە بکەم و هەر لەبەر ئەوە هاتوومەتە گەڵاڵە و ناگەڕێمەوە , بەڵام پێشەکی ئەبێ بڕیار بدەن بکرێمە سکرتێری لێژنەی ناوچەی شوان , وتیان باشە بۆ لێپرسراوی شوان ؟ وتم من ئێستا قائممقامی چەمچەماڵم ولە لێپرسراوی شوان کە ناحیەیە گەورەترم , ئەگەر واز لە وەزیفەکەم بێنم لەسەر داوای ئێوە , ئەو کاتە دەورم لە ڕیزەکانی پارتی چی ئەبێ ؟ من پێش هەڵوەشاندنەوەی حیزبی شۆڕشگێڕ سکرتێری لق 3 ی کەرکوك بووم , پێش دووبەرەکییەکەش لە ساڵی 1963 لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی خانەقین و ئەندامی لق 5 ی بەغدا بووم و ئێستاش گوایا دوای تێکەڵاوبوونەوە ئەندامی ناوچەم , بەڵام کوا لە کوێم و ناوچەکەم کوا؟ ئێستاش بە لێپرسراوی ناوچەیەك ڕازی ئەبم , گوایا هێشتان ئێوە ڕازی نیین. ؟

هەردووکیان حەبیب و دوکتۆر محمود وتیان ڕاستان ئەوێ ئێمە هیچمان بە دەس نییە , دوکتۆر محمود وتی : بچنە لای ئیدریس و مەسعود بەرزانی , ئێمە لێرە "کاتبی صادرە و واریدەین" باوەڕ بکەن ئەگەر توانا و دەسەڵاتی ئێوەی ساڵی1964 مان "مان هەبوایا ؛ ئێمەش لە بەرزانی یاخی ئەبوین , هەرچی ئیشوکاری شۆڕش هەیە دراوەتە دەس ئیدریس و مەسعود بەرزانی " ئەو کاتەی دوکتۆر محمود ئەم قسانەی ئەکرد ئیدریس بەرزانی تەمەنی 28 ساڵان بوو و مەسعودیش 26 ساڵان بوو.

ئێمە هەردووکمان بە جووتە وتمان باشە , ئەگەر هیچتان بە دەس نییە بۆ ئەنێرنە دوامانا؟ ئەوەبوو لەگەڵ حەبیب و دوکتۆر محمود نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك , بۆیە لای ئەوان هەستاین و چوینە لای ئیدریس و مەسعود , هەردووکیان زۆر بە گەرمیەوە پێشوازییان لێمانکرد و رێزمانیان گرت و وتیان پێوست ناکا ئیستقالە بکەن و ئەو مەعلوماتانەی لەسەرتان هاتووە لە لایەن رشید ئەتروشی یەوە هەمووی درۆو دەلەسەیەو ئێمە موحاسەبەیان ئەکەین.

مەسعود بەرزانی به منی وت هەرچی داواییەکت هەبێ من حازرم و ئێمه ئەگەر ئەندامانی پارتی کۆنی وەك ئێوەمان لەگەڵ بمایا بۆ ئیمرۆ ئەم گەجەرو گوجەرانەمان له خۆمان کۆ ئەکردەوە. !!

شەو دوای ئەوەی لای ئیدریس و مەسعود گەڕاینەوە له "قەسرێ " سەرمان له مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا دا, باسی چاوپێکەوتنەکەی حەبیب و دوکتۆرمحمودو پاشان ئیدریس و مەسعودمان بۆیان گێڕایەوە , زۆر دڵخۆش بوون و هەڵوێستەکەی ئیدریس و مەسعود بەرزانی یان به هەڵوێستێکی ئیجابی و تازه له قەڵەم دا. بەتایبەتی مام جەلال داوای لێمانکرد ئەم بارودۆخه تازەیه بقۆزینەوە.

پاشان مام جەلال به تەنیا دیتمی و پێمی وت ئەبێ له بەغدا وا بکەن هێرۆ خانی خێزانی بنێرین بۆ بەیرووت به ناوی چارەسەرکردنەوە .. هەروەها هەوڵ بدەین ئەندامه کۆنەکانی پارتی جەماعەتەکەی خۆمان له یەکتری نەپچڕێین و ئاگاداری یەکتری بین تا شتێ دروست ئەکەین. به کورتی مام جەلال هیچ مانعێکی نەبوو دووباره حیزبەکەمان یان حیزبێکی تازه دابمەزرێنینەوە به مەرجێك بتوانیین وا بکەین ئەو له گەڵاڵه نەمێنێ و بچێته دەرەوە , لەبەر ئەوەی هەر جولانەوەییەك لەم جۆره مەلا مستەفا لەوی ئەزانێ و لەناوی ئەدا.

دوای گەڕانەوەم له گەڵاڵه , هەندێ له ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بەردەوام بوون له دژایەتیم وەك قائممقامێك له چەمچەماڵ , یەکێ لەوانه " سامی" بوو محمد محمود عبد الرحمن , تازه موباشەرەم کردبو , به ڕێکەوت هاته چەمچەماڵ , ئەو سەردە مه وەزیری کاروباری باکوور بوو, هاته قائممقامیەت بۆ لام, نەی ئەزانی حسن پشدری ئینفکاکی کردووە , که هاته ژوورەوە و چاوی پێمکەوت یەکسەر وتی کاك حەسەن پشدری کوا؟ منیش پێم وت ئەی نازانی کاك حەسەن خانەنشین کراوە و من هاتوومەته شوێنی؟

سامی زۆر بە توندی وتی , ئێمە ڕازی نیین تۆ "جەنابت" لێرە دەوام بکەی و حسن پشدری دەربکرێ که له ئاوی شەوەکی پاکترە. ئیتر من هیچم بۆ نەمایەوە کە بێ دەنگ بم وهاتمە قسەو وتم پێویست ناکا خۆت وا نارەحەت بکەیت و بەم جۆرە بە توندی قسەم لەگەڵ بکەی ؟ وتی چۆن بە توندی قسە نەکەم , جەنابتانیان هیناوەتە شوێن حسن پشدری , تۆ " بوقی حیزبی بەعسی" بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆش بوو کۆنە شیوعی یەکی تازە پارتی و وەزیری حیزبی بەعس و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی حەلیفی بەعس بە منی ئەندامی کۆنی پارتی و خاوەند قوربانی و خەباتی دوورو درێژم لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد وام پێ بڵێ.. کەس نا سامی ! وتم کاك سامی , زۆری لەسەر مەڕۆ , وا دیارە هێشتان فێرە کوردی نەبویتە , من بوقی بەعس نییم, ئەگەر من بوقی بەعس بم , جەنابت زەنگوڵی گەورەی کلێسەکەی مێشێل عەفلەقی, ئەگەر تێ ناگەی بە کوردی زەنگوڵ چییە , یەعنی " ناقوس" کێ بوقەو کێ ناقوسە ؟ من ئەندامێکی خوارەوەم و جەنابت ئەندامی مەکتەبی سیاسیت , کێ بوقەو کێ ناقوسە , جەنابت حەلیفی بەعسی, پێویست ناکا ئەوەندەی لەسەر بڕۆی.. حسن پشدری دز بوو , 530 دیناری لە نازم حەمەی سلیمان وەرگرتووە و ئەشزانی کە نازم ئامر بەتالیونی پێشمەرگەی پارتییە , ئەمەش پسولەی پارەکەیەتی , من لێرە دەوام ئەکەم تەنها مەلا مستەفا یان ئەحمەد حسن البکر ئەتوانن دەرم بکەن نەك جەنابت .. فەرموو هەرچیت لە دەس دێ درێغی مەکە ..

سامی کە نامەکەی حسن پشدری خوێندەوە کە بۆ منی ناردبوو تیایا نووسیبوی ئەوا 530 دینارم بۆت ڕەوانەکرد تەسلیمی نازم حەمەی سلیمانی بکەو تکایە هەرکەسێکی تر داوای پارەی کرد لێت , کە من لێم سەندووە , نامەم بۆ بنێرە ... ئیتر سامی شەڵەژا و چووە دەرەوە بە بێ ئەوەی خواحافیزی بکاو بەبێ ئەوەی منیش وەك وەزیرێك بەڕێی بخەم ... کورد وتەنی " ئافەریم وەزیری کورد "

شێخ محمد ئەمین بۆمی گێڕایەوە وتی: لای دارا توفیق و علی عبد الله ی پارێزگاری سلەیمانی بووم کە ئەویش هاتبوە بەغدا لای دارا توفیق بوو , سامی هاتە لای دارا و وتی

"چاوم بە شێخ ستار کەوت لە چەمچەماڵ وەك ئەوەی تەورێك بدەنە سەر لووتما , بەو جۆرەم لێهات و چایان بۆم هێنا نەمخواردەوەو گەڕامەوە .." ئەمە نەك هەر لەگەڵ من , بەڵکو هەڵوێستی سامی بەرامبەر بە برادەرانمان لە قوتابیان و مامۆستایان زۆر خەراپ بوو . خۆشیی بە ناوچەوانیانا ناهات, خۆ بۆ مەوزوعی کردنی حسن حسین ئەندامی لق 5 بە بەڕێوەبەری گشتی انحصاری توتن تەنها سامی بەرهەڵست بوو , ئەوەبوو خالد دەباغ یان کرد بە بەڕێوەبەری گشتی نەك حسن حسین. بەڕاستی و دوور لە هەموو جۆرە توانجێك ئەتوانم دوای دووبەرەکیەکەی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بەرزانی بڵێم کەم کەس هەبوو ئەوەندەی سامی ئاگر خۆشکەرەوەی دووبەرەکیەکە بووبێ , هەمیشە لە خەراپە بەولاوە دەوری تری نەبوو بۆ نزیککردنەوەی هەردوو باڵ لە یەکتری , من بەش بەحاڵی خۆم گومانی زۆرم هەبوو لەم مرۆڤە کە ئەو هەڵوێستانەی لەوەوە هاتبێ کە دڵسۆزی بەرزانییە یان دڵسۆزی بزووتنەوەی کوردایەتییە ، عەلامەتێکی ئیستفهامی گەورەم لەسەری دانابوو, ئینجا ڕاست بێ یان هەڵە و ئومێدەوارم هەڵە بم. بە هەرحاڵ دوا ڕۆژ هەموو شتێکی شارەوە ئاشکرا ئەکا .

لە 1972\5\13 ڕۆژی شەممە تەرمەکەی شێخ لەتیف شێخ مەحمودیان لە بەغداوە هینایەوە بۆ سلەیمانی , سەیارەیێکی زۆری لەگەڵدا بوو, ئێمەش لە چەمچەماڵەوە چوینە پیریەوەو لە پێش شارەکە قوتابیان و جووتیاران و دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ بە گشتی و هەموو مووچەخۆرەکانی قەزاکە پێشوازییێکی نایاب و بێ وێنەی تەرمەکەی شێخ لەتیفیان کرد ، من و مامۆستا فتاح دۆغرەمەچی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی و چەند فەرمانبەرێکی تر, بازنەیێك گوڵی ڕەنگاو ڕەنگمان لەسەر پارچەیێك قوماشی ڕەش دا ، نامانە سەر تەرمەکەی شێخ لەتیف , پاشان لەگەڵ چەند سەیارەیێك تا ناو شاری سلەیمانی لەگەڵ تەرمەکە ڕۆیشتین. بەڵام جەماعەتی پارتی ئەم پێشوازییەیان بەو جۆرە پێ خۆش نەبوو , لە شاری سلەیمانی بەڕاستی پێشوازییێکی مەزنیان بۆی کرد, پێشوازی مەزن بۆ پیاوی مەزن هەر وا ئەبوو, باوەڕ ناکەم کەسی وا لەناو شاری سلەیمانی مابوییێتنەوە و نەهاتبێتنە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکان بۆ پێشوازیکردن لە تەرمەکەی شێخ

, هەموو لەسەر شەقامەکان پۆل پۆل ڕاوەستابوون بەبێ ئەوەی کەس داوایان لێ بکا بێنە دەرەوە , بەڵکو وەك وتم جەماعەتی پارتی حەزیان نەئەکرد بەو جۆرە پێشوازی لە تەرمەکەی بکرێ , کورد وتەنی دەرزیت هەڵدایە بە ئاسمانا ناکەوتە سەر زەوی لەبەر زۆری و چڕی ڕاوەستانی جەماوەری شاری سلەیمانی و شارەکانی تری کوردستان کە لەگەڵ تەرمەکەدا هاتبوون.

هەر وەك باسمکرد جەماعەتی پارتی دیموکراتی کوردستان حەزیان نە ئەکرد کەس بچێتە پیری تەرمەکەیەوە و لە چەمچەماڵ بە منیان وت پێویست بەم گەڕەلاوژێیە ناکا , بەلام من پێیانم وت, ئەمە ڕاست نییە و شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستانە و زۆر ناشرینە بۆ ئێمە و بۆ کورد تەرمەکەی بە شارەکەمانا ڕەت بکرێ و نەچینە پیریەوە , جگە لەوەی ئەمە تەقلیدێکە ناتوانم لێی لابدەم , بە تایبەتی کە من قائممقامێکی کوردم . لە لایێکی ترەوە شکری حدیثی یش زۆری پێ ناخۆش بوو کە من بەو جۆرە پێشوازییم لە تەرمەکەی شێخ لەتیف کردبوو. لە چاوپێکەتنێکدا ئەمەی درکاندو منیش پێم وت (ابو محمود) لە خواروی عیراق هەر شێخ عەشیرەتێك بمرێ خەڵکی و لێپرسراوانی حکومەت لەمە کەمتری بۆ ناکەنە ، ئەی بۆئێمەی کورد بۆ یەکێ لە گەورە پیاوانی کورد دوای کۆچکردنی یەکجاری ڕێزو حورمەتی نەگرین؟

بە هەرحال نازانم بۆ شکری ئەو هەڵوێستەی هەبوو, ئایا ڕەنگدانەوەی هەڵوێستەی پارتی بوو یان چی؟

# سەردانی دێهاتەکانی قەزای چەمچەماڵ

لە 1972\5\16 سەردانی ئەم دێهاتانەم کرد: قەرەوەیس, سەیدانی خوارو, سەیدانی ژوورو, خان, بنەی خوارو, هەمزە, کانی کوچەڵە, ئیبراهیم ئاغا. لەم دێهاتانە خانوەکانی "اعمار الشمال کە دروستکرابوون پێش ئەوەی من بچمە چەمچەماڵ وەك قائمقام, ئەو خانوانەی کە لەم دێهاتانە دروستکرابوون هەموویان ڕووخابوون , یان بەرەو ڕووخان ئەڕۆیشتن . هۆیەکانیشی ئەگەڕایەوە بۆ سیاسەتی پارتی کەوا دیاربوو پارتی نەی ئەویست ئەو خانوانە دروست بکرێن, لە لایێکی ترەوە قائمقامی پێشو حسن پشدری وەك باسمانکرد پارەێیکی زۆری لە بەڵێندەرەکانی خانوەکان وەرگرتبو" بەرتیل" ئیتر ئەبێ خانوەکان چۆن خانوێیکیان لێ دەربچێ ؟!

بەڕاستی سەرم لەو سیاسەتەی پارتی دەرناچو , ئایا ئەبێ بۆ ئەو خانوانە درووست نەکرێن , لە کاتێکدا پارەی باشیان بۆ تەرخانکرابوو ئەگەر دزێتی تیا نەکرایا خانوبەرەی باش بەو پارانە لە دێهاتەکان دروست ئەکرا و دانیشتوانی دێیەکانیش زۆر سوودیان لێی وەرئەگرت, یان ئەبێ بۆ پارتی لەو قائمقامانەی خۆیان بێ دەنگ بێ ئەو هەموو پارەو پوولەی ئەو خانوانەیان ئاودیو گیرفانیان ئەکرد کە پارەو پوولی جووتیارانی کوردستان بوو .قائمقامەکانی پارتی لە جیاتی ئەوەی خەریکی خزمەتی دانیشتوانی قەزاکەیان بن لەبەر دزێتی ئاگایان لە میللەت نەمابوو , باوەڕیش ناکەم مەلا مستەفا بە هیچ جۆرێك ئاگای لەم کردەوانە بووبێ یان ڕازی بووبێ بەم کردەوانە . ئەڵێن بەرزانی لە وتە مەشهورەکانی دەربارەی کادر , ئەگێڕنەوە گوایا مەکتەبی سیاسی ئەگەر داوای بکردایا یارمەتی " س" بدەن لەبەرئەوەی ئەندامێکی کۆنی پارتییە یان ... یەکسەر بەرزانی ئەیووت بیکەن بە کادر بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بێ .!

ئەم دێهاتانەی باسیانمکرد و خانووبەرەی بەو جۆرە تیا درووستکرابوو , لە ساڵی 1963 لێپرسراوی ناوچەکەیان بووم وەك لە شوێنێکی تری یادداشتەکەم باسمکردووە, هەموو دانیشتوانی بە هۆی شۆڕشی کوردستانەوە چەند جار خانوبەرەکانیان ڕژێمی بەغدا سووتاندبوی و ماڵیان تالان کرابو نەك یەکجار بەڵکو دەها جار, بەم دواییەش لە جیاتی ئەوەی پارتی پاداشتیان بداتەوە, پاداشتەکەیان ئەوە بوو کە باسمانکرد. !

لە 1972\5\20 من و شێخ محمد ئەمین عبد الله قائممقامی کەلار سەرمان لە شکری الحدیثی پارێزگاری کەرکوك دا و دەربارەی مەوزوعی پشکنینی ماڵی کاکە حوسێن خانەقا قسەمان لە گەڵیاکرد. شکری پۆلیس و ئاسایشی ناردبو بۆ ماڵ کاکە حوسێن و ماڵیان پشکنیبوو گوایا شێخ حوسێن ماڵی قەچاخ لە ماڵیان شاردراوەتەوە..!!! مەبەستی شوکری تەنها ئیهانەکردنی کاکە حوسێن بوو, لەبەر ئەوەی کاکە حوسین واجهەی کورد بوو لە شاری کەرکوك و دانیشتوانی شارەکەو پارێزگاکە هەموو ڕێزو ئیحترامیان هەبوو بۆ خانەقای سید ئەحمەدی خانەقای باوکی کاکە حسین و شوکریش بە تەبیعەتی خۆی ڕقی لە پیاو ماقوڵ و گەورەی کورد ئەبوەوە , بەڵکو یەکێکی خۆش ئەویست کە شانی بتەکێنێ , کاکە حوسینیش هیچ حیسابێکی بۆ شوکری نەئەکرد.

لەسەر مەوزوعی کاکە حوسێن زۆر بە توندی لەگەڵیا قسەمکرد و بەرگریم لە کاکە حوسێن کرد ..بەتایبەتی کە پرسیاری کاکە حوسینم لێکرد, خۆی گێل کرد و وتی " منو کاکە حسین " کەواتە کاکە حوسین کێیە؟ وتم کاکە حوسین ناناسی؟ وتی نا. منیش وتم وباشە ئەی بۆ " .... داودە" ئەناسی کە چاووشو زوڕنا بێژ بووە و ئێستا کردوتانە بە مودیر ناحیەی شوان! خوا هەڵناگرێ شێخ محمد ئەمین یش لایەنگری هەموو قسەکانمی کرد.

ئەم دیدەنییەم لەگەڵ شکری وای لێکرد لەو ڕۆژە بە دواوە لێم بکەوێتە مەهانە و پەڵپ و بیانووم پێ بگرێ . بەتایبەتی شکری کە پارێزگاری سلەیمانی بوو پێش کەرکوك کەس ڕۆژێ لە ڕۆژان دەستی نەدابوە بەر دەستی , ئینجا چ جای ئەو کەسە فەرمانبەرێکی خوار خۆی بێ ..! منیش لە زروفێکی نالەباری ئەو ڕۆژانە نەم ئەتوانی وەك قائممقامێکی

ڕەسمی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەم و بەس. بەتایبەتی ئەگەر من نەچوومایەتە چەمچەماڵ , هەزار پارێزگاری وەك شکری نەی ئەتوانی ئینفکاك بە حسن پشدری قائممقامی مەلا مستەفا بەرزانی بکا, ... بەڵام ڕۆژگار هەموو شتێکی ئاشکراکرد کەوا بەعسیەکان هەر ئەوەندەی ئیشیان پێت نەما ئیتر نەك ناتناسن بەڵکو چی خەراپەش هەیە لەگەڵتا ئەیکەن. خۆ ئەگەر بەعسیێك ئەم خەسڵەتەی نەبوو ئەوا گومان لە بەعسیەتەکەی بکە.

دوای ئەم چاو پێکەوتنەم لەگەڵ شکری , چوومە گەلاڵە " قەسرێ" لەوێ چاوم بە کاکە حوسێن کەوت ,کە لە دەس شکری الحدیثی ڕایکردبوو بۆ گەلاڵە , هەروەها چاوم بە مام جەلال و علی عەسکەری کەوت و مەوزوعەکەی کاکە حوسین و شکری م لە گەڵیانا باسکردو ڕەزامەندی کاکە حوسێنم وەرگرت کە بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك , دوای ئەوەی پێموت چاوم بە نائبی سەرکردایەتی شۆڕش صدام حسین کەوتووە و وەعدم لێ وەرگرتووە کە شکری جارێ کی تر گێچەڵی پێ نەکا. مام جەلال و عەلی عەسکەری زۆریان پێ خۆش بوو کاکەحوسین بگەڕێتەوە کەرکوك و خانەقا بێ کاکە حوسێن چۆڵە و هەروەها بە سەرکەوتنێکی باشیان لە قەڵەم دا , لەو ڕۆژە هەڵوێستێکی زۆر باش بوو کە من بتوانم خزمەتی کاکە حوسین بکەم و جەماعەتەکەی ئێمە زۆر قەرزاری هەڵوێستی باشی کاکە حوسین بوون ... ئەوەبوو کاکە حوسین گەڕایەوە بۆ کەرکوك و شکری ئەم کارەی منی بە سەرپێچی کردنی خۆی لە قەڵەم دا.

لە 1972\6\13 چوومە ناحیەی ئاغجەلەر و دێی عەسکەر و سۆتکە و سەرم لە خانوەکانی عەسکەر و ئاغجەلەر و سۆتکە دا, خانوەکانی ئەوێش لە خانوەکانی تری قەزای چەمچەماڵ باشتر نەبوون ... لە ئاغجەلەر مێوانی کوێخا ئەورەحمان بووم و لە سۆتکەش مێوانی حاجی قادری سۆتکە بووم برادەری ساڵی 1963 م بوو , ئەو سەردەمە ئەو سەر لق بوو لە قەڵاسێوکە و جار جاریش ئەهاتە شوانی سەر خاصە بەتایبەتی لە کاتی هێرشەکانی بەعس بۆ سەر شوان و لە یەکێ لە شەڕەکانیش شیخ حوسێن برای قارەمانێکی شۆڕشی ئەیلول بوو لە شوانی سەر خاصە شەهیدکرا لە شەڕێکی بەرگری لە دژی سوپای

عیراق . پاشان چوومە دێی گورگەیی چاوسوور و لە وێوە چوومە سەر " بەردە بالکە " کە بەردێکی دێرینە و یەکی لە ئاساوەرەکانی کوردستانە.

لە لایێکی ترەوە پارتی رحمن تەهای بە مەفرەزەێیکەوە ناردبوە ناوچەی شوان , رحمن تەها دوژمنایەتێکی کۆنی هەبوو لە گەڵمانا لەبەر ئەوەی دەستی هەبوو لە کوشتنی ئەورەحمان حەمە خان برای شەوقی حەمە خان . کە زانیم رحمن تەها هاتۆتە ناوچەکە, نامەێیکم بۆ مەسعود بەرزانی نووسی دەربارەی تەسرۆفاتی رحمن تەها و داوامکرد لێی لە ناوچەکە نەێهێلێ , ئەوەبوو لە 7\3 شێخ محمد ئەمین وەڵامی نامەکەمی لە مەسعود بەرزانییەوە هێنایەوە دەربارەی تەسرۆفاتەکانی رحمن تەها و لە نامەکەی دا نووسیبوی کە رحمن تەها یان لە ناوچەکە لاداوە. ئەم هەڵوێستەی بەرزانی زۆر ئیجابی بوو بەڵام لە لایێکی ترەوە شکری حدیثی , شەوقی حەمە خان و چەند برادەرێکی ترمانی حجزکرد بە تاوانی ئەوەی خەریيك بوونە رحمن تەها بکوژن . داوامکرد لە (شکری) شەوقی و هاورێکانی بەربدا , موافەقەتی نەکرد لەسەر بەردانیان و لەبەر ئەوەی بە ئەمری ئەو گیرابوون تەنها وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بەرەڵلایان بکا , ئەوەبوو چوومە بەغدا و قەناعەتم بە وەزیری ناوخۆ سعدون غیدان کرد کە بەرەڵلایان بکا , بەتایبەتی کە شکری ئیجازەی وەرگرتبو لە کەرکوك نەمابوو , هەر بۆ ئەوەی بەرەڵلایان نەکا , ئەو ئیجازەیەی وەرگرتبو.لە یاسای پارێزگاکان یەکێ ئەگەر پارێزگار حجزی بکا تەنها خۆی یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ئەو حجزە لابەرێ . ئەوە بوو لە 7\4 بە ئەمری وەزیر بەرەڵلاکران , شکری ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو , ئەمەشی بە کردەوەێیك زانی کە من دژ بەو کردوومە وەك کردەوەی گەڕاندنەوەکەی کاکە حوسێنی خانەقا

لە 1972\7\10 ڕۆژی دووشەممە نافذجەلال وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی شۆڕش –جەماعەتی بەرزانی – لە ڕێگای کەرکوك –هەولێر بە ڕووداوی سەیارە " سەیارەکەی لەگەڵ سەیارەێیکی تر دەعمی کرد" کۆچی دواییکرد . ڕووداوەکە جێگەی گومان لێکردن بوو . قسەی وا هەبوو کە هەر جەماعەتی بەرزانی خۆیان ئەو ڕووداوەیان درووستکردبوو بۆ ڕزگاربوون لە نافذ جلال, وا دیاربوو کە نافجلال زیاد بەلای حیزبی

بەعسەوە ڕۆیشتبو کە هەر واشبوو ...ئەگەر ئەمە ڕاست بێ , جۆری کوشتنەکەی لەو سەردەمە سەیر نەبوو لای خەڵکی , لەبەر ئەوەی یەکێ لە ڕێبازی بەعسیەکان بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان مەسەلەی دەعمی سەیارە بوو, دووریش نییە پارتی سوودی لەم ڕێبازەی بەعسیەکان وەرگرتبێ , بەڵام ئەم بۆچوونەی من تەنها تەخمینە نەك بەلگەێیك هەبێ . بەلگەیەکی تریش ئەوەیە لە ساڵی نەوەتەکان حیزبی بەعس مووچەی خانەنشینی بۆ وەزیرەکانی خۆی بڕییەوە , لەو وەزیرانە ناوی نافذ جەلال ی تیابوو , بەڵام ناوی وەزیرەکانی پارتی جگە لە نافیز جەلالی تیا نەبوو.

هەر لەو ڕۆژەی ڕووداوەکە شکری پارێزگاری کەرکوك داوای لێمکرد لە کاتی دابەزینم بۆ کەرکوك ئەبێ پێشەکی تەلەفۆنی بۆ بکەم , ئەمەش پەڵپی یەکەم بوو پێمیگرت دوای ئەو ناخۆشییانەی کە باسیانمکرد لە گەڵیدا, منیش پێموت کەوا من ناتوانم تەلەفۆنی بۆ بکەم و هۆیەکانمیش بۆی ڕوونکردەوە , کە گرنگترین هۆ هۆی ئەمنی بوو , بۆیە بڕیارم دا تا ئیمکان ئەبێ دانەبەزمە کەرکوك و لەوە زیاتر لەگەڵ شکری تێك نەچم و ئەمەش نیشانەێیکی تر بوو لە هەڵوێستە ناهەموارەکانی شکری بەرامبەرم . جگە لەوەش هیچ دوور نەبوو شکری پیلانێکم بۆ درووست بکا لەکاتی دەرچوونم لە چەمچەماڵ بۆ کەرکوك یان بەغدا و لەناوم بەرێ , بە تایبەتی ئەمزانی شکری یەکێکە لە بەعسیە توندڕەوەکان و صدامیەکان. خوا وایکرد پاشان صدام شوکری گرتو محمد صبری براشی ئیعدامکرد.

لە دوای ساڵی 1990 لەگەڵ شکری الحدیثی ئاشتەوە بوین , بەتایبەتی قوبادتاهر دەوری ئەوەی دی کە هەردووکمان ئاشتەوە بکا دوای ئەوەی شکری لەگەڵ خێزانەکەی بۆ حەج چوبوون . شکری هەڵوێستی زۆر گۆڕابوو بەرامبەر صدام حسین و هەموو جار کە پێکەوە دائەنیشتین باسی صدام ی ئەکرد کە زۆر بێ وەفایە , پیاوێکی نرجسیە دکتاتۆرە کەس نابێ لێی ئەمین بێ, نزیکترین دۆستی بکەویتەگومان لێی لەناوی ئەدا , رەفیقەکانی کۆنی حیزب زۆربەی زۆریانی ئیعدام کرد یان سڕنگومیانی کردو باسی ئەوەی کرد کە چۆن لە بەندیخانە براکەی محمد صبری ئیعدام کرد بە بێ هیچ تاوانێك.

جارێکیان شکری بۆمی گێرایەوە کە لەو کاتەی بووە پارێزگاری سلەیمانی و چاوی بە ڕاپۆرتێکی ئەمن کەوت , یەکێ لە عەمیلەکانی ئەمن لە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە بۆ مودیری ئەمنی سلەیمانی ئەینووسی و عەمیلەکە پێشمەرگە بوو, ڕاپۆرتەکەی لە ژێر ناوی نهێنی " الجبل" ئەنووسی. ئەم عەمیلە لە ساڵی شەستەکانەوە بەردەوامبوو لە نامە نووسین , شکری وتی گەلێ هەوڵم دا بزانم ئەم عەمیلە کێ یە , کەس لە دایەرەی ئەمن نایناسی , پاشان پێمیان وت تەنها فلانە کەس کە مودیری ئەمنی سلەیمانی بووە ئەو ئەزانێ کێیە , ناوەکەی دوای خۆی بۆ کەس ئاشکرا نەکردووە, ئەو مودیر ئەمنە نەقلی پارێزگای میسان " العماره" کرابوو , ڕۆژێکیان چووم بۆ عمارە و لەوێ پرسیارم لێکرد ئەم " الجبل"ە کێیە ؟ زۆر هەوڵم دا لەگەڵی بەڵام سوودی نەبوو , تا گەیشتمە ئەوەی هەڕەشەم لێدا , کە داوا ئەکەم لە قیادەوە حەپسی بکەن , ئەوەبوو پێمی وت : " الجبل, ناوی علی ئیبراهیم دەرویشە"

ئەم علی ئیبراهیم دەروێشە دوای زیندوکردنەوەی پارتی شۆڕشگێر , یەکێ بوو لە ئەندامانی لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە و کە بوومە وەزیری بەلەدیات کردم بە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە , ئەوە بوو دەستی کرد بە هەندێ گێرە شێوێنی و لە ئەنجامدا دەرکرا لە ریزی شۆڕشگێڕ و منیش لە سەرۆکی شارەوانی دەرمکرد, دیاربوو ئەو پشتی زۆر قایم بوو, بەڵام من نەم ئەزانی کێ دەعمی ئەکا؟ بەهەرحاڵ من وەك وەزیر گوێم بە کەس نادا ئەگەر قەناعەتم بە شتێ بهێنایە . دوای ئەوەی دەرکرا یەکسەر چووە ڕیزی " الحرکه التقدمیه" حیزبەکەی مەلا عبد الله ئیسماعیل. دوای ئەوەی وەك باسمکرد کە شکری بۆمی گێڕایەوە و بۆم دەرکەوت ئەو کاتە ئەمن پشتگیری علی ئیبراهیم دەروێشی ئەکرد . ئەم جۆرە عەمیلانەی حیزبی بەعس یان حکومەتەکانی عیراق هەندێکیان وەك علی ئیبراهیم دەرویش ئاسان نەبوو شۆڕشی کوردستان بیانناسێ ئەگەر ڕێکەوتێکی وەك ئەمەی شکری بۆ منی گێڕایەوە . خۆ بەم دواییەش دوای ڕووخانی ڕژیمی صدام حسین کۆمەڵێ " ملف" لە دایەرەی ئاسایشی گشتی و جهازی موخابەرات گیران و دەست پارتە سیاسیەکانی کوردستان کەوتن و ناوێ گەلێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی بڵاوکرایەوە کەوا خاوەند " ملف" ن , ڕۆژنامەکانی کوردستان ناوێ

هەندێکیانی بڵاوکردەوەو ئەوەی جێگای داخە هەندێ لە خاوەند مەلەفەکان دوای رزگاری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ دایەرەی موخابەرات و ئاسایشی عیراق نەبڕیبوو , چەند کەسانێکیانیش پلەی بەرزیان هەبوو چ وەك وەزیر یان ئەندامی سەرکردایەتی. خۆ ئەگەر ڕژێمی صدام نەڕووخایەو بە ڕێکەوت ئەو مەلەفانەش نەکەوتایەتە دەس ئەمو ئەو , ئەو کاتە ئەم عەمیلانەش وەك علی ئیبراهیم دەروێش ئەمانەوە وەك ئاوی بن کا بە دزییەوە خەریکی کاولکردنی کوردستان و سەرنەکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبوون بەردەوام ئەبوون لە سیخوڕی, یەکێ لەو مەلەفانە ناوی یەکێ لە لێپرسراوەکانی یەکێتی نیشتمانی تیابوو گوایە دەوری سەرەکی هەبووە لە نانەوەی شەڕی دووبەرەکی لە قەزای ڕانیە. لەوانەیە هەندێ لە خاوەند مەلەفەکان بێ تاوان بن و تاوانەکانیش بۆیان دروستکرابێ , بەڵام نە ئەبوو هەردوو پارتە سەرەکییەکان مەسەلەکەیان بە هەڵواسراوی بهێڵنەوە بە بێ لیکۆلینەوە و ئاشکرا کردنیان بۆ جەماوەر دوای ئەوەی ناویان کەوتە ناوانەوە و ناویان زڕا.

حوسێن حەمە عەلی ناسراو بە حوسین قاچاخچی , یەکێ بوو لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم , ڕۆژی 1972\7\12 تەلەفۆنی بۆمکرد کە ئەڕوا بۆ بەغدا بۆ لای شێخ جەبار برام لەبەر ئەوەی هەست ئەکا بە نەخۆشی دڵ . ئەوەبوو شێخ جەبار یەکسەر ئەیبا بۆ عیادەکەی دوکتۆر ئیبراهیم تەها و دوای نیوەڕۆ بوو لە عیادەکەی دوکتۆر ئیبراهیم دڵی لە لێدان ئەکەوێ و کۆچی دوایی ئەکا. حوسین حەمە عەلی زۆر یارمەتی شۆڕشی کوردستانی ئەدا بە پەیداکردنی تەقەمەنی , کە لە سەرەتای شۆڕش پێشمەرگەی کوردستان زۆر فەقیر بوو کەم پێشمەرگە هەبوو فیشەگی تەواوی هەبێ لە بەرەی شەڕەکاندا .

لە 1972\7\15 پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگای لقی سێی کەرکوك لە دێی خاڵە بازیانی گوازتەوە بۆ مەرکەزی ناحیەی سەنگاو و گواستنەوەی بارەگاکە نیشانەی تێکچوونی نێوان پارتی و حکومەت بوو لە پارێزگای کەرکوك. نورالدین عبد الرحمن کە ئەندامی لقی کەرکوك بوو یەکێ بوو لە جەماعەتی شۆڕشگێڕ پێش هەڵوەشاندنەوە و تێکەڵاوبوونەوەی لە گەڵ پارتی" نورالدین یەکێ بوو لە هاوڕێ نزیکەکانم , ڕۆژێکیان

نورالدین   به چەمچەماڵا   تێپەڕ ئەبێ و لە چایخانەکەی ناو شار نزیك دایەرەی قائممقامیەت  لای دابوو , بەڵام لەترسا نەهاتە لام, لە ترسی پارتی لە کاتێکدا پێش دوو مانگ  لەگەڵ علائەدین حەسەن و محمد محی الدین و فوزی رەشید  هاتنە چەمچەماڵ و شەوێکیش لام بە مێوانی مانەوە , شێخ حەسەن برامیش  لەگەڵیانا بوو لەگەڵ جلیل عبد القادر , خۆ لە مانگی  نیسانیش  نورالدین  لەگەڵ فخرالدین شبرای غەزوری  هاتنە چەمچەماڵ بۆ لام و نەئەبوو نورالدین سەرم لێ نەدا و خۆی لێم بشارێتەوە و بەڵام نورالدین ئەم جۆرە  ڕەوشتانەی هەبوو , بۆیە بەلامەوە سەیر نەبوو.

# ڕاپۆرتەکەی مستر " جی. کی. گبس"

یەکێ لە و ڕاپۆرتانەی لە مەلەفێکی قائممقامیەتی چەمچەماڵ چاوم پێکەوت , ڕاپۆرتەکەی گبس بوو دەربارەی پاراستنی کشتوکاڵی چەمچەماڵ لە ساڵی 1954دا , ،چەمچەماڵ , ڕاپۆرتەکە بەلگەنامەیێکی گرنگە هەندێ ئامۆژگاری تێدایە بۆ پەرەپێدانی پرۆژەی کشتوکاڵ بە پێێ جۆر و بە پێی پیتی زەویەکانی , بە پێی ئەو مەسحەی کرابوو لەسەر زەوی پرۆژەکە .

وا لە خوارەوە کورتەی ڕاپۆرتەکەی مستر گبس دەربارەی کێڵگەی " مزرعە چەمچەماڵ " ئەخەمە ڕوو : 2-1: کێڵگەی چەمچەماڵ بریتییە لەو زنجیرە زورگ و گردۆلکانەی ناوچە شاخاویەکانی عیراق, ئەو گردانەی لە زاخۆ وە وەك زنجیرە چیاو گرد شۆڕەوە ئەبێ تا خانەقین بە پانایی 50 کم و درێژایی 500 کم .

2-2: پانتایی گشتیی کێڵگەکەی چەمچەماڵ 16400 دۆنمە کە لەم دۆنمانە 1819 دۆنمی مولکی صرفە و 1458 دۆنمی ئەمیریە .

3-2: پانتایی‌و صنف و ڕێژەی لە سەدا بەم جۆرەیە :

ئەو زەویانەی کەڵکی چاندنی هەیە 3313 دۆنمە کەواتە 20,20٪

ئەو زەویانەی کەڵکی دار چاندنیان هەیە 319 دۆنمە 1,95٪

ئەو زەویانەی کەڵکی لەوەڕیان هەیە کەواتە بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵات, 12768 دۆنمە 85 ,77٪

4-2: خۆڵی زەویە لێژەکان و زەوی لەوەڕگەکان زوو ئەخزێن .

5-2 پێویستە زەویە ئەمیریەکان دیاری بکرێن لە کێڵگەکەدا.

6-2 : پێویستە دەست بکرێ بە کارکردن لە خواروی ڕێگای سەیارەکانەوە " جادە قیرتاوەکە" بەتایبەتی کە ئەم زەویانە هەموی ئەمیرین.

7-2 : پێویستە ئامێرو مەکینەکان و تۆ و شەتڵ ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی کێڵگەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە ببرێ.

8-2: زەوی کێڵگەکە گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە نموونە بۆ بابەتەکانی کشتوکاڵ و پاراستنی خۆڵەکەی" التربە" و نەمام چاندن و چاك سازی بەڕێوەبردنی لەوەڕگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنی شوێنەکان بۆ تاقیکردنەوە و تۆژینەوەی زانستی لە بواری کشتوکاڵ و لەوەڕگا و دارستان دا.

9-2: سەرکەوتنی کێڵگەی چەمچەماڵ لە پرۆژەکە پەنا ئەباتە بەرئارەزوو و هاریکاریکردنی بەڕێوەبەرانی بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەشداربوونی عەمەلی و زانستی هەموو لقەکانی کشتوکاڵ و سەرپەرشتی کردنی موچەخۆرەکان و تەکنیکارانی کشتوکاڵی بۆ ڕاپەڕاندنی و چاوەدێریکردنی ئامۆژگارییەکان و ڕێ نیشاندانی تایبەت بە پرۆژەکە.

با بگەڕێینەوە سەر مەوزوعی نێوان من و شکری الحدیثی , نێوانمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ساردی و خەراپی ئەڕۆیشت بە تایبەتی دوای مەوزوعەکەی کاکە حوسین خانەقا و شەوقی حەمە خان و بەم دواییەش مەسەلەی گواستنەوەی سستەرێك لە کەرکوکەوە بۆ چەمچەماڵ , سستەرەکە لەسەر بێ ڕەوشتی نەقڵ چەمچەماڵ کرابوو لە چەمچەماڵیش دۆستە عەرەبە بەعسیەکانی لە کەرکوکەوە ئەهاتنە چەمچەماڵ بۆ لای بە مەبەستی ڕابواردن لە گەڵیا ' سستەرەکەش تورکمان بوو. لێژنەی ناوچەی پارتی لە چەمچەماڵ هاتنە لام و داوایان لێم کرد ئەم سستەرە لە چەمچەماڵ نەقڵ بکەمەوە لەبەر ئەوەی دوور نییە گۆبەندێ نەناتەوە و نە کوژرێ...!

منیش بۆ ئەوەی پەلە لە مەوزوعەکە نەکەم و ڕای پارێزگار شکری وەربگرم یەکسەر تەلەفۆنم بۆی کرد و وتم من حەز ناکەم بچمە ناو ئەم مەوزوعەوە و لێکۆلینەوەی تیا بکەم نەبادا ناوی برادەرانی حیزبەکەتان بێتە ناوەوە لە کاتی لێکۆلێنەوەکە , وتی زۆر باشە و سوپاسمیکرد لەسەر هەڵوێستەکەم و وتی ڕەوانەی لای خۆمی بکە.. ئەوەبوو سستەرەکەم ڕەوانەی کەرکوك کرد بۆ لای شکری.

له 7\24 شكری تەلەفۆنی بۆمكرد و له تەلەفۆنەكه گەلێ جنێوی پیسی داپێم هەروەها جنێوی پیسی به گەلی كورد و جەلالی و مەلایی دا, زۆر بەلامەوه سەیر بوو , بۆ ئەبێ! ئەم زەلامه ئەوەنده قین له زگ بێ ئەوەنده بێ شەرمو بێ حەیا بێ , بەڵام من تەنها به چەند وشەیێكی ناشرینتر وەڵامم دایەوه , شكری له تەلەفۆنەكەی وتی:" الممرضة جالسة عندی و تسمعنی وهی تقول لم اشتكی عند القائممقام ,.. اسمع , قال لی اسمع بصوت عال منفعل و متهور , انت والجلالیین والملاییین والشعب الكردی كلكم گواوید"

منیش پێم وت من لەو مستەوایه نییم و لەوه بەرزترم زەلامێكی بان شەقامەكان جنێوم پێ بدا , من نەمزانی جەنابت ابو محمودی وامزانی زەلامێكی سەر شەقامەكانه جنێوم پێ ئەدا , بەڵام حەقته , ئەوەی تۆی كردووه به پارێزگاروا دیاره ئەویش وەك جەنابته..تەلەفۆنەكەم داخستو له شوێن خۆم بۆ ماوەییەك وشك بوومەوه .. لەو ڕۆژەوەی له وەزیفه وەك مامۆستا ئیشمكردبوو یان چەند گرتوخانه و بەندیخانەم پێكرابوو , چاوم به زەلامێكی وەك شكری مەغرور و هەڵەشه نەكەوتبوو . " هەرچەنده هەر ئەم شكری یه دوای ئەوەی بەندكراو براكەی له بەندیخانه كوژرا و دوای بەردانی له ساڵی 1978 چاوم پێكەوتەوه و داوای لێبوردنی كرد لێم لەو كردەوەیەی كه لەگەڵمدا كردبووی , منیش پێموت بەش به حاڵی خۆم هەموو شتێكم لەبیر خۆم بردۆتەوه , لەبەر ئەوەی ئەوانی دوای تۆ هاتن هەزار ڕەحمەت له تۆ. وتی هەر قەبوڵمه به مەرجێ هیچت له دڵ نەمابێ "

دوای تەلەفۆنەكەی شكری یەكسەر تەلەفۆنمكرد بۆ برهان عبد الرحمن تكریتی لێپرسراوی حیزبی بەعس له كەركوك و باسی تەسروفاته ناشرینەكەی شوكریم بۆ گێڕایەوه , ئەویش وتی ئەمه شتێكی زۆر سەیره و ئێمه لەم مەوزوعه ئەكۆڵینەوه ... پاشان خەبەرم زانی كه ئەو ئەندامانەی حیزبی بەعس كه هاتبوون بۆ چەمچەماڵ سزادرابوون له لایەن برهان عەبدالرحمانەوه , بەڵام هیچ ئیجرائاتێك لەگەڵ شكری نەكرا. دوا به دوای تەلەفۆنەكەی شكری , ئەوەندەی پێ نەچوو معاونی پارێزگار ثابت العانی تەلەفۆنی بۆمكرد كه بچمه كەركوك و لەوێ چیم هەیه قسه بكەم و شكری

**لیژنەییەكی داناوە بە سەرۆكایەتی معاونی پارێزگار بۆ لێكۆڵینەوە  لە مەوزوعەكە و مەوزوعی سستەرەكە كەوا  پیاوەكانی شكری هاتبوون بۆ چەمچەماڵ و تەعدایان لێكردبوو, منیش وەڵامیم دایەوە و وتم , من ئامادە نییم بێمە پارێزگا , بەڵكو ئەڕۆم بۆ بەغدا  بۆ وەزارەتی ناوخۆ, لەوێ چیم هەبێ لەسەر شكری و مەوزوعەكە باسی ئەكەم , بە شكری بڵێ من دوای تەلەفۆنەكەی نە ئیشی لەگەڵ ئەكەم نە بە پارێزگاری ئەزانم و تەلەفۆنەكەم داخست. .. هەر لە هەمان ڕۆژدا بەرەو كەلار كەوتمە ڕێ  بەرەو بەغدا و لە كەلار چاوم بە شێخ محمد ئەمین كەوت و مەوزوعەكەم بۆ ڕوونكردەوە.**

**لە 7\25 چوومە وەزارەتی ناوخۆ , وا دیار بوو  پێش  ئەوەی بگەمە وەزارەت شكری برووسكەیێكی  بۆ وەزارەتی ناوخۆ لێدابوو  هەروەها وێنەیێكی بۆ منیش وەك قائمقامی چەمچەماڵ , برووسكەكە نەگەیشتبوو پێم لەبەر ئەوەی  من زوتر لە چەمچەماڵ دەرچوبوم .. ئەمەش دەقی برووسكەكەیە**

وزارة الداخلية

الى السيد عبد الستار طاهر  شريف قائممقام  جم جمال للمعلومات

العدد 909

التأريخ  24\7\ 1972

بالنظر لسوء تصرفاتك مع الممرضات فى جم جمال  واثارتك للمشاكل والفتن بين الموظفين بسبب الممرضات  ايضا وعدم امتثالكم  للحضور امام الهيئة  التحقيقية التى شكلت لهذا الغرض  بموجب امرنا 908  فى 7\24 مخالفا  بذلك ما نصت عليه  الفقرة الأولى  من المادة 34 من قانون المحافظات  رقم 59 لسنة 1969 واستنادا  الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة  الأولى  من المادة 26 من القانون المذكور نطاب منكم  الانفكاك  فورا و مراجعة وزارة الداخلية  لتقرير مصيركم . تودع وكالة  ادارة القضاء الى معون الشرطة نورى رشيد يارة.

انتهت                    المحافظ

کاتێ شکری ئەم برووسکەیەی ناردبوو بۆم , من لەچەمچەماڵ نەمابووم بۆ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە , ئەمەش جێگای داخ بوو.

پاشان شکری ئەوەندە هەڵەشە بوو هەر لە هەمان ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنی بۆمکردو تێکچو لە گەڵما , لە هەمان ڕۆژ لیژنەی لێکۆڵینەوەی داناو , لە هەمان ڕۆژیش داوای ئینفکاکم ئەکا لەبەر ئەوەی یاخی بوومە و ئامادە نابم بەرامبەر بە لیژنەکەی , ئۆقرەی نەگرتبوو تا سبەی چاوەڕێ بکا , بەهەرحاڵ من ئامادە بوومایا یان نا , ئەو ڕۆژە لە ڕۆژی 24\7 ناگەیشتمە دەوام بۆ لێکۆڵینەوە . هەروەها لە برووسکەکەشی هەڵەشەیی پێوە دیارە, لەبەر ئەوەی پرسی بە کەس نەکردبوو بەلای کەمەوە وەك نائبەکەی , بۆ ئەوەی ڕێگایێکی پێ نیشان بدەن بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە , خۆ یاسای پارێزگاکان ئاشکرایە لە برووسکەکە کە شکری بەسزمان چەند نەخوێندەوارە.

مەسەلەی سستەرەکەش جەماعەتەکەی شکریخۆیان لە کەرکوك تەسڕوفاتی خەراپیان لەگەڵدا کردبو, لەسەر ئەو تەسڕوفاتانە نەقلی چەمچەماڵ کرابوو, منیش کاتێ کە نەقلەکەیم ڕەفزکرد , شکری ئەم مەوزوعەی بۆم درووستکرد. بەلای شوکرییەوە شتێکی زۆر سەیر بوو قائمقامێك بتوانێ پێی بڵێ بەرچاوت کلی پێوەیە, بەتایبەتی قائمقامەکەش کورد بێ !

لە 26\7 چاوم بە وەزیری ناوخۆ فەریق سعدون غیدان کەوت , یادداشتێکم داپێی دەربارەی تەسڕوفاتەکانی شکری الحدیثی و مەوزوعی چەمچەماڵ و سستەرەکەو بە دەمیش قسەم بۆی کرد هەروەها چاوم بە بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت کەوت لەگەڵ یاریدەدەرەکەی و مەوزوعەکەم بۆیان ڕوونکردەوە, بە ڕێکەوت عیادە الصدید یش لەوێ بوو ...بەڵام من پێش ئەوەی بچمە لای وەزیر یادداشتێکم دابوو بە جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش صدام حوسین لە 26\7 کەواتە لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە چوومە لای وەزیر , یادداشتەکەم بە ڕێگای علی ڕەزا باوە ئەرکەوازی بە هۆی شێخ جەباری برامەوە دایە صدام حسین , علی ڕەزا وەك کوردێك هەرچەندە بەعسی بوو بەڵام هەستی کوردایەتی هەبوو لە عەشیرەتی ئەرکەوازی خانەقین بوو, بەم دواییەش 10 ساڵ حوکم درا

لەسەر کێشەکەی نازم گزار. ئەوەبو یەکسەر چاوم بە صدام حسین کەوت و تەلەفۆنی بۆ وەزیری ناوخۆ کرد بەڵام تەلەفۆنەکەی کەمێ درەنگ کرد, کاتێ کە تەلەفۆنەکەی کرد من لای وەزیری ناوخۆ بووم , لە سەرەتادا سعدون غیدان زۆر ناڕەحەت بوو, ئەیوت چۆن تۆ ئیشی وا ئەکەی؟ ئەوە بوو صدام تەلەفۆنی بۆ کردو پێی وت عبد الستار تاهر ئەگەڕێتەوە بۆ چەمچەماڵ و ئامۆژگاری شکری بکە لەمەودوا پەت نەپسێنێ .

بەڵێ پێش ئەم تەلەفۆنە سعدون غیدان زۆر سارد بوو لە گەڵما , بەڵام دوای تەلەفۆنەکەی نائب , پێمی وت : ئەگەڕێیتەوە بۆ چەمچەماڵ , دیارە شکری خۆی کردووە بە وەزیرو قائممقام نەقڵ ئەکا , دیارە دەسەڵاتی خۆی نازانێ ؟ ئەوەبوو برووسکەکەی شکری پێم نیشان دا کە لەوەو پێش وەك باسمکرد نەمدیبو, سەرم سوڕما لە برووسکەکەی و بە وەزیرم وت بیستوومە خەڵکی درۆ ئەکەن بەڵام نەك درۆی وا شاخدار...! عەرەب وتەنی " ضربنی وبکی سبقنی واشتکی " وتم باشە ئەگەڕێمەوە بۆ چەمچەماڵ بەڵام یان من یان شکری... لەبەر ئەوەی من ئامادە نییم هاریکاری لەگەڵ شکری دا بکەم و لەم حاڵەتەش ئیش و کاری قەزاکە هەموی ڕائەوەستێ . وەزیر پێمی وت , جارێ بگەڕێوە بزانین مەسەلەکە چۆن حەل ئەکەین , بۆ ئەوەی شکری سنوری خۆی بزانێ .

گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ , یەکەم هەنگاوم مفەوەزی ئاسایشەکانم لە چەمچەماڵ دەرکرد, لەگەڵ کارمەندی تەندورستی یەکە یەکە کە خزمی شکری بوو لەگەڵ سستەرەکە هەردووکیانم لە چەمچەماڵ دەرکرد و پێیانم وت بچنە لای شکری با ئەو شوێنتان بۆ بدۆزێتەوە , کورد وتەنی " جێگای مست پالەقەیە " بڕیاریشم دا نە بە کتێب نە بە تەلەفۆن لەگەڵ شکری قسە نەکەم و تا خۆم نەقڵ ئەکەم.

لە لاییەکی ترەوە بانگی معاون پۆلیسەکەم کرد نوری رشید یارەو پێم وت چۆن ڕازی ئەبی ببیتە وەکیلی قائممقام لە کاتێکدا بە پێی یاسای پارێزگاکان ئەبێ کامەران قەرەداغی مودیری ناحیەی ئاغجەلەر بکرێتە وەکیلی قائممقام . باشە ئەوا شکری نەخوێندەوارە و شارەزا نییە خۆ ئێوە معاونی پۆلیسن و شارەزای یاسا هەن چۆن شتی وا قەبوڵ ئەکەی؟ نوری وتی گەورەم مودیری ناحیەو من هیچمان تاوانمان نییە و ئێمە

دەسەڵاتی شکری مان نییە .. نوری ڕاستی ئەکرد , لەو ڕۆژە و لەو بارودۆخەدا کەم کەس هەبوو بەتایبەتی مووچەخۆر بێ بە شکری بڵێ نا ... کە گەڕامەوە چەمچەماڵ ئەم برووسکەیەم بۆ شکری لێدا :

**الى محافظ كةركوك – شكرى الحديثى**

**برقيتكم 909 فى 7\24**

**لا يمكننا تنفيذها لأنها تخالف المادة 34 من قانون المحافظات رقم 59 لسنة 1969 , وانكم لستم مخولين لا بموجب هذة المادة ولا اية مادة اخرى بنقل او تنسيب القائممقامين الى خارج القضاء , بل كان عليكم طلب ذلك من وزير الداخلية.**

**اننا لم نتصرف بسوء مع الوظفين بسبب المرضات لأننا رفضنا نقلكم ممرضة سيئة الأخلاق الى ضم ضمال لخلق الفوضى فى القضاء .**

**رجعنا الى القضاء و قطعنا اجازتنا المرضية.**

**صورة منها الى وزارة الداخلية**

**ناحية آغجلر**

**دوائر القضاء كافة .**

**قائممقام جم جمال**

دوای ئەوەی ئەم برووسکەیەم لێدابوو بۆ شکری و شکری برووسکەکە بە شێخ ئەحمەد نەقشبندی نیشان ئەدا و ئەڵێ سەیر کە شێخ ستار چی بۆم نووسیوە.

شیخ ئەحمەدیش بە شکری ئەڵێ من کە جەنابت برووسکەکەت بۆ شێخ ستار لێدا و داوات لێ کرد ئینفکاك بکا , پێتم وت ئەو برووسکەیە لێمەدە, لەبەر ئەوەی شێخ ستار تەنفیزی ناکا, جەنابت پێمت وت من گەلێ شتی وام لە سلەیمانی کردووە , ئەوەبوو پێتموت شێخ ستار لەو جۆرە کەسانە نییە بەو جۆرە و بە ئاسانی مل کەچ بکرێ . فەرموو ئەم برووسکەیەی توندترین برووسکەیەو هەڵویستتی زۆر لاواز کردوو, ئەگەر پەلەت نەکردایا ئەمانە هەموی ڕوی نادا.

لە چەمچەماڵ مامەوە تا 1972\8\12 کەواتە دوای هەژدە ڕۆژ دوای ئەم بەزم و ڕەزمە , ئەوەبوو نەقلی قەزای عەفەك کرام لە پارێزگای دیوانیە , پێش نەقڵکردنەکەم

وەزیری ناوخۆ بەڵێنی داپێم  کە ئەوەندە لە عەفەك نامێنمەوە  تا قەزایێکی نزیك  شاغر ئەبێت و نەقڵم  ئەکا بۆی.

ئەمەش دەقی ئەمری نەقڵەکەمە:

وزارة الداخلية

مديرية الداخلية العام

مديريةالأمور

الذاتية

العدد|12949

التأريخ  2\8\1

م|نقل

بناء على ما تقتضيه المصلحة العامة قررنا اجراء ما يلى:

1- نقل السيد عبد الجليل ناجى الوكيل قائممقام  قضاء عفك  الى وظيفة قائممقام قضاء النجف الشاغرة وبراتبة  الحالى البالغ 103 دنانير شهريا.

2- نقل السيد عبد الستار طاهر شريف قائممقام قضاء جم جمال  الى وظيفة قائممقام قضاء عفك و براتبه  الحالى البالغ 70 دينارا شهريا.

نسخة منه الى :

وزارة المالية – الميزانية – ان هذا النقل اقتضته المصلحة  الأدارية  والضرورة القصوى رجاء.

با بێینە سەر مەوزوعی موناقەشەی ناکۆکییەکەی نێوان من و شکری الحدیثی و هەڵەکانی .

1- شکری وەك پارێزگاری کەرکوك و پێش کەرکوکیش پارێزگاری سلەیمانی بوو. دەورێکی باڵای هەبوو لەگەڵ خالد عبد الحلیم  پارێزگاری هەولێر لە یارمەتیدانی

صدام حسين له دەرچواندنی بەیانی 11 ی ئازار, یان ڕاستتر بڵێم له ڕێکەوتنی نێوان بەرزانی و حیزبی بەعس . ئەم دوو پارێزگارە زۆر له صدام حسین نزیك بوون و هەستیان به مەغروری ئەكرد بەتایبەتی دوای دەرچوونی بەیانەكە , بەتابەتی شكری کەم کەس هەبوو دوای بەیانی ئازار قسه بداته بەر قسەیی و بەربەرەکانی بکا,, شکری به کەیفی خۆی تەسەڕوفی ئەکرد له پارێزگای کەرکوك , ئیشارەتی سەوزی له صدام حسێنەوە وەرگرتبوو.

2- چوونی من بۆ چەمچەماڵ دوای خانەنشینکردنی حسن پشدری له قائممقامی چەمچەماڵ و یاخیبوونی حسن له حکومەت و ئینفکاك نەکردنی لەسەر ئەمری بەرزانی و پارتی, وا دیاربوو صدام حسین منی دەست نیشانکردو ناردمی بۆ چەمچەماڵ دوای ئەوەی ناردی به دواما و پێمی وت ئەتوانی بچیته چەمچەماڵ ئەگەر نەقڵی چەمچەماڵت بکەین , مەوزوعەکەی بۆم ڕوونکردەوە , منیش موافەقەتمکرد بەڵام داوام لێکرد شێخ محمد ئەمین بگەڕێنێتەوە بۆ قائممقامی و نەقڵی کەلاری بکەن و شکری یش ئاگاداربکەنەوە هاریکاریم بکا به تایبەتی خانەنشینکردنی حسن پشدری و چوونی من بۆ شوێنەکەی لەوانەیه هەندێ تەگەرەو کۆسپ بێته ڕێگام, وتی ئەوە عاید ئێمەیه و چیت ئەوێ بۆتی جێبه جێ ئەکەین, شیخ محمد ئەمینیش ئەگەڕێنینەوە بۆ قائممقامی و بۆ کەلار.

ئەوەبوو من چووم بۆ چەمچەماڵ و شێخ محمد ئەمین له شوێن من چووە کەلار ... لەو سەردەمه من لەگەڵ مەلا عبد الله ئیسماعیل و شێخ لەتیف بەرزنجی و شێخ جەبار برام خەریکی زیندوکردنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بوین بەتایبەتی له کەلار و چەمچەماڵ زەمینه زۆر باش بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە, هەرچەندە مەوزوعەکه تەنها له قۆناغی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا تێپەڕی نەکردبوو.

سەرکەوتنم له لادانی حسن پشدری و قەناعەت پێکردنی که ئینفکاك بکا و چەسپاندنی کەسایەتی خۆم وەك قائممقامێکی کورد له چەمچەماڵ و نەبوونم به داردەستی پارێزگار شکری , بوونه هۆی ناڕەحەتبوونی شکری , به تایبەتی هەرچی

ئەیویست بەو جۆرە نە ئەکرا , من خۆم بە قائممقام ئەزانی نەك مووچەخۆری شکری , بۆیە وردە وردە نێوانمان بەرەو خەراپ بوون ئەڕۆیشت .

3- لە برووسکەکەی شکری الحدیثی بە تەواوی مەوزوعی هەڵچون و هەڵەشەیی و پشت گوێ خستنی یاسای پێوە دیاربوو وەك " عدم امتثالکم للحضور امام الهیئة التحقیقیة " چۆن ئەبێ قائممقام لە لایەن معاونی پارێزگارەوە لێکۆلینەوەی لەگەڵدا بکرێ ؟!!

" نطالب منکم الانفکاك فورا ومراجعة وزارة الداخلیة لتقریر مصیرکم"

پارێزگار دەسەڵاتی نەقلکردن و تەنسیب کردنی قائممقامی نییە , چۆن داوای شتی وا ئەکا , پاشان بۆ " فورا" یان تقریر مصیرکم .. هەروەها وەزارەتی ناوخۆ دایەرەێك نییە تابعی پارێزگای کەرکوك بێ , تا پارێزگارەکەی ئەمری پێ بکا , حەواڵەکردنی قائممقامێك بۆ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەت لەسەر ئەمری پارێزگاری کەرکوك چارەنوسی قائممقامێك ئەنجام بدا , شتێکی زۆر سەیرە , کە دیارە شکری بەسزمان چەند پێ پەتی بوو . خۆ وشەی " فورا " لە هەموی سەیرتر , ئایا قائممقامێك چۆن ئینفکاك ئەکا پێش ئەوەی بەرائەتی زمە نەکا , کۆمەڵێ پرۆژە و پارە ی لە زمەت بێ و چۆن بە فورا جێبە جێ ئەکرێ ؟!

یان مودیری ناحیەی ئاغجەلەر وەکیلی قائممقام بوو بۆ یەکسەر لایدا و بەڕێوەبەری پۆلیسی کردە وەکیل... ! بەڵام وەڵامدانەوەکەی من سنوورێکی بۆ دانا. بە هەرحاڵ زروفی کەرکوك و بوونی شکری بە پارێزگاری و بوونی پارتی و پێشمەرگەی پارتی , وەزعێکی نالەباری لە پارێزگای کەرکوك درووستکردبوو, بە ڕای من شکری کەڵکی کەرکوکی نەبوو لەو زروفە نالەبارە دا . لە لایێکی ترەوە هەڵوێستی جەماعەتی پارتییش لە چەمچەماڵ باش نەبوو لەگەڵما , بەڵام من سەرەڕای ئەو بارودۆخە نالەبارە و بوونم لە نێوان دوو بەردە ئاش , خاوەند ڕای تایبەتی خۆم بووم و ئامادە نەبووم لەگەڵ هیچ لایەك لەم دوو لایەنانە سازش بکەم, هەرچەندە لایەنی پارتی لە من نزیکتر بوو وەك ئەندامێکی پارتی , بەڵام بەداخەوە جەماعەتەکەی بەرزانی لە

چەمچەماڵ هەموو شتێ بوون بەڵام پارتی نەبوون , دلسۆزی بەرزانی نەبوون , بەڵکو هەندێکیانیش پیاوی شکری بوون یان دەستەو دایەرەی ئاسایش بوون.

لە 1972 \8\10 چاوم بە شێخ لەتیف بەرزنجی کەوت کە لە هەولێرەوە ڕایکردبوو لە دەست جەماعەتی بەرزانی , زۆر نارەزا بوو لەو زروفەی ئێمەی جەماعەتی کۆنی باڵی مەکتەبی سیاسی تێی کەوتبوین. ئەوەبوو لەگەڵ شێخ لەتیف بە دوورو درێژی قسەمان پێکەوەکرد کە وەزع وا بڕوا ئێمە چی بکەین ؟ لە شوێنێکی تری ئەم یادداشتە بە دوورو درێژی ئەو باسەم نووسیوە.

## عەفەك

لە 1972 \8\14 ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە لە قەزای عفك موباشەرەمکرد .

قەزای عەفەك سەر بە پارێزگای " الديوانيه " یە کە ئێستا ناوی نراوە " القادسيه".

سنووری قەزای عەفەك لە لای ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای " الكوت" کە ئێستا ناوی لێنراوە " الواسط" لەلای باکوورەوە ناحیەی " الشوملی " سەر بە قەزای الهاشميه ی پارێزگای بابلە . لە لای ڕۆژئاواوە مەرکەزی قەزای الديوانيه و ناحیەی القاسم سەر بە قەزای الهاشميه . لە باشوورەوە پارێزگای " المثنى " کەواتە سماوە و ناحیەی الفجر کە سەر بە پارێزگای(ذی قارناصريه)ی جاران.

عەفەك کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دیوانیەوە بە مەسافەی 36کم . شوێنەواری " النفر" کە مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایینی و سەر بە قەزای عەفەکە, (النفر) شوێنەواری سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکانە . قەزای عەفەك لە سەدەی سیانزەدەیەمی زایینی دا شارێکی ئاوەدان بوو.

شوێنەواری النفر NIPUR حەوت کیلومەتر لە عەفەکەوە دوورە و کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عەفەکەوە.

لە ساڵی 1948 وە " البعثات الاثرية" کەواتە نێردراوانی شوێنەوار , شوێنەوارناسان دەستیان کردووە بە گەڕان بە دوای شوێنەوارەکانی النفر . لە نێردراوە

شوێنەوارییەکان نێردراوانی " زانکۆی شیکاغۆ" و زانکۆی مەشیگان و زانکۆی بەنسلڤانیا . چەند جار هاتوونەتە NIPUR و لە گردی " ابو صلابیخ"تەنقیبیان کردووە . ئاوو هەوای عەفەك بە هاوین گەرم و وشکە , بە زستان ساردێکی مام ناوەندیە . جگە لەوەی بە هاوینان گەردەلوولی تۆزاوی زۆر زۆرە و بارانیشی کەمە . زۆر لە ناوچەکانی گردۆڵەی لمییە " الکثبان الرملية" ئەم لمانە وەك ئاو بەسەر زەویەکاندا ئەڕوا و هەرچی بکەوێتە بەردەمی دای ئەپۆشێ , ڕێگاکان ئەگەر لە کەنارەکانی سنگ دا نەکوترێ نایدۆزیتەوە تا ئەگا بەو خانوانەی ئەکەونە بەردەمی دای ئەپۆشێ ئەگەر خاوەندەکانی لە کاتی هەڵکردنی گەردەلوول بە خاکەناز لای نەدەن وفریایان نەکەون.

پانتایی گشتیی قەزاکە 4362 کیلومەتر چوار گۆشەییە و لەم پانتییە 1121 کم چوارگۆشەییی پانتایی مەرکەزی قەزاکەیە لەگەڵ ناحیەی (الفوارە) .

ژمارەی دانیشتوانی قەزای عەفەك بە پێی سەرژمێری ساڵی 1965, " 70391 " کەسە لەمە 5390 یان لە مەرکەزی قەزاکەن.

دوای موباشەرەکردنم لە عەفەك بە سێ چوار ڕۆژ دەستمکرد بە چالاکی نواندن و جەولەکردن هەر وەك ئەوەی بەتەمای نەقڵکردنیشم نەبم, ئەوە بوو لە 8\17 چوومە دێی " التجمع السکنی" کە تازە دروستکرابوون بۆ جوتیارانی ناوچەکە و ئەوانیش ناچوونە ناوی , ژمارەی خانوەکان سەد خانو بوو. زۆر هەوڵم دا لە گەڵیانا کە بگوازنەوە بۆ خانووە تازەکانیان بەڵام بێ سوود بوو لە گەڵیانا, لە لایێکیشەوە وەك جوتیار حەقیان بوو , خانوەکان دیواری حەوشەکانی زۆر نزم بوو ئەمەش نە ئەگونجا لەگەڵ داب و نەریتی عەشیرەتە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە , کە نابێ ژنان و کچانیان لە خانوویەکدا بژێن و دراوسێ کانیان بیانبینن , هەروەها خانوەکان وەك خانوی شارستانێتی بریتی بوون لە دوو سێ ژوور و توالێت و گەرماو . هیچ حیسابێك نەکرابوو بۆ مەڕو ماڵاتەکانیان. منیش دوای ئەوەی گوێم لێیان ڕاگرت زەغتم

نەکردە سەریان  لەگەڵ ئەوەش دا لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە ڕێ درابوو پێم هەرچی نەچێتە ناو ئەو خانوانە  حجزی بکەم .

ئەوەی زۆر کاری تێمکرد کە بڕیارەکە  ڕانەپەڕێنم ، یەکێ لەجووتیارەکان  کە تەمەنی لە دەوری 60 ساڵان ئەبوو , پێمی وت " ابنی انت لا تفهمنا نحن العرب مو مثل الاكراد , انا كنت قبل سنين اروح الى كوردستان اصل حتى الى ماوەت ابيع التمر واحصل على القمح , انتم بيوتكم فی تلك  الاماكن بيت فوق البيت ,انا هنا اخاف حتى على اخوی يتنوع على مرتی " زوجتی" انتم الاكراد شرفاء"

بەڕاستی کابرای عەرەب ڕاستی ئەکرد , لە ئەنجامی مانەوەم وەك قائممقام لە عەفەك و پاشان لە  خضر , مەسەلەی فساد یەکجار زۆر بوو. بۆیە گوێم نەدا بە ناچارکردنیان لە موجەمعەکە دا بنیشن.

لە 8\21 سەرم لە ناحیەی  (الدغارە) دا , ژمارەی دانیشتوانی " سۆمەر و دغارە " 36802 کەس بوو و لەمانە 18437 نێرینەو 18365  یان مێ ینە بوون .  ئەم سەرژمێریە , سەرژمێری ساڵی 1972 بوو.

لە 9\17 چوومە دێی  النفر بۆ سەردانی شوێنەوارە دێرینەکانی NIPUR  و سەرم لێ دا, لەبەردەم  دیوەخانەکەی  شێخ دوێچ  دانیشتبوین " لم" گەیشتە سەربانی دیوەخانەکەو وەك ئاو بەسەر زەوی و سەربانەکانا  ڕێی ئەکرد . چەند زەلامێك هەر خەریکی پاککردنەوەی سەربانی دیوەخانەکەبوون  لە لم ، چۆن لە کوردستان خەڵکی سەربانەکانیان  لە بەفر پاك ئەکەنەوە ئەمانیش لە قوم" لم" پاکیان ئەکەنەوە.

شێخ دوێچ پیاوێکی زیرەك و خانەدان بوو, بەڵام وا دیار بوو پێش من بەعسیەکانی عەفەك زۆر ئازاریان دابوو ، زەوی و زارەکانیان لێ زەوتکردبوو  بە بیانووی ئەوەی شوێنەوارە . بەڵام من زەویەکانم بۆی گەڕاندەوەو چوار ئەندامی کۆمەڵەی جوتیارانی (النفر) م یەکی شەش مانگ حوکم دا بە پێی یاسای " حمايە الانتاج "دەسەڵاتی دادوەری جەزای دەرەجە دووم هەبوو , ئەمری گرتنی نعیم مەزهەر یشم دەرکرد کە لێپرسراوی کۆمەڵەی جوتیارانی پارێزگای القادسیە  بوو.  لەبەر ئەوەی دەسی بەسەر

زەویەکانی شێخ دویچ دا گرتبوو , جوتیارانی النفر زەویەکانی شێخ دویچ یان بە شەریکی لەگەڵ نعیم مەزهەر ئەکێلا . نەعیم مەزهەر کۆنە پۆلیس بوو پێش ئینقلابی 17-30 تەمموز, نائب عەریف بوو , قەزاکەی هەمو تالانکردبوو بە زۆر, زەوی ئەم و ئەوی زەوتکردبو. پارێزگاری دیوانیە حسن سعید تەلەفۆنی بۆمکرد کە جوتیارەکان بەرەڵلا بکەم , منیش پێموت من حوکمیانم داوە , تازە بەرەڵلا کردنیان لە دەست من دەرچووە , وتی ئەی بە دەس کێیە ؟ وتم دادگای تەمییز . دوای من پرس بە سیروان جاف ئەکا کە نائب پارێزگار بوو , ئەو وەك دەرچووی کۆلیجی یاسا و وەك نائبی پارێزگارێك لە مودیر ناحیەتیەوە گەیشتبوە ئەو پلەیە ، لە حسن سعید شارەزاتربوو ، پێی ئەڵێ ڕاستە ئێمە ناتوانیین بەرەڵلایان بکەین .. ئەوەبوو دادگای تمییز ئیقراری حوکمەکانی کرد. بەڵام لەگەڵ پارێزگار ڕیك کەوتم کە نعیم مەزهەر هاتوچۆی عەفەك نەکا بۆ ئەوەی حوکمی نەدەین.

بەڵێ ئەمە پارێزگارێکی تر بوو دوای (شکری الحدیثی) و ئەمیش بەعسی بوو بەڵام لەگەڵ جیاوازییێکی زۆر , حسن سعید کە بینی من ڕاستم , بێ دەنگ بوو نەك بیکاتە هەرا وەك هەراکەی شکری.کەلەقەزای چەمچەماڵ لە گەڵما کردی.

لێرەدا کۆتایی بە بەرگی یەکەمی یادداشتەکەم دێنم بە مەبەستی لە چاپدانی , ئومێدەوارم لە فرسەتێکی گونجاو , لە بارودۆخێکی دیموکراتیدا , لە بارودۆخێکدا دیموکراسی باڵ بەسەر عێراق و کوردستان دا ڕابکێشێ و هەموو لە ژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی فیدرالی ئازاد , بتوانیین چی لە مێشکماندا هەیە یان ئەو ڕەشنووسانەی لەم قوژبن و ئەو قوژبن لە ترسی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق شاردبومانەوە , لەمەو دوا لە ژێر تیشکی ڕۆشنایی دیموکراتیەت و ئازادی بیانگەێنیین بە چاپ و خوێنەرانی ئازیز چاویان پێ بکەوێ , بەتایبەتی نەوەی تازەی گەلەکەمان کە لەسەردەمی ڕووداوەکانی ناو ئەم یادداشتە جارێ لەدایك نەبوبوون . لە کۆتایی ئەم بەرگەی یادداشتەکانم داوا لە خوێنەرانی ئازیز ئەکەم بە چاوێکی بێلایەنانە و بە وردی بیخوێننەوەو بەو پەڕی ئازادی و سەربەستی ئەگەر

ناڕەزایی و ڕەخنەیان هەیە لێمی بگرن و لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە ئازادەکان بلاوی بکەنەوە . هیچ مرۆڤێك نییە لەسەر زەوی , لە هەرشوێنیك بێ لە ژیانیدا هەڵە نەکا , گرنگ ئەوەیە مرۆڤ کە هەڵەی کردو بە هەڵەکانی زانی , دانیان پێدا بنێ , منیش لەم هاوکێشەیە بەدەر نییم , لە ڕێڕەوی حەفتا ساڵی ژیانمدا کۆمەڵێ هەڵەم کردووە بەڵام بە قەناعەتی خۆم ڕاستیەکانم گەلێ زۆرترن لە هەڵەکانم , ئەو هەڵانەی پێمزانیبێ بە پێی توانا ڕاستیانمکردۆتەوە , ئەگەر هەڵەیێکیشم هەبێ پێم نەزانیبێ , ئەوا خوێنەرانی ئازیز ئەتوانن دوای خوێندنەوەی ئەم یادداشتەم بەرچاومی بخەنەوە , وابزانم هەموو ڕۆشنبیرێکی بێ لایەن ئاوێنەی ڕۆشنبیرێکی تری نەتەوەکەیەتی .

ئەو فرسەتە گونجاوەی

دیموکراتیەت و ئازادییە

تارادەییك لە هەرێمی کوردستانی فیدرالی لە پرۆسەی ئازادی و رووخانی ڕژێمی بەعس هاتە دی منیش دەستم کرد بە چاپکردنی یاداشتەکانم.

(نووسەر)

# ناوەڕۆک

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی

بەشی یەکەم \ قۆناخی منداڵێتیم و لاوێتیم 1956-1935 44-12

بەشی دووەم \ گۆڕانکارییەکانی پێش شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958 45- 68

بەشی سێیەم \ لە ساڵی 1960- 1962 82-69

بەشی چوارەم \ 1963- 1964 100-83

ژیانم لە ڕیزی شۆڕشی کوردستان دا – لە بەندیخانەوە بۆ چیاکانی کوردستان .

بەشی پێنجەم \ 1964- 1965 112-101

کۆنفرانسی ماوەت و دووبەرەکی نێوان پارتی و بەرزانی .

بەشی شەشەم \ 1965- 1969 120-113

بەشی حەوتەم \ 1969- 1974 -هەڵکشان بەرەو سەرکردایەتی 143-121

بەشی هەشتەم \ بەیانی 11 ئازاری 1970 212-144

ناوەڕۆک 213